# راز

**خوسرەو جاف**

# راز

ڕۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خوسرەو جاف
راز – رۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٣
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٢٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: چرا کاوە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

## دوای شازدە ساڵ پێشەکی

کاتێك ڕۆمانی ڕازم بە چاپ گەیاند بە باشم نەزانی پێشەکی بنووسم، لە ڕاستیدا نەموێرا، ترساوم دوچاری لەیەکدانەوەی پولیسی قەڵەم و داوودەزگای ئەمنییەکانی سەردەمی سەدام بم وەك دەیبینی ڕۆمانی (راز) بەبێ پێشەکی بڵاو بووەتەوە.

ئێمەی کورد لە زۆر بوار و لایەنەوە یەخەی خۆمان دەتەکێنین و زۆر شت لەسەر خۆمان لادەبەین و دەیخەینە سەر خەڵك. بۆ نموونە (مێژوو) ئەگەر بەوردی لەیەکی دەینەوە هێشتا مێژووی ئێمەی کورد بەدروستی نەنووسراوە و نەلەیەکیش دراوەتەوە. ئەوی بەدەستمانەوەیە عەرەب و عەجەم و تورك بۆی نووسوین و لە حەقیقەت داپۆشینەکەیدا درێخییان نەکردووە ئەوی هەمان بووە و ئەوڕۆ بەکەڵکە بردوویانە و ئەوڕۆ هی خەڵکە، مێژوونووسانی خۆمانیش تا بەئێشتا لە ساخکردنەوەی مێژوومانداا سەرکەوتوو نەبوونە، دوژمنانی ئێمەی کوردیش ئەوی توانیویانە دەرحەق بە ئێمە کردوویانە، هەندێکیان ڕەگەزی کوردی بردووەتە سەر جنوکە و دێ وو درنج ئیدی دێو بین یا ئادەمیزاد لە گەرویاندا وەگیر هاتووین ئەم وەگیرهاتنەشی بەبەس نازانم و ئەرکێکە و کەوتوەتە ئەسکوی هەمووومان بەتایبەت ئەوانەی خاوەن قەڵەمن ئەرکێکی زۆرتریان وەبەر دەکەوی. ڕۆمانی (راز) وەڵامدانەوەیەکی پڕ لە گاڵتە و جەفەنگە بۆ ئەوانەی سووکایەتییان کردووەتە مێژووی کورد و ڕەگەزی کورد بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی ڕۆمانی (راز) بگەیەنمە چەندان بەرگ.. فەرموو دەی ئەمە (راز) و ئەوەش جەنابت.

لەگەڵ ڕێزدا

خوسرەوجاف

٢٠١٠/٢/٢٠

هەولێر

# ١

بە سەرپەنجەکانی پزووی دامێنەکەی گرت و لاقی ڕاستی ڕووت و ساف و سۆڵ و مەڕمەڕینی خست بازنەی داهێنەکەیەوە و بە دوایدا لاقی چەپیشی وردە وردە دامێنەکەی بەرەو سەر هەڵکێشا. دامێن لە خڕی و مڕیی کەفەڵ و سمتیدا گیری کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشاو تەواوی ڕیخۆڵە و گەدەی بەرەو ناو سنگی کێشایە سەرەوە. دامێنی چەرخاند و چرخاند، تا لە ناوقەدی قۆپچەکانی داخست. زنجیری لاکەمەری دامێنیکەی چو شەقی هەوارێکی لاقلیشاو دەمی کردبووەوە و لەپێك لە گۆشتی کەمەری، لە نێوان دوو لای زنجیردا دەرپۆقیبوونە دەرەوە و ساف و سۆڵیی خاوەن لەش و لاری وەدەرخست.

لە ئاوێنەکەدا ئاوڕێکی لە خۆی دایەوە و نیو نیگا چەپ و ڕاستێکی کرد و، ئنجا بلووزەکەی لەسەر داماڵاند و لەبەر خۆیەوە وتی: ئەمەیانی پێ ناکەوێت! تۆ دەڵێی چی؟

پیران سەری لەسەر کتاوەکەی هەڵبڕی و وتی: وتت چی؟

فراولە بەدەم زلف داهێنانەوە وتی:

– هیچ، لە بیری کە.

– نا شتێکت وت!

– ئا، وتم ئەو کراسە بەم دامێنە ناخوا. دەتوانی زنجیری ئەم دامێنەم بۆ سەرکێشی؟

پیران چاویلکەکەی لە چاو دەرهێناو خستییە سەر کتاوەکە و هەڵسا، هەردو و پنجەی لە خولی زنجیرەکە گیر کرد و بەم دەستەکەی پزووی دامێنەکەی گرت و زمانەی زنجیرەکەی بەرەو سەر کێشا. فراولە قیژەی لێ هەڵسا و ناخۆئاگا، لە

نێوان دوو دەستی پیراندا خۆی ڕاپسکاند و پیران ڕاچەڵەکا و نەیزانی گۆشتی کەمەرە دەرپۆقاوەکەی فراولە، لە نێوان زمانەی زنجیر و سکەکەیدا گیری کردووە و گازێکی گیانانەی لە نەرمە گۆشتی لەشی گرتووە.

فراولە سەری بەرەو لای کەمەری شۆڕ کردەوە. زوڵفی بەسەر سینەبەند و خڕێتی بەرۆکیدا پەرێشان بوو. لەسەرخۆ کۆشا زمانەی زنجیرەکە بەرەو خوار بکێشێ. هەر کە زۆری لێ دەکرد ئایەکی ژاناوی ژنانەی لە دەم وەدەردەهات. پیران دیسان لێی نزیك بووەوە و پەشۆکاوانە دەیوت:

– بوەستە، تۆ نەختێك تامولکە.

– لێم گەڕێ، بەست نەبوو. سەیر دەکەیت چیت بەسەر هێناوم؟! هەزار جار وتم بێ چاویلکە هیچت پێ ناکرێ، یەشتا بە خۆتت نەسەلماندووە، چاویلکە بۆ تۆ پێویستی پێویستە؟

– دەزانم پێویستە، بەڵام وەنەبێ دامێنەکەی تۆیش لە پێویست تەنگتر نەبێت. نابینی ناوقەدتی چۆن جەڕاندووە.

– بۆ خۆی مۆدێلەکەی وایە، ئەگەر لەسەرخۆ بایتایە، ئەم گازەی لێ نەدەگرتم.

بەدەم قسەشەوە دەکۆشا هێدی هێدی زمانەی زنجیرەکە بچەرخێنێت لەپڕ زمانە و زنجیر نەرمە گۆشتی بەردا و لاکەمەر دێسانە بەرەو خوار قڵیشایەوە.

– وەڵڵا خۆ خوێنی تێ زاوە. دەری بکەی باشترە.

– قەینا، بۆ خۆی وشك دەبێتەوە.

– بمبەخشە، ئازارم پێ گەیاندی: لێم گەڕێ، با ماچی کەم.

– ئەگەر پیاوی، دەی! وەرە بیلێسەوە...

زەنگی تەلەفۆنەکە زرنگایەوە، پیران دەستەی تەلەفۆنی هەڵگرت و ..

– بەڵی دوکتۆر، چۆنی؟ من هانسم.

– چۆنی دوکتۆر؟

– سوپاست دەکەم. من وا دەڕۆم. ڕەنگە زۆر قەرەباڵغ بێت، درەنگ مەکەن.

– ئێمەش وا خەریکین خۆمان کۆ دەکەینەوە. ڕەنگە تا سەعاتێکی تر بگەینە بەرەوە. تا دێین بەلای خۆتەوە جێگەمان بۆ داگیرکە.

– باشە، بە مەرجێك زۆرتان پێ نەچێت.

وەڵڵاهی من ئامادەی ئامادەم. فراولەیە سەخت خەریکی خۆیەتی. دەڵێی بیست ساڵانە. بە بووکی دەیبەن.

– جا ئەو چ پێویستی بە خۆڕازاندنەوە هەیە؟ پێی بڵێ، جوانیی خوایی نیازی بە بۆیاخ و ڕەنگی ئالاّوواڵاّ نییە و نەبووە. تەنیا. نەختێك ئاگای لەوە بێت زۆر لاگەردن و دەست و بازووی کەمتر شین هەڵگەڕێنێتەوە.

– ئەی بێ حورمەت، دەتەوێ چی بڵێیت.

– هیچ ناڵێم تەنیا ئەوە نەبێت دەڵێم سەورتر و ئارامتر لەگەڵیان بجووڵێرەوە.

فراولە قاقا چوو بە پشتداو دەستەی تەلەفۆنەکەی لە دەستی پیران فڕاند و وتی:

– لە بیست ساڵان خۆم بە گەنجتر دەزانم، قەینا تەمەنم لە سی بەبانە و خەریکم چنگ لە چلیش گیر دەکەم. بۆ من ئێستا سەرەتای ژیانە و هەرچیشم لا خۆش بێت دەیکەم.

ئەو ڕاستی دەکرد. ئەوەتەی بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرتبوو، زۆرتر بە خۆدا ڕادەگەیشت و تازەکارانە دەستی بە خۆدا دەهێنا و شپرزانە بەدوای جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و تیکە و پارچە و فۆرم و مۆدێلی جۆراوجۆردا دەگەڕا. لە کۆگاکاندا تازە کارانە دەستی بۆ هەموو پارچە و زەرەق و بەرەقێك درێژ دەکرد و جارو باریش هەڵەپەڵە بەرەو ژووری پەڕاو دەچوو، لە بەری دەکرد و ئەندازەی دەگرت.

ئەو هەقی خۆی بوو، تا ئەو دەمە نەی پەرژابووە ڕەنگ و ڕواڵەت و سەرو زوڵف و جلوبەرگ. شەو و ڕۆژ بە ڕێگەی کتاوخانەکاندا هاتوچۆی بوو. لە هەر کتاوخانەیەکدا ناسراوی لێ پرسراوانی بۆ هەم خۆی و شوێنەکەی دیاری و ناسرابوون لەگەڵیاندا دەچووە ژوورەوە، تا دوا هەناسەی کاری ڕۆژانەشی دەمایەوە. لە زۆربەی کۆلێجەکانی زانکۆی بەرلیندا بە بووکە چڵکنە نادەبرا. سەخت شیفتەو شەیدای ڕۆژهەلات و ئەفسانەکانی ڕۆژهەلات و ئەفسانەکانی

ڕۆژهەڵات و مێژوو کەلەپووری ڕۆژهەڵات بیرو زیکری هەژاندبووە یەکدا و ئەوەی لەبارەی ڕۆژهەڵات بایە، عاشقانە دەی خوێندەوە و زۆرجار دەیوت: (نازانم بۆ دەزانم هەزاران ساڵ لە ڕۆژهەڵاتدا ژیاوم؟ جارەوبار تێدەفکرێم و دەچمە بیراو ئاشوفتە دەبم و دەمەوێ بزانم بۆ وا تێ دەفکریەم.. نازانم؟).

کاتێك لەگەڵ پیراندا سەری گەرم دەبوو، مەی دەیهێنایە جۆش و خرۆش، مندالانە دەیگوت: (کێ دەڵێ من لەو سەردەمەدا نەژیاوم و یەکێك لەو کوێلە کەنیزامە نەبووگم؟! ها! کێ دەڵێ) ئیتر نەی دەهێڵا پیران وەلامی داتەوە، بۆ خۆی دەیگوت: (نازانم بۆ کە دەچمە بیراو چاو گردەدەم، خۆم لە چوار تەنیشتێکی سەیر و دیدەنیدا دەبینم؟ سەیر لەوەش دایە، هەموو شتم لا ئاشنایە، ڕێك و ڕووت پەرستگای ئاناهیتا دێتە بەرچاوم. پایەو قامەتی ستوونە مەڕمەڕینەکانی ئاگردانەکەی موغەکانی پەرستگا دەست بەسنگ، ڕێك و ڕیز و بێ دەنگ و خامۆش ڕوو بەبلێسەی ئاگردان، هاتوچۆی کوێلەکچانی نیوەڕووتی بە کریشمەو نازو نەوا، پەیکەری مەڕمەڕینی جوان داتاشراوی جۆراوجۆر، بۆنی دووکەڵ و بوخوڕ کەپوو و ناخ و برناخم پڕدەکا. ئا بە چاکی هەست بەو بۆنە دەکەم.).

ئینجا دەستی پیرانی دەوشارد و ورك گرانە دەیوت: (تۆ ئەمە بە چی دەزانی؟ وەهمە، ئەندێشەیە، جادووە؟ دە بڵێ، کامیانە؟).

پیرانیش لەسەرخۆ وەلامی دەدایەوە:

– من بەهیچ کامیانی نازانم

– ئەی خۆ شێتیش نیم.

– بێ گومان کەنیت، بەلام ئەوە چەندین ساڵە بەم بەزمەوە خەریکی ئەندێشەی شەو و ڕۆژت، بیر و هۆشت پڕبووە لە ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات. لەوە دەچێ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای کۆنەوارناسی ڕۆژهەڵات دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئاوەزو بیرو تێ فکرینت. ئەم قسە قۆڕانە لە عەقڵەوە دوورن. جگە لە ناوباوی بووکەچڵکنەو پرچ ئاڵۆزی و پەڕیووتیی فراولە لە کۆلێجدا خۆش پەیکەری و لەش و لار و خۆش قامەتی ویردی سەر زمانی تێکڕا بوو.

هێمن هێمن قۆپچەی خوارینی کراسەکەی داو سێ دوا دوگمەی ژێر گەردنی نەبەست و سنگی تاڕادەیەك ئاواڵە و دەردەکەوت. شەقی تاڕێك و ڕۆشنی نێوانی خڕینی دوومەمکانی چەقی ناوەڕاستی سینەو بەرۆکی وەدەردەخست. ڕووی وەرچەرخاندە لای پیرانەوەو وتی:

– من ئامادەم.

پیران ئاوڕێکی سەراپای لێ دایەوەو وتی:

– پێم وایە ستێکت لە بیر چووە.

– وا نازانم.

– با.

فراولە دوودڵانە دیسانەوە ئاوڕێکی تری لە ئاوێنەکە دایەوە و بە دەوری خۆدا چەرخا و وتی:

– حەرامزادە، تەواوم.

– نا، ئازیز، نا، چاویلکەکەت لە بیر چووە.

– پێویستم پێ نییە.

– یانی چی؟! ئێمە بەرەو کۆنفرانسێکی زانیارییانە دەڕۆین، ڕەنگە پێویستیت بە یاداشت و نووسینێك.. خوێندنەوەیەك بێت، بێ چاویلکە پێت ناکرێ.

– ئەگەر تەنیا هەر یاداشت نووسین بێت، پێم دەکرێ.

– ئەی ئەگەر چەند پەرەگراف و خەتە کۆنەکانیان خستە نێوانیانەوە چی؟

– خەتی بزماری و ئاوێستایی و سانسیکریتیم بێ چاویلکەش، پێ دەخوێنرێنەوە... ئەگەر خەتە وردیلانەکانیان هێنا و زەڕەبینم خستووەتە سەر سۆمای چاوم، هەرپێشم نەخوێندرایەوە، ئەی، تۆم بۆ چییە؟

## ٢

بــەسەر تــەواوی مــێزەکــانــەوە «پـروشور»ی ڕەنـگـاوڕەنـگـی جـۆراوجـۆر پــەخش کرابووەوە. هەر گۆشەیەك لە هۆڵەکە، ناو و ئارم و مۆری زانکۆ و ڕێکخراو و کۆمـەڵگەی کۆنـەوارنـاسی، جێگە و شوێنی و وڵاتێکی لێ نووسرابوو، جێگەی تایبەت بۆ کۆنەوارناسە بەناوبانگەکانی دنیا لە دوور و نزیکدا تەرخان کرابوو. نوێنەر و چاوساقی زوربەی مۆزەخانە ناسراوەکانی دنیاش کەم و زۆر وەدی دەکران. هۆڵەکە هەزار کەسێکی تێ ترنجابوو. نەخش و نیگار و بنمیچ و پایەکانی بـە جـوانـی ئـەندازە و وردەکـاری و زەرافـەتـی مـیـعـمـاریـی سـەردەمـی ڕێنـەسانسی نیشان دەدام. لە چەقی ناوەڕاستی هۆڵدا دەستەی نوێنەرانی زانکۆی بەرلین لە هەمووان زۆرتر چپ و هوڕیان لێ دەبیسراو بە هاتوچۆیاندا دەردەکەوت ئەوانیش خـانـەخـوێی کـۆنـفـرانس و هـەڵسوورێنـەری کـۆمـەڵـگـە، تـاك و تـەراك، بـە هـۆی جـۆراوجـۆرەوە، ئـەوانـەی دواکەوتبوون بـە هـەنگاوی پـەلـەوپـات بـەرەو تـۆپـەڵـی خـۆیـان تـیـژ دەڕۆیشتـن. کـاتژمێر نـەختـەکێکی مـابـوو بگـاتـە سەر نۆی ئێوارە. دانیشتوان تێکڕا چاویان بڕیبووە گۆشەی زانکۆی بەرلین. ڕێك لە سەعات نۆدا، سەرۆکی زانکۆی بەرلین دانیشتنەکەی کردەوە و بە بەخێراتنی میوانان، باسی دەست پـێ کـرد و ئـیـنـجـا ڕشتـەی قسەوبـاسی دا بـە دەست سەرۆکـی کـۆلـێـجـی کۆنەوارناسیی زانکۆی بەرلینەوە و بۆ خۆی لە گۆشەی تایبەتیی خۆیدا ئارامی گرت. پڕوفیسۆر ڕۆنشتاد زۆر ئەملا و ئەولای نەکردو، خۆی خەریك نەکرد بە پێشەکیی دوور و درێژەوە و یەکڕاست ڕۆیشتە نێو چەقی باسەکەوەو وتی: (ئێمەی بەشەر سەیرین سەیر، وا دەزانین زۆر دەزانین کەمیش مابێت نەمانزانیبێت... من بۆ خۆم دوای ئەم تەمەنە دوور و درێژە ئەوەم زانیوە، کە هیچ نازانم.

ڕابردووی ئێمەی بەشەر، تا بە ئەمڕۆ مەتەڵێکی هەڵ نەهێنراوە، ڕازێکی پەنهانی

و شاراوەیە. سێ و چوار هەزار ساڵ بۆ مێژووی بەشەرییەت پێچی مێزەرێکە، هەوا و هەناسەیەکی کورت و کۆتایە، ئەوەی ئێمە دەیزانین دڵۆپێکە لە دەریا. بەسەر ئەم تۆپە خولاوەیەوە، بەشەر هەزاران ساڵ ژیاوە. کێ دەڵێت ملیۆنەها ساڵیش نەبێت؟ من و تۆی چاوساقی ئەم ڕشتەیە جگە لە سێ بۆ چوار هەزار ساڵی پچڕ پچڕ و ناتەواو و نەکولاو و ناپوختە نەبێت چی لە مێژووی دوور و درێژی بەشەرییەت، مرۆڤایەتی دەزانین؟ ئەوەشی تا بە ئێستا زانیومانە زوربەی زۆری لەسەر بنەڕەت و تەمەڵی هەوا و هەناسەی ملهوڕانەی مێژووی زۆردارانی خاوەن زەڕ و زۆر تۆمار کراوە و ڕەنگە زۆربەی زۆری ڕاستەقینەکانی ڕابردوو ئەمە نەبێت وا لەبەر، دەستماندایە. ئاخۆ تاوان و گوناح نییە دوای ئەم هەموو سەدەیە بەپێچەوانەی ئێستاوە ڕوو و ڕوخساری ڕووداوەکانی مێژوومان بۆ دەرکەوێ؟

برایان، بەندە بۆ خۆم گەیشتوومەتە ئەم ئاکامە، ئێمە لەم ڕشتەیەدا لە گڕوگاڵ دابین. مێژووی ڕاستەقینەی بەشەر، مرۆڤ زۆر لەوە بەربڵاوترە، کە ئێمە تێی دەفکرێین. زوربەی زۆری ڕووداوەکانی مێژوو شاراوەیە و نەزانراوە. لەبارەی ئەم نەزانینە تا کەی دەتوانین وا بێدەنگ بین؟ ئەگەر هەروا لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بین بە بیری تۆ پڕوپووچی و بێ دەسەڵاتی ئێمەی بەشەر وەدەرناخا؟

ئازیزان. ئەمانەی دەیڵێم بە کودەتایەکی بێ دەربەستانەی دژ بە مێژووی مەزانن، بەڵکو یادئاوەرەییەکە بۆ پیاچوونەوەیەکی تازە و سەرلەنوێی ڕابردوو، لە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەی زانیاریدا. ئێمەی مرۆڤ، تا بە ئەمڕۆ دەزگا و چەرخ و ئالات و دەستکردی فراوانمان سازاندووە، بە ئاسانی دەتوانین زۆر گیر و گرفتی پێ ئاسان بکەین و زۆر شتمان بۆ بخاتە ڕوو، زۆر نهێنیمان بۆ وەدەربخا و زۆر هەڵقە و گرێکوێرەمان بۆ بکاتەوە. کەوایە بۆ ڕاوەستاوین؟ تا کەی بیر و بڕوامان بە دەردی دوودڵی و گومان و بێ باوەڕی بە بیروڕامان ئاڵۆز و پەرێشان کەین؟ تاکەی لە ترسی دێوی نەزانین ساوایانە، ڕاچڵەکین؟

ئەم کۆنفرانسە ئەلفوبای سەرەتایەکی نوێیە، هیوا و ئومێدی دواڕۆژی ڕاستەقینە لێدوێنە. بەشەرییەت بە هیواوە چاوەڕوانی ئاکامی بڕیارتانە. من بە ناوی زانکۆی بەرلینەوە پێشنیاز دەکەم لە دەم چەرمووان و چاوساقانی ئەم

کۆنفراسە لێژنەیەك پێك بێنن بۆ سەلماندنی راستەقینە، بۆ گزکدانی درۆ و دەلەسەی تا بەئەورۆ بە ڕاست زانراوی مێژوو، بۆ لێکدانەوە و چۆنایەتیی ئەوسای بەشەر لە جەولانگای کۆنەکانیدا، لە بێشکە سەرەتاییەکانیدا. کاکە، بڕۆین بەرەو وڵاتانی یۆنان و ئێران و کوردستان و دۆڵی رافیدەین. ئا با بڕۆین دیسانەوە، ئەوسای بەشەرییەت، دووبارە هەڵسەنگێنینەوە، بزانین میللەتانی مایاو فەراعینە و چین و ڕۆژهەڵاتی دوور چۆن ژیاون؟

چ بتانەویّ و چ خۆتانی لیّ کەڕکەن ئاژاوەی فیکری بەشەری ئەمڕۆ، سەردەر گومییەك تێدا دەژی کەوتووەتە ئەستۆتان بڕیاری دەویّ، تەقەلای پێویستە. بمانەوێت هەموو شتمان بۆ ئامادە دەکرێت. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاندووە، وڵاتە دەست ڕۆیشتووەکان ئامادەی خەرج و پێداویستییەکانی ئەم بەرنامەیەن، ئەمەش موژدەیەکی شادی دەرە و پاڵپشتێکی پڕ لە ڕێز و بەهێز و ڕۆشنە. کەواتە دەست لە دەست و هێزیش لە خوا.

بەندە لەم ڕووەوە کۆتایی بەقسەکانم دێنم و، ماوە بۆ نوێنەرانی وڵاتانی تر دێڵمەوە. ئومێدەوارم سەرەنجامی ئەم کۆنفرانسە، ببیّ بە هۆی سڕینەوەی هەڵە و هەڵەشەکانی لاپەڕەکانی مێژوو. ئەم سیّ ڕۆژە تەرخان کراوە، بۆ لێدوان ڕەنگە بەس نەبێت. ئەگەر پیا ڕانەگەیشتین، ڕەنگە بەپێی ئارا ڕۆژێکی تر درێژەی دەینیّ. ئیتر بە تەمای ئەوەین وتەکانمان لە وشەوە وەرگێڕدرێنەوە سەر کردار و هەر بە گوفتار ڕازی نەکرێین تا بەشەری داهاتوو وەك ئێمە لە ڕەنجی نەزانیندا نەتلێنەوە و نەخولێنەوە.

بەدوای زانکۆی بەرلین دا نوێنەرانی زانکۆی وڵاتانی جۆراوجۆر و ڕێکخراوە مێژووییەکانی دوور و نزیك و مۆزەخانە بەناوبانگەکانی سەر زەوی، هەر یەکە بەشێوەیەك سووربوونی خۆیان لەسەر بەرنامەکە وەدەردەخست و لایەنگیریی بیّ ئەملا و لایان بۆ کۆنفراس ڕاگەیاند. تا نۆرە هاتە سەر نوێنەری میسری دوکتۆر (خالید ئەلدەمەنهوری) لە سەرەتای گوفتارەکەیدا هێرشی بردە سەر جیهانی سەرمایەداری، کە چۆن تا بە ئەمڕۆ پەیڕەوی ( پادار بگرە و بیّ پا ماڵ وێمانە) بووە و نەیویستووە لەم ڕووەوە هەنگاوی زانیارییانە بنرێت و ئەگەر هەر لە بیری

سازاندنی تەقەمەنیی مەرگ ئاوەر و چۆن لە ناوبردنی ڕەگەزی بەشەرییەت نەبوونایەو تۆزکاڵێك زۆرتر لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی ئینسانیان، بکۆڵایەتەوەو بەڕاستی، هەڵیان سەنگاندایە و، یەك سەدهەمی پڕۆژەی تەقەمەنی و ململانێی چەکدارییان بۆ ئاسایشی تێکڕایی مرۆڤایەتییا تەرخان کردایە، زۆر نەزانراومان تا بە ئەمڕۆ زانیبوو، زۆر هەڵەفە و گرێکوێرەمان کردبووەوە و گەیشتبووینە قۆناخێکی شایستەتر و پەسەندتر. دوکتۆر خالید ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابووەوە، دەماری ملی هەستابوو، پرووزەی عەرەق بەڕوویەوە دەبریسکایەوە، دەستەسڕەکەی لە گیرفان دەرهێنا و ڕووی سڕی و چەند قوم ئاویشی خواردەوە، ئارامتر وتی:

برایان، ببورن نەختەکێك لە باسەکە دوورکەوتمەوە، قەینا، لێم مەگرن. ئێمە ئاوا کۆبوونەوەیەك بەهەل دەزانین بۆ دەربڕینی هەستە پەنگ خواردووەکانمان. ئێمەی ڕۆژهەلاتی، سەرباقی، گیروگرفتی بەشەر لەگەڵ نەزانیندا، خاوەنی دەرد و ئازاری تایبەتیی خۆمانین. لێتان دەپرسم، ئەگەر خوانەکەردە، ئێمە خانەخوێ و ڕێکخەری ئاوا کۆنفرانسێك باینایە، ئاخۆ بەئاسانی دەمانتوانی بەم شێوەیە، کە دەیبینن ئەم هەموو زانیار و لێزانە کۆکەینەوە؟ وەلامی ناوێت، بە ئێمە نەدەکرا، ئەگەرچی لە زوویەکی زووەوە هەستمان بەم کەموکورتییە کردووەو بە ناچاری لەگەڵیان سازاوین. سەرتان نایەشێنم و دوور ناڕۆم و دێمە سەر باسی ولاتەکەم، دۆڵی نیلی ئەفسانەییی فیرعەونەکانی میسر. ناگونجێت چەندان چەندان هەزار ساڵ دەسەلات و ڕووداو و شەڕ و پەلامار و سازاندن و هونەر و زەرافەتی میعماری و پەیکەرسازی، هەر هەموویان بە ناوی یەك دوو فیرعەونەوە بناسرێت. ئێمە تا بە ئەمڕۆ چەند، زانیارییەکی پچڕ پچڕ نەبێت، شتێکی ئەوتۆ لەبارەی مێژووی ڕاستەقینەی ولاتەکەمان نازانین، وەنەبێت ڕۆژاوایش لە ئێمە زۆرتری لێ بزانن. سەیری ئەهرامەکان کەن، چەند ڕێك و مەوزوون و جوان داتاشراو و خۆش قەوارە چوون بە ئاسماندا نازی پێکەوتوویییان بە بەشەری ئەوڕۆ دەفرۆشن و ڕازی هەڵنەهێنراویان دەدەن بە ناوچاوانی ئێمەی بەشەردا...

ئێمە، جگە لە خۆفۆ و خەفرەع و عەنخاموون و چەند ناوێکی دی نەبێت، چی ترمان بەدەستەوەیە؟! ئاخۆ دەکرێت قوتابخانەیەکی وا بەربلاوی میعماری لە

یەك دوو سەدەیەكدا پێك هاتبێت؟ دەكرێت ئەو هەموو تەقەلا و زەرافەتكارییە بە ناو یەك دوو فیرعەونەوە بناسریّ و بدرێت لە قەڵەم؟ بێگومان ئەم نەزانین و دەستەپاچەگییە گەورەترین زوڵم و زۆری ئێمەیە لە ڕابردوو دەیكەین، لەوانەی عەرەق و خوێنیان تێكەڵ بووە. لەتەقالای هەزاران هەزار ئەندازیار و كرێكار و تەقالای دژ بە ململانە بەرهەمی تێكۆشانی دەیان گەلانی ژێردەستە و میللەتانی دەكەین. كەی ڕەوایە تەنیا بە ناو دوو سێ فیرعەونی خوێن خوارەوە بناسرێت؟ ئاورێك لە (ئەبولهەول) بدەنەوە، نواڕینە سامناكەكەی، ئاوڕە پڕ زەردەخەنەكەی، باوەڕ بكەن، هەر كاتێك بە لایدا دەگوزەرم عەرەقی شەرمەزاری بە تەواوی لەشمدا دەچۆڕێ. قاقا و لاقرتێیەكەی دەبیسم، جارەوبار خۆم پێ ڕاناگیرێ و لێی هەڵدەگەڕێمەوە، بەرەو ڕووی دەڕۆم و پڕ بەدەم هاواری دەكەمێ:

(بۆچی هەر من نەزان و كەمتەرخەمم) هەر من دەرحەق بە ڕاستەقینەی مێژووی بەشەر بێ خەمم؟

ئازیزان! وا بۆم هەڵكەوت و پەیامی پڕ لە لاقرتێ و گاڵتەی (ئەبولهەول)م پێ گەیاندن. تا ئێوە و بەشەرییەتیش وەك من هەست بە شەرمەزاری بكەن و ئەندازەی درۆ و دەلەسەی لاپەڕەكانی مێژووتان بێتە دەست و ئەم كۆنفرانسەش بتوانێت بە ململانێیەكی ڕاستەقینەی بەشەر دژ بە زۆر و زەڕی ملهوڕانی ئێستای بەشەرییەت و ئێمەش لە نەنگیی نەزانین وەدەربهێنێ.

هاڕەی چەپڵە هۆڵەكەی هەژاندە سەریەكدا. بەدوای نوێنەری میسردا كۆنفرانس كەوتە ڕاوێژ و وتووێژ و بڕیار دەرهێنان.

لە ئاكامدا چەندان ئەنجوومەن و كۆمیتە و كۆمەڵگەی جۆراوجۆریان هەڵبژارد، تا دیسانەوە كۆنەوارە دیارییەكانی تێكڕای دنیا و جەولانگای شارستانیەتیی ئەوسای مرۆڤ لەسەر بناخە و بنەڕەتێكی زانیارییانە بخرێتە ژێر زەڕەبینی لێكدانەوەیەكی نوێ و هەڵسەنگاندنێكی ئەكادیمییانەی زانستانەوە. دۆڵی ڕافیدەین و ئێران كەوتنە بەشی زانیارانی كۆنەوارناسانی زانكۆ و مۆزەخانەی بەرلین. لەم ڕووەوە دوو لیژنەی سەربەخۆ و لەیەك جیاوازیان بۆ هەڵبژارد و هەر یەكەیان كەوتنە تەقالای پێویستیەكانی خۆیانەوە.

## ٣

پیران تاوێك دەینووسی و تاوێك بە کلکی قەڵەمەکەی لەسەرخۆ، لەسەریەکە دەیدا لە دانەکانی پێشەوەی و دێڕێکی تری دەنووسی و جارەوباریش خەتێکی لێ ڕەش دەکردەوە و دووبارە تێهەڵدەکشایەوە:

– نالّێی ئەو هەموو پەتپەتییە چی بوو بە سەرمانا هێنات، ئاخر ڤیزەدان بە چەند زانیاری ناسراو ئەم هەموو گیروگرفتەی دەویست؟

پیران قەڵەکەی لەنێو دەفتەرەکەیدا دانا و دەفتەری داخست و وتی:

– خێڵی ئاخوند، جەماعەت ناسراو و نەناسراو. هەر هەموو بە یەك چاو تێ دەڕوانن. بەچاوی گومان و گێرەشێوێن و دوژمنی خوا..

– گێرەشێوێن هەرنەیسە، ئەی دوژمنی خوا بۆ؟.

– ئاخر خۆیان بە نماینده و نوێنەری خوا دەزانن لەسەر زەویدا، فەرمان بەرداری نەبیت، بە دوژمن ژمێرراوی.

– ئاوا تێفکرینێك بۆ کەس نەڕۆشتووەتە سەر.

– جارێك بۆ ئاخونگەلی لای ئێمە لواوە و ڕۆیشتووەتە سەر.

– ئاخری تاك و تەنیا دەمێننەوە؟

– کەی؟ ئەو کاتەی شەموو لە مانگ بڕا؟ چی دەڵێی ئەوان بە تەمای ئەوەن تەواوی دنیای ئیسلام بخەنە ژێر ڕکێفیانەوە. نابینی بەراسەریانەوە شمشێر ڕادەوەشێنن.

– دەبینم، بەڵام نەمزانیوە هێندە لەبنبەست و تەنگەبەریدا تێدەفکرێن. ئا، ئەوەی من دەیزانم، میللەتانی ئێران هەموو کات ڕۆشنبیر و ئازادە و سەربەست ژیاون.

– ئێستاش هەروان. تووش هاتوون، تووش.

– ئەی ئەم شەڕەیان لەسەر چییە؟ نالێی ئەم دوو وڵاتە بۆ وا دەستیان لە بینی یەکتر ناوە؟ بێ شەڕ ناتوانن گرفتارییان ئاسان کەن؟

– توانین، دەتوانن بەڵام لێیان ناگەڕێن.

– کێ لێیان ناگەڕێ؟

– چوزانم، ئێوە...

– ئێمە؟

– ئا ئێوەی ڕۆژاوایی لە هەر بەزمێکدا هەوێنی حەفتا هەزار قازان خوێنن. ئێوەن شەڕمان بۆ دەنێنەوە. ئێمەش بە ناچاری دەیکەین.

– خۆمانین، ئەگەر ئاغا سادق نەبووایە ڤیزەیان پێ نەدەداین دیارە لە ئێراندا دەستی باش دەڕوا.

– نوێنەری تایبەتیی سەردەمدارانە و قسەی ڕەد ناکرێتەوە ئەگەرچی وا دەزانم وەك خێڵی ئاخوند تێنافکرێ، بەڵام لە بنەماڵەی ئاخوندگەلە و پێڕەوی هەمان دەستە و دایەرەیە. دەڵێن زۆربەی بازرگانی ئێرانیان پێ سپاردووە و بۆ خۆیشی لە سەندن و فرۆشتنی هیرۆئینیدا سەرگەرم بووە.

– ئەی چۆن نایگرن؟

– یەکەم هەڵگری گوزەرنامەی دیبلۆماسییە و دەوڵەتی ئێوەش نایەوێت گۆبەن بۆ خۆی بناتەوە.

– خۆ وەڵڵا شیك و پیکیشە و ئاگەدار و زمان شیرین هاتە بەرچاوم.

کاتێك پەساپۆرتەکانم لێ وەرگرت نامەیەکی پێ دام و وتی: (با ئەم نامەی منتانە پێ بێت، لە ئێرانا ڕەنگە بە دەردتان بخوات).

– خراو دەستت داوەتێ. دیارە چاوتی گرتووە و چووە بە دڵتەوە.

– چیت عەرزکەم، حەسوودیم پێ دەبەیت، خۆ ئەوەندە نەفام و گەوج نیت!

– حەسوودی نابەم، دەڵێم، ئەگەر وا بڕوا لە هیچ ناگوزەرێی.

– وام تێدەفکریەی؟

– نەخێر، وا تێنافکریەم، بەڵام بۆ خۆت وای وەدەردەخەی.

– گوێت لێ بێ! تۆ، کە چاك دەزانی، هەرچیم لا خۆش بێ دەیکەم، حەزی لێ بکەم، بۆ نەیکەم؟

– من جۆرێکی تر تێ دەفکریەم.

– لەم ڕووەوە ڕۆژهەڵاتییانە تێدەفکریەت. تۆ کەیفی خۆتە...

– نا، مەسەلە ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی تێفکرین نییە، زۆر شت هەیە حەزی لێ دەکرێ و ناشکرێت، بکرێ.

– سەختی لێ دەنوی. ژیان هەناسەیەکە هەناسە، وەدەر نەهات چی؟

– وا دەزانم، هاوسەرینێك هەڵبژێریت، ڕەنگە لەم ئاشوفتەبیری و ئاژاوەی دەروونییە وەدەرت بهێنێ.

– هاوسەرین هەموو لە بن دەستمدایە.

– دەڵێم هاوژیان.

– یانی بەم حیسابە، دووبارە خۆم بخەمەوە نێو چوارچێوەی قەفەسەوە، سی ساڵی ڕەبەقە لە بەند و کۆتی کتاو و کتاوخانەدا خۆم پێچ دەدەم، سی ساڵ بەس نەبوو؟ ئێستایش دیسان خۆم بخەمە تەلبەنێك لەوە خراوتر؟ نەخێر کاکە، ئەمەیانم پێ ناکرێ، هەر نەبێت، جارێك پێم ناکرێت.

– یانی دەڵێی چاوەڕوان بم؟

– پیران ئێژیی بە ڕاستتە؟

پیران چاویلکەکەی لە چاوی دەرهێنا و بە پشتی کەڵەپەنجەی نەختەکێك چاوی پرواند و بێ ئەوەی ڕووی بەلای فراولەوە کات وتی:

– ئەگەر هەردووکمان باش هەڵی سەنگێنین، ماوە و مەودایەکی ئەوتۆمان پێوە نەماوە. بیر لە ماڵ و منداڵ و خێزانداری ڕەنگە بیرێکی هەڵە و هەڵەشە نەبێت، بەتایبەت، تۆ ڕەنگە هەر ئەم دوو سێ ساڵە لە گەراکردنا بیت ئەگینا کەوگیر دەدا

لە بنی قازان.

– گەرام پێوە بمێنێ یان نە، بۆ خۆم لە تۆ باشتری هەڵدەسەنگێنم. تازە تۆ مافت نییە بەم جۆرە قسە لەگەڵ مندا بکەی.

لە دەنگەوەرەی نێو فڕۆکەکەدا بانگ هەڵدرا چەند چاڵێکی هەوایی لە پێشەوەیە، تکایە لە جێگەکانتاندا مەجووڵێن و پشتوێنەکانتان سفت ببەستن.

– فراولە نێر و مێی بەرەزوانەی پشتوێنەکەی لە یەك ئاخنی و دەستی بۆ لیوانی شەرابی سەر مێزە چکۆلانەکەی سەر کۆشی درێژ کردو مژێکی لێ دا و سەری چەسپاندە سەر شووشەی پەنجەرەی لا تەنیشتیدا و ئارام نوارێیە ئاسمانی بێ بن و بێخی گەردووندا. گلۆپی سەرنووکی شاباڵی فڕۆکەکە، چاو قلیچکەی دەکرد و پەیتا پەیتا دادەگیرسا و دەکوژایەوە. زەردیی هەتاو لە باڵی لە ئاونگ تەڕی فڕۆکەکەدا دەبریسکایەوە. تا چاو بڕی دەکرد کێوی لۆکەیینی سپی و سەرپۆپەزەرد، دوور و نزیك شان بەشان دەیدایە چاو. جارجار لە گۆشەیەکەوە هەورەکان دادەدڕان و دەبوونەوە شینایییەکی تاریك بەرەوخوار وەدی دەکرا و هەزار بە هەزاری بەرزیی فڕۆکەکەی نیشان دەدا. هەڵم و هەڵا تا دەبوو ڕۆشنایی هەڵدەلووشی و جارەوباریش تیشکی هەتاو برووسکە ئاسا دەهاتنە نێو فڕۆکەکەوە و بەو تیژییەش دەتوایەوە. فڕۆکە هاتبووە لەرزین و دابەزین و سەرکەوتن و داکەوتن. دانیشتووان لە جووڵە کەوتبوون. هەوری ڕەش و تاڵ لە دوو لای پەنجەرەوە بە یەکدا دەهاتن. تابلۆی ئاگەداریی پشتوێن بەستن پەیتا پەیتا دادەگیرسا و دەکوژایەوە. دوکتۆر پیران ئارام دەستی فراولەی گرت و عاشقانە وشاردی. فراولە بێ ئەوەی هیچ بلێ سەری وەرچەرخاندە لایەوە:

– خۆ ناترسی؟

– لە چی؟

– لەم چاڵە هەواییانەی فڕۆکەکەمانی تێ دەکەوتوو.

– هەر بیریشی لێ ناکەمەوە. نەختێکی تر لێی وە دەردەچین، لەرزین و حەشۆکەی کەم بووەتەوە.

– کەواتە، با ئەم شیعرەت بۆ بخوێنمەوە.

– شیعر؟

– ئـا، شیـعـر. بـۆ تـۆم وتـووە و بـەم دەمـی ئێستـامـاندا. فراولـە منداڵانـە خۆی چەسپاندە پیرانەوە و، بە نازەوە، دەی دەی دەست پێ کرد. پیرانیش دەفتەری کردەوە و حاڵەتێکی سۆفییانەی بە خۆ گرت و دەستی پێ کرد:

هەزاران پا دوور، لە زەوی، لەناو هەورا:

لە مۆڵگەی پەریزادان و ئاهورا،

ڕوخسارپەری، بە دولبەری،

گڕی تێ بەردام پەیکەری.

شۆخەکەی چاو تۆخەکەی نێونیگا تیژ و تەلیسم.

زادەی کام تەباری، کام بوومی؟ فریشتەی یا بەشەری؟

ئەبرۆ تۆخ و برژانگ تۆختر و تەیمانی،

جامی جەمە نواڕینت، مەنگی هوەیدایە ئەسەری،

چاو چ چاو، شینتر لە قووڵیی ئاسمان،

ڕوخسار والایە، باڵا ئالایە بەژن و قامەتی و کەمەری،

پەنجەی یەزدانی تیا دیارە

بێ خەوەر کڕنووشم داوە لەبەری

منی داماوی جوانپەرست نیونیگا دەنواڕم، سەرسەری.

نازی ڕەوایە، دەستکردی خوایە پەری زادان و ئەختەری.

فراولە نەرمە ماچێکی لە دەمی پیران فڕاند و وتی:

– دیارە زۆرتر لەوەی من دەیزانم خۆشمت دەوێ.

لە دەنگەوەرەی فڕۆکەکەدا ڕای گەیاند لە چاڵی هەوایی دەرچووین و دەتوانن پشتوێنەکانتان بکەنەوە. تا ئەو حەلە پرۆفیسۆر ڕۆنشتاد کە لە شیرینیی خەودا

ڕیتمی  پرخەی مەوزوون و تێکەڵاو دەبیسرا، هوشیار بووەوە و لەسەرخۆ سەری وەرگێڕایە دواوە و وتی:

– هەی ڕۆژهەڵاتی، ناڵێی کەی دەگەین؟

پیران سەیری سەعاتی کردو وتی:

– ڕەنگە تا نیو سەعاتی تر بگەینە ئەستەنبووڵ.

– باش خەوتم.

– هەی بێ قەزابیت، پرخەت سەدان ئاهەنگی جازی دەژەند.

– هۆڵم لێ هاتبوو. دەزانم ئەمشەو خەوم لێ ناکەوێ، مەگەر چەند پێکێك بگاتە فریاما، ئەگینا تا بەیان دەپلێمەوە.

– خەمی خەو مەخۆ. بە پێی بەرنامە ئەمشەو میوانی زانکۆی ئەستەنبوڵین. خەڵکی ئەو وڵاتەش لە بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی سازکردنا مامۆستان. مەی و ماندوویێتی و لەرزینی سینە و کەمەر و کەنینی ڕوخسار و ڕووی نازەنین ڕوخساران، هەر هەموویان دەبنە لایەلایە و تەخت لێی دەخەوی. دوو سبەی لە ڕیش پان و دەموچاوی گرژ و مۆن و پەژموردەی سەردەمدارانی لای ئێمە زیاتر هیچ نابینی.

– کەواتە هەر ئەم شەومان بە دەستەوەیە و نابێ فرسەت لە دەست بدەین. کێ دەڵێت چەندان مانگمان یێ ناچێت؟

– هانس ڕاپەری و وتی:

– یانی چەندان مانگ نەخۆینەوە؟.

– بە پێی یاسایان نابێت بخوێنەوە. بەڵام مەترسە بزنە ڕێیەکی هەر بۆ دەدۆزینەوە..

شەو دەستی نابووە بینی، سەری لەسەر دامێنی دەربەند دانابوو، دابڕاوی «توچال» چوو زام دەمی کردبووەوە. شار لە ژانا پلی دەدا و تلی دەدا، لوورە لووری لە تاریکیدا خنکێنرا، لێفەی ئەستووری هەڵکەوت و ڕێکەوتی زەمان کێشرابوو بە

سەریدا و لە پێخەفی هەڵم و هەڵاو و هەوا هەناسەی سارد و دووکەڵا شارگرمۆڵە بووبوو. تاو تاو ترووسکەیەکی بێ هێز و وردیلانە و زووگوزەر دەهاتە چاو، گەیشتبووینە دامێنی ئاسمان. کەژی سەربەئاسمان رازدار و ئەفسووناوی دەهاتە گوێ. دوو هێڵی چرای بێ ڕەنگ و زەردهەڵگەڕاو چوو هێڵی شەمەندەفەر، شان بەشان لە زەویدا چەسپابوون بە یەکەوە، تا فڕۆکە لە زەوی نزیك دەبووەوە، هێڵی چرا جوێتر دەبوونەوە. خۆمان جەڕاندبوو، گزپەمان هاتەگوێ. لەژێر پێماندا هەستمان بە چەرخی فڕۆکەکە کرد، لە زەویدا دەخولایەوە. هەر ئەو هەستەم کرد دیسانەوە پێوەندیم لەگەڵ زەویدا پەرچ دراوەتەوە، بێ دەسەڵاتی و زەبوونی و بێ چارەییم ئەهوەنتر بووەوە و گوڕ و هەناسەم بە تینتر. زەوی هی هەر میللەتێك و هەر وڵاتێك بێت منی بەشەر ڕەنگ و ڕیشەمی تێدایە. پێوەندییەکی ویژدانی و دەروونیی لەگەڵدایە. لە دەنگەوەرەی فڕۆکەکەدا تکا دەکرا تا ڕاوەستانی تەواوی فڕۆکە. کەس لە جێگەی خۆی نەجووڵێت. خەڵکەکە بێ دەربەست لەو ئامۆژگارییە هاتبوونە جموجووڵ، پرۆفیسۆر ڕونشتاد و دوکتۆر هانس لە پێشی من و فراولەوە، لە ڕاڕەوی فڕۆکەدا ڕاوەستابوون، دەرگەی فڕۆکە کرابووەوە. بەری پەنگ خواردووی خڵکەکە ئاواڵە بووبوو، هەر چوارمان یەکی ژانتایەکمان لە ملدا بوو، لە فڕۆکە جوێ بووبووینەوە بە ڕاڕەوێکی تەنگ و باریکدا بەڕێ کەوتین. دیوارەکان بە دروشمی جۆراوجۆر و وێنەی سەر ڕەش و سپی مەلا و ئاخوندی ڕیش پان و کۆسە و تووڕە و گرژ و ڕەنگ ژەنگ هەڵهێناو ڕەنگ ئامێزی کرابوون. بڕووخێ، بژی، بەردەوام بێت، ڕیشەکەن کرێت، بهاڕێتە سەر یەکدا. ئیتر هەڵبەست و ویردو سەڵاوات و ئەفسانە و شانامەیەك بوو بۆ خۆی. زۆرتر لە تونێلی ترس و مەرگ دەچوو. ڕاڕەومان تەی کرد، هەناسەیەکمان دا. تازە باڵوێزخانەی ئەمەریکا داگیر کرابوو. چاوی گومان و پرسین، چۆ سووزن دەکەوتە سەر لەشی هەر چاوشین و پرچ زەردێك. چەند کەسێك لێمان نزیك بوونەوە، دوو پەنجەی (٧) مانەندیان بەرەو ڕوو و ڕوخسارمان دەهێنا، ئەگەر سەرمان لانەبردایە پەنجەیان دەچوو بە چاوماندا. گلێنەکان خوێنیان تێ زابوو. ڕەنگ بێ پرشە، ڕەش داگەڕیو، بە پەلە دەهاتن و بەتووڕەیییەوە دەڕۆیشتن. هاتوچۆکانی پڕبوون لە بیانوو و

ئـاشوفـتـەگـی و شەڕفـرۆشتن، لـە کـونـەبـاجـەی مـۆرلـێدانـی گـوزەرنـامـەوە نـزیك بـوویـنـەوە. تـابـلـۆیـەك هـەڵواسرابـوو وێـنـەی تـیـرێکـی تـێدا کێشرابـوو، ڕێـنـوێـنـیـی بێگانەکانی دەکرد بەرەو کونەباجەی تایبەتی چۆڵدا ڕاوەستان. ئەفسەری تایبەت جێگەی چۆڵ کردبوو، ئەوەی بە تەمای نەبوو ئەوەبوو لەم ڕۆژەدا بێگانە بەرەو وڵاتەکەیان بێت. منیش لە ڕیزی هـاووڵاتیانی خۆمدا وردە وردە لە کونەباجەی تایبەتەوە نزیك بوومەوە و گوزەرنامەم لەژێر شووشەکەوەدا بەدەستی ئەفسەری دانیشتووەوە، سەیرێکی گوزەرنامەی کرد و ئاوڕێکی لێ دامەوەو وتی:

– بـۆ گـوزەرنـامـەکـەت نـەگـۆڕیـوە و هـێشتـا هـەڵگـری گـوزەرنـامـەی بـە ئـارمـی شاهەنشاهیت؟ نازانیت بڕیارمان داوە هەرچی گوزەرنامەی سەردەمی شاهییە کۆی کەینەوە و وەك خۆی بیخەینە سەوەتەی بۆگەنی مێژووەوە؟

– بەڵێ دەزانم، تا ئێستا نەمپەرژاوە.

– دەتپەرژێتە ئەوەی بە خۆتا ڕاگەیت و ڕەشمو لەمل کەیت. ناتپەرژێیتە سەر جێبەجێکردنی فەرامینی ئیسلامی؟

– مەبەستت لە ڕەشمو داخۆ دەبێ چی بێت؟

– پـانـی نـازانیت کـەرەوات لـەملکردن لـەم وڵاتـە تـازە ئـازادکراوەی ئیسلامـدا ڕەفتار و کردارێکی لێ نەبووراوە و بە تاوان دەژمێررێت؟

ئاوڕێکم لە پرۆفیسۆر ڕونشتاد و هانس و فراولە دایەوە، هێشتا چو یەخسیرێکی بێ دایك، بێ لێپرسینەوە ڕاوەستابوون، خەریکی سەیری وتووێژی من و کابرای لێپرسراوی گوزەرنامە بوون.

– نا، نەمزانیوە، بەڵام وا زانیم.

– هەر ئەوەندە؟

– ئەی خۆ هەڵم ناواسی، مەگەر خەزنەی شام بڕیوە؟

– سەیر سەیر، چەندە چەقەچناوە و ڕووداره، ئاخر هەی بێ غیرەت، شا بۆ خۆی چییە تا خەزنەی هەبێت؟ دیارە بیروڕای تاغووتی یەشتا لە کەللەتدایە و دانت بە جومهوورییەتدا نەناوە.

– نەخێر، دانم پیاناوە، ئەگەر نەمنایە نەدەگەڕامەوە.

– بە چاوتا دیارە یەکێکی لەو قورمساغانە، هێندە ئاوی بێ لەغاوت خواردووەتەوە، ئاژێڵ ئاسا ژیاوی نازانی چۆن قسە دەکەی... کەنەڕاندی هوسەین ئاغا. زۆری نەخایاند. هەروەك پەڕی سیمرخ هەڵکوڕوزێنن کابرایەکی چڵکن، سەروڕیش پۆخڵی چاوشەڵەقاو کە دووکەڵی جگەرە دەست و پل و پێ و لەوس و سوێڵ و ڕیشی ژێر لێوی زەرد کردبووەوە، هاتە پێشەوە و لەسەرخۆ بێ تاقەتانە لەناو لووتدا وتی:

– گیانی هوسەین ئاغا.

– بۆ ڕاوەستاوی؟ نابینی چ پەڵخە بەرازێکت لە بەردەستایە، لە پایتەختی کۆمارییەتدا دروشمی خاچ و خاچپەرستان ڕەواج دەدا.

هوسەین ئاغا زەردەخەنەیەکی مۆزی کەرانەی کەوتە سەر لێوە بێ ڕەنگەکانی و ددانە ژەنگاوییەکانی تاك و جووت وەردەکەوتن. دوو سێ جار بە پشتی پەنجەی شایەتمانی ئاوی لووتی سڕی و هێنای بە لاڕانیدا و قەیچییەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی برد مشتێك لە خوار گرێی کەرەواتەکەی گرتم و خرم قەیچی لێ نا. لە سایەی ڕۆشنی شووشەی کونەباجەکەیدا کەرەواتم بە ژێر چەناکەمەوە دی وەك شەوگەردی کلك بڕاو بە دیوارەوە بێت، کلکە خنج بڕاوەکەی بەسەر سنگمەوە قیتەی دەهات. ئینجا هوسەین ئاغا پەنجەی بۆ درێژ کردم و دای لە قاقای پێکەنین و منگنانە وتی:

– ئێستا جوانتری، بنواڕە چ نازداری!

هاوڕێکانم لە دوورەوە هەروا گێژوویژ و سەرسام دەیاننواڕی. وەنەبێ سەرسامی خۆمیش لەوان کەمتر بێت.

ئەفسەری لێپرسراوی بێگانەکان لەناو کونەباجە شووشەبینەکەوە نیشتەجێ بووبوو، سەیری پەڕەکانی پەساپۆرتی فراولەی دەکرد. جۆرێك دەینواڕییە فراولەدا، وەك دیناسۆرێکی لەبەردەمدا ڕاوەستابێت پەساپۆرتەکەی پەڕەپەڕە دەکرد و دیسانەوە لە بەردەستیدا دای دەنایەوە و هەڵی دەگرتەوە.

فراولە پرسی:

– باسێکە، ڤیزەمان کە هەیە؟

– با، هەتانە، بەڵام..

– بەڵام چی؟ دڵنیا نیت؟

– من دەبێ تۆ پرسیار پێچ کەم، نەك تۆ من!

– ڤیزەکەمان لە سەفارەتی کۆمارییەتی ئیسلامییەوە وەرگرتووە یا نەء؟

– با.

– مۆری خۆتانی پێوەیە، یا نەء؟

– پێوەیەتی. ئەمانەی دەیڵێی، هەمووی دروستە و ڕاست دەکەی، بەڵام شتێك بۆ من قووت نادرێتەوە. هاتنی ئێوەیە بۆ وڵاتەکەمان، بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا، وا هەرچی داوودەزگای پڕوپاگەندەی ڕۆژاوامان لێ ئاڵۆزکاوە، هاتنی ئێوە بەبێ مەلامەت نازانم.

– ئێمە دێریننناسین، بەپێی بەرنامەیەکی جیهانی هاتووین. کابرای ئەفسەر قسەی فراولەی بە تووڕەبییەوە بڕی، وتی:

– لەگەڵ منداڵدا قسە دەکەی. لەم ڕۆژانەدا، ئێمە هەرچی جاسووسی سەفارەتی شەیتانی گەورە هەن دەستگیرمان کردوون، دەتەوێت بیسەلمێنم دێرێنناسیت؟

– بیسەلمێنی یان نەء، ئەوە باسێکی ترە و ڕەنگیشە گومانتان بێ جێگە نەبێت، بەڵام واتای ئەوەش نییە هەر کەسێ پرچی زەرد بێت و چاوی شین بێ، دەبێ جاسووس بێت. ئینجا فراولە ژانتا دەستییەکەی لە شاندا خزاند و خستییە سەر کەمەی کونەباجە شووشەیینەکە و پێناسێکی دەرهێنا و دای بە دەست کابرای ئەفسەرەوە و وتی:

– من نوێنەری کۆنفڕانسێکی جیهانیم، هەتاوەکو نوێنەری وڵاتەکەی خۆتیشی تێدا بووە. ئەمەی دەیڵێم لێپرسراوانی فەرهەنگ و هونەری وڵاتەکەتان دەیزانن:

– ئەمانە بە جێگەی خۆی. من تا لە خۆم گەورەتر فەرمانم نەداتێ، مۆرتان بۆ لێ نادەم.

پرۆفیسۆر هـاتـه پێشەوە و پرسی:

– یـانـی بـەم شێوەی دەیـفـەرمووی، ئێمـە دەسـت بـەسـەرین؟

– دەسـت بـەسـەر کە ئـا، بـەڵام دەبـێ چـاوەڕوان بن تـا لێپرسراومـان ئـاگەدار دەکەین.

دیمەنـی مـن و بـۆیـنـبـاخـی کلك بـڕاوم سـەرنجـی هـاتـوچـۆکـەرانـی ڕادەکێشا و بـازێکیـان قـاقـا پـێ دەکـەنین و بـازێکیـان زەردەخـەنـە دەیـانـی گرت و بڕێکیش تووڕە و ئـاڵۆز تـێ دەپـەڕین. منیش بـە ئـەنـقـەسـت پـاشمـاوەی کـەرەواتی کلك بـڕاوم لـەمل نـەدەکـردەوە. بـەرەو لای هـاوەڵاکـانـم ڕۆیشتم. هـانس و فراولـه لـە ئـاڵۆزیدا سوور هـەڵگـەڕابـوون. پـڕۆفـیسۆر دەکۆشا. ئـارامـیـان کـاتـەوە، لـە کـاتێکدا تـووتـنـی نـێو سـەبـیلـەکـەی بـە کـەڵە پـەنجـەکـەی دەتـەپـان، لـەسـەرخـۆی وتـی:

– دان بـەخـۆتـانـا بـنێن، چـی تێدایـه، بـا چـاوەڕان بین، دیـارە وەزعـەکـەیـان زۆر ئـاڵۆزە و ئێمـەیش نـاوەعدە هـاتووین. حـەپـەسـاون و بـاوەڕ نـاکـەن بـەم ئـاسـانییە بوون بـە خـاوەن داوودەزگـای دەوڵـەتێکی دەسـەڵاتدار و تـا دوێنـێ ژانـدارمـی نـاوچـە.. منیش بم هـەروا دەکـەم. ئینجـا ئـاوڕێکی لـە ژێر چـەنـاکـەم دایـەوە و بـە دەم نـەرمـە بزەیەکەوە وتی:

– تـا ئێستـا کـەرەواتی وا قیت و خنجیلانـەم نـەدیوە، ڕەنگە ئـاوا کـەرەواتێك ڕۆژێك لـە ڕۆژان ببـێ بـە مـۆدەی هـەموو جێگیر. لـێ گـەڕێ بـا وێـنـەیـەکت لـێ بگرم، بـۆ پـاشـەڕۆژ دەبێت بـە یـادگـارێکی دیدەنـی.

فراولـه بـەسـەر مـۆنـی و گـرژی و مـانـدوویـیدا نـەیـتـوانـی پـێ نـەکـەنـێ، وتـی:

– خۆ وەڵڵا منیش چەند وێنەیەکت لێ دەگرم.

پزیسکـەی تیشکی کـامێرا پـەیـتـا پـەیـتـا سـاڵۆنی بریسکـانـدەوە ڕق و کـەنینم تێکەڵ بووبوو. نەمدەزانی بگریم، یا پێ بکەنم. زۆرتر گریان قورگی گرتم و چوومـە تـاسدا. چ بـە ئـاسـانـی لـە وڵاتـی خـۆتـدا مـاف و بـوونـت پـاشێل دەکـرێت! خـۆم بـە دۆمـەڵانێکی بـێ ڕەگـوڕیشـە هـاتـە بـەرچـاو. لـە بـاوانـی ئـازیزانمـا گـومـان لێکراو، سـەد خـۆزگـەم بـە تـاوانـبـار دەخـوازی و، دەمـزانـی بـە تـاوانـی گـومـان بـەرکـولانـە یـەکـالا دەکـرێمـەوە.

هاوەڵەکانم نەیاندەزانی وا وردە وردە خەریکین تووش دەبین. لێیانم نەدەگرت، وا تێ دەفکرێن. هۆیەك نەبوو تا گرفتاربین. هەڵە و هەڵەشەیەك و گوناهێك ڕووی نەدابوو، تا دووچاربین. لەم بیرانەدا بووم خرمەی پاژنەی چەندان پۆستاڵێك هاتە گوێم، کامێرەکانیان لە دەستی پڕۆفیسۆر ڕونشتاد و فراولە هەڵپروچکاند، هەروا دەمنواڕی، شریخە لە بناگوێم هەستا و چاوم بریسکایەوە. چاویلکەکەم چەندان گەزی شا بازەرەقەی بەست و تەواوی پایە و کۆڵەکەی ناو دالانەکە لەبەر چاومدا دەسووڕانەوە. خۆم لەسەر پا نەگرت و چو داهۆڵ لە زەویدا گرمۆڵە بووم. ئاگام لە نووکی پۆستاڵێك بوو لە کاجێڕەم کەوت. هەناسەم سواربوو. ڕەشایی و تارماییەك هاتە سەر چاوما و بێ ئاگا بوورامەوە.

## ٤

هەستم بە ساردیی کورسییەکەی ژێرم دەکرد و دەمزانی ئاسنە و بێ دەستە و پشتیوانەیە. پەنجەکانم لە پرچم گیر کردبوو، بەتەواوی هێزییەوە سەرمی بەرەو دوا ڕاکێشابوو، چاو بەسراو، ڕەگی گەردنم خوێنی تێ زابوو، تاو تاو زمانم دەیدا لە کاکیلە بەرشەق کەوتووەکەم، ئازاری مەرگم پێ دەگەیشت، ژان لە دەروونما پەنگی خواردبووەوە. تا ئەو دەمە وام نەدەزانی گیانی ئینسان هێندە بە توانایە و بەرگەگری ژان و ئەشکەنجە و لێدانە. بۆ وام لێ دەکەن. نەم دەزانی لێدەرەکانم لە سیان چوارێك زۆرتر بوون، بێ هیچ پرسیارێك لێ دەدرام، کەس هاوارمی نەدەبیست. شل و شی کرابوومەوە. پەرپووت پەریشان خۆم بە دهۆڵەکەی لۆتی قەرەزاخ دەزانی. لەشم سڕ بوو. کەوتمەوە بیری سەردەمی منداڵی و دێی قادرئاوا و ڕەشبەڵەکی شایی و سەیرانی وەخت و ناوەختی خەڵکی دێ و سمکۆڵانی دوای شاباشی لۆتی قەرەزاخ و دهۆڵ لێدانی. هەر دەستم لە پشتمەوە لە بێ هەستیدا چو دوو کلك شۆڕ بووبوونەوە. سەد ڕەحمەت لە داروین، کە چۆن مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە سەر مەیموون کلکی هەبووە. من وا لەباتی یەکێك برادەرانی بەشەرم دوو کلکیان لێ ڕواندووم. پەتی شەتەکدراوی هەردوو مەچەکم لەناو گۆشتی بازووما دەقی بەستبوو خاو و خومار، تا لێیان دەدام سیرتر دەبووم. بۆ یەکەمین جار قرەیەك هات بەگوێما و وتی:

– ناوت چییە؟

کابرای پرچ لە چنگ بە پشتی سەرمەوە، بە هێزتر سەری بەرەو دوا ڕاکێشام و هەناسەی لێ بریم، سەخڵەتانە وتم:

– پیران.

– پیران کێ؟

بازنەی قورگم چەسپابووە پێشەی گەردنمەوە، کەوتبوومە لرخە لرخ، چپە ئاسا دەنگم دەردەهات:

– پیرانی حەسەن زادە.

– ئاغای حەسەن زادەی قەحپەدایك، دەزانی خوایش بە فریاتا ناکەویٚ؟

هەر چیم کرد وەڵامی دەمەوە، نەمدەتوانی. خۆمیش نەخستە سەخڵەتەوە تا وەڵامی دەمەوە. دەمزانی ڕاست دەکا و خوای بیٚ دەسەڵاتان تاو تاموڵی فراوانە و بین درێژ، تا زەبر و زۆرێك بە زۆردارێك بنوێنیٚ هەزاران داماو بە فەتاراتدا چووە و یەکالاّ کراوە.

– لەگەڵ تۆمە لە سەگ بووا!

کابرای پشت سەرم تا توانی لا لەپێکی ئالاّندە ژێر چەناکەم. باریکە هەناسەیەکم مابوو ئەویشی بڕی. ئەشهەدو لێزان و وەستاکارن. دەزانن لە کویٚ دەدەن و پەنجە دەخەنە سەر چ ڕەگ و دەمارێك. بێگومان لە ئەشکەنجەگەریدا هەر یەکە چەندان کۆرسی هونەری و (تشریح) و کاراتیٚ و جۆدۆیان گوزەراندووە، ئەگینا چۆن بە ئاسانی خاڵە بیٚ هێزەکانی تێکڕای لەش دەناسن؟

هاتبوومە کۆکە، لێکیان دایەوە وا بەردەوام بن، کەڵکی هیچم پێوە نامێنیٚ. کابرای پشت سەرم پرچی بەردام. سەرم دوای چەندان جار چەپ و ڕاست چەرخان هاتەوە سەر گێژەنگەی گەردنم، یەك دوو هەناسەی قووڵم هەڵکێشا و وردە وردە هەناسەم هاتەوە سەر خۆی و یەکێکیان وتی:

– قوڕمساخ وەك وتم، خوایش ناگاتا فریاتا، ئەوە دەزانی؟

– ڕەنگە بزانم، ئەگەر تێبگەم لەسەر چی وام لیٚ دەکرێت؟

– ئەی ناکەس ڕەسەن! سەیر دەکەی چەند بەسەزمانە!

– باوەڕ بکەن، درۆ ناکەم.

– هەتیو، چەڵتە چەڵت. ئێمە گومانمان نییە جاسووسی، بەلاّم دەمانەوێت بزانین هی کام لایت و پەلەوەری کام دەزگایت؟ ئەوە دەزانین دەست و پێوەنی داوودەزگای جاسووسیی ئەڵمانی ڕۆژاوا کوێر کوێرانە پەیڕەوی فەرامینی CIA

ن. تۆ – کە بە ناو هاووڵاتیمانی، دەمانەوێت بەدەمی خۆت بیسەلمێنیت باشترە، ئەینا بەو ئایینەی کە نیتە، بە مەقاش لە قوڕگتی دێنمە دەرەوە، تێگەیشتی یان دیسان تێت گەیەنم؟

تێگەیشتبووم کەتووش هاتووم، بەڵام نەمدەزانی بەم خەستی و خۆڵییە لە قوڕ نیشتووم.

– ئێوە وا دەزانن ئێمە لە گێڵستاندا گەورە بووینە و سەرمان لە ئاشا سپی کردووە؟

وتم:

– جاسووس؟

– نا، فریشتەی و لەبەهەشت وێڵ بوویت. کاکی فریشتە ناڵێی ئەم هەموو دەزگا و جەڕ و ئاڵەتانەتان بۆچی لەگەڵ خۆتانا هێناوە؟ خۆ ناشێ بڵێی دەزگا و ئالاتی کۆنەوارناسینە؟

لێکم دایەوە نە ڕوونکردنەوە و نە سوێند و پاڕانەوە، هیچیان بایەخی قرانێکی نییە و لەمێژە بڕیاری خۆیان داوە. تۆزە توانایەکم بۆ ماوەتەوە بەفیڕۆ با لەدەستی نەدەم، ئارام و لەسەرخۆ وتم:

– ئەو دەزگا و جەڕ و ئاڵەتانەی بە ئەبزاری جاسووسی دەزانم، ئەوسا، دوور لە ئێستا، لەم وڵاتەدا لێزان و وەستاکاری ئەو دەزگایانەی تێیدا هەبوو. خۆ هەر نەبێت چەند دانەیەکیان ماونەتەوە و ئەو جەڕ و ئاڵەتانە دەناسن، با بیپشکنن.

– ئێوەی خوانەناس سەرقاڵیی ئێمە و گرفتارییەکانمانتان بە هەل زانیوە و بە پێی دیمەن و شەماییلی جەڕ و دەزگای دێریننناس دەزگای بێ سیمی دووربرد و دوورگوێگر و چاودێریی هونەری زەریفکارتان تێدا چێناوە، ئێمە بەم تورەهاتانە ناخەڵەتێین.

– ئەی بیان ئاژننەوە!

– خەریکین.

بۆقی ئاگەداری لە ئاسمانی شاردا دەیلووران. کابرای لێپرس ڕوو بە یەکێکی

تر وتی:

– ئەم حەرامزادەیە بگەڕێتەوە بەندەکەی، تا بۆمباردومانی دوژمن تەواو دەبێ، ئەو حەلە چارەی لای منە.

بەخشە خشی نەعلەکانیدا دیاربوو بە پەلەیە بگاتە پەناگا.

## ٥

تاك و تەنیا ترنجاندوومیانە بەندێکی تەنگ و ترشی دوو بەسێ مەتریدا، ساردیی ئاسمانی تاران خزابووە نێو مۆخی ئێسکەوە. دیوارەکانی بەندیخانەی قەسری قەجەر چو قەڵەوەزێکی زۆمدار تەڕ و ڕچاو پێوەستە فرمێسکیان دەڕژاند. بەرزیی بەندەکەم لە پانی و درێژی زۆرتر بوو، نزیك بە بن میچەکەی نووسرابوو: (ئاخ لە دەست زەبـر و زۆری ڕەزاشا). کـەوتمە بـیـرەوە، کـابـرا هــەر چــەنـدە بـاڵابـەرز و وەزرشکار بێت، دەستی بەو هەڵهەڵەیە ناگات. ئەم بەندانەش تاك بەندی تاوانبارە گەورەکانە. تۆ بڵێی لە بێ جێگەییدا، چەندان کەسیان تەپاندبێتە ئەیرا و بەسەر شانی یەکەوە ئەوەیان نووسیبێت؟ زۆردار هەموو شتی لێ دەوەشێتەوە. بەڕاستی ئاخ لە دەست ڕەزاشا چ دیارییەکی دیاردەی بۆ بەجێ هێڵاوین؟ لە پانتاییی دڵ و جەرگی شاری تاراندا وێنە و نموونەی بەندێکی ڕاستەقینەی سەدەکانی ناوەڕاست تارانی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم قولە و دەرگە هەڵقەڕێژەکەی بانگەوازێکی دەم هەراشانەیە بۆ چەپاوی بوون و باوەڕ و بیروڕای ڕۆشنبیران. ترسم لێ نیشتبوو وەك سەدان و هەزاران کەسی لەبیرچووی فەرامۆشخانەی قەسری قەجەر لە بیر بچمەوە و بکرێمە کەرپووچێك لە ملێونەها کەرپووچی تەڕ و نمداری و لەژێر باری گرانی ژمارەیەکدا، چو گاجووت بەرەو سەرئاو و ئاخوڕ بەڕێم کەن. قوتابییە تـوودەیـیـیـەکـانـی هـاوپـۆلـم زۆریـان دەربـارەی (قـەسر) دەوت و زۆریشم بـە پڕوپاگەندەی حیزبی توودە دەزانی و باوەڕم نەدەکرد، خۆ خوا هەڵناگرێ، پیاو دەبـێ هـەق بـڵـێت شای دووەم ڕۆژاوایـانـە تـێدەفـکرا و بـەربـڵاوانـە دەیـنـواڕییـە سازندەگیدا. بەندیخانەی (ئەڤین)ی لەسەر شێوە و شەمایلی میعماریی نوێ و حەوش و حەسار و تەلبەنی چوار سووچ و بازنەدار و لاکێش و زوزەنەقەیی سازاند و بە هەوای ئاسایش و ئارامیشی میوانەکانی (ئەڤین)ی، باشترین و

خۆشترین جێگەی دامێنی ئەلبورزی هەڵبژارد و دیواری کۆنکریتی لێ بردە ئـاسمـانـدا. بـەشەوانـە بـەدەم سۆزی سەرمـاوە سەمـام دەکـرد و تـا بـەیـانـی بۆمبـاردومـانی فڕۆکە و مووشەك بـارانی شاریش هێندەی تری دەیـانـهێنـامـە لەرزین. برسێتی و ترس و سەرما تۆقاندبوومیان! خشەی کلیلی دەرگەم هاتە گوێ. لنگەی دەرگە لەسەر گێژەنگەکەی چەرخا، جیڕەیەکی سامناك ژوورەکەی پڕ کرد وەك قوڕقوڕاگەم بپچڕێنن، لە ترسا هەناسەم سواربوو، دیسانەوە لێدان و پێشێلکردنی لەش و توانا و بوون و نەبوون. چاوم تارمایی هات بەسەردا، نەمدەتوانی بە ڕوونی کەسانی بەردەگە وەدی کەم.

شێوە و سایە و سێوەری دوو کەسم بۆ جوێ کرایەوە، هاتنە ژوورەوە، بێ ئەوەی بمەوێت لەشم منداڵانە و بێ دەسەڵاتانە خۆی ترنجاندە سووچەکەوە. کورە پیران! شوورەییە، ئەوە یانی چی. هەر ئەوەندەت ماوە هاواری پاڕانەوەت لێ هەستێ؟

دوو کـەسەکـە دەستـیـان دایـە بـاڵـم، ئـارام هـێنـامـیـانـە دەرەوە. وەك جـاران پەلەکێشیان نەکردم، چاویان نەبەستم. چاوم پوولەکەی دەکرد. ئاخوندێك لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو، تێفکرام وا دوا قۆناخە و ماڵئاوایی، ئاخوندیشیان هێناوە و تەڵقین دادانیشم بۆ دەکەن. تەواوی ڕابردووی ژیانم برووسکە ئاسا هات بە بیردا. بە نـاباوەڕی نـاوبـانگی دیواری ئەڵڵاهو ئەکبەرم بیستبوو، کە بە چ ئاسانی خەڵکی لا ڕا دەگرن و ماشائەڵڵا قەساو گوللە ئاژانی دەکا.... ئیتر لەگەڵ خۆمدا دەموت و دەمـوت. مـەگـەر دەکـرێ بـەشەر بـەم ئـاسانییـە لـەنـاو ببـرێت! نـەم دەسەلمـاند، تـا ژاژووری شەوانی بن دیوار و دوانالەی بێ چارەیانی گرفتارم نەهاتە گوێ. باوەڕم نەدەکرد.

– باوەڕ بکەن بێ تاوانم.

کەنینێکی مۆزی گەرانە و گێلانە کەوتە سەر دوو لێوی ئاخوندەکە و وتی:

– هـەمـوومـان بـێ تـاوانین، شەیتـانـە گومـڕامـان دەکـا. ئـەگـەر ئـەو مـەلعوونـە نەبووایە، ئێمەی بەشەر تێکڕا بەهەشتی دەبووین.

قیڕاندم، ئێوە جانەوەری کام بێشە و چڕستانن؟ بیری لێ کەنەوە، یەکێکی وەك

من بۆ دەبێ.. بۆ دەبێ جاسووس بێت؟ بە ڕاڕەوێکدا دەیانبردم لەڕاڕەوی سارداو و شکەنجەگا نەدەچوو، بۆیە چاویان نەبەستبووم، تا وەدەریخەن چ بەڕەحمن. نایانەوێت لە دوا تێ نواڕین بێ وەریم کەن. ڕاڕەوەکە بۆیاخکراو، سەنگ فەرشێکی ڕەنگاوڕەنگ سەرتا سەری گرتبووە خۆ، خشەی سۆلەکانی ئاخوند بەسەر فەرشدا چو کیفە و هۆفەی ڕەشمارێکی ژەهراوی دەهاتە گوێم.

بێگومان ژووری قەنارەیان پۆشتەتر و ڕێکوپێکتر سازاندبوو. دەرگەیەکی دوولنگەی زل و زەلام لەسەر بنی ڕاڕەوەکەدا، چو گیاندارێکی ترسێنەر، نیو لنگە دەمی کردبۆوە. بەسەر دەرگاوە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز هەڵواسرابوو: (انا فتحنا لك فتحا مبينا).

پام لە شوێنم نەدەهات، لەشم تا دەبوو گەرخ و سستتر دەبوو. کورە، خۆمە گاڵتە گاڵتە خەریکن لە قەنارەم دەدەن. مەلاژووم وشك بووبوو، زمانم بە چاکی لە زارمدا نەدەچەرخا. هەر پارچە و پەلێکی لەشم بۆ خۆی بە جیا دەلەرزین. دەرگەی دەم کراوە ئەژدیها ئاسا هەڵی لووشیم، بە نزا و ئاوات و ئارەزووە لەدەست چووەکانم، بە دوعاژیان. لەودیوی دەرگەوە ژوورێکی بەربلاوی پانوپۆڕی پڕ قالی چەندان کەس شان بەشان دانیشتبوون، تەنیا مێزەری ڕەش و عەبا و تاك تاك سەرسپیم لێك دەکردەوە. دەموچاو و ڕوو و ڕوخسارم لەیەك نەدەکردەوە. ئارام و لەسەرخۆ دەستیان لەسەر شانم دانا و لەسەر زەوی چوارمشقی پەخش بوومەوە. ئەژنۆم لە خوای دەویست لە قورساییی لەشم ڕزگار بێت. بێ ئەوەی ڕوخسارەکان لەیەك کەمەوە گێلانە دەمنواڕی.

کورە وایش نییە، خەڵکیش بە ویژدانەوە لێی نادوێن. بەرنامەی دیواری ئەڵلاهو ئەکبەر ئەمەشی هەیە. لەدوا هەناسەدا نرخ و حورمەتی بۆ دەگێڕنەوە. قەینا وا دەمکوژن. خۆزگە دەمزانی لەشەکەم چی لێ دەکەن. خۆزگە و سەد خۆزگە دەیان ناردەوە (قادرئاوا)، تۆ بڵێی لە دوا ئارەزووم بپرسن. کورە ئێکجار بەم ئەندازەش دڵڕەق نین، هەر دەپرسن.. سەقز و قادرئاوا مردم و نەتانم دییەوە. سەدای دوکتۆر دوکتۆرم هاتە گوێ. دڵنیابووم دۆکتۆریشیان هێناوە. تا هەموو بەرگەکانی پەروەندەی ڕێکوپێز و تەواو بە پێی یاسا و بارودۆخی دوینای ئازار، مۆری بێ

غەل و غەشی لێدەن، نەکا دوژمنانی کۆمارییەت تۆمەتی ناڕەوا بسازێنن. دوکتۆر، دوکتۆر پیران .. دیارە تەشریفاتیان زۆرە. تۆ بڵێی ئەو هەموو خەڵکەی لە بن دیواری ئەڵڵاهو ئەکبەردا کوژراون ئەم کەژاوەیەیان بۆ گێڕابن؟ بۆ نا؟ روح وەدەردێنن روح، ئەگەر پێش کوشتن بەشەر دوو دەستی بدەنەوە و نەختەکێك ناز و نەوازشی کەن هەم خوابەرداره و و هەم خەڵك. کابرای لاتەنیشتم ژەندییە بن دەستمەوە:

– دۆکتۆر، دوکتۆر، کورە دوکتۆر حاجی ئاغا لەگەڵ تۆیەتی.

شان بەشان لەژێر عابادا چەندان کەس لە تەنیشت یەکتردا چو قەلی ڕەش ڕەشیـــان دەکـــردەوە. وەك مـــەی زەدە سەرێکـــم سووڕدا، سەروخـــواریـــانم کـــرد و دەبەنگانە چاوم چەسپاوی سەر چەندین وێنەی نێرە ئاخوندی سەر دیوار بوو. نەچاوم بە باشی دەیدی، نە گوێم دەیبیست. من چەندان هەفتەیە، لە قەحپە شیر و توڵە سەگ و قوڕمساغ و وتەی بازاڕی نەبێت هیچم نەبیستبوو. باوەڕم نەدەکرد ئەم دوکتۆر، دوکتۆرەیان لەگەڵ من بێت. داهۆڵێکی ڕەشپۆش بەرچاوی گرتم و بە هەردوو دەست مەچەکی گرتم و وشاردی:

– جەنابی دکتۆر پیران، تکات لێ دەکەم وردبەرەوە و گوێم لێ بگرە! من حاجی ئاغا سفەت پوورم، نوێنەری تایبەتی ئەحمەد ئاغام. هەڵە و هەڵەیەك ڕووی داوە و هەرچی بووە گوزەشت و تێپەڕیووە. لەم هەڵەو ڕووداوەدا ئێوەش بێ تاوان نین. ئەگەر نامەکەی ئاغای صادقیان لەناو ژانتای ئەو زەعیفەیەدا نەدۆزرایەتەوە، دەکرانە میوانی دیوانی ئەڵلاهو ئەکبەر.. شوکری خوای دەوێ. بزانە خوای گەورە و مەزن چەندە بەپەرۆشی ئەم کۆمارییەتەوەیە، دەستی غەیب ئەو نامەی لەو ژانـتـایـەوە دەرهـێنـا و نـایـە سەر مـێزی لـێپـرسراوی ئـەو ئـاسایشگـایـە، ئـەگـینـا لەکەیەکی ناشیرین دەکەوتە سەر دامێنی پاك و خاوێنی جومهوورییەتەکەمان.

حاجی ئاغا دەیوت و دەیوت.. جومهوورییەت و دەستی غەیب و ئاغای سادق و نوێنەری تام ئەلئەختیار و ئاسایشگا و، شتی تر. کەم کەم توانیم بیر و هۆشم کۆکەمەوە و چاوم لەسەر خاڵ و حاڵ و ڕوو و ڕوخساری دانیشتوان بە وردی بچەرخێنم.

پرۆفیسۆر ڕونشتاد، دوکتۆر هانس ڕەشپۆشێکی پێچەدارو چەندان ئاخوندی زرتەزەلامی گەدە و گیپاڵ زل و ناهاڵ مەجلیسی دانیشتبوون. ئینجا حاجی دیسان دەستی وشاردم، پەنجەی بۆ هاوەڵەکانم درێژ کرد و وتی:

– ئەوانەیش هاواڵەکانتن. ئێمە لە ناخی دڵەوە داوای لێبووردنتان لێ دەکەین و نەدەبوو وای لێ بهاتایە، بەڵام بوو، وەك دەزانن میللەت لە شۆڕشدایە، ترس و گومان لە پیاوخراپان و تاغووتیان و شەیتانی گەورە هەموو کردارێکی پێ ڕەوا دیوین، ئەگەرچی لەبارەی ئێوە تیژپەڕی و کەمتەرخەمی کراوە، ئومێدەوارم نەیگرنە دڵ و بە چاوی دۆستانەوە بڕواننە هەوڵ و تەقەلا و ململانێی ئەم میللەتە ئازادی خوازەدا.

لەگەڵ گوماندا هاتبوومە سەرخۆم و بۆم دەرکەوت هەر نەبێت جارێك لە خنکاندنمان نین وتم:

– نەختێك ئاوم دەدەنێ؟

زۆری نەخایەند لە لیوانێکی کریستاڵی (بوهیم)دا ئاویان نایە بەردەستم و لە پیاڵەیەکی زەڕلیدا چایەکیشیان لە زەویدا دانا.

نە بابە قەنارەیەك لە گۆڕدا نییە. دەنگێکی ناسکی ژنانە بە ئەڵمانی وتی:

– پیران چۆنی؟ ماوی یەشتان؟

بە دەنگیدا زانیم فراولەیە.

حاجی ئاغای سیفەت پوور ڕووی تێکردمەوە، وتی:

– ئێمە لە هوتێل ئازادیدا جێگەمان بۆ تەرخان کردوون. تۆیش لەوە دەچێ لە ئاسایشگادا سەرمات بووە. بە گەیشتنتان بە هوتێل دوکتۆر و دەوا و دەرمانتان بۆ دەنێرین. تکام دووبارە دەکەمەوە ناخۆش و ناڕەحەتی مەگرنە دڵ و هەرچی بووە بیخەنە سەر هەوا و هەوەسی شۆڕشگێڕانە و گومان و مەبادای فراوان. ئەوەش بابڵێم، ئێمە و لێپرسراوانی جمهووریيەت بۆ سەرکەوتنی تەقالاکەتان درێغی ناکەین و ئامادەین هەموو یارمەتییەکتان بدەین.

## ٦

بەسەر ئەوەشدا تەواوی لەشم دەیکزاندەوە، ڕۆژی دوو سێ جار مەلەم دەکرد. شوێن دەمی ئەسپێ و کێچ و نینۆکی خوریان لەشی هەلا هەلا کردبووم. هالاوی هەڵمی حەمام و ئاوی گەرمی گەرم و شیرەتێن و سارد و ڕچاویشم تاقی دەکردەوە.

خەریك ڕیش تاشین بووم، درا لە دەرگە و ڕاچڵەکیم. لە بەندیدا دەرگا لێدان و ئەشکەنجە و تێهەڵدان هامڕای یەك بوون.. بەرەو دەرگە ڕۆیشتم بە ترسەوە کردمەوە.

پرۆفیسۆر هاتە ژوورەوە. دوای چاکی و چۆنی لە گیرفانیدا کاغەزێکی وەدەرهێنا و ڕوو بە ڕوخسارم ڕای گرت و بە پەنجە ئیشارەتی کرد بیخوێنمەوە.

منیش چاویلکە شکاوەکەم لە چاو کرد و لە نامە ورد بوومەوە نووسرابوو: (چەند قسەیەکم هەیە تێکڕا بۆتانی دەکەم. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم پێم خۆش نییە لەژێر بنمیچدا بێ  جا بۆ پارێز لە دەرگای گیرەندەو گوێگر وا بەچاك دەزانم لە دەرەوە بێ باشترە. وا ئێمە بە دەم پیاسەوە لە هوتێل دەڕۆینە دەرەوەو چاوەڕوانین پیامانە ڕابگەی) لە نامە بوومەوە پرۆفیسۆر مشتی جووت کردو کەڵە پەنجەی بەسەریەوە قیت کردەوەو بە چاویش تێی نواڕیم، ئاخۆ تێ گەیشتووم، یا نەء؟

منیش هەروەك ئەو کەڵەپەنجەم بەسەر مشتەوە قیت کردەوە. ئینجا دەستێکی بۆ ناو ژوورەکە سووڕدا و وەك قسە بۆ یەکێکی تر بکا وتی:

– پیران، ئێمە نابێ لە ڕەفتاری کاربەدەستانی ئەم وڵاتە نیگەران و زویر بین. حەقیان دەدەمێ بەم شێوەیە پارێزگاریی جومهورییەتەکەیان بکەن. ئازادییەکی خوێناوییان بەدەست هێناوە گۆترەکە نییە، خوێن بەهای هەزاران شەهیدیانە.

– خۆ منیش هەروا تێدەفکرام. خۆ خۆشەی لێدانەکەیان بووبووم. من ناڕەحەتی

ئەوەم باوەڕیان پێ نەدەكردم.

باوەڕیان كردایە، لێیان نەدەدای. گوێی مەدەرێ شۆڕشێكی وا گەورە و خوێناوی ئەم جۆرە كردەوانەشی هەر تێیدا ڕوو دەدا.

– ڕاست دەفەرمووی، بەڵام بە شەق كاكیلە شكاندن یەكجار دڵڕەقانەیە. ئا تۆ سەیر چۆن لەناو دەمما تێت و دەڕوا. هەڵی نەكێشم پەریشانم دەكا.

پرۆفیسۆر ڕۆیشتە دەرەوە. منیش گورجانە خۆم كۆ كردەوە. بۆ فراولە خەریك بوو پەڕ دەركەم. نەمدەوێرا توخنی ژوورەكەی كەومەوە. هاتوچۆی ژووركردن بە تاوانی گەورە دەژمێرا. تازە لە چاڵێكی هەزار بە هەزار هاتبووینە دەرێ. بەشی هەڵەی تری پێوە نییە. ئێمە كەوتبووینە ژێر ڕەحم و بەزەیی و هەوەسی دەستەو كۆمەڵگەیەكی تازە پێ كەوتووی كۆلكەخوێنەواری دڕ و خوێنڕێژ، ماوە و مەودای گاڵتە و هەڵەشەیی تێیدا نییە، ئەگینا دیسانەوە دەكەوینەوە بەر شمشێری خوێناوییان. لە دالانی هوتێلدا چەند تۆپەڵێك خەڵك سەریان نابووە یەك گرژ و مۆن و ئاشوفتە، چاوی ترس و گومانیان بە دزی و ئاشكرا دەچەرخاند و بەسەر میوانەكانیانەوە چایی و قاوە و شیرینی و بەستەنی و تاك و تەرایەكیشی ئاوجۆی بێ ئالكهۆلیش دەبینرا. چاوم گێڕدا، نە فراولە، نە پرۆفیسۆر و نە هانسم نەدی. بەرەو دەر ملم نا و چوومە دەرەوە. وەك منداڵێكی تازە پاگرتوو شل و شێواو، گەلاوگەڵ هەنگاوم دەنا. هاوالانم چو ڕێك دەجووڵانەوە، وەدەریان نەدەخست چاوەڕوانن هەر كە پێیان گەیشتم فراولە تێی كوتا و وتی:

– باوەڕم پێ بكە لە (لابی) هوتێلەكەدا لێوانی ئاوا جۆم بەسەر مێزی دانیشتووانەوە دەدی، ئەتۆیش دیت؟

– ئەمنیش دیتم. ئەوە (ماء الشعیر) هو بێ ئەلكهول.

پرۆفیسۆر لە ناوەڕاستماندا وردە وردە كەوتە ڕێ و بێ ئەوەی لا بەلای یەكێكمانەوە كا و وتی:

– دەزانم خراویان بەسەردا هێناوین و هەمووتان خۆتان ئامادەی گەڕانەوە كردووە. ئەمە مافێكی ڕەوایە و دەبێت واش تێفكرێن، هەرچی ئێوە بڵێن دەیكەین

و مـنـیش لـە قسەتـان دەرنـاچـم، بـەڵام دەمـەوێت ئـەوەتـان پـێ ڕاگـەیـەنم، ئـەوەی بەسەرمانا هات، من بە تەمای خراوتری بووم و دەمزانی تووش دێین. بەمەی ڕزگاربووین جێگەی شوکری باقییە.

هانس سوور بووەوە وتی:

– پرۆفیسۆر بە ڕاستتە، یان پێمانەوە ڕادەبوێری؟

– وەك دەزانی ئێمە بۆ ڕابواردن ئەم ڕێگەمان نەخستووەتە بەر خۆمان. ئەمن دەمزانی گرفتار دەبین، بەڵام هاتنەکەمان ئەوەی دەهێنا.

فراولە ئاشوفتانە دەرپەڕی:

– چی دەڵێی پرۆفیسۆر؟ ئەگەر دەستی ڕێکەوت نەبووایە بەو تۆمەتە تیکە تیکە دەکراین. سەد ڕەحمەت لە سادق خان. ڕاست دەکەی ئێمە نمایندە و نوێنەری بەشەرییەتین. ئاخۆ ئەمانە وەك بەشەر لەگەڵ ئێمەدا جووڵانەوە، یا دڕندە و جانەوەر؟ من بەشبەحاڵی خۆم ئەم وڵاتەم لەسەر تاپۆ کەن تێدا نامێنمەوە.

– تیژ مەڕۆ، تامولّ کە تا قسەکانم تەواو دەکەم، ئەو حەلە تێکڕا پێکەوە. بڕیاری لەسەر دەدەین.

– کورە نازانی چییان پێ کردووم!

– ڕەنگە بزانم، بەڵام بە گرینگی مەسەلە دەژێ. تازە لە وانەش گوزەشت. ناکرێ ئێوە ئەوەندە بەندە بە گێل و گەوجم دانێن. لەم ڕۆژە ئاڵۆزەدا وا دێ و دیار و شار و بازاڕ چو مەنجەڵ، خۆبەخۆ دەکوڵێن. من بێ لێکدانەوە بەرەو ئەو ڕایەم تەنیا لەبەر پشکنینێکی زانیارییانەی ڕووکەش.. ئەگەر هێندە بە خامم بزانن بەڕاستی جێگەی داخە.

هانس ئاورێکی دایەوە و بە درێژترین پەنجەی پشت ملی خوراند و لەسەرخۆتر وتی:

– دیارە زۆر شت هەیە و ئێمە نەمانزانیوە.

پرۆفیسۆر دەستەسڕەکەی لە گیرفان دەرهێنا و چاویلکەکەی پێ سڕی و باوەڕ

بە خۆیانە وتی:

– نەخێر، زۆر شت نییە ئێوە نەیزانن. تەنیا یەك شت نازانن. من دەیزانم، ئەوەیش ئەوە دێنێ خۆمانی بۆ بخەینە تەهلوکەوە.

ئینجا من ڕووم تێ کرد و وتم:

– یانی ئەوەندە گرینگە، ئەوەی هێناوە ژیانی چوار کەس بەو شێوەی دیمان بخرێتە مەترسییەوە و بکەوێتە ژێر چەقۆی جەلادەوە.

– نەك چوار کەس، بگرە چوار هەزار کەسیش کەمە.

– هەروا؟

– لەوەش زۆرتر...

– دەتوانین بزانین چۆن چۆنی؟

– جارێك ناتوانین بۆتانی ڕوون کەینەوە، ئەوەش وەنەبێ لەبەر بێ باوەڕی بێت بگرە لەبەر بتەویی مەسەلەکەیە و بەس..!

– دڵنیام، جەنابتان مەراقێکی تریان نییە جگە لە بتەوی و متمانەی زۆرتر نەبێت، بەڵام ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە، ئێمە سەروکارمان لەگەڵ دەستە و تاقم و دەوڵەتێکدا هەیە لەسەر هیچ دەکوژن و دەبڕن سا بۆیان دەرکەوێ کارێکمان لێ وەشاوەتەوە لەگەڵ بەرژەوەندیانا نەیخوێندووە. دەزانی ڕۆژگارمان ڕەش دەکەن، وەنەبێت بێ ئاگایش بن. لە هەر گۆشە و کەنارێك سیخوڕ و خەفیە و چاوساقیان بڵاو کردووەتەوە.

– ئەمانەی دەیڵێی ڕاستە، منیش دەزانم ئەم وڵاتەیان کردووەتە تەڵەگاو هەموو کەسێك ڕەنگە پێوەبێت بەڵام ئەگەر بێتو لە کارەکەماندا سەرکەوین لە دنیادا دەنگ دەداتەوە. تەواوی داوودەزگای پروپاگەندەی جیهانیمان لێ گلێردەبێتەوە، جگە لەمانەش کارەکەمان زۆربەی زۆری درۆ و دەلەسەی مێژوو و خامەی خۆفرۆشی مێژوونووسانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و زۆر کاری ناتەواو لە ڕاستی ترازاوی بەشەرییەت پاك کراو دەخاتە ڕوو.

– پرۆفیسۆر هەناسەمت سوار کرد، دەتەوێ چی بڵێیت؟

– جارێك ناتوانم زۆر بڵێم، هێندە نەبێ.. دەڵێم، ئەگەر بتوانین دەس لە (ڕازی زێڕین) گیرکەین بەشەرییەتمان لە زۆر هەڵە و هەڵەشەییی هەزاران ساڵە دوور خستووەتەوە!

– ڕازی زێڕین.

– ئا ڕازی زێڕین.

– داخۆ دەبێ چ جۆرە ڕازێك بێت؟

– تامولٚ کەن، باوەڕتان هەبێت (ڕازی زێڕین) دەتوانێ دوور لە زەڕ و زۆر و ملهوڕی سەردەمدارانی سەرزەوی سەرلەنوێ بەشێوەیەکی ڕاستەقینە مێژووی بەشەرییەت دووبارە بنووسێتەوە. پێچەکان هەڵداتەوە، نەزانراوەکان پەردە لەسەر لادا و شریتی ڕاستەقینەی دنیای ئەوسامان بۆ بخاتە گڕ.

فراولە سەربەستانە دەمی کردبووەوە، لێوە ئاڵەکەی هێندەی تر خوێنی تێ زابوو، مندالانە قسەکانی پرۆفیسۆری بڕی و وتی:

– ئەمەی دەیفەرمووی دەبێتە جادووگەر و ئەفسانەوێژ!

– جادووگەر کەنا، بەلام لە بیری نەکەی ئێمە لە شەرقی ئەفسانەییدا دەژین، لەم ڕۆژهەلاتەشدا زۆر شت ڕووی داوە و لەگەڵ بارودۆخی زانیاریدا نەگونجاوە و کەچی ڕوویشی داوە.

– ئەگەر ئەم ڕازەی دەیفەرموویت ئاوابێت من وا دەزانم ئەوە بێنێ خۆمانی بۆ بخەینە مەترسییەوە. من بیرم گۆڕی و دەمێنمەوەو بە جێت نایەڵم.

– ئافەرین فراولە. دەمزانی پێش هەموویان ئەمە دەڵێی، تۆ کۆیلەی ڕاستەقینەی زانیاریی بەشەری.. بەشەر.

لە قسەکانی پرۆفسۆر دوودڵ بووم، کاتێك فراولە وتی: (بەجێت نایەڵم) پردم پسا و بێ ئەوەی دوودڵیم وەدەرخەم وتم: کەواتە بەرەو هەڵهێنانی نەزانراوەکانی مێژوو.. هانسیش هەڵیدایەو وتی:

– لێدەن، با بڕۆین بەرەو (ڕازی زێڕین).

پرۆفیسۆر وەستاکارانە، لەسەرخۆ ئاوڕێکی لە دوا دایەوە و وتی:

– دەزانم سەخت و دژوارە، دەمەوێت وای دەرخەن هیچمان لە دڵا نەماوە و ئازارەکانمان لە بیرکردووە و هیچ نیگەرانییەکمان لە دەروونا پەنگ نەداوەتەوە. بۆ لەمەولاش حەقی وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێکتان نییە و هەر هەموو ڕوو بکەنە من..

بەرەو هوتێل گەڕاینەوە. تەواوی لەش و ئەندامم دەیزریکاند. تازە ڕاکشابووم، زڕەی تەلەفۆنەکەی ژوور سەرم ڕای چەڵەکاندم:

– دوکتۆر پیران؟

– قسە دەکا.

– ئەگەر پێت خۆشە، لە خزمەتداین بۆ لای دوکتۆری ددان.

– زۆر سوپاستان دەکەم، کەی دەڵێن؟

– لە خوارەوە چاوەڕوانین.

– وا هاتم.

خۆم کۆ کردەوە، یەکڕاست، بەرەو ژوورەکەی پرۆفیسۆر وەڕێ کەوتم.

– ها، بۆ کوێ؟

– بۆ لای دوکتۆری ددان.

– داوات کردبوو؟

– نەخێر بۆ خۆیان تەلەفۆنیان بۆ کردم.

پرۆفیسۆر بزەیەك کەوتە سەر لێوانی و هیچی نەوت.

هەروا لەسەرخۆ لە ژوورەکە پاشگەزدەبوومەوە، وتم:

– خەریکە باوەڕم بە ئومووراتی زۆرتر دەبێ.

## ٧

بەندە بە ناوی دەوڵەتی نەوباوی جومهوریەتی ئیسلامییەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و داوای لێبووردنیش لەگەڵیا لەبارەی.. هەڵەچوونی چەند برادەرێك و توندوتیژییان. میللەتێکی چەوساوەی چو میللەتی ئێمە دوای سەدان ساڵ چەرمەسەریّ و ژێردەستەبوون ئەو مافە بەخۆ دەدا بە چنگ و ددان دەستکەوتەکانی بپارێزێت. ئەگەر وا نەکا. هەر بە ئێوارەدا باخ و بوێستانمان شارۆ دراوە. دیسان بەناوی دەوڵەت و مۆزەخانەی ئێرانی کۆنەوە، هەروەها وەك کۆنەوارناسێك دەمەوێت دڵ و دەروونتان فراوانتر بکەن و ڕابردوو لە بیر کەن و ئێمەش ئامادەی هەر یارمەتییەکین، بەگوێرەی توانا.

– منیش بە ناو هاوکارەکانمەوە سوپاستان دەکەم و ئەو دوو سێ هەفتە ڕاگرتنەش، نە لای من و نەلای هاواڵەکانم نەبووەتە هۆی هیچ تەگەرە و سستییەك لە کاروبارماندا بێگومان هاتنی ئێمە بۆ وڵاتەکەتان جگە لە خزمەتی تێکڕای بەشەرییەت، هیچ مەبەستێکی تایبەتمان نەبووە و نیشە. لەم ڕۆژەدا هاتن تا ڕادەیەك بازێك لە شۆڕشگێڕان و ئێوەی خستە گومانەوە و لە کاتێکدا ئێمە خۆمان وڵاتەکەمان یەکێکە لە بێشکەکانی سەرەتای ژیان و فەرهەنگی بەشەر. من و جەماعەتەکەشم بەپێی فەرمانی کۆنگرەی جیهانی بەرەو ئەیرا هاتووین و ئێوەش بۆ سەرکەوتنی مەبەستەکە تا چ ڕادەیەك دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن، نازانم؟ ئێمە تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست نەنێنە سینەمانەوە و دەرمان نەکەن ناگەڕێینەوە.

سەرپەرستی مۆزەخانە کەنینێکی بەرز و گرێداری کردو سوور بووەوەو لەژێر تیشکی چراکەدا پرووزەی عەرەقی ڕووی دەبرووسکایەوە، پچرپچڕ وتی:

– شۆرەتی میواننەوازیی ئێمە چەندان هەزار ساڵەیە. قەت سوننەت شکێن

نەبووین و نابین ئینشائەڵڵا، پرۆفیسۆر وەستاکارانە هەڵی دایە و وتی:

– بۆ سەرکەوتنی هاتنەکەمان تا چ ئەندازە دەسی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن؟

– ئەوی ڕاستی بێت لەم ڕووەوە لێپرسراوانی جومهوریەت، بە منیان ڕاگەیاندووە، درێغیتان لێ نەکەین. ئەڵبەتە ئەوە لە بیر نەکەن، لەم ڕۆژانەدا توانا و دەسەڵاتمان بەو شێوە نییە، کە دەبوا بوایە. تەنیا شتێکمان لێتان دەوێ، سەروخواری بەرنامەکەتان ڕوون کەنەوە.

– ئێمە لە سەرەتاوە یەکەمین هەوارگەمان شیراز دەبێ، لەوێڕا بەرەو کوێ دەڕۆین؟ بە دروستی، نازانم.

– خودی شاری شیراز، یا دەوروبەری؟

– دەوروبەری، واتە پریس پۆلیس.

– تەخت جەمشید. دەتانەوێت چی بکەن؟

– ئەوی ڕاستی بێت دەمانەوێت بەرد بە بەردی پریس پۆلیس دووبارە و سەرلەنوێ هەڵسەنگێنینەوە.

– ئەمە کارێکی ئاسان نییە. هەم خەڵك و هەم کاتێکی زۆری دەوێت.

خەڵکی زۆری ناوێت. ڕەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت، ئەگەرچی دەزگا و ئاڵەتەکانمان زۆر ئەرك و زەحمەتمان لە کۆڵ دەکەنەوە.

– نامەکەی سادق خان نەگەیشتایە بە فریاتانا تەواوی دەزگا و ئاڵەتەکانتان جەرجەڕ لە یەك دەکرایەوە.

– کەواتە، یەمان جێی شوکری باقییە، ئەگینا تا دووبارە دەزگای تازەیان پێ بگەیاندینایە گەلێکی تر ماتەڵ دەبووین.

دوکتۆر ساڵحی پەیتاپەیتا دەستی بەسەر فەنەری خودکارەکەیدا، دەنا خوسی دەکردەوە، دیسان نووکەکەی لە قەواغ وەدەردەهێنا، بە خودکارەکەی ئیشارەتی بۆ یەکێك لە دانیشتووان کرد و وتی:

– دوکتۆر شەفیعی دەرچووی زانکۆی (شتوتگارت)ە و بۆ لەمەولا هاوڕێ و

هاودەمی ئێوە دەبێ و چاوساق و نوێنەری ئێمەیە و هەر گیروگرفتارییەکتان بەگوێرەی توانا بۆ ئاسان دەکا. دڵنیاشم، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێ.

دوکتۆر شەفیعی هەستایە سەر پا و ڕوو بە پرۆفیسۆر ڕۆیشت و دووبارە دەستی هەموومانی گوشی. دوکتۆر ساڵحی چایەکەی بەردەستی تێ ڕادا و وتی:

– دەتانەوێ کەی بەڕێ کەون؟

– هەرچی زووتر باشتر.

– دەڵێم بۆ لە پێشدا ڕۆژێك لە ئەسفەهاندا نامێننەوە؟ تا بزانن مووشەك و فڕۆکەی دوژمن چی بەسەر کۆنەوارەکاندا هێناوە؟

پرۆفسۆر ئاوڕێکی لە ڕووی ئێمە دایەوە و تێ گەیشت لامان ناخۆش نییە. تەنیا هەر من لە ناویاندا ئێرانی بووم، بەڵام تا ئەو دەمە جگە لە زانیاریی نێو کتاوو، ڕەسم نەبێت بە چاو ئەو شارەم نەدیبوو. شەوێك ڕابواردن لە کۆنە پایتەختی شاکانی سەفەوی بە خوێنڕێژ و دەستەمۆیانەوە و لە نێزیکەوە مزگەوتی شا و سی و سێ پول و چل ستونەو منارە جووتیان و پردی خواجە و بازاڕی ئەسفەهان ببینن ڕەنگە لە جێگەدا بێ، بڕیاردار بە سبەنێدا دا بەرەو ئەسفەهان وەڕێ کەوین.

تا زمانم نەیدەدا لە چۆڵی و بەتاڵی شوێن کاکیلەی هەڵکەنراوم، نەمدەزانی یەك کاکیلە لەناو زاردا چەند جێگر و لە جێگەدایە. پێش ڕووداو خاوەنی سی و دوو دانە ددانی ڕێکوپێك بووم تا مۆری پۆستاڵ یەکێکیانی بۆ شکاندم. تەنیا کاکێلەیەك لەدەستدان جێی شوکری باقییە. سی و یەکم بۆ ماوەتەوە. کەپوویان بڕامایە، یا کوێریان کردبام، هەر نەیسە، تەنیا ڕوحەکەیان بۆ وەدەرهێنامایە چی؟

داخۆ (ڕازی زێڕین) چ جۆرە ڕازێك بێت؟ هێندە دڵ و دەروونی پرۆفیسۆری لە ئۆقیانووس پانوپۆڕتر کردوون، بەهەرحاڵ ڕیش بوو بە تووشەوە دەبێ شانەشی بۆ هەڵگری.

دەمزانی (فراولە) کەوتووەتە خولیاوە، بۆچییە و لەبەرچی نە مدەزانی؟ بۆ خۆمیش کەوتبوومە تێفکرینەوە؟ ئاوا گوزەرانێك یەك ڕۆژ و دوو هەفتە و دوو مانگ ڕەنگە سەخت و سەخڵەت نەبێ ئەمما لەوە پتر خۆ ئاسان نابێت. لە ژوورەی

لێپرسراوی مۆزەخانە هاتینە دەرەوە گەیشتبووینە نێو حەسار و فراولە هاتە تەنیشتمەوە وتی:

– بەم جۆرە گوزەران ئاسان نییە. دەبێت بیرێکی لێ کەینەوە. من ڕۆژ بە ڕۆژ نیازم زۆرتر دەبێ.

– خۆ منیش هەروا..

– ئەتۆ نالێی چییانە بەسەر ژیانی تایبەتی خەڵکەوە؟ بابایەکی بێگانە بە ئاین و فەرهەنگ و هەموو شتی ئەم وڵاتەوە بۆ وا بەری هەموو شتم لێ ببڕنەوە؟ دەیانەوێ چی بسەلمێنین؟

– هەر وڵاتێك ڕێوڕەسمی خۆی هەیە. نابێ پێشێل کرێ.

– خەڵك وەکو من و تۆ تێ نافکرێت.

– ئەویش بۆ خۆی ئازادە چۆن تێبفکرێت، بە مەرجێك کاری بە تێفکرین و چۆنیەتیی ژیانی منەوە نەبێت.

– بیرکەرەوە کەوتوویتە چ گۆشە و کەناری ئەم دنیایە و لەژێر چەقۆی چ تاقمێکدایت؟!

– ئەمانە هەمووی بە جێگەی خۆی. زوڵمەکە یەکجار زیاد لە پێویستە.

– دەڵێم، بۆ خۆمان لەم گیروگرفتە ڕزگار نەکەین؟

– دەتوانین؟

–ئا.

–چۆن چۆنی؟

– گەلێك سادە و ئاسان سبەی بەپێی شەریعەتی ئیسلام شووم پێ دەکەیت و مارەت دەبڕم و تەواو.

– تەواو یانی چی؟

– یانی حەقیان بەسەرمانەوە نابێ و دەبین بە ژن و مێرد، وەك هەر ژن و مێردێکی تەواو.

– ئەمەم قوبووڵ نییە.

– بۆ؟

– وەك وتم. من ناتوانم ببم بە ژنی پیاو! ژنایەتیم پێ ناكرێ. هەر نەبێت جارێك ئامادەی ئەوە نیم ببم بە ژن و ئازادی لەدەست دەم.

– لە من دەترسی، یا خۆت؟

– ترس؟!

– ئەی كەواتە، یا باوەڕت بە خۆت نییە، یا بە من؟

– مەسەلە نە ترسە و نە باوەڕنەبوون. نامەوێت بڕۆمە ژێر باری دوو جار دوو چوارتاوە. ئەگەر هەر وەك ئێستا تێفكرێیت و سبەی پا لە بەرەی خۆت درێژتر نەكەیتەوە و دەست نەخەیتە بینم، قەینا، دەیكەم.

– مەبەستت لە دەست بەبین خستن چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە ئازادیم لە دەست نەدەم، هەر چیم بوێ بیكەم، تێ گەیشتی؟

– ئا، تێگەیشتم، قبووڵمە، بەڵام.

– بەڵام چی؟

– دەبێ ببی بە ئیسلام.

– چاك دەزانی هێشتا نەمپرژاوەتە سەر ئاینەكەی خۆم، ئەركی ئاینێكی تریش بخەمە ئەستۆم..

– چ ئەركێك؟

– چوزانم، مەرج و پێویستەكانی سەخڵەتی كردم، چی؟

– پێم وا نییە ئەركێكی وای هەبێت.

– ئاخر تووشم نەكەی؟

– نا، تووش نابیت. دەڵێی بە خانەخوێیان ڕاگەیەنم؟

– ئا، دەتوانی.

– ئەمشەویش بە دەستەوەیە تا بە باشی بیری لێ كەیتەوە. سبەینێ پێیان ڕادەگەیەنم.

## ٨

(ئەڵڵاهومە سەللی ئەلا موهەمەد و ئەلا ئالی موهەمەد). ئەمەیە شکۆ و جەلالی سەرزەوی ئیسلام و جومهوورییەتی ئیسلامی. سەیرکەن چۆن برووسکە ئاسا دڵ و دەروون بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ. دوکتۆر، تۆ ئەمە بە ئیمدادی غەیبی نازانیت؟

دوکتور شەفیعی لەناو قەنەفەکەدا نشینگای جێبەجێ کرد و پەنجەی هێنایە سەر یەخەی کراسە بێ کەرەواتەکەی و ڕوو بە ئاشێخ ملی قیت کردەوە و وتی:

– بێگومان، هیچ کارێك بێ ڕای خواوەند نەکراوە و ناش کرێت. وەك دەفەرمووی، ئیمدادی غەیبییە. ئەلحەق ئیمدادی غەیبییە. ئافرەتێکی زانا و غەیرەدین بە بینینی عەدلی جومهووریی ئیسلام و ڕەفتاری شایستەیان، یەك دڵ نا، سەد دڵ عاشقی فەرهەنگی جمهوورییەتەکەمان بووە و لە ئاینی هەزاران ساڵەی باو و باپیرانی دەبێزێ و پەنا دەهێنێتە باوەشی ئەم جومهوورییەتە ئاسمانییە، بێگومان حیکمەتێکی ئاسمانیی تێدایە.

ئاخوندەکە مێزەرە ڕەشەکەی بێژنگ ئاسا بە چەپ و ڕاستیدا لەسەریا چەرخاند و دوو دامێنی عاباکەشی لە ناوگەڵیدا تۆپەڵ کرد و بە دەست ڕاوەشاندنەوە وتی: (ئەللاهو مەسەلی ئەلا مەهممەد وە ئەلا ئالی موهەممەد).

دانیشتووان هەر هەموو بە دوایدا وتیانەوە. ئینجا ڕوو بە دوکتۆر پیران وتی:

– ئەوەی لەسەر ئێمەیە دەیکەین، ڕەنگە واش بە باش بزانیت جەژنێکی چکۆلانەشتان بۆ بگرین زۆر بێ جێگە نەبێت. ئاخر حەرەمی جەنابت کەسێکی هاکەزایی نییە. زانیارێکی ناسراوە، دەبێ ئەم ڕووداوە بگەیەنینە گوێی کەڕی ڕۆژاواییەکان و سوارە و سوپای (مارلبۆرۆ)ی پێ شەرمەزارکەین.

لێکم دایەوە بە خۆمانا ڕانەگەین دەمانکەنە عەنتەری لۆتیی جەژنان و دەبینە هەویرێکی وا، تا بیشێلی تەواو نەبێت. بە ئارامی وتم:

– جەنابی ئاشێخ، وەك دەزانی حەرەمی بەندە دوکتۆرێکی کۆنەوارناسە و بە پێی بەرنامەیەکی لێکدراوە و پرۆگرامێکی دانراوی جیهانی لەم ولاتەدایە. ئێمەیش بە ئەندازەی کافی لە کاروبار دواکەوتووین. جەژن گێڕان و بەزم و کەژاوە هەڵدەگرین بۆ ئەوسەری ڕێگە. پێشەکی سوپاستان دەکەین و خوا سایەتان لەسەر ئەم خەڵکە لانەبا ئینشائەڵلا...

بە هەر چۆنتان پێ خۆشە، وا دەکەین. بە پەنجە ئیشارەتی بۆ فراولە کرد و وتی:

– لامان خۆشە حەرەمتان بە جلوبەرگی ئیسلامییەوە وێنە بگرێ تا لە ڕۆژنامەکاندا بلاوی کەینەوە، ئەمەش نابێتە هۆی ماتەڵبوونتان.

بلاوبوونەوەی وێنەی فراولە، لە ڕۆژنامەکاندا سبەی دەگەیشتە ڕۆژنامە و هەواڵدەرەکانی ڕۆژاوا و بێ دەردی سەر نەدەبوو. نەمدەزانی بە چ شێوەیەك سەر لە تەنگەبەرییەکە وەدەربێنم. لەژێر دەمەوە وتم:

– باشە، جەناب سبەی خەوەرت لێ دەگێڕمەوە.

شێخ دووبارە دەستی بەرەو فراولە درێژ کردەوە و وتی:

– لام خۆشە ئێستا پێی ڕابگەیەنیت.

فراولە دەیزانی باس باسی ئەوە، خۆی پێ ڕانەگیرا، وتی:

– بلێ. بزانم مەوزووع چییە؟

– هیچ نییە، دوایی پێت دەڵێم.

– نەخێر ئێستا بێ چاکترە.

– دەیانەوێت بەم جلوبەرگەوە وا لەبەرتایە وێنەت بگرێ و لە ڕۆژنامەکانیاندا بلاوی کەنەوە.

فراولە لە سەرەتا مات بوو، ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە ئینجا خۆی پێ ڕانەگیرا، لە پڕ دای لە قاقای پێکەنین. هەر هەموو دانیشتووان سەرسامانە

سڵۆکانەوە و سەیری یەکتریان دەکرد و سەرەنجام تەماشاکان لە ئاشێخدا گلێر بووەوە. شێخ ڕووی تێ کردم وتی:

– ئەگەر شتێکی کەنیندار هەیە و ئێمە نایزانین، با بزانین. تا ئێمەش لە کەنین بێ بەش نەبین.

کەوتبوومە تەنگەبەرییەکی ناجۆرەوە، کەنینە بێ جێگەکەی فراولە خراو دەماریانی گرتبوو، تووڕەبوون لە ڕووی ئاشێخدا، بن و بێخی دادەنا و فراولەش هەر پێ دەکەنی. بە تووڕەبوونەوە ڕوو بە فراولە وتم:

– نەك هەر ئەوان، بگرە منیشت تووڕە کردووە. ئەم کەنینەت لە چییە؟

فراولە هاتەوە سەرخۆی و زانی کەنینەکەی ناشرین دراوەتە قەڵەم، لەژێر عاباکەیەوە دەستەسڕی لە ژانتای دەرهێنا و لە چاوی خشاند و لەسەرخۆ وتی:

من داوای لێبووردن دەکەم، ڕەنگە بۆ خۆم کەنینەکەم زۆریش بێ جێگە نەبێت. وێنەی خۆمم لەم جلوبەرگەوە لە گۆڤاری (ئیشتیرن)دا هاتە بەرچاو، سەرسامی و گیرابوونی ناسیارانی خۆمم هەریەکە بەشێوەیەك هاتە بەرچاو، خۆمم پێ ڕانەگیرا، پێیان بڵێ، سبەی بەم جلانەوە وێنەیان بۆ دەنێرم.

ئاشێخ پڕ بەدەم سەلاواتێکی هەنارد و بە دوایدا کۆرسەکەش دووبارەی کردەوە.

تەلەبەیەکی مێردمنداڵ بە سینییەك لیوانی شەربەتەوە هاتە ژوورەوە، بە ڕیز، دابەشی کردە سەر دانیشتواندا و دووبارە سەلاواتێکیان هەنارد، قتماغەی بەفر زۆر جێگەی داپۆشیبوو، زەوی سپیپۆش دەهاتە بەرچاو. سەنەدی مارەبڕینی فراولەم لە باخەڵدا بوو، گەرموگوڕییەکی خستبووە دەمار و دەروونمەوە، باوەشی نەرم و لەشی گەرمی فراولەم دەهێنایە بەرچاو، تا دەبوو هەنگاوەکانم گورجوگۆڵتر دەکرد، تا زووتر بگەمە هوتێل و تێك ئاڵێین.

خورپەیەکی ترس کەوتەوە نێو دڵ و دەروونم و بیرمەوە، تۆ بڵێی لی پرسراوانی هوتێل دان بە مارەبڕینەکەمان بنێن و نەمانخەنە ژوورێك. سەیر و تەماشای دوکتۆر شەفیعی وەك مەتە کونی دەکردم. لێم هاتە پێشەوە و وتی:

– وەزیفەیەکیان پێ سپاردووم بەکاروبارتانا ڕاگەم، دەتوانم بزانم بۆ وا ژڵیژاوی؟

– خۆ وەڵڵا ڕاست دەکەی نەختەکێك ئاشوفتەم و دەترسم هوتێل دان بە ژن و مێردیماندا نەنێن.

دوکتۆر بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– ئەمەم تا ئەم عومرە نەکردووە، خۆ وەڵڵا بەجێت ناهێڵم تا سوارنەبیت!

فراولە سووربووەوە، وتی:

– دوکتۆر، وا نازانیت وشەکەت جوان بەکار نەبرد؟

– ڕاست دەکەی، نەختێك تیژڕۆیشتنم هۆی ئەوەیە خۆم بە هاوڕێتان زانی. دەبوا مەرزی خۆم بزانایە.

– نا، خۆ شتێکی خراوت نەوتووە. دەبوا بتوتایە: (تا سوار نەبن، نەك تا سوار نەبی).

شەفیعی بە پێکەنینەوە وتی:

– بەدبەختی لەوەدایە، سواربوون عەیبێکە و دابەزین دوو.

## ٩

لە خۆڕا نەوتراوە، ئەسفەهان نیوەی جیهان، منارەی جوان هەڵچووی بە ئاسماندا، گومەزی بازنەیی و هێلکەیین و ڕەحەتی نەوتی نەخش و نیگارداری جۆراوجۆر، پرد و گۆڕەپان و حەوز و فوارەی جوان و بازارچەی گەورە و بچووك، تا لە نزیکەوە نەیانم دی، نەم دەسەلماند لەو سەردەمە پڕئاشووبەدا بپەرژێنە سەر ئەو هەموو زەرافەتکارییە. پرۆفیسۆر بە سەر نشینگاکەیەوە قیت بووەوە و لە قسە کەوت و وردتر بەرەو پێشەوە نواڕی. چەندین ڕووبەڕوو دەهاتن. دەنگی تیرەی نەرم و نێر هـوژەی کـردە نێو ئـوتـومـبیـلـەکـەمـانـەوە، هـەر مشتـی گـرێ کـراوبـوو ڕادەوەشێنـرا. لێخورەکەمان ئۆتۆمۆبیلەکەی لە کەناری جادەدا ڕاگرت، تا کەژاوەی قیرە و نەڕە، تێپەڕێت بە دوو لای ئوتومبیلەکاندا خەڵك چو بۆڵە ترێ شۆڕ بووبوونەوە، پووزە و بـڕنـاخـی ئـۆتـۆمـۆبـیـلـەکـان بـە پـارچـەی نـووسراوی ڕەنگـاوڕەنگ ڕازابـووەوە. بڕووخێ ئەمەریکای جیهانخۆر. با بشەکێتەوە ئاڵای جومهورییەتی ئیسلامی. دەم و دەست و شان و مل، هەر هەموو لە سەمایەکی شێتانەدا دەلەرزینەوە. سەرمەستانە ملیان بەرەو ئەسفەهان دەنا و پراوەی جوانتر خۆپیشاندانیان دەکرد.

فراولە وتی:

– برسیمە.

هانس کەنینێکی واتاداری کرد و وتی:

– هەمووی سەعاتێك نابێت ناشتامان کردووە، دیارە شەوانە گوڕ و توانایەکی زۆر بە خەرج دەدەی، یا پیران نەزانانە ماندووت دەکات؟

– لە نەزانین دڵنیا بە، هەم من و هەم پیران وەستاکارانە دەجووڵێینەوە. تا نەمانبینی نای سەلمێنیت.

– جا ئەو ماوە و مەودایەم دەدەنێ تەماشاکەرتان بم؟!

– نەخێر، پێویست ناکا و نیازمان بە سەلماندنت نییە.

– بەخوا هاوکارێکی نایاب و هاوڕێی نیوەڕێین. ئاخر فکرێك لە منیش بکەنەوە. لەم چواردەورە پڕ تەشقەڵەدا وا بڕوا خراو وەگیردێم. کەسێکی واش وەدی ناکەم، تا منیش لە ئاینەکەم هەڵگەڕێمەوە. ئەگینا لە چوارشەمەسوورەی مانگی سەفەری ئەم وڵاتە سوورترم.

پڕۆفیسۆر ڕوو بە پیران وتی:

– لە لێخوڕەکە بپرسە، دوکتۆر شەفیعی لە پێشمانەوەیە، یا لە دواوەیە؟

لێخوڕەکەمان هێندە بە پەلە قسەی دەکرد، تا وشەیەکی لێ تێ دەگەیشتم چەندانی قووت دەداو دەیگلماند. هێندە تێ گەیشتم، هەر بە بەیانییەوە کەوتووەتە نوامان.

پڕۆفیسۆر وەك بۆ خۆ قسە بکا، وتی:

– ئەگەر بمانتوانیایە دوکتۆر شەفیعی بکەینە هاومەرام و هاوڕێمان گرفتاریمان سووکتر دەبوو. ئەمەش دەخەینە ئەستۆی دوکتۆر پیران، ئینجا بە کلکی سەبیلەکەی ئیشارەتی بۆ پیران کرد و وتی:

– تۆ باشتر لە زمانی هاووڵاتی خۆت دەزانی. ئەگەر بزانی چەندی بە چەندە، کەڵکێکی زۆری بۆمان دەبوو، ئەگینا دەتوانێ گیروگرفتمان بۆ بسازێنێت.

– بەسەر چاو، لە هەلا باسی لەگەڵا دەکەمەوە.

پڕوفیسۆر هاتە سەر زەوق و بە فیکە ئاهەنگی ژمارە حەوتی بێتهوڤنی دەست پێ کرد.

ئێمە پرسیارەوار دەمانڕوانییە یەکتردا. پڕۆفیسۆر لە نوارینیمان تێگەیشتو و وتی:

– لێتان ناگرم، نازانن و ناتوانن بیسەلمێنن بەرەو چ بەرنامەیەکی گرینگی جیهانگیر دەڕۆین.

فراولە قسەی پڕۆفیسۆری بڕی، وتی:

– دەمەوێ جەنابی پڕۆفیسۆر نەختەکێك گۆشە و کەناری بەرنامەکەمان بۆ

وەدەربخا. هەر نەبێ بزانین، ئاخۆ مەترسی مەرگ میریشی تێدایە یاخێر؟

پرۆفیسۆر تا ڕادەیەك شپرزە بوو ئنجا وەستاکارانە هاتە سەرخۆو وتی:

– هیچ کارێك بێ مەترسی نییە، بەم کارە تا چ ڕادەیەك دەکەوینە مەترسییەوە؟ بەڕاستی نازانم.

– کەواتە، کاتی ئەوە هاتووە چون و چرای ڕازی زێڕینمان بۆ ڕۆشن کەیتەوە؟

– نەخێر، ئەو کاتە نەهاتووە، بەڵام دەتوانم بەڵێنتان دەمێ هیچ کارێك نەکەم تا لەم ڕووەوە ئەوەی دەیزانم بۆتانی ڕۆشن نەکەمەوە. وا دەزانم ئەمەش زۆر نابات.

لێخوڕ کە نیوەڕۆ سەری بەرەو لای دوکتۆر پیران وەرچەرخاند و پەلە پەل وتی:

– ئۆتۆمۆبێلەکەی دوکتۆر شەفیعی لەو قاوەخانەدا وەستاوە. ئێمەش لا دەدەین، یا دەڕۆین؟

– پرۆفیسۆر ناوی دوکتۆر شەفیعی هاتە گوێ، سڵۆکایەوە و وتی:

– شەفیعی چی؟

– دەڵێت شەفیعی لەو ڕێستۆرانە لای داوە، ئێمەش لادەدەین یا بەردەوام بین لە ڕۆیشتندا؟

– چەندمان ماوە بۆ شیراز؟

– هەشتا کیلۆ.

– لا دەدەین!

پرۆفیسۆر دەستێکی خستە سەر پێشخۆانی ئۆتۆمۆبێلەکە و ئەو دەستەکەی کردە سایەبانی چاوی، وتی:

– دیارە شەفیعی بە تفاقەوە هاتووە.

تازە نیشتەجێ بووبوون دووکەس لەگەڵ یەکێکدا دەست بەیەخە بووبوون سیرم سیرم و هاورد و برد و کەوتنە تەپاوتل، دوو کەسەکە یەکەکەیان نابووە ژێر. کابرای ژێردەستە بە سەخڵەتی لەژێر دەستیان بە سەر و ملی خوێناوییەوە بەرەو

ئاشپەزخانەی قاوەخانە دەرپەڕی و بە قەمەیەکی قەساوییەوە هاتە دەرەوە و یەکڕاست بەرەو لێدەرەکانی پەلاماری دا و یەکێکیان خۆی پێ ڕانەگیرا و لاتەراسکەی بەست و ئەوەی تریان ئامادەی ململانێ ڕاوەستان کابرای قەمەبەدەست چاپوکانە چەقۆی داهێنایەوە بەرەو بەر زەهاری، کابرا ئایەکی ژاناوی لە دەمی دەرهات و شێواو لە زەویدا گرمۆڵە بوو.

کابرا نواڕی هاوڕێکەی نەخشی زەوی بووە، ڕوو بە خەڵکەکە قیڕاندی:

– دیتان چۆن کوشتی؟ دەنواڕن سوارەی ئیسلام چۆن بە ئاسانی دەکوژرێت؟ ئەی مەردوم بۆ ئێوە نەگ و ڕیسواییە لەسەر زەوی ئیسلامدا خۆفرۆشانی بێ وەتەنی فەدایی بێ دین و ئاین دەمڕاسانی ئیسلام بکوژن.

خەڵکی نێو قاوەخانەکە و دەوروبەریش تا دەبوو گلێر دەبوونەوە. خەڵکەکە لە کابرای چەقۆ بەدەست، نزیکتر دەبوونەوە. کابراش چەقۆی ڕادەوەشاند و دەینەڕاند: نەیەنە پێشەوە. هەر کەسێك دەستم بۆ بێنێ دای دەدرم. لەم سیرم سیرمەدا ئاخوندێك و چەند چەکدارێك گەیشتنە بەرەوە. کابرای هاوڕێ کوژراو، کە ئاخوندی دی شێرگیرتربوو، بە پەلە تێی گەیاند: چەقۆ بەدەست فەداییە و کوژراو حزبوڵلاهییە. ئاخوند سەری ڕووت کرد و شیڕاندی:

– کوا غیرەت، کوا حەمییەت و رجوولەت؟ ئەوە بۆ ڕاوەستان؟! کابرای چەقۆ بەدەست پشتی بەدیوار کردبوو، ڕێگەی پاش و پێشی لێ بڕابۆوە. یەکێك لە هاوڕێیانی ئاخوند بێ ئەوەی بزانێت داستان چ خەوەرە لوولەی ژێسێی ڕوو بە سنگی کابرا گرت و پەنجەی پیاهێنا و خوێن لە دەمی کابرا پێش چەقۆکە کەوتە زەوی، ئاخوند نەڕاندی:

– ڕوحی ئەو ناپاکە بە دۆزەخ شادبووەوە.

– سەڵاوات بنێرن، سەڵاوات...

دوو تەرمیان بەرەو مزگەوتی شاری دێکە برد و شاگرد قاوەخانەکە سۆندە بەدەست خوێنی ماسیاوی سەر چیمەنتۆکەی دەشۆردەوە. دوکتۆر شەفیعی لەرزان و ڕەنگ زەرد و هەڵپڕوسکاو خۆی گەیاندە سەر مێزەکەمان و بە هەردوو لەپی

ڕووی داپۆشی و وەك خۆی بڵاوێنێتەوە، بەدەم فرمێسكڕژانەوە، دەیوت: «جەنگەڵە، جەنگەڵ، چ ڕۆژگارێكە تێی كەوتووین. سەیردەكەن ئەم وڵاتە چیی بەسەر هاتووە. ئاوڕێكم لە پرۆفیسۆر ڕونشتاد دایەوە و ئارام دەستم برد و بازووی شەفیعیم گرت و لەسەرخۆم، یەك دوو جار وشاردم. شەفیعی دەستەسرەكەی دەركردو چاوی سڕی و بە پەڵمەگریان وتی:

– هەروا براكەی منیشیان بەم ئاسانییە كوشت و وا دیتان.

– بەشبەحاڵی خۆم شەریكی خەمتم و ئومێدەوارم بە زوویەكی زوو ئاسایش و بەختەوەری جێی ئەم تراجیردییە بگرێتەوە.

شەفیعی نائومێدانە دوو سێ جار سەری لەرزاندەوە، تێكڕا بەرەو شیراز وەڕێ كەوتین.

## ١٠

– لەگەڵ دوکتۆر شەفیعیدا مەوزووعەکەت نەکردووەتەوە؟

– بەو شێوەی دەیفەرمووی، نەء.

– یانی چی؟

– یانی، ئەو باسی لەگەڵ مندا کردەوە.

– چیتان چووە بەین؟

– داوای یارمەتیمان لێ دەکا. کابرا لەژێر تەوژما پساوە؟

– چ جۆرە تەوژمێك؟

– هەزار نەوع، بەڵام وا نازانم داواکەی فرە سەخڵەت بێ.

– مەگەر داواشی کردووە؟

– دەیوت من بۆ خۆم دەرچووی زانکۆی شتوتگارتم و چەندان ساڵ لە ئەڵمانیادا ژیاوم. ژیانم وا بڕوا دەگەمە سەر مەرزی خۆکوشتن. لەم وڵاتەدا ژیان نەماوە و هەر ڕۆژێکم بە ساڵێك لێ دەڕوا. بڕیارم داوە بۆی دەرچم ئەگەر دەستم لە کارێك گیربێت. نامەوێ بکەومە عەوباڵی شارەوانی و کۆمەڵگە بەشەردۆستەکان.

– خۆ تۆ هیچ بەڵێنێکت پێ نەدا؟

– با، وتم، پێم وا نییە پرۆفیسۆر یارمەتیت نەدا.

– ئیستا لە کوێیە؟

– ڕۆیشتووە بۆ شیراز و ئێوارە دەگەڕێتەوە.

– وا دەزانی ئەیراش وا سارد بێت. دیارە هەخامەنشیان خاوەنی زەوقی خۆیان بوون و پایتەختیان لەیرەدا هەڵبژاردووە ئینجا یەخەی پاڵتاوەکەی بەسەر

گەردنیا هەڵدایەوە و وتی:

– باخچەی ئەو ئوتێلە لە ژوورەکانی ساردترە، بەڵام بەئەنقەست ئەیرام هەڵبژارد، بۆ مەبادای زۆرتر و قایمکاریی باشتر.

هانس سەرێکی بەرەو ئاسمان چەرخاند و وتی: هەتاوەکەی چ ڕۆشن و تیژە، تری سەرماکەی بڕیوە. من و فراولە و هانس چو سێ منداڵی تازەپێکەوتوو باوکیان لە شار هاتبێتەوە و بە تەمای وەچنگ هێنانی دیاری هاتبووینە سەر هەوەس، لە دڵی خۆماندا دەمانوت، دەك ماڵت بە قوڕ گیرێت پرۆفیسۆر، کورت بکوژرێ پرۆفیسۆر، چەندە درێژەت دایە (ڕازی زێڕین) بوو بە ڕازی مەرگی هەرسێکمان، چەندین شەوگارمان لە گێژاوی بیرکردنەوەدا بردبووە سەر و نەگەیشتبووینە هیچ (ڕازی زێڕین) گەنجینەیەکی زێڕینە؟ سەنگ نووسراوی نەزانراوە؟ یا شار و خانووبەرەی دێرینە و ساختمانی نەناسراوە؟ هەرچی دەکۆشاین و لێکمان دەدایەوە نەدەگەیشتینە هەڵێنانی ڕاز. هەرسێکمان لەگەڵ یەکدا لەسەر زۆر شت گرەومان کردبوو.

پرۆفیسۆر ئارام و لەسەرخۆ دەستی بۆ پایەکانی تەخت جەمشید درێژ کرد و وتی:

– هەمووی چەند سەد مەترێ لە پایە و کۆڵەکەکانی بارەگای شاکانی هەخامەنشییەوە دوورین. ئەوەسانێ کۆشکی تاچاراو هۆڵی سەد ستوونی و بارەگای میللەتان بەردئاوێژێك لێتانەوە دوورن. بەپێی نووسراوی مێژوونووسان ئەو کۆشك و تالارانەی وا لە نزیکیدا دابەزیوین ڕۆژێك چاوگە و مۆڵگەی سەردەمدارانی گەورە و بچووکی دوور و نزیك بووە. ڕاست بێ، یا درۆ، تا بە ئەورۆ مێژوونووسان وایان بۆ تۆمار کردووین، وایان پێ سەلماندووین پێم وایە کۆنگرەی جیهانی کۆنەوارناسانی جیهان لە کاتێکی فرە خاسدا گیرا و دەستی خستە سەر زۆر ڕاستەقینەی ژاناوی. تێکڕای زانایانی جیهانی زانییان زۆربەی زۆری ئەوسای بەشەر مەتەڵێکی هەڵنەهێنراوە و تا بە ئەورۆ ڕازێکی نەزانراوە. ئەم تەقالایە هەموو جێگیرەوە و پەخش و بڵاوبوونەوەی زانیاران بە چوارگۆشەی دونیادا زۆر لە سەرپۆشەکان هەڵدەداتەوە. هەڵەفە و گرێکوێرەکان دەکاتەوە.

ئێمەش ئەم وڵات و ناوچەیان بۆ هەڵبژاردین. ڕوونتر بڵێم بۆ خۆم ئەم وڵاتەم هەڵبژارد و، بەتایبەت ئەو پاشماوانەی وا لە بەرچاوتاندایە. دەمەوێت پێتان ڕاگەیەنم زەمانێکە لەم خولیایەدام، لە ئاوا گرووپێکدا بەشداربم، لە ئاوا جێگەیەکدا دەست بەکاربم، بێ ورتە چەندان ساڵە چاوەڕوانم، بێ ئەوەی لای هیچ کەس، هیچ بدرکێنم، تەنیا ترسێکم هەبوو ئەویش مردن بوو. نەك ترس لە خودی مەرگ، بگرە ڕازێك، کە سەرەتاکەی دەزانم لەگەڵما داهێڵرێتەوە ناو گۆڕ. هەر لەبەر (ڕازی زێڕین) بووە زۆرتر پابەندی لەشساغی بووم. ناچار نەبامایە، سواری فڕۆکە دەبووم، هۆی ئۆتۆمبێل لێنەخوڕینیشم هەر لەبەرئەوە بووە. ئەوی ڕاستی بێت ئەم هەموو ساڵە خۆمم بۆ ئەم چەند ڕۆژە نابۆوە. ئێوەش هەی منداڵانە وڕکتان دەگرت، لە سیرەوە تا پیازی (ڕازی زێڕین) تان بۆ باس کەم، بەڵام پێموایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتبێ ئەوەی لەبارەی (ڕازی زێڕین) دەیزانم هەڵی ڕێژمە سەر ئەم مێزە.

ژانتا دەستییەکەی لە زەویدا هەڵگرت و خستییە باوەشیەوەو هەردوو بندەستی سەر کەمەی سامسوونیایەتەکە و وتی:

– هاوکاران، ئەوی ڕاستی بێت، منیش وەك ئێوە هیچ لەبارەی (ڕازی زێڕین) نازانم.

ئێمە تا ئەو حەلە کات ژمێرمان دەکرد بۆ پەیبردن بە (ڕازی زێڕین)و لە ڕێگەی ئەو ڕازەوە بگەینە ئاواتەکانی خۆمان و نەزانراوەکانی مێژووی بەشەرییەت سەدان کۆشکی خەیاڵیمان سازاندبوو. هەروا بە ئاسانی بێینەوە سەر هیچ. گێژانە نواڕیمانە یەکتردا. پڕۆفیسۆر لە چەشنی نواڕینەکەمان ئاڵۆزبوو، کەم حەوسەڵانە وتی:

– سەورکەن، سەور، من کە نەخەرەفاوم، ئێوە وا بێ ڕەحمانە بە یەکتردا مەنواڕن. ئینجا ژانتا دەستییەکەی کردەوە و چوارجووت دەستکێشی لاستیکی دەرهێنا و هەر جووتێکی هاویشتە بەردەستی یەکێکمان و وتی:

– تکایە ئەو دەستکێشانە لەدەست کەن، بۆ خۆیشی دەستکێشی لەدەست کرد و

سندووقچەیەکی بچکۆلانەی لە ژانتاکەی دەرهێنا و سەری لادا و ئەنگوستیلەیەکی تیا وەدەرهێنا. لە کاتێکدا بە نووکی دوو پەنجە ئەنگوستیلەکەی بەرز کردبووەوە، وتی:

– ئەمەیە کلیلی (ڕازی زێڕین).

ئێمە مات و مەنگ و گێژ دەمانڕوانییە ئەنگوستیلەیەکی بۆر هەڵگەڕاوی بێ ڕەنگ و ڕوودا، عەقیقەکەی لە کۆنیدا مات و مردوو دەهاتە چاو، پرۆفیسۆر ئەنگوستیلەی دا بە دەستی فراولەوە وتی:

– هۆشیاربن، بە ڕووتی لە هیچ کوێی لەشتان نەکەوێ.

فراولە ئەنگوستیلەکەی لە چاویلکە زەڕەبینەکەی نزیك کردەوە و سەر و ژێر و لا و قەبرغەی پشکنی و سەرسامانە مات ڕاوەستا.

پرۆفیسۆر وتی:

– لە خۆت دامەمێنە، منش بۆ یەکەم جار، کە دیم، هیچم بۆ وەدی نەکرا.

فراولە ئەنگوشتەری دا بە دەستی دوکتۆر پیرانەوە، ئەویش وردەکارانە لێی وردبۆوە، هیچی بۆ دەرنەکەوت. هانسیش هەروا. پرۆفیسۆر ئەنگوشتەری وەرگرتەوە و لەسەر مێزەکە داینا و لە ژانتاکەی زەڕەبینێکی دەرهێنا و ئەنگوستیلە زەڕەبینی دیسانەوە دایە فراولە و وتی:

– ئێستا لێی ورد بەرەوە.

فراولە زەڕبینی خستە سەر ئەنگوشتەر و بەم و لایدا چەرخاندی. پرۆفیسۆر وتی:

– سەیری نقێمەکەی کە.

فراولە زەڕەبینی خستە سەر ئەنگوشتەر و بەملا و لایدا چەرخاندی. چاوی لەودیوی چاویلکە و زەڕەبینەوە چو دەریا، شینی دەکردەوە، تا دەبوو دەمی لە سەرسامیدا دەکرایەوە. خوتە و بۆڵەیەکی تێ نەگەییوی لە دەم دەهاتە دەرەوە. بێ ئەوەی هیچ بڵێ، سەرسامانە ئەنگوشتەری دا بە دەست پیرانەوە. پیران زەڕەبین و

ئەنگوستیلەی لە چاوی نزیك کردەوە، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– باوەڕنەکراوە، خۆ وەڵڵا سەیرە سەیر...

هانس هاتبووە هەوەسێکی منداڵانە، پەیتا پەیتا بە پیرانی دەوت:

– دە زووکە، شەقم برد. پیران گێژوویژ ئەنگوشتەری دا بە هانس و ئەویش لە هەموویان سەرسامتر لە تەماشا بووەوە و زەڕەبین و ئەنگوشتەر لەسەر مێز دانرا.

پرۆفیسۆر ئاغر و لەسەرخۆ، بێ ئەوەی ڕوو بەلایەکی یەکێکیانەوە بکا، وتی:

– بەڵێ. ئازیزان! ئەوەی خوێندتانەوە بێگومان ڕاستە و من بۆ خۆم باوەڕم کردووە. بۆیە چەندان ساڵە عەوداڵی ئەو چەند ڕۆژەم. وەك خۆندتانەوە لەژێر پلەی بیست و یەکەمینی لای ڕاستەوە، دوو هەزار و چوارسەد ساڵە (ڕازی زێڕین)ی تێدا شاراوەتەوە. بەردئاوێژێك لە ڕازێکەوە دووریـن، هەزاران ساڵە لە بەشەر شارەواتەوە و مـن و ئـێوە و کەسی تـر دەمانەوێت پەی بەو ڕازە ببەیـن و دەرودەروازەیەکی نوێی نەزانراو بۆ بەشەر بکەینەوە، ئەمەش بۆ هەموو کەسێ هەڵناکەوێ. ئەم ئەنگوشتەرەی لە بەردەستتاندایە، هەرکەسە بووە بە خاوەنی بە دەردێکی نەزانراو لەناوچووە، وا چەند ساڵێکە بە لای منەوەیە. هێشتا ماوم. ڕەنگە لە خۆتان بپرسن ئەم ئەنگوشتەرەم چۆن وەچنگ هێناوە؟ با لێگەڕێم و باسی نەکەم؟

هەرسێکمان وەیەك دەنگ وتمان:

– تو خوا ئەگەر بیخەیتە دواو هیچی لێ بپەڕێنیت.

– باشە، دەڵێم. هەمووتان تا ڕادەیەك دەنگوباسی پرۆفیسۆر (براون)تان بیستووە و زۆربەی ژیانی لە ڕۆژهەڵاتدا بردە سەر. لە دواڕۆژانی ژیانیدا ناردی بەدواماو، بەسەروەختی نەخۆشییەوە لە بیمارستانا گەیشتمە خزمەتی.

پرۆفیسۆر لەژێر چەترێکی نایلۆنیدا نیوە گیان بەسەر تەختێکدا ڕاکشابوو، بە سەختـڵـەت هـەنـاسەی بـۆ دەدرا، چـەنـدان لـوولـەی هـەوا و خـواردن و خـوێن و دەرمانیان لێ ئاڵزکاندبوو، یەك دوو کەسێکی لادا ڕاوەستابوون، منی دی، بە زەحمەت ڕای گەیاند هەمووان بڕۆنە دەرەوە. ماینەوە من و ئەو ئیشارەتی کرد،

دەرگەکەش پێوە دەم. ئینجا تێمی گەیاند چمکی چادرە نایلۆنییەکەی ڕوو سەری لادەم و لەسەر کەمەی تەختەکەی دانیشم، لەسەرخۆ ژمێراو هاتە قسە:

– وەك دەزانی چەندان هاوڕێ و زانیاری فراوانم هەیەو خەڵك دەناسم. هەر هەمووشیان ئامادەن کارێکیان پێ بسپێرم. لەناو ئەو هەموو دۆست و ناسیارانەمدا تۆم هەڵبژارد، تۆم بە جێگەی باوەڕ زانی، بۆیە ناردم بە دواتا. من لە تەقالاکەمدا سەرنەکەوتم و واش دەمبینی لە دوا هەناسەدام. ئەرکێك ئەخەمە ئەستۆت، ئەگەر تیا سەرکەوی زۆر بیروڕا هەڵدەوەشێنیتەوە، ئینجا ئیشارەتی بۆ ژێر سەرینەکەی کرد و، وتی:

– کیسەیەکی بچووك لەژێر سەرمدایە، ئەنگوشتەرێکی تێدایە دەری هێنە.

منیش هەروا گوێم ڕادەگرت و تا ڕادەیەکیش سەرسام بووبووم، وتی:

– لەگەڵ تۆمە دەری هێنە.

دەستم درێژ کرد و کیسەیەکی مەخمەڵم لەژێر سەری وەدەرهێنا و ئینجا وتی:

– ئامان، نەکا بە دەستی ڕووت دەستی لێ دەی وەك ئەژدیها پێتەوە دەدات. ئەمن وا دەبینی، هی ئەو ئەنگوشتەرەیە. دەپرسی چۆن، بۆ؟ نازانم ئەوە نەبێ لەو ڕۆژەوە بووم بە خاوەنی ئەو ئەنگوشتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ پەژموردەتر و دەردەدارتر بووم، تا وام لێ هاتووە، کە دەمبینی. ئەوەی پێش منیش هەروا بەم دەردە نەزانراوە مردووە. چۆنیەتیی مردنی چەندان خاوەنی پێش خۆمی لێ ئاگەدارم. لە پرۆفیسۆرم پرسی:

– دەتوانم بزانم جەنابت ئەم ئەنگوشتەرەت چۆن وەدەست کەوتووە؟

پرۆفیسۆر کەوتە کۆکەیەکی پچڕپچڕی خنکێنراو، ترسام بتاسێت و نیوە ناتەواو بمدا بە دەستی خەیالاتی نەکولاو. کۆکەی بڕاوە. هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات، بەترسەوە دەستیم گرت و لەسەرخۆ چاوی هەڵهێنایەوە و وتی:

– مەترسە، نامرم تا ئەوەی لەبارەی ئەو ئەنگوشتەرە، دەیزانم پێت نەڵێم.

پرۆفیسۆر دیسان هاتەوە قسە، وتی:

– وەك ئـاگـەداری، چـەنـدان ساڵ لـە ئـێرانـدا ژیـاوم لـە شاری ئـەسفـەهـانـدا برادەرێکی جوولەکەی عەنتیکەفرۆشم هەبوو، بە ناوی (شالۆم)، هەر کاتێك شتی نایابی وەچنگ هێنابا، ئاگەداری دەکردم، منیش پێم باش بایە، دەمکڕی یا دەمناساندە مۆزەخانەکانی ئەوروپا.

کابرا دەنگی لێم بڕا، نە هەواڵێك نە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵما نەما. بیستم نەخۆشە و لە ماڵ کەوتووە. هەرچۆنێك بوو، ماڵەکەییم دۆزییەوە و چوومە لای. کابرا ڕوخسار و ڕووی پەرێشانتر لە من و لە ئێستای من هورووژاوتر. لەناو جێگەدا تەخت بووبوو، بە سەخڵەتی چاوی بەرز کردەوە و سەرسامانە تێی نواڕیم و نواڕینەکەشی تێدا ڕادەیەك ترسی تیا وەدی دەکرا. ئینجا بە زەحمەت وتی:

– دوودڵ بووم، هەرچی دەکۆشام ئەو توانایەم لە خۆمدا شك نەدەبرد و دڵم ڕێگەی پێ نەدەدام ئەم ڕازەت لا بدرکێنم. دیارە هێزێکی بە هێزی نەزانراو، تۆی لەم دوا هەناسەدا بەرەو لای من هێناوە، تا ئەم ڕازە لەگەڵ خۆما نەبەمە نێو خاك. ئینجا لەژێر سەرینەکەیەوە ئەنگوشتەرێکی وەدەرهێنا و دای بە دەستمەوە و وتی:

– ئەم ئەنگوشتەرەیان لە پیرئاخوندێکی زەردەشتی دزیوە، دوای چەندان دەست بە دەست گەیشتووەتە من. من دەزانم ئەو ئەنگوشتەرە تەلەسمکراوە و ڕازێکی هەرە گەورەی لەگەڵدایە. چییە؟ ئەوەش دەزانم، لەسەر عەقیقەکەی وێرد نووسراوە، بە چ زمانێك، چی نووسراوە؟ نازانم. تۆ ئەهلی زانیاری و پشکنینی، دەیدەم بە تۆ، بەڵکو بتوانی تەلەسمەکەی بشکێنی و مەتەڵەکەی هەڵێنی، بە مەرجێك لە پاشەڕۆژدا ناوی منیش لەم تەلەسمدا بێ ناو نەکرێت. بێ لێکدانەوە بەڵێنی ناوهێنانم دا و هاتمە دەرەوە. هەر کە گەیشتمە ماڵەوە ئەنگوشتەرم خستە ژێر زەرەبینەوە. تا دەمخۆندەوە گێژتر دەبووم. ئەوەی خوێندبوومەوە لە بیر و مێشکمدا چو زەنگ دەنگی دەدایەوە. خەووخۆراکی لێ بڕیم. سەدان جار بەدەم نووستنەوە ڕاپەڕیوم.

– هەژدە، نۆزدە، بیست، بیست و یەك لە خەوا ئەژدیها و ئەفسانە و مەرگم دەدی. خەو و بێداریم تێکەڵ بووبوو. بڕیارم دا هەرچی زووتر دەست بەکاربم. هەرا و بەزمی تێکەڵوپێکەڵی شۆڕشی میللەتانی ئێران تا دەبوو پەرەی دەسەند و ئاژاوە و بیگرە و بەردە هەموو لایەکی گرتبووەوە. هەر چاوشینێك و پرچ زەردێك بە مار و

ئـەژدیـهـا دەدرا لـە قـەڵـەم. ڕۆژگـارێکـی وا هـاتـە پـێشەوە بـۆم دەرکـەوت لـە ئـاوا ڕۆژگارێکدا دەست بۆ پلەی تەخت جەمشید بردن دەست بۆ مەرگ و مردنە. بڕیارم دا هەڵی گرم بۆ هەڵکەوتنێکی تر تا ئاو لە ئاش دەکرێ و هاڕە و هوڕەی بەرداش کپ دەبێتەوە ملی ڕێگام گرت و گەڕامەوە. دەردەواریم تا دەبوو خراوتر و خراوتر دەبوو. کەوتمە داوی ئەم دەردەوە کە دەمبینی. لە سەرەتاوە بیرم نەدەگەیشتە هیچ و نــەمــدەزانــی بـۆچ وام بـەسەر هـاتـووە؟ چ دەردێکـە دووچـاری بـووم؟! کـەوتمـە هـاتوچۆی دوکتۆر و دەوا و دەرمـان. هـەریـەکە نوسخـە و نوشتـەیـەکی بۆ نووسیم. تـا یەکێکیـان بڕیاری دا سەرتاپای لـەشم بخاتە ژێر ئەزموونەوە. دوای وردەکاری و زەرەبینیی فراوان بۆی دەرکەوت، بەهۆی ژەهرێکی نەناسراوەوە خوێنم ژەهراوی کراوە. چ جۆرە ژەهرێکە تا بە ئەوڕۆ هەڵیان نەهێناوە. کەوتمە بیرەوە رابردووی خـۆمـم سات بـەسات کـاوێژکـردەوەو هـاتمەوە بیری هـاوڕێ جوولـەکەکەم، ئـەم ئەنگوستیلەیە تەلیسم کراوە، جادووە. من قەت باوەڕم بەم قسە پڕوپووچانە نەبوو، بەڵام وەك دەبینرێت ئەوەتەی بووم بە خاوەنی ئەم ئەنگوشتەرە، لەشم ئاسایشی بە خۆیەوە نەدیوە. بۆیە پێشنیاز دەکەم هەرگیز بە ڕووتی دەستت بەم ئەنگوشتەرە نەکەوێ. بەڵێنم دەدەیتێ بە دوای ئەم ئەنگوشتەرەدا بڕۆیت؟

– دەتـوانم ئـەم بـەڵـێنـە بدەم، بـەمـەرجێك دوای خـوێندنـەوەی نـووسراوی سەر عەقیقەکە، ئەگەر عەقڵم گرتی، خۆ وەڵڵا سەری لەسەر دادەنێم. وا دەشبینن ئێمە، چـوار کـەس لـە نـزیـکـی «ڕازی زێڕیـن»دا دانـیشتـوویـن و دەمـانـەوێت ئـاواتـی ئاواتخوازەکان وەدی بێنین. چ ڕازێکە دوو هەزار و چوارسەد ساڵ بشارایەتەوە. بەڕای ئێوە (ڕازی زێڕین) ئەم هەموو دەردەسەر و گیروگرفتە دێنێ؟

فراولە وەك هەموو کات پێشەکیی کردەوە، وتی:

– ئەو دەردەسەرانەی تا بە ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا دیمانە و دووچاری بووین، لەپێناوی هەڵێنانی ئەم ڕازەدا دڵۆپێکە لە دەریا. بەندە بۆ خۆم سەرم لە ڕێگەی (ڕازی زێڕین)دا قوربانی دەکەم. من و هانسیش وەك هەموو کات ئامادەگیی ململانێی هەڵێنانی ڕازمان بە جۆش و خرۆشەوە دەرخست.

## ١١

دوکتۆر پیران بۆی باس کردم، بەشبەحاڵی خۆم ئەوەی لە دەستم بێ درێغیت بۆ ناکەم بە مەرجێك لە توانامدا بێت.

– داواکەم سەخت نییە، بەتایبەت بۆ کەسێکی ناسراوی وەك جەنابت ئەنجامدانی ئاسانە.

– داواکەت چییە؟

– جەنابی پرۆفیسۆر لەم ئاشوفتەبازاڕی وڵاتی ئێمەدا، کابرایەکی وەك من داخۆ دەبێ چ جۆرە داوایەکی هەبێ جگە لە دەربازبوون؟

– مەگەر رزگار نەبوونە و ڕزگار نین؟!. ئەوە نییە لە هەر گۆشە و کەنارێکەوە مشتی گرێکراو ڕادەوەشێنرێت و بانگی ئازادی دەدرێ.

– با، دەیبینم، ڕەنگیشە لە چۆنیەت و هەڵسەنگاندنی ئازادیدا نەگەینە یەك و کەیل و کێشانەکەی ئێمە و ئێوە لێك جیاوازن، ئەم باسەش هەڵدەگرین بۆ کاتێکی دی، جا بە ئەوپەڕی شەرمەزارییەوە داوات لێ دەکەم دەستی یارمەتیم بۆ درێژ کەیت، تا لە وڵاتەکەم بڕۆمە دەرەوە. دەبیسی چ داوایەکی قورس و ناجۆر و ناشرین دەکەم.

– وەك وتم لە یارمەتیدانت درێغی ناکەم، بەڵام من تۆ بم، ئاوا دەستەپاچانە وڵاتی باو و باپیرانم بەجێ ناهێڵم و دەکۆشم هاووڵاتییانم لە چۆنیەتیی ڕەوا و ناڕەوا هوشیار کەمەوە.

– قسەت بەجێیە و ڕاست دەفەرمووی، بەڵام ماوەیەکی تری دەوێ، تا زۆربەی خەڵکە نەزانەکە هوشیاربنەوە و چاکە و خراوەی خۆیان لەیەك کەنەوە.

– من لەگەڵتا نیم تۆ بڕۆیت و ئەو بڕوا و ئەوی تریش بۆی دەرچێ، بەدۆڵ

گرتنی نازانی؟

– با، بەڵام بۆ سەردەمێکی کەم و کورت، هەر کە دیم هاوهەناسە و هەواداری دیموکراسی دەکەونە جووڵە، ملی ڕێگە دەگرم و دەگەڕێمەوە.

– زۆری تر وایان وت و هەر کە شوێن پایان لەو فەرەنگستانە جێگیر کرد ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە وڵاتەکەیانە.

– نەخێر قوربان، من بۆ خۆم چەندان ساڵ لەو وڵاتانەدا ژیاوم بە سەرفرازیشەوە گەڕامەوە بۆ وڵاتەکەم. ئەمن ئەو چەشنە ژیانەی ئەوێم هەرگیز بەدڵ نەبووە و ئێستاش بەدڵم نییە، چونکە دەزانم بە دەگمەن ماوە و مەودا بە شەرقییەك دەدرێ، تا لە ژیانیدا سەرکەوێ. بەڵام ئەمڕۆ ئەوانەی وەك من وان چارەیەکیان بۆ نەماوەتەوە، جگە لە دەربەدەری نەبێت.

– ڕاست دەکەی کەم کەس وەك من و تۆ وایە و وەك تۆیش تێدەفکرێ. چەندان کەس دەناسم، ئەوەی بە بیریا نایەت، گەڕانەوەیە بۆ وڵاتەکەیان.

– ئەوانە هەر لە سەرەتاشەوە، هەر پەنابەری ژیان بوون، نەك هەر لای ئێوە، لە وڵاتی خۆشماندا هیچ لێ نەهاتوو، گەمژە و مفتەخۆر بوونە و، تازەش بوون بە بورغوویەك لە ئەسپێکی ئاسنین و نە دەنگیان دەبێ و نە ڕەنگیش.

– گەلێ سووك و تڕۆ دەنواڕیتە داڵدەدانەکەمان دا.؟

– نەخێر وای تێ مەگە، بە پێچەوانەوە، جێگەی ڕێزی مرۆڤدۆستانە و داڵدەدانتان باوانی لێقەوماوانی ڕاستەقینەیە.

– ئێستا هەر بە تەواوەتی بڕیارت داوە بۆی دەرچیت؟

– ئەگەر بەڵێنم دەیتێ دەستم بگری، ئەرێ وەڵڵا.

– دروست پێم بڵێ، چیت لە من دەوێ؟

– بەندە، لەیرا سەفەرم لێ قەدەغەیە و ناکرێ بۆ ئەیرا ڤیزەم بۆ بنێری؟

من دەتوانم بە قاچاخی خۆم بگەیەنمە تورکیایەك، عێراقیێك، چوزانم پاکستانێك، لەوێرا وەرێ کەوم؟

– بەسەرچاو، ئیتر چی؟

– لەوێش دەستم لە کارێکی ئاوڕوومەند وەگیر کەوێ، تازە دەفر و دەوریم پێ ناشۆرێت.

– ئەویش بەسەرچاو، بەڵام ئەمانە دەکەونە دوای تەواوبوونی کاروبارمان.

– ئێ، خۆ منیش خۆم هەڵگرتووە بۆ ئەو حەلە.

پرۆفیسۆر نەرم نەرم لە نێوان سێ ستوون و کۆڵەکەشکاوەکان و بنەپایە قرتاوەکاندا، هەنگاوی دەنا و تاوتاوێکیش دادەکروژایە سەر سەد ستوونێکی راکشاوی زەویدا و بەوردی تێی دەنواڕییە تالاری (تاچارا)و سەد ستوونی پێوا و بەرەو دەروازەی شاهان بەرەوخوار بووەوە ملی بەرەو پلە و پاپلکەی دەستی ڕاستی ڕۆژهەڵات نا و دوکتۆر شەفیعی لە تەنیشتیەوە، شانبەشان بەسەر پلەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەر و خوار بوونەوە. پرۆفیسۆر چو گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی دەینواڕییە پلەی بیست و یەکەمیندا و پەپوولە ئاسا لە هەر کوێی تەخت جەمشیدەوە بووایە، گرگڕ دەگەڕاوە نزیکی هەمان پاپلکەدا، هەر کە گەیشتە سەر پلەی بیست و یەکەمین وەرچەرخایەوە لای دوکتۆر شەفیعی و وتی:

– دوکتۆر لە سبەینێوە دەست بەکار دەبین، بەڵام منیش داوایەکم لە تۆ هەیە، ئەویش ئەوەیە تا لەپشکنینەکەماندا نەگەینە ئاکامی یەکجاری هیچ جۆرە هەواڵ و ڕاپۆرتێك بۆ لێپرسراوانی خۆت نەنووسیت، هەرچی دەنووسیت بە من بڵێی، ئەم بەڵێنەم دەدەیتێ؟

– بەسەر سەر.

– مەسەلە سەر نییە. ئێمە بە دوای زانست و زانیاریدا دەربەدەر بووینە و خۆمان خستووەتە زەحمەتەوە، ئەگەر سبەی شتێکمان دەستگیر بوو بیکەین بە هەراوهوریا و گاڵە و فەرتەنە، سبەی خەڵکێکی زۆرمان لێ گلێر دەبێتەوە و نایەڵن بە هیچدا ڕاگەین و ڕەنگە سەد جۆرە بەهرەبەرداری ناجۆراوجۆر و تەنگ و ترشیش لە تەقالاکەمان وەربگرن و بە دەستی خاڵی کارەکە وەجێ بهێڵین. جا دەبێ تا دوا هەناسەی کار سەرپۆشێك بەسەر چۆنیەتیی کارەکەماندا داپۆشین. خراو دەڵێم؟

– نەك خراو، بگرە شیرین دەفەرمووی.

پرۆفیسۆر دەستی بۆ دەستی دوكتۆر شەفیعی درێژ كرد و بە گەرمی دەستی یەكتریان وشارد و ئینجا پرۆفیسۆر وتی:

– وا لەم كاتەوە بە دوا تۆیش بەیەكێك لە كۆمەڵەكەی خۆم دادەنێم و ئەگەر لەم كارەدا وا بۆی هاتووین سەركەوین، دڵنیام لە هەر گۆشەیەكی دنیادا دەتوانی پا لەسەر پتەوی دانێیت بە مەرجێك لە قسەم دەرنەچیت.

– پرۆفیسۆر دەیبینی دەستم لەنێو دەستتدایە، بەڵێنت دەدەمێ بەبێ پرست ئاو نەخۆمەوە.

– زۆر چاكە، وەك وتم، لە سبەینێوە دەست بەكار دەبین.

– لە كوێوە دەست پێ دەكەین؟

پرۆفیسۆر پایەكی بەسەر تەختە سەنگەكەی ژێر پایدا كوتا و وتی:

– ئا لەیراوە.

دوكتۆر شەفیعی لە مەبەستی پرۆفیسۆر تێنەگەیشت و سەرسام وتی:

– چیت فەرمووی؟

– وتم، ئا لەیراوە، وا من و تۆ بەسەریەوە ڕاوەستاوین پلە بیست و یەكەم. ئەم ناوەش لە سبەینێوە دەبێ قەدەغە كرێ و هاتوچۆی لێ ببڕێت.

– ئەوش بەسەرچاو.

## ١٢

– من دڵنیام بە هەڵەدا نەڕۆیشتووین، ئەمەی بەسەریەوە ڕاوەستاوین تەختەڵان و شوێن جێی پلەی بیست و یەکەمینە. هەڵە قبووڵ ناکات. یەك و دوو، سێ و تا هەژدەمین و بیستەمینیان ژمارد هانس بە هەردوو پا هەڵبەزییەوە و وتی:

– ئەمەش بیست و یەکەمین. خەریکم گێژ دەبم، سەیر دەکەی چ سەنگێکی خارایە!

فراولە هەڵیدایە، وتی:

– هانس و انازانی جارێك زووبێت بۆ گێژبوون.

هانس بە تووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

– تۆیش حاڵ و حەوسەڵەت هەیە، من خوام نەماوە تا ئەم دوو پلەم لە چی دەرهێناوە، کەچی ژێرەکەی بە تۆش ناهرووژێ، مەگەر دینامێتی بۆ بەکار ببەیت، ئەویش ناکرێ.

پرۆفیسۆر بە سەر کورسییەکی سووکەڵانەوە دانیشتبوو هەشت پەنجەی هەردوو دەستی بەسەر سنگیەوە، تێفکریانە، ئارام لێکی دەدا و لە وتووێژی هانس و فراولە ورد دەبووەوە، لەپڕ ڕووی کردە پیران و وتی:

– تۆ چی دەڵێیت؟

پیران غافڵگیر بووبوو، هیچی نەبوو بۆ وتن ئەوە نەبێ وتی:

– دڵنیام دەگەینە ئاکام، چۆن؟ نازانم.

دووکتۆر شەفیعی ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– دەتوانم پرسیارێك بكەم؟

– فەرموو.

– بەهەڵەدا نەڕۆم، وا دیارە بە دوای شتێكی تایبەتدا دەگەڕێن؟

– تایبەت، بەو شێوەی بوترێ، نەخێر. بەڵام لە خۆشمانەوە لەیراوە دەستمان پێ نەكردووە. دەبینی لەژێر پلەی دەرهێنراودا. جگە لە سەنگی خارا شتێكی تر وەدی ناكرێت.

– مەبەستت لە وەدی نەكردن دەبێ چی بێت؟

– دەبوا ژێری ئەم پلە هەڵكەنراوە تەختەسەنگی ڕووتوقووت و سان و سۆڵ نەبووایە و دەروازەیەكی هەبووایە.

– جا، كێ دەڵێت لەژێر ئەو تەختە سەنگەوە نیە؟

– ئەمنیش كەوتوومەتە ئەو باوەڕەوە، بەڵام ئەممەمان چۆن بۆ دەركەوێ؟

– دەڵێم، با ئاوی بخەینە سەر. ئەگەر درزێكی تیابێت، لێی كەم دەكا.

– پێشنیازێكی خراو نییە، ئەگەر لە پێشدا بیخەینە ژێر تەوژمی بای كۆمپرێسەرەوە.

– دەڵێی ڕووكەشەكەی بخەینە ژێر تەوژمی باوە؟

– ئاوا ناڵێم، دەڵێم جێگەی هەڵكەنراو بە كەرپووچ و چیمەنتۆ سەری بگرین و هەناسەچنی كەین و كۆمپرێسەر بادەین و سەعاتی ئەندازەگیریی هەواشی لەسەر دانێین و تا پڕپڕ دەبێ چاوەڕوان بین تا بزانین تا چ ڕادەیەك تەوژمی كەم دەبێتەوە. ئەگەر دابەزی، تەوژمی بەهێزتری دەخەینە سەر. لە دواییشدا ئاوی بخەینە سەر شتێكمان هەر بۆ دەردەكەوێ.

دوكتۆر شەفیعی وتی:

– ئەگەر دوای ئەمانەی فەرمووتن، هیچتان بۆ دەرنەكەوت چی..؟

– ئەو حەلە، بە ناچاری لە ناوەڕاستەوە تەختەسەنگەكە بە مەتە و هەرەی كارەبا دەبڕینەوە.

– جا لە ئێستاوە ئەمە بۆ نەکەین.

– ئاخر بریندارکردنی تەختەسەنگێکی دامەزراوی دوو سێ هەزار ساڵە بە ئاسان نازانم مەگەر ناچار کرێین.

– کەواتە، دەبێ پێویستەکانی ئەم کارە ئامادە کەین.

یەکێك لە کرێکارەکان بە هەناسەبڕکێ هات بەژووردا و ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی، وتی:

– چەند سەد کەسێك ئابلووقەی دەوارەکانمانیان داوە.

– بۆ مەگەر چ بووە؟

– من کە نازانم چ بووە، هێندە دەزانم دەنەڕێنن، بۆ دەرەوە بێگانە...

پڕۆفیسۆر پرسی:

– چ قەوماوە؟

شەفیعی ترسی لێ نیشت و ڕەنگی زەرد بووەوە و پچڕپچڕ وەڵامی پڕۆفیسۆری دایەوە، وتی:

– ئەوی ڕاستی بێت نازانم چ قەوماوە. هێندە دەزانم، هەرچی بێت خێر نییە.

شەفیعی شانبەشانی کرێکارەکە لەژوور ڕۆیشتە دەرەوە. بەرەو کۆمەڵی هەرا و هوریا وەڕێ کەوت. تا نزیکتر دەبۆوە تێکڕایی تر دەبوو. یەك دوو ئاخوندی سەر سپی و سەرڕەش لە پێش خەڵکەکەوە شتیان ڕادەوەشاند و لە حیرس و جۆشدا ڕەگی ملیان چو چۆلەکە دەفرِی. دوکتۆر شەفیعی مارانگەستەی برا کوژراو، بە ترس و لەرزەوە لە مەلاکان نزیك بووەوە، نەڕەو نیخە کەمتر بووەوە. ئاخوندی سەرڕەش لە تووڕەییدا کەفی دەچڕاند، نەڕاندی:

– پێم نالێی جەنابی ناموبارەکەت جانەوەری کام جەنگەڵیت گەیشتوویتە ئێمە؟

دوکتۆر شەفیعی یەك دوو جار تفی قووت دا بە تەواوی توانایەوە کۆشا نیگەرانی و پەشۆکاویی کەمتر وەدەرکەوێ لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

– قوربان دەبێ لە چ جەنگەڵێکەوە هاتبم. بەندە کارمەندی ئەم دەوڵەتەم و کارم پێ سپێرراوە و ئەنجامی دەدەم.

دەستی بە گیرفانیا کرد و پێناسەی مۆزەخانە و نامەی تایبەتیی دەفتەری ئاغا ئەحمەدی هاوڕا کرد و دای بە دەستی ئاخوندەوە، ئاخوندی سەررەش لە پێناسە و نامە ورد بووەوە و دای بە دەستی ئەو دووەکەی دیوە. هەرسێکیان نەختێ دوورکەوتنەوە و بە جوولانەوەی دەست و سەرەوە ڕاوێژ و وتوویژی شانۆگەرانەیان بۆ خەڵکەکە دەنواند. زۆری پێ نەچوو، هەر سێ ئاخوند بەرەو دوکتۆر شەفیعی هاتن و یەکێکیان بە دەنگی بەرز وتی:

– مەگەر شاری هیرتە و هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ ئێمە چی؟ ئێمە و خەڵك مردووین، ها؟

ئەو چاوەڕوانی ئەوە نەبوو شەفیعی وەڵامی بداتەوە. هەر دەیپرسی و بۆ خۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە.

– بەهـ، بەهـ، چاومان ڕۆشن. لە بن دەستماندا تاغووت خۆی مەڵاس داوە و نەمانزانیوە. ئینجا ڕووی کردە خەڵکەکە و نەڕاندی:

– ئاغاگەل ئەمەریکا! بەڵێ ئەمریکا، ئەم وڵاتە دەستبەردار نییە، شەیتانی گەورە لە خوێنمژینی ئەم میللەتە تێرخواردنی بۆ نییە. مردن بۆ ئەمەریکا... مردن بۆ ئەمەریکا.

دوکتۆر شەفیعی تا دەبوو نیگەرانتر دەبوو. نەیدەتوانی دەمی نارەزایەتی بکاتەوە. دەیزانی بە هەی دەیەکی یەکێك لە ئاخوندەکان هەڵیدەدرن. بۆ هاودەمی و هاوڕاییی ئەوان ئەویش مشت ڕاوەشانی دەست پێ کرد.

مشت ڕاوەشان و شاتە و شیتە و نەڕە و نیخە ئارام بووەوە. یەکێکی تر لە ئاخوندەکان ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی وتی:

– بە پێی ئەو نامەی وا دیمان جەنابتان کارمەندی دەوڵەتن و نوێنەری مۆزەخانەی ئێرانن. بەلای ئێمەوە ئەو بەڵگانە بایەخی قڕانێکیان نییە و لەم ئوستانەدا ناخوا و ناڕوا.

ئینجا نەڕاندی:

– ئاغاگەل لەم تەبارەدا ئیمام جومعە هەیە؟ نمایندەی ئیمام هەیە. هەر کە ناوی ئیمامی هێنا، سێ جار لەسەر یەك سەڵاواتیان هەنارد. کۆمیتە هەیە. سوپای پاسداران هەیە. دەتەوێ بەم لەتە کاغەزەوە لە باخەڵت ناوە ملی ڕێگە بگرین، بگەڕێینەوە؟

– نەخێر ئاغا، خراو تێفکراون خراو. ئەم ئوستانە بێ خاوەن نییە. ئابڵووقەی خەیمەگاتان ئاواڵە ناکەین، تا ئەو جێگانەی وا هەڵم دان، نامەی خۆتان نەنووسن، یا نوێنەریان نەنێرن.

ئینجا وەرچەرخایەوە خەڵکەکەوە و نەڕاندی:

– جوانم وت؟

هەر هەموویان یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە، حساویت فەرموو، ئافەرین...

ئینجا دوکتۆر شەفیعی ویستی شتێك بڵێ، بەڵام ئەو ئاخوندەی هەتا ئەو حەلە بێ دەنگ مابووەوە، بۆ ئەوەی لەوانی تر کەمتر نەبێ و ئەویش شتێکی وتوبێت، پەنجەی شایەتمانی بە هەڕەشەوە خستە سەر سینەی دوکتۆر شەفیعی و قیژاندی:

– وس بە! یەك کەلیمەت لە دەم دەرنەیەت: شەش سەعات وەختت هەیە، تا نامە، یا نوێنەرانی لێپرسراوانی شیرازمان بۆ بهێنێتە ئێرا، ئەگینا خراوتان بەسەردا دێنین.

ئینجا سەعاتی بەر باخەڵی لە گیرفانی عەباکەی بە زنجیرەوە دەرهێنا و، وتی:

– سەعات یانزەیە، تا سەعات پانزەی ئێوارە مۆڵەتت دەدەینێ.

هەروا سەیری سەعاتەکەی دەکرد، وتی:

– من تۆ بم، ڕاناوەستم و دەست بەکار دەبم.

دوکتۆر شەفیعی هاتە قسە و وتی:

– ئەمەی دەیفەرموون، بەسەرچاو، بەڵام لێم گەڕێن، با بە میوانەکان ڕاگەیێنم: ئەوان هەرچی بێ، بە پێی نامەی فەرمیی دەستگایەکی دەوڵەتی و چەندان

لێپرسراوی ناسراوی وڵات هاتوون. خۆ قابیلە ئێمە لە خۆمانەوە ئەم ڕێگەمان گرتبێتە بەر و خەیمە گامان هەڵدابێ؟.

کابرای سەعات بەدەست بە دەنگێکی زیقەوە زریکاندی:

– ئەمانە بەجێگەی خۆیان، ئێمە تا سەعات پانزە ڕێگەی هیچت لێ ناگرین. ئێمە نمایندەی دێهاتی دەوروبەرین. ئەم بەرگرییە بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین. هەریەکە لە ئێمەش پەیڕەوی لێپرسراوێکە جا فەرموو، ئەوەی بە چاکی دەزانی بیکە! ئینجا ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی:

– خەڵکینە خراو دەڵێم؟

زۆریان وەڵامیان دایەوە:

– دەم خۆش، ئا شێخ دەم خۆش...

## ١٣

– ئەمەیە ژیانەکەمان! هەر ئەوەیە هەناسە دەدەین. لای هەموو شتێك بڕاوەتەوە. دەبینی هەرچی دەر و دەروازە هەیە چ سەخت هەڵقەڕێز کراوە و هێشتا هەر دەڵێی هەڵنەیەم و بۆی دەرنەچم؟

– هێشتا هەر لەو باوەڕەدام، هەڵهاتنتان هیچ دەردێکتان دەرمان ناکا. وڵاتەکەتان نیازی بە ئێوەمانان هەیە.

– جەنابی پڕۆفیسۆر کام وڵات؟ تل و بەرد و خاك و خۆڵ و ئاو و دەوەنی ئەم وڵاتەم بەبۆنەی خەڵکەکەیەوە خۆش دەوێ. خۆ دوێنێ گوێت لەو فەرتەنەیە بوو، دەتدیت چۆن وەك دانوولەی کوڵاو هەڵاوسابوون و دەیانـنەڕاند: مردن بۆ ئەمەریکا، بێ ئەوەی بزانن ئەمەریکا ڕووبارە یا چایخانەیە، یا وڵاتە، یا حەمامە. زۆر دەخایەنێت، تا ڕاستی ئێمەمانان ببینن، ئا جەنابی پڕۆفیسۆر، ڕاکردن!

– ناتوانم بیروڕات بسەلمێنم. ئەڵبەتە ئەمە هیچ لە بەڵێنەکەم کەم ناکاتەوە. من تۆ بم، وڵاتی خۆم بۆ هیچ نابەرابەری و ناڕەواییەك بەجێ ناهێڵم. هەر بەجێهێڵانی، واتە سەر شۆڕکردن بۆ زوڵم و زۆرێکی دوور و درێژتر. دەپرسی، دوێنێ ئەوانەت دی؟ بەڵێ بە وردی دەمنواڕی. من زووتر بە تەمای هاتنیان بووم. ئەوانەی توێژێکی تیژپەڕی هەڵچوون هەر بەو توند و تیژییەش دادەمرکێنەوە، ئێوەمانانن چێوی کانیاوی وڵات، بە مەرجێك بەرگەگرن.

– نازانی دوێنێ چ دەردێکیان بردە سکم تا نامەی لێپرسراوانی شیرازم وەرگرتووە. هەریەکەیان بەشێوەیەك نەقارەخانەیان خستبووە گڕ. قیر سپی بوو، تا ڕێگەیان کردم.

– تاقەلای دوێنێت ئافەرینی دەوێت. وام نەزانی گورجوگۆڵانە ئەو هەموو

لێپرسراوانە ڕازی کەی. هەڵواسینەکەشی وەستاکارانەیە.

– قوربان، دەترسم سبەی تاقمێکی دیمان بێنە سەر. بۆ چی دوورە؟!

– دوور کە نییە، بەڵام وا نازانم بە بینینی ئەو تەگەرە بخەنە کارمانەوە. من جارێك خەمی ئەم تەختە سەنگە دای گرتووم. دڵنیام دەرمانی دەردی ئێمە لەژێر ئەم تەختە سەنگەدایە و سەیر لەوەیش دایە، بە ڕواڵەت هیچ وەدەرناخات و وا بڕوات، دەرەقەی ئەو تاقە بەردە نایەین.

– خەمی مەخۆ، هەمووی یەك دوو ڕۆژ پێوە خەریکین هەر شتێکمان بۆ دەردەکەوێ.

– دڵنیام بۆ گاڵتە لەسەر ئەو عەقیقەیان نەنووسیوە، بۆ خۆی تەمەنی نووسینەکەشم دوو هەزار و چوارسەد ساڵ ژمار کردووە. ناکرێت دەستمان لە هەوانەی خاڵییەوە وەدەرچێت منیش لەوانە نیم دوای خەیاڵات کەوتبم.

دەنگی هاڕەی هەڕەی کارەبایی شەپۆلی دەدا، تۆزێکی سپی چاڵی کارگەکەی گرتبوو. پرۆفیسۆر بە کلکی پایپەکەی ئارام لە دانەکانی پێشەوەی دەدا و قووڵ دەفکرا. فراولە هاتە ژووردا، ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– دەنگی چپەی دەمی هەڕەکە گۆڕاوە و لەوە دەچێ تاتە بەردەکەی ژێری بتەو نەبێ.

پرۆفیسۆر ڕاپەڕی، بە هەنگاوی گورج و پان و هەڵە پەڵە، خۆی گەیاندە سەر چاڵ. هانس و دوکتۆر پیران چاویلکەیەکی هەردوو لا گیراوی تۆز بەرگریان لەچاوا، نیوەی ڕوخساریان پۆشابوو، کاتێك چاویلکەیان لە چاو دەرهێنا، ژێر چاویلکە نەبێت سەر و ڕوویان لە تۆزێکی سپی وەك ئاردنیشتوو بوو، هانس ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– زۆر ڕێگەی تێ دەڕوا ژێری سەنگەکە پتەو نەبێت، تا دەست دادەگرین هەڕەکە دەگۆڕێ.

– کەواتە با مەتەی دەم درێژ بەکار بێنین، بزانین ئەستووریی ئەم تەختەسەنگە چەنێکی ماوە؟

– منیش هەر بۆ ئەم مەبەستە فراولەم نارد بە دواتا. فراولە پانتۆڵێکی (Lee) تەنگ و ترووسکی لەبەر کردبوو، تەواو بەرز و نزمی سمت و کەفەڵی دەرپۆقاویی ناوگەڵ و بەری بە وردی خستبووە ڕوو. دوکتۆر شەفیعی یەك دوو جار یەخەی دوکتۆر پیرانی گرتبوو، تا بە فراولە ڕاگەیەنێت ئاوا جل پۆشینێ لەم وڵاتەدا گرفتاریی بە دواوەیە، بەتایبەت ئەو بەشێوەکی فەرمی پەیڕەوی ئاینیی ئیسلامە و خراو دەدرێت لەقەڵەم. لە ئاکامدا پیران هانی دابوو، بۆ خۆی باسی لەگەڵا بکاتەوە. ئەو ڕۆژە قەد و باڵا و قەوارەی فراولە فرە ئازیز و دڵبڕ بوو. شەهوەت ئەنگێز دەنیشتە چاو. فراولە لەسەر دووچۆك داکروژا بووە ناوچاڵ، شۆڕ بووبووەوە، خشتەکی پانتۆڵەکەی لە شەقی نێوان دوو کەفەڵیدا چەسپابوو. خڕی و مڕی و گۆشتنیی کەفەڵەکانی وەدەر دەخست. دوکتۆر شەفیعی ڕۆیشتە تەنیشتەوە و وتی:

– دەتوانم یەك دوو دەقیقەیەك قسەت لەگەڵ بکەم؟

فراولە هەردوو لەپی لە زەویدا بوو، کە هەڵسایە سەر پا چەندان وردە بەرد چەسپابووە نێو نەرمیی لەپیەوە و هەردوو لەپی بە یەکدا سواند و وتی:

– خێرە دوکتۆر؟

– خێر؟! جا کوا خێر ماوە لەم وڵاتەدا؟

– بڵێم چی، تۆ چاکتر خێر و شەڕی خۆت دەزانی تا منێکی بێگانە...

– بێگومان من باشتری دەزانم. ئەوەش دەزانم ئەگەر جارێکی تر ئاوا پانتۆڵێك لەبەرکەی، هەم خۆت و هەم ئێمەش گرفتار دەکەی.

– دوکتۆر، ئەیرا جێگەی کاری منە. من خانمێکی خانەدار کە نیم، من ئازادم لە جێگەی کاری ڕۆژانەمدا هەر جلێك بپۆشم.

– ڕاست دەکەی، ئازادی، بە مەرجێك نامەحرەم نەبینی و ئەم جلوبەرگانە لەم وڵاتەدا قەدەغەیە و یاساخ، تووشمان دەکا.

– من تووش دێم، نەك تۆ.

– تۆ لە قسەکانم زویر مەبە.

پەنجەی بۆ لێخوڕی کۆمپرەسەرەکە درێژ کرد، وتی:

– هەر ئەو لیخوڕە دەیکاتە ڕاپۆرت و سەدان گرفتاریمان بۆ دەسازێنێ. ئاخۆ بە گرفتارییەکەی دەژی؟

فراولە ئارام بووەوە و ئینجا لەسەرخۆتر وتی:

– دەڵێی چی، بڕۆم ئەم جلانە داکەنم و عابا و چادر و چاقوور لەبەرکەم؟

– چادر و چاقوڕیشی ناوێت.

– باشە دوکتۆر بە گوێت دەکەم.

دەنگی قاقای پێکەنین هاتە گوێی دوکتۆر هانس و دوکتۆر پیران باوەشیان بە پرۆفیسۆردا کردبوو، سەخت بە یەکدا ئالابوون. فراولە ئاوڕی لەو دیمەنە دایەوە، بێ ئەوەی بزانێ چ خەوەرە؟ مامز ئاسا بەرەو لایان دەرپەڕی، کە فراولەیان دی وا بەکەڵەباز بۆ لایان دێت، لەیەك بوونەوەو پرۆفیسۆر باوەشی بۆ کردەوە. ئەویش چو منداڵ هەردوو دەستی لە گەردنی پرۆفیسۆر گیر کرد و خۆی پیا هەڵاواسی. پرۆفیسۆر توانای قورسیی هەڵواسینی فراولەی تێدا نەبوو، هەردووکیان لەناو خۆڵدا تەخت بوون. پرۆفیسۆر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– مەتەکە چو بە بۆشاییدا. چۆڵە ژێرەکەی. گاڵتەیان لەگەڵ نەکردووین. دیت نووسراوی سەر عەقیقەکە ڕاست بوو؟

فراولە بە درێژیی دەستی لە پرۆفیسۆر دوورکەوتەوە و وتی:

– یانی دەڵێی پەی بە (ڕازی زێڕین) دەبەین؟

– بەپێی ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە دەبێ پەی پێ ببەین.

فراولە شادومانانە قیژاندی:

– (ڕازی زێڕین) چەند ڕۆژێکی تریش ڕاوەستە، وا هاتین.

ئینجا هەستا و لەگەڵ هانس و پیرانیشدا ئالان بەیەکدا.

پرۆفیسۆر ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی وتی:

– لە جوێی یەك مەتە لە دوو سێ لاوە بە مەتە تاتەبەردەکە مەتەئاژن کەین و

ئەو حەلە قورسی خودی بەردەکە دای دەبڕێتە خوارەوە.

– بەڵام هەرچی لە خوارەوە بێ دەیهاڕێتە سەریەکدا.

– ڕاست دەکەی. هەر کە زانیمان نزیکە داکەوێتە خوارەوە بە سلنگ ڕای دەگرین، تا دانەکەوێتە خوارەوە.

– یانی دەفەرموویت یەك دوو مەتەی تر و سلنگێکی قورس هەڵگرمان پێویستە.

– باش تێ گەیشتوویت.

– مەتەی ترمان هەیە و سلنگیش لە شیرازەوە دێتن.

دوکتۆر شەفیعی نەختەکێك لاچەناکەی خوران و ڕوو بە هەمووان وتی:

– وا بزانم ڕوونبوونەوەی بۆشیی ژێر تەختەسەنگەکە ئەوە دێنێ جەژنێکی بۆ بگێڕین.

هانس قوت بووەوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێت کەڵەپەنجەی بۆ دەمی برد و بە چاو وتی:

– خواردنەوەی تێدایە؟

شەفیعی وەڵامی دایەوە:

– یا خواردنەوەتان بۆ پەیدا دەکەم. یا ناگەڕێمەوە، بەڵام دڵنیابن بە دەستی پڕ دەگەڕێمەوە.

هانس نەڕاندی:

– جا بۆ ڕاوەستاوی؟

– وا ڕۆیشتم...

## ١٤

تەختەسەنگی چواردەور دابڕاوو مەتەئاژن کراو لە چوارلاوە مەنگەنەیان لە قەفی گیر کرد و زنجیری پێوەدا دابەستراو کرا بە هەڵقەی سلنگەوە، تا لە پڕدا نەکەوێتە خوارەوە. یەکێك لە کرێکاران پەڕییە سەر تەختەسەنگ و دەستی لە تەلی شۆڕەوەبووی سەر تەختەسەنگ گیر کرد بۆ ئەوەی لێخوڕی سلنگەکە لە بەرز و نزمی و سەروخوارکردنی تەختەسەنگ ڕێنوێنی کا.

تەختەسەنگ لە جەرگی لەشە تێکڕایەکەی بووەوە و بە زنجیرەوە شۆڕ بووەوە و وردە وردە بەرەو سەرهەڵکێشرا و پەیتا پەیتا بەرزبۆوەو کابرای کرێکاریش بەو سەرەوە دەستی بۆ لێخوڕی سلنگ ڕادەوەشان، لە ناکاودا مەنگەنە لە قەفەی سەنگ بۆوەو سەنگ چو کێوی هەرەسکردوو داکەوتە خوارەوە، کرێکار تەنیا سکی پای لەژێر تەختەسەنگدا بە دەرەوە ما. جگە لە پرۆفیسۆر هەر هەمووان ژلێژاوانە کەوتنە تەقالای وەدەرهێنانی کرێکارەوە. پرۆفیسۆر لەسەرخۆ خوێنسارد هاتە پێشەوە و وتی:

مەژلێژێن ڕوودواوە و ڕووی داوە. کابرا بە زەوی کەوتنی گیانی دەرچووە. ئەگەر ئەو تەختەسەنگە داکەوێتە سەر نێرە فیلێکدا دەی پلیشێنێتەوە. جا پەلە و هەڵپەی پێ ناوێ، کار لە کار گوزەشتووە و تاوانی کەسیشی تێدا نییە، ئارامتر بجووڵێنەوە، تا شتی تر ڕوو نەدا.

دووبارە مەنگەنەیان لە قەفەی تەختەسەنگ جەڕاند و بەرزیان کردەوەوە و چەند مەترێك لەولاترەوە دایان نایەوە. لەشی کرێکاری بێ چارە چوو مەوجێکی سوور لە زەویدا پلیشابووەوە.

دوکتۆر شەفیعی کەوتە تەقەلای ئەمپولانس و دوورخستنەوەی لەش و پێوەندی لەگەڵ کۆمیتە و ژاندارمەری و دەستگا جۆراوجۆرەکانی هێزو ململانێ.

دەمی تەختەسەنگی هەڵهێنراو چو دەمی زامێك كرابووەوە ڕۆشنایی ڕۆژ دەیدا لەدیواری دوولای چاڵ. پرۆفیسۆر وای بە باش زانی جارێك دەست لە كار هەڵگرن، تا كفن و دفنی كرێكارەكە تەواو دەبێ و شڕوشكڵی ژاندارم و كۆمیتە و پرس وجوو دادەمركێتەوە. دوكتۆر شەفیعی ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– نیگەرانی ئەم ڕووداوە مەبە. لێپرسراوم ئاگەدار كردووە تا تەختێكی تر ئەمبولانس دەنێرن.

فراولە تا ئەو كاتە بەشەری مردووی نەدیبوو، بەتایبەت بەو شێوە هاڕاو بەسەریەكدا پەیتا پەیتا دەڕژایەوە. فیقەفیقی ئەمبوّلانس هاتە گوێ، گورجوگۆڵیی نەدەویست كابرای مردوو ڕوحیانەتی بە یەكێك لە دوو جێگەكە شاد بووبووەوە، جێبێكی ژاندارم و ئەمبولانس گەیشتنە بەرەوە. لە چۆنیەتیی ڕووداو چەند پرسیارێكیان كرد و لەشیان لەنێو ئەمبولانس نا و بێ گرێ گەڕانەوە.

دوكتۆر شەفیعی دوولەپی لەیەك هەسواند و ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەمەش تەواو خۆ نیگەران نیت؟

فراولە بە پەنجەی شایەتمانی خاچێكی لەسەر سنگی نەخشاندو وتی:

– ئەمە یەك. (ڕازی زێڕین) یەكەمین قوربانی خۆی قۆزایەوە و خوا بكا لەمەدا ڕای گرێ.

دوكتۆر ڕوو بە فراولە وتی:

– تۆ كە شایەتمانت هێناوە خاچ نەخشاندن بەسەر سەنگەوە بۆ تۆ تاوانێكی گەورە و نەبەخشێنراوە، بە پێی یاسا حەقی سەنگەسارکردنت هەیە.

– دوكتۆر تكام وایە لێم گەڕێی. نە حاڵم هەیە و نەحەوسەڵەش.

– گاڵتە ناكەم، ئەگەر پێت بزانرێت خراو تووش دەبیت.

– بۆچی وا دەزانی ئێستا تووش نەهاتووم؟

– هانس لە پرۆفیسیۆر نزیك بووەوە، وتی:

– ئەگەر ڕای پرۆفیسۆری لەسەرە، لام خۆشە یەكەمین كەس بم لە چاڵ دامهێڵنە خوارەوە.

– مەگەر چەند مەتر چاڵە وا دەڵێی داتهێڵنە خوارەوە؟

– من کە نازانم چەندە قووڵە، بەڵام بنکەی وەدی ناکرێت.

– ڕەنگە تاریك بێت بۆیە وا بداتە چاو. یەك مەتر قووڵ بێت و سەد مەتر چاڵ بێت، بۆ خۆم یەکەمین کەس دەڕۆمە خوارەوە. لە پێشدا دەمەوێت پرۆژەکتۆرێك داهێڵنە ناو چاڵەکەوە، تا بزانم چەندی بە چەندە... سەرو شاخی گابەردینەکانی سەر ستوونەکانی تەخت جەمشید تیژتر هاتنە چاوم. چاوە دەرپۆقیوەکانیان بۆنی هەڕەشەی لێ دەهات. فراولە لە بن دەستمدا بە سەر خاکەوە نیوە ڕاکشاوبوو، دوو بەردی لە لقیدا بەیەکدا هاتە بەرچاو. هەر زۆر سەیریانم دی.

– سەرت بەرەو ئاسمانە، لە چی دەنواڕی؟

– لە هیچ.

– ئەی لە چی تێدەفکرێیت؟

– نازانم بۆ چی بۆ تاوێك دەم و قەپۆزە و شاخ و نواڕینی سەر ستوونەکانم بەشێوەیەکی تر هاتە بەرچاو. هەر زۆر سەیریانم دی.

– یانی چی، دەتەوێ چی بڵێیت؟

– هیچ ناڵێم، بەڵام گەلێك ڕازدار و ئەفسووناوی هاتە بەرچاوم.

– من بۆ خۆم جارجارێك خەیاڵاتی سەیرسەیر ڕووم تێ دەکا. زوو گوزەرانە لە بیریان دەکەم، بەڵام ئێوەی شەرقی زۆربەی ژیانتان پێوەندی لەگەڵ ڕابردووتاندا هەیە و لەگەڵ ئەوساتاندا نەپچڕاون.

چرای پرۆژەکتەریان بەرەو چاڵ داهێڵابوو، چاڵ دە مەترێك قووڵ دەبوو. پلەکانیان بەرەوخوار شۆڕ کردەوە. پرۆفیسۆر لەسەرخۆ ڕۆیشتە خوارەوە، پای خستە سەر زەوییەکی چوار بە پێنج مەتری حەشاردراوی نێوان چوار دیواری سەنگی بە ئاسماندا چوو. دیوارەکان ساف و سۆڵ و بریقەدار، بێ هیچ نەخش و نیگار و نووسینێك.

هانس و پیران و فراولە و شەفیعی سەریان بەرەو نێو چاڵ شۆڕ کردەوە و لەگەڵ دڵەکوتەدا هەر دەیاننواڕی. دوودڵی و ترس و ئومێدیان لە ڕوودا دەبیندرا.

فراولە قیژاندی:

– پرۆفیسۆر دڵمان تەقی.

پرۆفیسۆر لە سووچی چاڵەکەدا چیچکەی دابوو سەر گۆی پەنجەکانی بە دیواردا دەهێنا. بە دوای قیژەکەی فراولەدا هەستایەوە سەر پا و بە پاپلکەکەدا سەرکەوتەوە.

هەمووماان ئۆقرەمان لێ براوو. چاومان بڕیبووە دەمی پرۆفیسۆر. ئەویش خوێنسارد و لەسەرخۆ دەستەسڕەکەی لە گیرفان دەرهێنا و توێڵ و سەر و ڕووی سڕی و ژمێراو هاتە قسە:

– پێم وایە پێویست بکا تەختەسەنگێکی تر دەبێ لابدەین. ئەو چوار دیوارەی خوارەوە هیچی تێدا وەدی ناکرێت، جگە لە چوار گۆشەیەکی سەنگی هەشت سانتی مەتر لە هەشتادا، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دەبێ سەرقاپی ڕاڕەوێك بێت. جا ئێوەش بۆ خۆتان بڕۆنە خوارەوە و لە نزیکەوە لێی وردبنەوە، تا بزانین چی بکەین باشە؟ بە بیستنی قسەکانی پرۆفیسۆر فراولە پێش هەمووان بەرەو خوار بووەوە و بە دوایدا ئەوانی تر.

پرۆفیسۆر کەوتبووە بیرێکی قووڵەوە. ئەم هەموو پێچوپەنا و ڕازو شاردنەوەی بۆ چییە (ڕازی زێڕین) دەبێ چی بێت؟ هەرچی بێت دەستی لێ هەڵناگرم. یا سەردەکەوم، یا دەمرم، فراولە و هاوالانی لە دەوری پرۆفیسۆر گلێربوونەوە، ئەویش لە بیری خۆیدا دەپلایەوە. هانس ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئێمەش هەمان ڕامان هەیە. ئەو چوارگۆشەیە ببێ و نەبێ، دەبێ دەروازەیەك بێت ڕێگەیەکی ترمان لە بەردا نییە جگە لە هەڵکەندنی ئەو چوارگۆشەیە.

– جا بۆ ڕاوەستاون؟

– دەفەرمووی بە قەڵەم و چەکوش، یا مەتەی کارەبایی؟

– بە قەڵەم و چەکوش هەفتەیەك دەخایەنێت. تازە پێم وا نییە، لەو قووڵاییەدا لەرزینی مەتە زیانگەیێن بێت؟ دوکتۆر شەفیعی وتی:

– دە یاڵڵا بیسمیللا!

هـانس وتی:

– چی؟

پیران وەڵامی دایەوە:

– یانی بـا نـاوی خوای لێ بێنین.

مـەتـەیـان داهێڵایـەوە و هـانس و کرێکارانیش بـەرەو خوار بوونـەوە.

ئۆتۆمۆبێلێك لە کەناری کارگادا ڕاوەستا و دوو سێ کەسی لێ دابەزی. دوکتۆر شەفیعی ڕۆیشتە پیریانەوە و بەرەو لای تەختەسەنگی هەڵکەنراو و خوێنی ڕژاوی کرێکارەکەی بردن بە دەستیدا دیاربوو و چۆنیەتیی ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە. زۆر نەمانەوە و بە هەمان ڕێگەدا گەڕانەوە.

ناڵەی مەتەی کارەبایی لەناو دیواری سەنگیدا چو بووقێکی ناساز نەڕە و نرکەی ئاسمانی گرتبوو. لەپڕ دەنگی مەتە ڕاوەستا. پرۆفیسۆر نیگەران و لەرزان، سەری بەرەو نێو چاڵ شۆڕ کردەوە و هاواری لێ هەڵسا:

– ناڵێی چی بووە؟

– مەتەکە چوو بەودیودا.

– کەواتە، هەر لە چوارچێوەکەدا، بەسەریەکەوە مەتەئاژنی کەن. کەواتە، بەهەڵەدا نەڕۆیشتووین.

– وا خەریك دەبین. دوو ئاسنی دەم تەنکمان بۆ داهێڵنەوە بەڵکو بەردەکەی پێ بلەخشێنین.

دووبارە هەمان ئۆتۆمۆبێل گەڕایەوە و دوکتۆر شەفیعی دیسان بەرەو ڕوویان ڕۆیشت و گەڕانەوەکەیانی بەبێ مەڵامەت نەزانی، نیگەرانی بە ڕوویدا دیاربوو. یەکێکیان لە دوکتۆر شەفیعیی پرسی:

– لە بیرمان چوو بپرسین، لە کوێ دەتوانین لەشی ئەو کوژراوە ببینن.

شەفیعی دڵنیایانە وەڵامی دایەوە:

– ئەمبولانس هات و بردی. پێم وایە پاسگای ژاندارمەری باشتر بتوانن،

وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

دەنگی مەتە دیسان خامۆش بووەوە.

پرۆفیسۆر دیسان پرسی:

– ها، هانس دیسان چی بووە.

– دەمەوێ بزانم دەتوانین بەردەکە بجوولێنین.

– مەکە، تا دێمە خوارەوە.

پرۆفیسۆر بەرەو خوار بووەوە. بەدوایدا هانس و شەفیعیش، هانس ئاسنی لە نێوان درزی نێو چوارچێوەکە گیر کردبوو هەر زۆری بۆ دەهێنا. زۆری پێ نەچوو بەردی بەمەتە ئاژنکراو لە چوارچیوە بۆوە، وردە وردە بەرەو لای خۆی وەکێشیان کرد، تا لە چوارچیوە دوور خرایەوە کونێکی تەنگ و تاریك دەمی، چو گیانلەبەرێك کردبۆوە، هەوایەکی سارد و بێزیاوی لێ دەهاتە دەرەوە.

پرۆفیسۆر پرۆژەکتەری پێش خۆ خست و بۆخۆیشی بە گاگوڵکێ لە کون ڕۆیشتە ژوورەوە. هەستی کرد ڕاڕەوی تەنگ و باریك ئاواڵە تر بووەوە. پرۆژەکتەرەکەی بەرەو دوورتر ڕاگرت، ژێرخانێکی بەرز و بڵند لەژێر دەمیدا، تا چاو بڕی دەکرد پایە و کۆڵەکەی جۆراوجۆری تێدا بەرز بووبووەوە.

پرۆفیسۆر هەروا حەپەساو و سەرسام چوارمشقی لێی دانیشت و ئارام ئارام دەینواڕی، هەستایە سەرپا و پرۆژەکتەری خستە گڕ و لە بنمیچ و دەر و دیوار و ستوون و پەیکەری جۆراوجۆر خشاند. قەد و قامەتی کۆڵەکەکان سەدان نەخشی جانەوەرانی ئەفسانەییان لەسەر هەڵکۆڵرابوو. ژێرخانەکە دە لە بیست مەتردا دەبوو. هاوالانی پرۆفیسۆر گەیشتبوونە بەرەوە، بێ ورتە سارد ساردێك وردەبوونەوە و بە دزییەوە هەناسەیان دەدا.

پرۆفیسۆر لە ئەوپەڕی دوو هەزار و چوارسەد ساڵەی خۆیدا دەگەڕا، قامەتی کۆڵەکەکان، گۆشە و کەناری دیوارەکان بنمیچ و قوژبن و بن ستوونی دەپشکنی. دیسان خورپەی نائومێدی کەوتەوە دڵی. هەروا چاوی بە دوای تیشکی پرۆژەکتەرەکەدا دەگێڕا، لەپڕ، پڕ بەدەم هاوار ئاسا قیڕاندی:

– ئەی «تۆ» بەو ئاینەی دەی پەرستی، ئەگەر هەزار ساڵی تر وێڵ و سەرگەردانم کەی، دەستت لێ هەڵناگرم. ئەی (ڕازی زێڕین) ئەگەر لە ئاسمانی بێ بن و بێخدا بتوێیتەوە وەدەرت دێنم، حەوت وڵاتم بڕیوە، تا گەیشتوومەتە ئێرا. لەوانە نیم دەستەپاچە و سەرشۆڕ، دوا بەدوا بگەڕێمەوە، یا سەردەکەوم، یا دەمرم.

پڕۆفیسۆر لە عەرەقدا تەڕ بووبوو. زاری کەفی لێ نیشتبوو. لێوی وشك بووبوو. فراولە لە پڕۆفیسۆر نزیك بووەوە و ئارام دەستی وشارد، تا ئارامی کاتەوە. پڕۆفیسۆر هەر دەیقیڕاند. یا سەردەکەوم، یا دەمرم.

لە پڕ پاڵێکی بە فراولەوە نا، فراولە لەسەر گازەرەی پشت تەختی زەوی بوو. هەردوو دەستی لە زەوی گیر کرد، تا سەری بەر زەوی نەکەوێت. پەنجە نەرمۆڵەکانی لە زبری و گرنج گرنجی زەوی کەوت و خوێن فیشقەی کرد و دڵۆپ دڵۆپ کەوتە زەوی.

پڕۆفیسۆر تووشی  هەناسکەبڕکێ هاتبوو. هانس پڕی دایە پڕۆفیسۆر و لە پشتەوە باوەشی پێ کرد و هەردوو دەستی بەسەر سکییەوە هەڵەفە کرد و، بە دەنگ نەڕاندی بەگوێیدا:

– پرۆفیسۆر تکایە بەسە، ئارام بەرەوە پرۆفیسۆر لەسەرخۆت. ئاوا ڕەفتارێك لە تۆ ناوەشێتەوە، ئێمە هەموومان بە دوای بیروڕای تۆ کەوتووین، تۆیش ئاوا خۆتت لە دەست دەردەچێ.

پڕۆفیسۆر بێدەنگ بووەوە، بەڵام سنگی چو ئەسپێکی ماندووی ڕاونراو هاتبووە پێشکە. ورده ورده هاتەوە سەرخۆی، نواڕی فراولە لەسەر پشت کەوتووە و بە دەستێکی دەستە بریندارەکەی گرتووە، ڕوو بە فراولە وتی:

– بۆ دەستت بریندار بووە؟

– کەوتم.

– کەوتی؟ دەبی هوشیار بیت. پەنجەت لە چی کەوتووە؟

– نازانم، وا بزانم لە زەوی کەوت.

– زەوی؟ زەوی لەناو لەپت ساف و سۆڵترە.

ئینجا فراوله به دەم ژانەوه دەستی به زەویدا دا و وتی:

– ئەیرا خۆ ساف نییە؟!

پرۆفیسۆر لەلای فراولەدا چنچکە دانیشت و دەستی بەزەویدا هێناو عەجوولانە دیسان نەختێکی تری پاك کردەوه و نەخێر کەوتە پۆ لە زەوی گیرکردن. هەر هەستا و چاکەتەکەی داکەند و دوورتر و دوورتری زەویی پێ پاك کردەوه. ئینجا کەوتەوه ورێنەکردن، دۆزیمەوه، ئا، دۆزیمەوه، نەموت یا سەر دەکەوم، یا دەمرم. هانس و پیران و شەفیعی، هەریەکە لەلایەکەوه بە لەپ و پۆکردن کەوتنە تەقەلاوه.

نووسراوی سەر تەختەسەنگەکەی سەر زەوی خۆڵی دوو هەزار و چوارسەد ساڵی بەسەرەوه قتماغە بەستبوو.

پرۆفیسۆر شادمان هەر زەویی پاك دەکردەوەو دەیوت:

– باسی (ڕازی زێڕین) دەکا. دیتان چۆن دۆزیمانەوه بە شەفیعی وت:

– چەند پرۆژەکتەرێکی تری و لوولەی هەواکە بنێرنە خوارەوه. پان و پۆڕیی نووسراوی سەر زەوی دوو لە سێ گەزی شا دەبوو، لە سەرەوه نووسرابوو (ڕازی زێڕین).

بە ناوی ئاهورامازدا، پشت و پەنای گیانلەبەران، خوڵقێنەری جوانی و سوودمەندی و چاکە و پەسەندی، خواوەندی باشی و باشەکانە لە هەر کوێدا لە زەوی، لە ئاسمان، سوپاس و بارانی ستایش و سەڵاو بۆ چاکترین (مهتران) ئازیزترین ئەرجومەندان و پایەداران، مامۆستای چاکە سێگانە و، ڕەفتاری جوان، باشە و پەیامبەری ڕاستیی ڕاستان، پێڕەو و پێشەوای ئەمڕۆ و دوێنێ، دوژمنی ئەهریمەن و درۆ و بەدکاری، سەرسوپوردەی ئاگر و زەوی و هەتاو و ڕۆشنایی و خاك و ئاو، چاکترین ئەفسانەوێژی ئەفسانەی زیندەگی، بادەگێڕی مەیخانەی ژیان و پەیامهێنەری پیری موغان.

سەڵاو ئافەرینی زۆر بۆ پەیك و فەرمانڕەوای چوار فریشتەی (میهر) پاسداری پەیمان و بەڵێن و ڕۆشنایی و سەرشۆڕکەری هێزە ئەهریمەنییەکان. سەڵاو لە فریشتە (ئشتاد) پارێزەری ڕاستی و ڕاستگۆیی و دروستکرداری و خەوزڕێنەری خەو قورسان و تەمەڵ و خەواڵووەکان. سەڵاو هەزار سەڵاو لە فریشتە (رشن)

سەڵاو لە فریشتە (ئارت) پارێزەری توانا و دەسەڵات و جیهانداری و ئاشتی و ئاسایش و خواردنە بە تام و چێژەکان، بۆ نەخۆشەکان، پێخەفە نەرم و نۆڵەکان، بەخشێنەری ئەسپی ڕەسەن و تیژڕۆی چالاك و شمشێر و چەك سپەر و ژنانی ناسك و کەڵەگەتی جوانکیلە و منداڵهێنەر. سەڵاو هەزار سەڵاو لە پەیك و فەرمان فەرمای ئەم چوار فریشتەیە وا دوژمنی خوێنڕێژی ئەهریمەنی دەرگەی پێ گرتووین و گەیشتوونەتە سەر مەرزی ڕۆژاوای شاهەنشاهی و هەردەم بەردەوامیی وڵاتەکەمان. ئەسکەندەری مەکدۆنی مرخی لە داگیرکردنی وڵاتەکەمان خۆش کردووە، بە تەمایە تۆڵەی جیهانگیریی شای شاهان خشیار شامان لێ بکاتەوە و پەیتا پەیتا لێمان نزیك دەبێتەوە. بۆ متمانەی زۆرتر و بتەوکاریی خوانەکەردە ئاهورامازدا ڕووی لوتفی لێمان وەرچەرخێنێت و خوانەکەردە دوژمن زاڵ کا بەسەرماندا کەئەوەش مەحاڵە. تا نەتوانێ دەست بەسەر زانیاری و ڕازەکانماندا بکێشێ من مووبەدی مووبەدان بڕیارم دا (جامی جیهان) نما لە پەرستگادا ببەمە دەرەوە و لە جێگەیەکی تردا بیشارمەوە، تا ڕۆژی سەرکەوتن و ئاسایش و بەختەوەری دیسانەوە دەست پێ دەکاتەوە.

من مووبەدی مووبەدان بڕیارم دا لەسەر سێ ئەنگوشتەری ژەهراوی کلیلی یەکەمی ڕازی دۆزینەوەی (جام) لەژێر سەردێری (ڕازی زێڕین)دا هەڵکەنم و دیاردەکەم و، هەر ئەنگوشتەرێکیان بە یەکێك لە موغە باوەڕ پێکراوەکان بسپێرم، تا ڕۆژی خۆی. جا بۆ ئەم مەبەستە سێ موغی پارسا و پاك و ڕازدارم هەڵبژارد بە ناوی گەرشاسپ و ئیزەدان و ڕادڕوح.

ئەی خوێنەری ئەم تەختەسەنگە دیارە ئاهورامازدا تۆی ڕانمایی کردووە و دەستی خستووەتە سەر ئەم ڕازە. ئەم ڕازە ئەمانەتەو کەوتووەتە ئەستۆت. ئێمە تا بە ئەمرۆ ڕازی (جیهان نما)مان پاراستووە و لە ئەشکەوتی (ڕان پەنا)ی کێوی داڵەهۆدا تەلەسم کردووەو شاراوەتەوە، هیچ دەستێکی پێ ناگا، مەگەر تیشکی هەتاو بدا لە دیواری ناوەڕاستی ئەشکەوت، ئەو حەلە تەلەسم دەشکێ و چاوت بە (جامی جیهان نما) دەکەوێ و توانا و دەسەڵاتی ئاهورامازدات بۆ دەردەکەوێ و

دەزانی ڕازی ئاهوراییی چ چاوگەیەکی زانیاری و بەڵگەیەکی هەتا هەتایە. هەر بەو زانیارییەوە توانیمانە پەی بە ڕەفتار و کردار و پنداری چاکی باو و باپیرانمان ببەین و پەیڕەوییان کەین. با هەر بەردەوام بێ گڕوگڵپەی ئاگری هەردەم بڵێسەداری زەردەشتی گەورەی گەورە.

پڕۆفیسۆر لە خوێندن بووەوە، هاوالانیشی کەم و زۆر ئاگەداری نووسینەکەی مووبەدی مووبەدان بووبوون. هەمووان مات و مەنگ و بێدەنگ کەوتبوونە بیر و فکر و زکری نامەکە و گرینگبوونی (ڕازی زێڕین)ەوە.

پڕۆفیسۆر شریتی بێدەنگیی بڕی و وتی:

– بتەوکاریی مووبەدی مووبەدان سەمامان پێ دەکا، چارەیەکی تریشمان بەدەستەوە نییە، جگە لەوەی ببینە قوتابییەکی گوێگر و سەلاری مووبەدی مووبەدان، ئەگینا، بچووکترین هەڵەمان لێ ڕوودا، چەند هەزار ساڵی تر (جامی جیهان نما) سەرنوقم دەبێ.

فراولە وتی:

– یانی دەفەرمووی تا درەنگ نەبووە خۆمان بپێچینەوە و ئامادەی سەفەربین، وانا؟

– با، هەرچی زووتر بجووڵێین درەنگە.

ئینجا ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی وتی:

کەژی داڵەهۆ کەوتووەتە کوێی ئێرانەوە؟

شەفیعی نەختێك مۆنی گرتی و ئینجا وەلامی دایەوە:

– کەژی چی؟

– داڵەهۆ.

– من کە ئاوا ناوێکم نەبیستووە.

– ناوی کەژێکی وا ناسراوی ولاتەکەت نەبیستووە، مەگەر خەڵکی ئەم ولاتە نیت؟.

– خەڵکی ئەم ولاتە هەم ، واتای ئەوە نییە، دەبێ ناوی هەرچی کەژ و کێوی

وڵاتەکەم هەیە بیزانم، مەگەر جەنابت ناوی هەرچی ترۆپ و دۆڵ و بەندەنی ناوچەی (بایەر)ی وڵاتەکەت دەزانی؟

– دوکتۆر تووڕە مەبە، مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو، تێفکرام ئەم ناوەی مووبەدی مووبەدان هێناویێتی، ڕەنگە کەژ و کێوێکی گەلێك گرینگ و ناسراوی وڵاتەکەتان بێت بۆیە سەرسام بووم. تازە نەختێك تیژ ڕۆیشتم و بیرم لەوە نەکردبووەوە، دووهەزار ساڵ زەمان زۆر شێوە و شەمایل و ناو دەگۆڕێ.

– با بڕۆم نەخشەی جیۆلۆجیی ئێرانت بۆ بهێنم، لەوێدا ناوی تەواوی زنجیرە چیاکانی تێدایە. ئەگەر ئەو ناوە وەك خۆی مابێتەوە، وا دەیدۆزینەوە.

– لەگەڵ خۆتدا چەکوشێك و قەڵەمێکی پۆڵاییینم بۆ بێرە.

دوکتۆر شەفیعی چۆکی نابووە زەوی، تا لە کونی چوارچیوەدارەوە بڕوا بەودیودا. پیران لە پرۆفیسۆری پرسی:

– چەکۆش و قەڵەمی پۆڵاییینت بۆچییە؟

– زۆر بەتاوانی نازانم، بەڵام چارەیەکی ترمان نییە، دەمەوێ شوێن پا گوم کەم، تا بەرنامە و تەقەلاکەمان نەشێوێننە سەریەکدا. لەم ڕۆژانەدا ئەم وڵاتە لە ئاشوفتە بازاڕێکی بێ حیساودا دەژی. نامەوێت دیسان بکەوینە ژێر ڕەحمەتی برادەرانی ئاخوندەوە. ئێمە لە ئاکامدا خزمەتی بەشەر دەکەین. بە چ شێوەیەك بگەینە ئەو ئاکامە؟ بە ڕەوای دەزانم. جا ئەگەر دوو دێڕێك لە قسەکانی مووبەدی مووبەدان لە ناوبەین بۆ متمانەو پاراستنی زانیارییەکی زۆرتر، وا نازانم تاوان بێت با ئەو دوو دێڕەش تەمەنی دوو هەزارو چوارسەد ساڵ بێت.

– سبەی هەر پێی دەزانرێت.

– قەینا، ئەو حەلە ڕەنگە پەیان بە ڕازەکە بردبێت. تازە مووبەدی مووبەدان بۆ خۆیشی دەڵێت: ئەوەی بۆ یەکەم جار ئەم بەردە نووسراوە دەخوێنێتەوە پەیك و باوەڕپێکراوی ئاهورامازدایەو (جامی جیهان نما)ی یارستانیش ئەرکی سەر شانێتی. جا من لەم ڕووەوە هەرچی بە چاك بزانم دەیکەم و ئاهوارامازدا ڕێنوێنیم دەکا.

فراولە خۆی ترنجاندە نێو وتووێژەکەوەو وتی:

– ئـەگـەر ئـەم نـێوی (داڵـەهـۆ) و (ڕان پـەنـا)یش مـەتـەڵێکی تـازەی مـووبـەدی مووبەدان بێت چی؟

– خۆ دوور نییە، خوا بکا وا نەبێ.

دوکتۆر شەفیعی نەخشەی لوولەکراوی لەژێر تیشکی پرۆژەکتەردا بە وردی بە زنجیرە کێوەکاندا هات و هات، ئوستانی خۆراسانی پێوا و گەیشتە دەماوەند و چیای ئەلبورز و زنجیرە جۆراوجۆرەکانی کرمان و لوڕستان و ئازەربایجان و کوردستانی دەنك دەنك، بەوردەکارییەوە خستیە ژێر زەرەبینەوە. خەریك دەبوون نائومێد ببن. پرۆفیسۆر پرسی:

– چیت بە چی کرد؟

– تەنیا زەنجیرەکانی ئوستانی کرماشان ماون.

شەفیعی دیسانەوە داکرووژایەوە سەر نەخشەدا، لەژێر لێوەوە دەیوت:

– زنجیرەی ئەسەدئاباد، بێستوون، گێلان، لەپڕ دای لە تریقەی پێکەنین و پەنجەی نابووە سەر نووسراوێکدا و پەشۆکاوانە وتی:

– ئەوەسانێ، خۆیەتی. دۆزیگمەوە (داڵەهۆ) ئینجا ناوەکەی خستە بەردەستی پرۆفیسۆرەوە. پرۆفیسۆر ئاورێکی لە ڕەنگ ئامێزی نەخشەکە دایەوە، زانی (داڵەهۆ) کەوتووەتە ڕۆژاوای ئێرانەوە و هاوسنووری عێراق، هەر هەمووان دەستی شادی و سەرکەوتنیان بۆ یەك وشارد و وا ناوێك لەو دوو ناوەیان دۆزیوەتەوە.

پیران لەبەر خۆیەوە وتی: (کەواتە بەرەو کرماشان).

– بەڵێ بەرەو کرماشان، بەڵام دوای سەرقاپ نانەوەی ئەم ژێر پلە و ڕاڕەوە. ئینجا پرۆفیسۆر بە سومبە و چەکوشەوە دانەوییەوە سەر نووسراودا و لە وشەی (ئێمە تا بە ئەمڕۆ، ڕازی جامی جیهان نما مان پاراستووە و لە ئەشکەوتی ڕان پەنای کێوی داڵەهۆدا تەلەسم کردووە و شاردووەتەوە)ی لە نووسراوە بەردینەکە هەڵوەراند. بە هەواڵانی ڕاگەیاند دیسانەوە نووسراو بە خۆڵ داپۆشنەوە. تەختەسەنگی خستەوە ناو چوارچێوە سەنگییەکەوە و سەرکەوتنە سەرەوە و کەوتنە تەقەلای پینەوپەڕۆی تەختەسەنگی دابڕاو و ژێر پلە و پلەوە.

# ١٥

لەم دەوروبەرەدا دەموچاوی ناشیرینی شەڕ بە ئاشکرا خۆی وەدەرخستووە. تاران و شیراز لەیرا باشتر بوون. مەیدانی شەڕەکە زۆرتر لە هەردوو لای سنووردایە. ئەم ئوستانەش هاوسنووری عێراقە. بۆیە ئاکامەکانی شەڕ وەدەر کەوتوون.

– ئەرێ ئەم شەڕە بۆ نابڕێتەوە؟

– کێ بیبڕێتەوە؟

– ئێوە.

– کێ هەڵی گیرساندووە؟ ئەو دەتوانێ بیبڕێتەوە. ئەویش جارێك کوژاندنەوەی ئاگری بەسوود نییە.

– ئەو کێیە؟ بۆ ڕازدار قسە دەکەی؟

– جەنابی پڕۆفیسۆر ئاشکرایە. ئەم شەڕە لە سوودی کۆمپانیاکانی ڕۆژاوایە و ئەوانیش دایك خراو نەیانی پێچاوەتەوە. لە هەردوو لا بکوژرێت، وڵات کاول بێ، هەر هەموو بەسوودیانە. دوو وڵاتی دەوڵەمەند هەریەکە خاوەن ئایدۆلۆجییەکی تایبەت ئەگەڕێت و، ئەگەر سەرمایەی نەتەوایەتیمان لە سازەندەگی و دروستکردن و بەرژەوەندی گشتیدا بەکاربووەن. سبەی بە ئاسانی سەرێکن لەناو سەران و زۆریان هەیە بۆ وتن. جا شەڕی وامان بۆ دەنێنەوە کە لە خەویشدا نەمانپەرژێتە سەر بەرنامە و پرۆگرامی سازەندەگی.

– خۆ ڕاست دەکەی، مادام ئەمە دەزانن بۆ خۆتان دەتوانن بیبڕنەوە. بە لێدوان، بە وتووێژ....

– نەخێر قوربان، تا باراش هەبێت، ئاشیش هەیە و ئاشەوانیش هەر دەیپەرژێتە سەر ئاش گێڕان. کاکە ئێوەی ڕۆژاویی نامانتێڵن، نا .

– منی ڕۆژاوایی دوژمنی شەڕم و شەڕهەڵگیرسێنەریشم خۆش ناوێ خوا شەڕهەڵگیرسێنەر نەهێڵێ.

– ئەی کۆمپانیا چاوچنۆکەکانتان چی؟ ئەوانیش وەك تۆ تێدەفکرێن. یا سوودی خۆیان لە خوێن و ئاگردا دەبینن؟

– دەبێ کاری میللەتان و کۆمپانیا و دەوڵەتەکان لەیەك جوێ کەنەوە. تۆ وا بۆ خۆت خەریکی لە دەست دەوڵەتەکەت هەڵدێی. دەکرێ تاوانی دەوڵەتەکەت بخرێتە ئەستۆی تۆ؟

– تا ڕادەیەك بەڵێ. ئەگەر ئێمەمانان بەڕاستی لێی بنەوین و خەڵك وەك من نەیەوێ بۆی دەرچێ و لەجێی ئەوە یا لە زەوی گیرکا و ئامادەی بەربەرەکانێ بێ، دەوڵەتیش ناتوانێ بە گوێمان نەکا. دەبینی وا دۆڵ دەگرم و بۆی دەردەچم، زۆرتر لە تاوی تەنیایی و بێ هاودەمی دا. چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێ

– دیسانەوە خستتەوە بیرم، چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێ یا نەء، ئەم هۆیانە نابنە بەڵگەی وڵات بەجێ هێڵان.

فراولە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بێ تاقەتی و بێ حەوسەڵەگی لە ڕوویدا، کەم و زۆر نیشتەجێ بووبوو. بێ تاقاتانە بە پرۆفسۆری وت:

– ئەگەر بکرێت، دەمەوێ ئەورۆ لە هوتێل نەیەمە دەرەوە و هەنۆزکەم.

– نەخۆشی؟

– نەختەکێك، شتێك وا نییە. ڕەنگە دوو سێ ڕۆژێك بخایەنێت. پرۆفیسۆر تێگەیشت کەوتووەتە سەر خوێن و پێویستی بە دەوا و دەرمان نییە. بە سەر ئەوەش وتی:

– دڵنیای دوکتۆرت ناوێ.

دوکتۆر شەفیعی پێوەستە سەیری سەعاتی دەکرد. ئیتر خۆی پێڕانەگیرا، وتی:

– یەك دوو جێگە چاوەنۆڕمان دەکەن، لە پێشدا دەبێ سەرێکی ئوستاندار بدەین و لەوێڕا بەرەو سوپای پاسداران.

– سوپای پاسداران بۆ؟

– له تەلەفۆندا ڕای گەیاندنێ تا جێگە شەڕاوییەکانمان بۆ دیاری کەن. جگە لەمانەش ئەم ڕۆژاوایە بە دەستی ئەوانە و ئەوانن فەرماندەی چاك و خراو. چەند ئەفسەرێکی خۆلاوی لە «لوبیی»ی هوتێلەکەدا بەسەر مۆبیلەکانەوە ماندووانە بڵاوبووبوونەوە. لە دەرەوەی لای دەرگەوە چەندین ئۆتۆمۆبێلی سەربازی ڕاگیرابوون بەسەر خانووەکانەوە لوولەی شەست تیر و هەزار تیر، بەرەو ئاسمان ڕاگیرابوون. ڕێچکەی زەوارێکی سوپا ڕوو بە ڕوومان هات، سەربازەکانی ماندوو و بێ تاقەت بە سەر کۆڵ و بوخچە و چادری نێو لۆرییەکاندا چوو جانەوەری برسی و ترساو خۆیان گرمۆڵە کردبوو.

دەروازەی ئوستانداری کرابووەوە، هیچ کەسێك بێ لێپرسینەوە و نیشاندانی پێناس نەدەچووە ژوورەوە. ئۆتۆمۆبێلی ئێمە لەبەر دەرگەی ساختمانی ئوستانداریدا وەستاو دابەزین و لە ساختمان ڕۆیشتینە ژوورەوە. خەڵك بە سەرسامییەوە ئێمەیان بە یەکتر نیشان دەدا.

یەشتا دانەنیشتبووین ئوستاندار کەوتە باسی شەڕەوە. ئیتر چاوەڕوانی وەڵام نەدەبوو. بۆ تاوێك ماوەو مەودای پێ نەداین هیچ بڵێین. خۆ ئێمەش شتێکی وامان نەبوو بۆ وتن.. تەنها پرۆفیسۆر داوای کرد بڕۆین بۆ دایەرەی (مەسحی جیۆلۆجی) ئوستاندار بە تەلەفۆن سەردایەرەی ئاگەدار کرد و ئێمەش بڕیارمان دا، دوای دیدەنی سوپای پاسداران بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوین. لە ئوستانداری هاتینە دەرەوە. شار لەژێر تەمومژێگی تیروتاریکدا نووزە و نرکەی لێ بڕا بوو. خەڵکی شار بە بۆنەی هەور و هەڵاوە ئاسایش و متمانەیەکی زۆریان لە دڵا بوو. دەیانزانی لە ئاوا ئاسمانێکدا لە بۆمباردومانی فڕۆکەوە دوورن.

پرۆفیسۆر پرسی.

– دەتوانیت پێمان بڵێیت، لەم ئوستانەدا چەندان ئەشکەوتی تێدایە و ئەشکەوتەکانیش کەوتنەتە چ ناوچە و کەژ و کێوێکەوە؟

کابرای لێپرسراوی دایەرەی (مەسحی جیۆلۆجی) کەوتە مینگەمینگ و بچڕبچڕ،

وتی:

– بەتەواوی نازانم، بەڵام دۆزینەوەیان ڕەنگە زۆر سەخت نەبێ.

پرۆفیسۆر پرسی:

– بۆ نموونە، زنجیرەچیای بێستوون چەند ئەشکەوتی تێدایە؟. کابرای کارمەند دەفتەرێکی قەبارە قەبەی چڵکنی هێنا و چەند پەڕەی هەڵدایەوە و ئینجا لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– بێستوون بێستوون، ئەمەسا کەژی بێستوون، یەك، دووان و سیان و ژمارەی گەیاندە حەوت. ئەم حەوت ئەشکەوتە سیانیان گەورەن، چواریان بچووك.

پرۆفیسۆر نەختەکێك لە نەخشە و دەفتەری کابرا دوورکەوتەوە، وتی:

– ئەی ئەشکەوتەکانی کەژی داڵەهۆ.

کابرا دیسان کەوتەوە پەڕە هەڵدانەوە، تا گەیشتە سەر داڵەهۆ ئنجا کەوتە ژمارە:

– یەك و دوو و سیان و ئەمە چوار، ڕۆیشت تا نۆ ناو.

پرۆفیسۆر مژێکی لە سەبیلەکەی دا و، دەکۆشا ئارام و لەسەرخۆ هیچ نیگەرانییەك لە ڕوویدا دەرنەکەوێ، وتی:

– ئەگەر بە زەحمەتی نازانیت با ناوی ئەو نۆ ئەشکەوتەمان پێ بڵێ. کابرا بێ ڕاوەستان دەستی بە هەڵدانی نێوەکان کرد: ئەشکەوتی (ورچەنێر)، (دارەقیرۆڵ)، (بەردەخێر). (کۆزەران)، (دووبەردان)، (گورگەهار)، (سەدکانی)، (چەقۆتاش)و (تل دەوەن).

پرۆفیسۆر کە زانی نێوی (بران پەنا) لەنێو ناوەکاندا نییە دیسانەوە خەم دای گرت و ئینجا دەستی کردەوە بە پرسیار لەبارەی دوور و نزیك و گەورە و بچووکی ئەشکەوتەکان. بۆی دەرکەوت پێنج دانەیان کەوتوونەتە دامێنی ڕۆژاوای ڕوو بە سنووری عێراق و چواریان بە ڕووی ڕۆژهەڵاتی چیای داڵەهۆوەن. هیچ یەك لەمانە بە پیادە و ولاخ نەبێت چوونی بۆ نییەو دیدەنییان مەحاڵە.

پرۆفیسۆر ڕووی بەلای دوکتۆر پیرانەوە کرد و وتی:

– ئەم ئوستانەم جیاواز دێتە بەرچاو.

– لە چی ڕوویەکەوە؟

– لە زۆر ڕووەوە. ئەوە دەزانم کوردن. هاتوچۆ و هەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆیان سەیر دێنە چاو، بەلامەوە سەیرە، دوای دوو هەزار و چوارسەد ساڵ ناوی داڵەهۆ، هەروەك خۆی بمێنێتەوە. ئەگەر تۆزێك وردەکاری بە خەرج بدەین، زەحمەتمان کەمتر دەکەینەوە. ئێمە بە دوای دوو نێودا هاتووین (داڵەهۆ) و (ڕان پەنا)، داڵەهۆمان بۆ دۆزراوەتەوە لە جێی ناوی دووەمدا چەندان ناوی تازەمان کەوتۆتە پێش چاو. لەوەش دەچێ تەواوی ناوەکانی کوردی بن. جا دەمەوێت مانای تەواوی ئەو ناوانەم بۆ شی کەیتەوە.

دوکتۆر پیران دەفتەرەکەی لە کابرای کارمەند وەرگرت و نەختێ چاوی بەسەر ناوەکاندا گێڕا و، ئینجا وتی:

– ورچەنێر، واتە ورچێکی زل و زەبەلاحی شەڕانی ڕەنگە ئەم ئەشکەوتەی کردوێتە مەکۆی خۆی و ناوی بەو ناوەوە نراوە دارەقرۆڵ. درەختێك پیربێ و ئەستوور و ناوەکەی قرۆڵ بێتەوە.

– بەردەخێر یانی بەردێکی بە خێر و فایدە.

– کۆزەڕان: واتە کۆز و گەوڕی بەرخ و ئاژێڵ.

پرۆفیسۆر تا ئەو حەلە ژوورەکەی بە پیاسە دەپێوا، وەرچەرخایەوە لای دوکتۆر پیرانەوە، وتی:

– ئێمە واتای (ڕان پەنا) دەزانین (کۆزەڕان)یش هەمان مانای هەیە.

کورە ئەم ناوچەیە سەیرن سەیر. ئەوەندە ساڵ تا بە ئەمڕۆ ئەم ناوانە چۆن پارێزراوە؟

– ڕەنگە سەختی و دژواریی تۆپۆگرافیی ناوچەکە بێ مەلامەت نەبێ.. لە بەرگریی هێرشبەرانی بێگانەدا و لە ئاکامدا وەك خۆی مابێتەوە.

– ئەمەی دەیڵێیت یەکێکە لە بەڵگەکان، هەمووی نییە، بەڵگەیەکی سەرەکی هەیەو ئێمە نایزانین.

– ڕەنگە ئاین دەوری هەبێت؟.

– ئاخر ئەم ناوچەیە موسڵمان نین و ئەهلی هەقن و زوربەی بیروڕاکانیان لەگەڵ ئاینە کۆنەکانی پێش ئیسلامدا دەگەنەوە سەر یەك سەرچاوە.

– چەند ملیۆن دەبن؟

– ناگەنە یەك ملیۆن.

– سەرم لەمە سڕ دەمێنێ. لەچوار تەنیشتێکی وادا، لەم ناوەڕاستەدا دوای هەزار و چوارسەد ساڵ هێشتا نەبوون بە پێڕەوی ئیسلام. بەلای منەوە ئەمەیە هۆی سەرەکیی نەگۆڕانی ناوە کۆنەکان، نەك بە تەنیا دژواریی ناوچەکە. بەهەرحەڵ لەو برای لێپرسراوەمان بپرسە، بزانە ئەشکەوتی «کۆزەڕان» کەوتووەتە کوێی چیای (داڵەهۆ) وە و گەورە و بچووکی چۆنە؟

کابرا وەڵامی دایەوە وتی:

– ئەشکەوتی (ڕان پەنا) کەوتووەتە ژێر دەمی ترۆپی (داڵەهۆ)وە و لە سەد مەتری چوارسووچە کەمتر نییە.

– پرۆفیسۆر بە گەرمی دەستی کارمەندی وشارد و خۆشحاڵانە لە دایەرەی «مەسیحی جیۆلۆجی» هاتنە دەرەوە و، ئینجا لە دوکتۆر شەفیعی پرسی:

– نەقشە بەرجەستەکانی (تاق وەستان) چەنێك لەیراوە دوورە؟

– بە ئۆتۆمبێل دە دەقیقەیە.

– کەوایە، با بیانبینین.

## ١٦

– کەم کەم ترس لە لێم نیشتییە، ترسیەم دوای ئیهەمە زەحمەتیەلەی کیشاینە نەیەن؟

– جارێك فرە وە دمی مە نییە، تا چاشتەگابنیشیم نان، ئەو وەختە جای نیگەرانییە.

– باوەڕ ناکەم نان، بەرات ئەلی تا ئیسە درۆ نەکردییە و ئایەم درۆزنی نەویە. هەرچی وەتییە ڕاست بییە.

– تا ئیرنگە وەی جۆرە بییە. ئەویش زانست درۆ وەل ئاغای موهەندس بکەیت، کەفگیری دەیتە بن تاوە، ئیمجا مەترسە. هاکازانی ئیسە کەفنە دەشت.

– خوا بکا، وەلی ترسیەم تانگ وەلیانە بات؟

– ئەڕا ترسیەیت بیلە بان؟

– مەگەر کەللەی ئاغای موهەندس نییەناسیت، وەلی پوست سەرمان تیریتە مل چاومانا پاگەزی چە؟

– سێ چوار گلە تانگیش بان عەیب نەیرت کاریان سازین، مەگەر دە دوانزە گلە بین، ئەو وەختە فکر تری کەینەوە..

– مەگەر چ خەوەرە، لەناو دڵ ئی هەمکە پاسدارگەلە سێ گلە ماشین دە دوانزە تانگ ئەڕا چەیانە. فکر نیەکەم هەمچین کارا بکەن.

– وەی جورە مەیشە عەلی ئەحسەن. ئادەم گەل موهیم یەکن وە ئەورووپاوە هاتنە. ئەگەر چشتی لەلیان بقەومت، ئەڕا دەوڵەت خەیلی گران تەمام وت.

– ئەی باوە چە ئیشیت، ئەی ئاخونگەلە هەرچی بتوان کەنەی، هیچ وەتەنگ بەیانیەو نیەن. مەگەر ناوینی کارمەندگەلی سەفارەتخانەی ئەمەریکا بات، چە

وەسەر ئاوردیە. وە ئەلی هەر شەو خەفتنیان مەروگەل کەفە لایان.

– ڕاست کەیت، ئەگەر دلوایسی ئەیانە بانا، نەئەهیشتن وەی دەور و گوزەرە بهاتنایە.

عەلی ئەحسەن ئاوەڕێکی لەو بەری جادە دایەوە (تاکی واکی) لیٚ خستە گەڕ و لەسەرخۆ وتی:

– فەلاٚمەرز دەستەکەت کەفتنەتە جم و جیل، بنیش فرەمان نەمە نییە، بەلاٚم بکەنەی وە ڕێ خوا تەقە وە ڕووی ماشین پەرچەمدار نەکەن. ئەگەر بکەنەی هەرچی ڕێسایمنە کەنەی پەتك.

– ئەی ئەگەر هەرچی ماشین هات پەرچەم وەبانی بی چە؟

– بچو، وەفەرد فەرد دەستەکەت بیشە نەکوات دەست وە ڕووی ماشین پەرچەمدار بکەنەو. ماشین گەل پەرچەم کە دیرن نەییش نەوتمە؟ دوا جار کوشمەت!

– هەر پەرچەم کەو؟

– ئا، هەر کەوڕەنگ.

تیشکی هەتاو دای لە نێزەی کلاٚشینکۆفێك و ڕووبەڕوو بریسکایەوە. عەلی ئەحسەن دیسانەوە پووی کردەوە (تاکی واکی)دا و نەڕاندی:

– ئەخل، ئەخلە هۆو!

ئەخل وەلاٚمی دایەوە:

– گووشم هاپێت، بیشە ڕام.

– بیشە دەستەکەت نێزەی دەم چەکەکانیان بکەنەو، تا بریقە نەیەت. تەقەش لە ماشین پەرچەم کەو نەکەن، هیچ کەس هەق تەقەکردن نیەریت، تا من تەقە نەکەم. حالٚیت بی؟

– ئا، حالٚی بیم.

– فرە خاسە.

عەسکەرە سەری پشتوێنەکەی کردەوە و چەند جارێك هێنایە قۆناغی

برنەوەکەیدا و وتی:

– پاسداریەل نیەچتە عەقڵیانە و وەیرایە جادەلەلیان گیراوت.

– کورگوڵە، مەگەر خولاسەی داڵکم وەشل پێچامتەو، لەیانەش وەدەر یە دەستوور ئاغای موهەندسە، قەینا کەمەکی دوور کەفتیمنەتەو، وە فکریان خوتووره نیەکەت. جادە ژوور شائاباد لەلیان گردیمنە. ئەلحەق ئی ئاغای موهەندسە فرە ناقۆڵایە. ئەگەر بتوایت کاری بکەیت، باعیسی سەری وت کەیتەی، گرفتار بی، ئەینا خۆی ئەکەوتە نوامان، دیارە ئەیانە وا تیەن فرە موهیمن. وەت، ئەگەر ماشینگەل پەرچەمدار خوین لە لووتیان بایت خراو وە سەرتان ئیرم.

– هاوەفکرم، باوەڕ نیەکم، مەگەر گوللەی وێڵ منیش زەنویقەم لەوە چییە. مەگەر باوەیادگار برەستە دادمانا.

عەلی ئەحسەن دەستەسرێ لە پشتوێن هەڵواسراوی خۆی لێ کردەوە و هەرچی ویستی گرێی پریاسکەکە بکاتەوە نەیتوانی، ئاخری گرێی پریاسکەکەی لەسەر بەردێك پەخش کردەوە و پەپکەیەکی نانی وشکی بەرەو دەمی برد و گازێکی لێ گرت و بەدەم جوینەوە دەیوت:

– براسەگ منتەقیر وە ناو دەمما ناجویەت.

عەسکەری گوڵە لەسەر گازەرەی پشت پەنجەکانی هەردوو دەستی بە یەکەوە لەژێر سەریدا هەڵقە کردبوو، قەد بە قەد برنەوەکەشی بەسەر خۆدا درێژ کردبووەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

– خۆزگە زانستام ئی بەراز عەلییە کییەو چکارەس؟

عەلی ئەحسەن لە کاتی قسەکردنا پرووزەی پەپکەی هەجویاو لەژێر هەردوو سمێڵەکانیەوە بازرەقەی دەبەست، وەڵامی دایەوە:

– تو چە توای، هەرکی هەس لەناو خێڵ ئاخونگەلا دەسی چو تو ئادەم دیارییەگە، تازە وە تو چە؟

– وە من هیچ، وەلی باوەڕی نیەکەم، تەنیا ئەڕا پویل ئەی خەوەرانە برەسینە موهەندس.

– مـنـیش جـور تـو فـکـرکـەم، هـەرچـی بـات دەمـار لـە ڕوزگـار خـێڵ پـاسدار دەرئـاوردییە، سەرف نەزەر لەیانە تو وە من نەیشیت ئەڕا دەست لەی بڕنەو درێژە هەڵنیەگریت، تواشا خۆت چەنە خۆت درێژە..!

لەپڕ عەلی ئەحسەن ڕاپەڕی و خۆی لە بن سەنگەرەکەیدا گرمۆڵ کرد و لوولەی کلاشینکۆفەکەی بەرەو سەر جادە شۆڕ کردەوە و (تاکی واکی) لیّ خستە گڕ و وتی:

– ئەسفەنیار خۆشبەختانە تەنیا دو گلە تانگ وەگەردیانە. وا هـاتن، ئـامـان مـوازب مـاشین پـەرچـەمدار، نـەکـوا RPG کـانـتـان بـە هـەدەر چـوو، دەس ئـەوەڵ حساوە.. ئـا برا من! کوڕ خولاسە وە سەر چەو پاداش خاسی لە ئاغای موهەندس ئەڕام بگیر، وە ئەلی، تـا تـاوێك تر هـەناسە لەلیان چنم.

ئینجا بە فەلامەرزیشی ڕاگەیاند تەقە نەکەن، تا ئەو دەست پیّ نەکا.

تـانکەکان لە پێشەوە دەهـاتن. سیّ مـاشینی بـەیـاخ شین لە نـاوەڕاستی قـافڵەدا دەهـاتن و دەهـاتن. چوار پێنج لەندکرووزەری پڕ لە پاسداریش لە دواوە لووتیان نـابـووە سەریـەکـەوە. فـەرمـانـدەی سوپـای پـاسدارانـی کـرمـاشان ئـەگـەر بـیـتـوانـایـە نـەیـدەهـێڵا، ئـاوا قـافڵـەیـەك بـەرەو نـاوچـەی داڵـەهـۆ بـڕۆشتـایـە، بـەڵام لـە سەرو خوارەوە نـاچار کرابوو تازە بەشوورەیی دەزانیّ ڕاستەوخۆ بڵێت، ئـاوا ڕۆیشتنێك بیّ دەردەسەر نـابێت بـاوەکی ترسێکی زۆری خستبووە بەر پڕۆفیسۆر و تـاقمەکەی کە بە ئاوا هـاژە و هووژەیەك نەدەچەمانەوە، بە نـاچار بڕێك پاسداری چالاك و چەلەنگ دوو تـانکی خستە تەکیـان، تـا دەگەنە قەسری شیرین و بەپێی داڕشتنێکی سەربـازی پـەلامـاری ئـەشکـەوتـی نـاوبـراو بـدەن. پـاسداران دەیـانزانی کـارێکی ئـاسانیـان پیّ نـەسپێرراوە، بـەڵام هـەرگیز بـە بـیریـانـدا نـەدەهـات لـە نـاوچـەرگی پایگاکانیاندا سەرجادەیان لیّ گیرابێت. کاتێك بەخۆیاندا ڕاگەیشتن لەگەڵ ناڵەدا دوو تـانکی پێشوو بڵێسەی ئـاگریان لیّ هـەستاوە. ئیتر لە هـەر چوارلاوە گوللـەباران دەستـــی پـــیّ کـــرد و ریزی ژاژووری (.B.K.C)و دەهـا کـلاشیـنـکـۆف بـەدەست ئاوپرژێنی مەرگ دەکەن، دوو دەستەی سەر و خواری پارێزەر هـەر مـاشینێکی تر نزیك بـایـەتەوە لە کوشتارگەکە دەیاندایە دەمی گوللەوە.

پرۆفیسۆر پیران و فراولە لە ماشینێکدا بوون، هـانس و دوکتۆر شەفیعیش لە

یەکێکی تردا. تەقە هەر بەردەوام بوو. جگە لە سێ ماشینی پەرچەمدار هەرچی ترومبێل بوو پلیشایە سەریەکدا.

سەرنشینانی سێ ماشینی پەرچەمدار، لە سکی ترومبێلدا بەسەر یەکدا تێکەڵ بووبوون سەری پرۆفیسۆر و فراولە گونا بە گۆنا کەوتبوو. فراولە بەدەنگێکی لەرزۆکەوە بە پرۆفیسۆری وت:

– باش تووش هاتین. ڕەنگە خراومان بەسەر بهێنن، وانا؟

– ڕەنگە.!

– ناترسی؟

– ئەگەر بڵێم ناترسم، درۆ دەکەم، بەڵام ئەم ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر دەبێ بە تەمای لەمە خراوتریش بین.

– خراوتر دەبێ چی بێت، هەر مردنەکە نییە. وا خەریکین دەکوژرێین.

چەند دانەیەك لە سەنگەر گیرانی چەپ و ڕاستی جادە بە پارێزەوە بەرەو جادە شۆڕ بوونەوە و بە وردەکارییەوە لە تەرمی کوژراوان و بریندارا‌ن و ماشێنە سووتاوەکان نزیك بوونەوە. تەقەیەك ئاسمانی بێدەنگی دوووبارە لەرزاندەوە و بە دوایدا ریزێك کرا.

– نامەردە زەخمیمی کرد.

– دای لە کورەت؟

– نەرمەی پامە، ئەگەر هوشیار نەویاتام مکوشتەم.

– توانی ڕێ کەی؟

– توانم، وەلی ئەڕام بوەسەی، با فرە خوین لە لێم نەچوو، دوای لەهۆش چم و بمە بارتان. کەمەکێ لە کەمەربەندەکەم دادڕە و ئەڕام بوەسەی. فەلامەرز پاڵی دابووە گابەردێکەوە ئەخلیش سەخت خەریکی جەڕاندنی زامەکەی بوو.

عەلی ئەحسەن هوشیارانە لە ماشینە بەیاخدارەکان نزیك بووەوە و بە فارسی خوڕی:

– مەترسن لە ماشین بێنە دەرەوە.

پرۆفیسۆر بە پیرانی وت:

– چی دەڵێت.

– دەڵێ، وەرنە دەرەوە، مەترسن.

پرۆفیسۆر دەرگەی کردەوە. بۆنی خوێن و باروت و ئاگر و دووکەڵ چوارتەنیشتی گرتبووە خۆ، تاو ئای وتاو ئاخیش دەهاتە گوێ.

ئینجا عەلی ئەحسەن دیسانەوە نەڕاندی:

– هەرکێ زیندووە لە ماشین بێتە دەرەوە. ئەینا خراوی بەسەر دێت، بە سێ لێخوڕەوە هەشت کەسیان زیندوو بوون.

عەلی ئەحسەن وتی:

– هەر ئەوەندەن.

دوکتۆر پیران بە کوردی وەڵامی دایەوە:

– هەر ئەوەندەمان ماوین.

– بیشە ڕام سەرنشینان ماشینان ماشینگەل پەرچەم کەودار کەس لەلیان نەکوشیایە؟

دوکتۆر پیران سەیرێکی هانس و شەفیعی کرد و وەڵامی دایەوە:

– وا دیارە سەلامەتین.

– لەوە زەنیوقم ڕۆیشتوو جواب ئاغای موهەندسم چە بدایەتەوە؟ ئیرنگە فرە خاسە، هەرچی زووتر لەی ناوە دوورکەفینەوە خاسترە، ترسم کویتەر ئەڕامان هەڵفڕنن.

ئینجا هەر ماشینێك سێ چەکداری تێ خست و بۆ خۆیشی نیشتە پشتی یەکێکیانەوە، بەو دوو ماشینەکەی ڕاگەیاند بە دوایدا بێن. بە عەسکەریشی ڕاگەیاند بەپێی بەرنامە بکشێنەوە.

## ١٧

دیمەنی گڕ و گڵپەی ئاگر و دەنگی گولله و هاوار لە بیریاندا دەخولایەوە یەشتا بۆنی خوێن لە برناخداو هاوار و زیرە و زریکەی پێش مردن لە گوێیاندا دەزرینگایەوە و تێکڕا کاس و مەنگ بووبوون. جارەوبار ترپەی پەنجەکانی عەلی ئەحسەن، کە دەیدا بەسەر بازنەی سووکانی ماشینەکەدا ئەندازەی خۆشحاڵی و سەرکەوتنی وەدەردەخست. ئەو هەقی خۆی بوو شادمانانە بە پەنجە سووکان لێدان. هەرچی ئاغای موهەندیس وتبووی گەلێك باشتری ئەنجام دابوو. بێ قوربانی، بێ کەموکورتی سەرکەوتووانە بەرەو لای فەرماندەرەکەی دەگەڕایەوە. عەلی خولاسە نیو ئاوڕێکی لە دوا دایەوە و دەستی خستە سەر گۆپکەی دەندەکەو لە دانەیەکەوە خستیە سەر دانەیەکی قورستر و وتی:

– ئەڕام نیەشن ئێوە چ کارەن. مەگەر خودا بزانت چە دەردی کیشاینە تا ئیوە وەدەست هاوردینە. وە ئالی بایەت فرە ئادەم گەل موهیمی بن. ئەگەر وا نەبوونایە ئاغای موهەندس ئی قەرە سفارشتان نیەکرد. باوە یادگار ئەڕەسیاتە لوورەمانا بایەت یەك دوو گلەیەکتان بگوشیابە. نەزری وە گەردنمە.

پیران وەڵامی دایەوە:

– ئێمە هەرچی بین وا لە جەنگتاندایین. لەوە دەچێ فەرماندارەکەت بە چاکی ئێمەی ناسیبێت.

– ئاغای موهەندس ئیشیت؟

– چوزانم، موهەندسە، دوکتۆرە هەرچی هەیە.

– ڕاست کەیت. ئەو فرە شت زانت.

ماشینەکە بە لاپاڵی چیادا بە ڕێچکەیەکی تەنگ و باریکدا بەرەو خوار

لووتەکەی بە دزییەوە جارەوبار دەیدا لە زەوی. عەلی خولاسە بە هەردوو دەست بازنەی سووکانەکەی گرتبوو، پای لەسەر برێك چەسپاندبوو، تاو تاو برێکی بەردەدا و دووبارە دەیگرتەوە و تایەکانی بە زەویدا دەخشا تەنکە دووکەڵێکی دەکرد. درەختەکانی نێو چەقی دۆڵەکان وەك بنچك دەهاتنە چاو. هەور و هەڵا تا کەمەری کەژوکێوەکان هاتبوون. دانیشتوانی نێو ماشین هەریەکە بە جۆرێك دەستیان لە جەرێك، کەمەیەك گیر کردبوو.

– ئەرا ئاشوفتەویت. موهەندس لای ئیمە ئەیوت، ئەی هەمکە کاروبارە سازکەت و ئیوە لە من خاستر نەناست وە ئەلی گلە وە گلەتان نیەست.

– ڕەنگە ئاغای موهەندسی لای تۆ ئێمە و خەڵکی بە گا و گوێرەکە و کاوڕ بزانێت وا بەم چەشنەی لەگەڵماندا کرد.

عەلی ئەحسەن دای لە قاقای پێکەنین و کەنینەکەی تێکەڵ بە کۆکە بوو، ئینجا تەنگەنەفەسانە وتی:

– ئای سیگار لەعنەتی، چە وەپیم کردی.

ئینجا ڕوو بە دوکتۆر پیران وتی:

– بیلە، باوە بیلە، خەم خواردن نیەرت. تا وەی ناوە بمینیت فرە لەیە گەنتر دوینت.

– ئەتۆ نافەرمووی بۆ کوێمان دەبەیت؟

– با، فرەمان نەمەنییە بڕەسینە «لانە».

– لانە؟

– ئا، لانەی «هەڵۆ» ئاغای موهەندس وەوێ ئینتیزارمان کیشت.

گینە گینگێك هاتە گوێ. عەلی ئەحسەن (تاکی واکی)ی لە لاقەدی کردەوە و وتی:

– بگوشەم.

– منم ئەسکەر.

– ئەسکەرە، چە خەوەرە؟

– سەلامەت ڕەسینە یەکین مەنزل، تەنیا یەك گلە زەخمی دیرین.

– فرە خاسە، بیشەڕام دوشمن چە؟

– هیژدە کوشیارو، دە دوازدە گلەش زەخمدار بوون، هەروا وەجیمان هیشتن.

– چەمان دەسکەوت بییە؟

– سێ کلاشینکۆف و دوو عەدەد RPG و یەك گلە خومپارەی هەشتاد.

– ئیتر چە؟

– توای چە بووت؟ هەمین....

– یا ئەلی.

– یا ئەلی.

ماشینەکەمان بە ژێر سێبەری دارودرەختدا تێ دەپەڕی، چڵ و پەلوپۆی درەختەکان چنگیان کردبوو بە یەکدا. سێوەرێکی کرکای کرك سەری ڕێگەکەی داپۆشیبوو. تاو تاو هەتاو لە زەوی دەکەوت. ئاو بەسەر تاشە بەردەکاندا خوڕ کەفی دەکرد و دەهاتە خوارەوە پلوسکی جادەکەی دەبڕی، زۆربەی زۆری گابەردەکان توێژێکی سەوز دایانی پۆشیبوو. داربەڕووی سەدان ساڵە چەندان باوەش نەدەگەیشتە قەد و قامەتیا، جۆرێك بە زەویدا چەسپابوون لق و پەلوپۆ و گرێ گریەکانی ئالابوون بە یەکدا، داستانی سەدان ساڵیان دەگێڕایەوە. ماشینەکەمان ڕاوەستا و عەلی ئەحسەن وتی:

– ئەوەیرانەوە بایەت پیادە یا وە ولاخ بچیمن؟

بە پرۆفیسۆرم ڕاگەیاند وتی:

– تا بەرەو کوێمان ببەن، چەندە دووربێت؟

لە عەلی ئەحسەنم پرسی:

– بۆ کوێمان دەبەن و چەنێك دەبێ بە پا ڕێ کەین؟

عەلی ئەحسەن بە دەست ئیشارەتی بۆ سەرەوە کرد و وتی:

– ئەو سۆراخە تاریکە دوینی؟

سەرم بەرز کردەوە بەرەو جێگەی ئیشارەتەکەی و چاوم گرڕداو گرم دا تارماییی دەمی ئەشکەوتێکم وەدی کردو وتم:

– پێم وایە بۆ پیاوی پیر و ئافرەت سەرکەوتن ئاسان نەبێت؟ عەلی ئەحسەن نەختەکێك لا هەنیسکی خوراند و ئینجا دیسانەوە پووی کردەوە (تاکی واکی) دا هەلاو، هەلاو بە گوشم.

– گوێم لێتە، دەی.

شکارگەل ڕەسین. ولاخ ئەڕامان نیرن.

– چەند دنك.

– هەوت هەشت تایە.

– وا هەناردمان.

چکەی دڵۆپی سەر تاشە بەرد و هاژەی بایەکی نەرم و قریوەی هەڵۆیەك بە ئاسمانەوە تێکەڵ بووبوون. عەلی ئەحسەن هەر کە گوێی لە قریوەی هەڵۆکە بوو، سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و ڕوو بە دەنگەکە وتی:

– داڵگم بکەمە قوربانت ئەڕا قریوەت.

فراولە بەسەر تەتەشۆری سەرکانی توولە ڕێگەکەدا شانی دادابوو، دوور دەینواڕی. پیران بەرەو لای ڕۆیشت، دەستی بۆ نێو ئاوەکە درێژ کرد و گوێلێ ئاوی بە ڕووردا کرد و ڕوو بە فراولە دەستی تەڕی ڕاوەشاند و وتی:

– لە چی بیر دەکەیتەوە؟ فراولە لەسەرباسەنی داینشت و هەردوو بازووی خستە ژێر مەمکەکانیەوە و وتی:

– لە هیچ.

– وا دەڕوانم، ئەو هیچە بۆ خۆی شت بێت.

– ڕاست دەکەی. بیرم لەوە دەکردەوە، لەم گۆشەی دنیایەدا چ ئاسان ئینسان دەکوژرێت. سەیر لەوەشدایە کوشتنەکەشی کراوە بە شانازی و مافێکی ڕەوا بۆ

هەردوو لا، هەرچی دەکەم دیمەنی خەڵتان لە خوێنی ئینسانەکانی بەیانیم لە بەرچاو ون نابێت.

پیران لە فراولە نزیك بووەوەو لەسەرخۆ پەنجەی خستە نێو زوڵف و ئەگریجەیەوە و ئارام وتی:

– بکۆشە لە بیری کەی، خوا بکا لەوە خراوتر نەبینین کە دەیبینین!

– وا بڕوات گرتن و مردن و بڕین و گرین و هەڵدڕینمان لا ئاسان دەبێت، ئەگەر تا بە ئێستا نەبوویێت.

پرۆفیسۆر شل و شێواو شەکەت و بێ تاقەتانە بە سەخڵەتی لە کەناری کانیدا چینچکە دانیشتبوو، دەستی برد بەردێکی شڵ هەڵگەڕاوی لە کانیاو دەرهێنا، چەندان ماسی بچکۆلانە، گەوجانە تیژ دەرپەڕین و لەولاترەوە بە فیزەوە ڕاوەستان سەرسام دەیاننواڕی.

پرۆفیسۆر سەیرێکی کرد و دووبارە هاویشتیەوە نێو کانییەکە و ماسییەکان ژڵێژان و لەولاترەوە ئارامیان گرت و ئینجا پرۆفیسۆر بە دەم مژی سەبیلەوە وتی:

– لەم هەڵهەڵەی ئاسمانەدا، لەنێو ئەم تل و بەردەدا، لە خۆتان ناپرسن ئەم ماسییانە چۆن گەیشتوونەتە ئەیرا؟

تا ئەو حەلەی پرۆفیسۆر ئەم پرسیارەی نەکردبوو ئەوەی بیرم لێ نەکردبووەوە ماسی بوو. فراولەش بە بیستنی پرسیارەکەی پرۆفیسۆر ملی قیت کردەوە و گورج و گۆڵتر نواڕییە نێو کانیاوەکەدا و سێ کەسە کەوتنە لەیەکدانەوەی پەیدابوونی ماسی لەم هەزار بە هەزارەدا، تا گەیشتنە ئەو ڕایەی هێلکە ماسی بە دەنووك و پەلوپۆی پەلەوەرەوە هێنراوەتە ئەیراو لەیرەدا بووە بە ماسی.

لەسەردا گاڵە و دەنگە دەنگ هاتە گوێ، زۆری نەبرد چەندان بەدەمت ڕەشمۆی چەندان هێسریان بەدەستەوە بوو، بەرەو لامان هاتنە پێشەوە. فراولە وڕگگرانە وتی:

– من تا ئێستا سواری وڵاخ نەبوومە و دەترسم.

پرۆفیسۆر وتی:

– جا ئەمە ترسی بۆ چییە، لە پاشکۆیٚ دوکتۆر پیرانەوە سوار بە و دەست بە کەمەریەوە بگرە و دڵنیا بە هیچ ناقەومێت. من کە ترسێکم نییە و چەندان جار سواری ئەسپ و مایین بووم. نازانم بۆ پیران؟

پیران وەڵامی دایەوە:

– لە من مەترسن، من سوارم.

– نەترسین؟

– دڵنیابن.

– لە چ یانەیەکی سوارکاریدا فێریان کردوویت؟

– لە یانەی قادرئاوا.

– کەوایە، ترسەکەی فراولە بیٚ جێگەیە.

ئەوانەی نەیاندەزانی من منداڵی دییەکی لەبیرچووی شڕۆڵی پیشێلکراوی یەکێك لە ناوچەکانی کوردستانم بە ناوی(قادرئاوا) نەیاندەزانی تا هەڕەتی لاویشم لە سەهۆڵبەندانی زستانی سەقزدا بەسەربردووە و لە یانەی سروشتدا فێری سوارکاری و ململانێی ژین بووم.

ئێمە و وڵاخەکانی تر و تەواوی ئاژیڵەکان لەگەڵ یەکدا دەرو ئاشنا بووین و ڕەشەبەرازم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. چەندان جار لەسەر ڕەفتاری دڕندە خوویانەی سەر و گوێلاکی یەکترمان شکاندبوو ڕەشە تۆزکاڵێك بەزەیی لە دڵ و دەروونیدا وەدی نەدەکرا بەتایبەت لە ئاستی ئاژیڵ و وڵاخدا یەکجار بیٚ بەزەیی بوو. ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئاژێڵدا دەلوا دریٚغی نەدەکرد، دڵنیام ئەگەر بەسەر بەشەریشدا بیتوانایە هەمانی دەکرد. زوربەی شەڕەکانمان لەسەر وڵاخە بەرەڵڵا بیٚ خاوەنەکان بوو. لەزەتی لەوە دەبرد سفت و سەختی سەری زەکەری نێرەکەرە سەقەت و لە کارکەوتووەکانی دەبەست، نێرەکەر دوای ماوەیەك لە ئازاردا جێگەی بە خۆی نەدەگرت و، بە زمانی بیٚ زمانی دەهاتە لوشکەوپیشکە و پاڕانەوە، ڕەشەش بەدوایدا دەیدا لە چەپڵە و قاقا پیٚ دەکەنی، یا لەنێو بێخدا گونیانی شەتەك دەدا، یا داری دەخستە کۆمیان، لە ڕەشە بەستن بوو، لە من و یەك دووانێك

کردنەوە، هێندە وەستاکارانە گرێی دەدا جاروبار گرێکە دەبووە گرێکوێرە و بۆمان نەدەکرایەوە، بە ناچار فەنەرمان بە کار دەبرد، کاتێك میزیان بەڕەڵلا دەبوو ئامێختەی خوێن میز فوارەی دەکرد. منێك ئاگەداری دەردی کەری سەقەت و خەڵکی دەستەمۆی ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەری وڵاتەکەم بم لە پاشکۆمدا فراولە نابێت هیچ ترسێکی لێ نیشێت، بەتایبەت گەرمی و گرمۆڵەییی سنگ و بەرۆکی برپراگەی پشتیشم گەرم کاتەوە.

عەلی ئەحسەن لە پێشی وڵاخەکانەوە گەیشتە بەرەوە و وتی:

– با بچین. هەمووی چەند گوریس ڕێگەیە دوکتۆر هانسیش چەند جارێك سوارکاری کردبوو. هەموومان سواربووین، جگە لە دوکتۆر شەفیعی. هەرچی کۆشاین نەچووە ژێری سواربوون، دەیوت:

– من سوارکار نیم، بەڵام کەژوکێو پێوم و ئاشەوانیشم زۆر کردووە. ڕێگەکە چو پلیکانە بە سنگی کەمەردا دەکشا هێندە سەروژوورکەکە دەست بە یەخە بوو، وڵاخەکان سەریان لە بەروو تلەکان گیر دەکرد و پەلوپۆیان دەهاتە لەرزین و پرمە و پیشگەی ماندووبوون لە برناخیاندا دەنگی دەدایەوە.

هەڵۆکە دیسانەوە هاتبووە قریوە . عەلی ئەحسەن ڕوو بە یەکێك لە چەکدارەکان وتی:

– قەت وەی جورە نەدیمەسەی بنوربنور وەسەرمانە و چمانە خاوەن گشت ئاسمانە.

– بیلەی، هەر وەخۆی کەفت. لەی کۆکەمەرەدا نەقریونت ئەی وەکورە بقریونت. وەئەلی وەختێك قریونت گەزگەز باڵا ئەکەم.

هەناسە و دەمولێوی فراولە پڕ بە قۆقەتەی ملم دەق بە دەق گەرمی و گرمۆڵەییی سنگ و بەرۆکی پشتمی تا سەر کلکە درۆیینەکەمی گەرم کردبوون. هەردوودەستی بەسەر بەرم و موسڵدانمەوە هەڵقە کردبوو، حەز و هەوەسێکی ناوەخت ڕووی تێ کردم، وتم:

– دەزانی هاتوومەتە سەر هەوەس؟

– له بیری که، بیر له کوشتن و برینکەی بەیانی کەرەوە، هەر ئێستا دادەمرێتەوە.

– ئەگەر لە هیرۆشیما و ناگازاکیدا بم دەستت لە سەر تر هەڵەقە نەکەیت دانامرکێمەوە، خۆ گاڵتە نییە. دەزانی دەستت وەسەر چییەوەتا؟ هەردوو دەستی وەسەر سینەمەوە ئالاّند و وتی:

– وا باشە؟

– نەخێر جارانم پێ چاکتر بوو.

دوکتۆر شەفیعی کەوتبوە پێش هەمووان. چەندان کەس لە دەم ئەشکەوتەکەی سەرەوەدا ڕاوەستابوون و دەیانڕوانییە ڕێچکەی کاروانە چکۆلانەکەماندا.

پـان و پـۆڕیـی ئـەشکـەوت لـە سەد گـەزی چـوار سووچـە فـراوانـتـر بـوو. لـە قوژبنێکیەوە سەدان دڵۆپی ئاو ناریك و بێ ئاهەنگ دەچۆڕایە نێو حەوزچەیەکەوە و حەوزەکەش بە چەمەنتۆ چواردەور گیرابوو. چەندان ژووری پاك و پوختەی سەرگیراوی تێدا دروست کرابوو. ژوورەکان بەشێوەیەکی ئەورۆیی کارەبا و بۆیاخ و دەرگ و پەنجەرە و ئەوەی وا پێویستەکانی ژیان بێت تێدا بەکارهێنرابوو. قـەنـەفـە و کـورسی و مێز و تـەلـەڤـیزیـۆن و ڤـیدیـۆ لـە گۆشـەیـەکی تـرەوە چـەندان «ستول»ی لە داربەڕوو، نامەوزوون تاشراو لە پێش دیوارێکی پەردەداردا ڕێك دانرابوون. بە بیری کەسدا نەدەهات لە ئەشکەوتێکی ملیۆنەها ساڵ تەمەندا بەو شێوە بـڕازێنـرێتـەوە و ئـەو شتـومـەکـانـەی تێدا وەدی کرێت. چـەندان جـار عـەلـی ئەحسەن نێوی ئاغای موهەندسی هێنابوو، لە بیری خۆمدا ڕوخسار و قەد و قەلاّفەتێکم نابووە سەر یەکەوە و هەرچیم لە یەك دەدایەوە هێرش پیشەیی و دڵڕەقی و مۆنی و گرژی و، توند ڕەفتاری زیاتر نەمدەتوانی بەشێوەیەکی تر بیهێنمە بەرچاوم کاتێك بە زمانێکی پاك و خاوێن و بێ گرێی ئەڵمانی خۆی ناساند و خێرهاتنی لێ کردین بۆ ساتێك حەپەسام. ئەگەر بەدەمی خۆی نێوی نەوتایە، باوەڕم نەدەکرد کە ئەو باتایە، چاوی لە کەلانەی کەوە شینتر بوو. پرچی زەردی زێڕینی سەر و ڕیشی تێکەڵ گەیشتبووە سەر شانی قەد و بالاّیەکی بەرز و بڵند پارچەیەکی ڕەشی لە ناوچاوانیدا، لە پشتی سەریەوە بەستبوو. دەمانچەیەکی مشت شاخی ماگتومی «٤٤» نیکلّی بە ڕووتی خستبووە لای پشتوێنەکەی. یەك

یەك دەستی گوشین، تا گەیشتە سەر فراولە و بەرێزەوە دەستی بەرەو دەمی بر دو ماچی کرد.

کە ئاورم لە فراولە دایەوە سەرسامییەکی زووگوزەر لە ڕوویدا خەریك بوو بنی دەنایەوە بەم نیوەی ئاسمانەوە، لەنێو ئەم هەردە و بەردەڵانەدا لەم هەڵدێرگا هەزار بە هەزارەدا کوردێکی کێویلەی ملهوڕ و یاخی ڕێز و ڕەسم و ڕواڵی دوونیای پێشکەوتوو و مۆدێرنی بۆ بەجێ بهێنێت. هەر ئەو بە تەنیا نا، ئێمەش لە ڕەفتار و کرداری ناسك و لەسەرخۆی موهەندس گیرا بووبووین. تازە لە قەنەفەکاندا گیرسابووینەوە. پێشخزمەتێکی پاك و خاوێن و شیکوپیك پەپوولەی ژێر ملی بەسەر کراسە سپییەکەیەوە بریقەی دەدایەوە، لێزانانە قۆریی بلوورین و فنجانی زەڕلی و کەوچکی زێرینی لەسەر مێزەکەی ناوەڕاست دانا و، لە پێش هەمواندا بە ئینگلیزی ڕوو بە فراولە وتی:

– چای یا قاوە؟

فراولە وەڵامی دایەوە:

– قاوە.

– لەگەڵ شیردا بێ یا بێ شیر؟

– بێ شیر، تکایە.

وام دەزانی سەیرکەری نمایشنامەیەکی نووسراوم، تا بیرم لێ دەکردەوە نەمدەتوانی ئەم ئەتەکێت و ڕەسم و ڕسوومە بسەلمێنم.

کاکی موهەندیس ڕیمۆن کۆنترۆڵی گرتە دەستەوە و پەنجەی نا بەسەر دوگمەیەکدا و ئیستگای CNN هاتە سەرپەردەی تەلەڤیزیۆن، هێندەی تر سەرسامتری کردین. موهەندیس وەردەکارانە بیر و تێڕوانینەکەی ئێمەی خوێندبووەوە. لەناو مۆبیلیاکەدا نشینگای جێبەجێ کرد و ڕوو بە هەمووماان وتی:

– دەزانم سەختی و دژواری ژیانی ئەم کەژ و کێوە ناگونجێت لەگەڵ ئاوا ژیانێکدا و سەرنجی ڕاکێشاون. تێفکرینی پێ ناوێت، ڕەنگە هەمان دژواری و بێ

ئامانی ڕۆژگارم ژیانی سەختی نێو ئەم ناوچەیە یەکێك بێت لەو هۆیانەی منی خستبووە سەر ئەوەی وا تێفکرێم ئێمە لە شەڕێکی خوێناویداین، نە ڕۆژێکە و نە دووان، نـازانـیـن، چـەنـدە درێژا دەکـێشێت. لـە ئـاوەدانـیـیـەوە ڕۆژگـار دووری خستووینەتەوە. هەر نەبێت بەگوێرەی توانا با ئاوەدانی بهێنینە نزیکمانەوە. وەك پێشینانی لای ئێمە وتوویانە، بزن بۆ شەویك جێگەی خۆی خۆش دەکا، ئێمە ڕەنگە چەند ساڵێك بەم کەژ و کێوەوە بین هەتاوەکو لە دەری ئەشکەوتەوە سۆناشم لێ دروست کردووە. بتانەوێت دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

پرۆفیسۆر وتی:

– مەگەر سۆنا بتوانێت ئەم ماندوویێتییە لە لەشم دەربهێنێت و ئەوڕۆ ڕۆژێکی سەخت و خوێناویمان بردووتەسەر. ڕەنگە سۆنایەك بگاتە فریاماندا.

دوگمەیەك چەسپابوو بە لای موبیلەکەی موهەندیسەوە، دەنگی زەنگ لە دەرەوە هەڵسا، پێش خزمەتە پاك و پوختەکە هاتە ژوورەوە و ڕەپ ڕاوەستا.

موهەندیس ڕوو بە ئەو وتی:

– میوانەکانمان پێیان خۆشە سۆنایەك وەرگرن، پێت وایە ئامادە بێت؟

– جا قوربان، کەی کوژاوەتەوە؟

فراولەش هەڵی دا و وتی:

– خۆ وەڵڵا، ئەگەر بکرێت ئەمنیش حەزم لێیەتی.

موهەندیس وەڵامی دایەوە:

– بەداخەوە، سۆناکەمان بە ڕاحەتی جێگەی دوو کەسی تێدا نابێتەوە، مەگەر بترنجێنە یەك، یا دەبێ چاوەڕوان بیت، تا دوای پرۆفیسۆر.

– هەر وا دەکەم.

دوکتۆر شەفیعی نەرم و نیانی و لەسەرخۆ بوونی موهەندیسی هەڵسەنگاند، ڕوو بە موهەندیس وتی:

– بێگومان دوای ئەم هەموو فەرتەنە و کوشت و کوشتارەی ئەوڕۆ لەبەرئەوە بووە تا چۆنیەتی ژیانی خۆت و داوودەستگای سۆناو ڕابواردنی تایبەتی خۆتمان

پێ نیشان بدەیت؟ بێ شك بۆ ئەمە نییە!

موهەندیس نەختەکێك سوور هەڵگەڕایەوە و بە پەنجەیەکی پەڕۆکەی دەوری سەری نەختەکێك چەرخاند و وتی:

– ئەم پرسیارەی جەنابتە، یەکجار بێ جێگە و شوێنە، بەتایبەت بۆ تۆیەکی ئێرانی، قەینا من کوردم. خۆ منیش وەك تۆ کوردێکم و پێوەندم بە ئێرانەوەیە، ئەتۆیش کابرایەکی ئێرانیت. تۆیەك هێندە گەمژە و هیچ تیا بەسەر نەبوو بیت، وەك کاوڕە گێژە بە فەرمانی چەندان ئاخوندی ڕشکن و پیس و پۆخڵ هەستی و دانیشی و بارەگوێزت لێ نەن و خرەی لێوە نەیەت، خۆ، وەڵڵا لایەقی ڕێز و حورمەت نیت، تا بەشێوەکی تر وەڵامتم بدایەتەوە.

دوکتۆر شەفیعی ڕەنگی زەردەوە بوو، ژڵێژاوانە دەیویست وەڵامی موهەندیس بداتەوە، تێی خوڕی وتی.

– جارێك وس بە، دەمەوێت ئەوەش بزانیت، ئێمە لەسەر بیروڕا و باوەڕمان وێڵانی ئەم کەژ و کێوە بووین و سەدان ئازیزمان بە بەرچاوەوە لە دەست داوە. ئەگەر مەڕ و گا و گوێرەکەیەکی وەك جەنابتیش بکەوێتە سەخڵەتەوە، یا لەناو بڕوات، تۆزکاڵێك لە بەرنامە و پرۆگرامی ئێمە ناگۆڕێت و لە خەت و خوتووتی خۆمان لانادەین. لە داوییشدا بۆت دەرئەکەوێت جەنابتم پەلەکێشی ئەیرا کردووە، تەنیا بۆ حەمامی «سۆنا» وەرگرتن نییە و نەبووە.

دوکتۆر شەفیعی شپرزانە وتی:

جەنابی ئەندازیار، من لەو پرسیارەم مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو، خراوم لێ تێمەگە!

پڕۆفیسۆر تێ گەیشت ئەندازیار تووڕە و ئاشوفتە بووە، بەڵام نەیدەزانی بۆ چییە و لەسەر چییە، ڕووی کردە ئەندازیار و وتی:

– دەتوانم بپرسم چ باسە؟ دیارە موهەندیس لە شتێك تووڕە بووە؟

– تووڕە، کە نەبووم، بەڵام ئەم هاووڵاتیی منە هێندە گێلە، گا بە گونا دەناسێت. تا ئەم حەلە بە باشی چۆنیەتی ژیانی خۆی و وڵاتەکەی ژیرانە هەڵنەسەنگاندووە.

کابرا لەوەی ناڕەحەتە پەلەکێش ئەیرا کراوە و منیش بۆیم ڕوون کردەوە، تا کاتێك چەشنی تۆ چاوساق و خەم هەڵگری میللەت و وڵاتێك بن، بێ شك ئەو وڵاتە پێشێلکراوی ژێر سۆلی ئاخونگەل دەبێ.

فراولە ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی وتی:

– بڕۆ، سپاسی پەروەردگار کە، ئەوڕۆ دووبارە ژیایتەوە. یەشتا هەر ناشکوریت. من وا دەزانم ئەوڕۆ لەدایك بوومەتەوە.

پڕۆفیسۆر ڕوو بە دوکتۆرشەفیعی وتی:

– لە سەرەتاوە ناڕەحەتی سەرئەنجام بووم، ئێستا بەپێچەوانەوە ڕووداوی ئەوڕۆ بە فاڵی ڕۆشنایی و سەرکەوتن دێتە بەرچاوم، ئەگینا بەو بارەکەی تر بایە سەرمان تیادەچوو.

– پڕۆفیسۆر، من لە چوارچێوەی مافی خۆم وەك مرۆڤێك نەچوومەتە دەرێ، ئەگەر نیگەرانی ژیان و گیانی خۆم بم، بە کارێکی ناڕەزای نازانم.

ئاغای موهەندیس خوێنساردی و ئارامیی خۆی دووبارە بە دەست هێنایەوە و ڕوو بە پڕۆفیسۆر وتی:

– من کە هێندە دڕندەخوو نیم، ئەو مافە پێشێل کەم، بەڵام کابرایەکی خۆنەواری فەرهەنگ دیدەی وەك ئەم برادەرە، دەبوو لە پێشدا نیگەرانی وڵاتەکەی بایە تا خۆی، بۆچی ئێمە لە دواوە لەدایك بووین؟ بۆچی ئێمە حەزمان لە ژیانی ئارام و بێ دەردەسەر نییە. ڕۆژ نییە مەرگی ئازیزێکمان نەبینین، تاڵان و چەپاو و کوشتن و بڕین، گرتن و بردن و مردن لە هەر گۆشەی وڵاتەکەماندا بووە بە پیشەی ڕۆژانەی تاقمێکی خوانەناس.

سەیر لەوەدایە ڕۆژ بە ڕۆژ نموونەی ئەم کابرایە لە زۆربووندایە.

گوڕە و گرمەی فڕۆکە هاتە بەرگوێ. دانیشتوان سەرسامانە نواڕییانە یەکتردا، ئەندازیار نواڕینەکەی خۆندەوە وتی:

– نیگەرانی کەش و فشیان مەبن، هیچیان پێ ناکرێ.

پیران وتی:

– بۆمبارد‌ومان ناکەن.

– ئەی خۆ تەنها بۆ فیز نایەن. تاوتاموڵی ئەم کوردە بێچارەیە لەوە زۆرترە کە وا تێیگەیشتوون. بەدرێژاییی مێژوو گوڕوهۆڕ و ناڵەی ملهوڕانی بە خۆیەوە دیوە، تا بە ئەوڕۆیش بەرگەی گرتووە.

دوکتۆر شەفیعی ڕوو بە ئەندازیار وتی:

– جەنابی ئەندازیار گوناحە من لەسەر ئەو دەستە بژمێریت.

پڕۆفیسۆر ڕوو بە ئەندازیار:

– ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا. با جارێك سۆنایەکی لێ بکەین. پڕۆفیسۆر هەستا و فراولەش بێ تاقەتانە هەستایە سەر پا و، بە دەم باوێشك دانەوە خۆی جەڕاند و ئینجا ئارام و بە کورتە هەنگاو بەرەو لای تابلۆیەکی هەڵواسراوی سەر دیوارەکە ڕۆیشت و چاویلکەکەی پاك کردەوە و بە وردی لێی وردبووەوە. نموونەکانی تابلۆ بەشێوەیەکی هێڵ و ئەندازەیەکی ئەندازیاری داڕژابوو. قەد و قەوارەی چەند ئافرەتێکی بە دەستی پێشان دەدا. ڕەنگ ئامێزییەکی مامۆستایانەی تێدا بەکار برابوو، ڕوو بە ئەندازیار وەرگەڕایەوە، وتی:

– ئەم تابلۆیەت چۆن چۆنی وەدەست هێناوە؟

– بۆچی دەپرسی، پێت ناپەسەندە؟

– نەخێر، زۆریشم لا مەوزوونە، بەتایبەتی چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگەکانی. لەوە دەچێ دەست و پەنجەیەکی گەلێك نەرم و ڕاهاتوو کێشاویەتی ئافەرین بۆ هونەرمەندەکەی:

– زۆر سوپاست دەکەم.

– یانی دەڵێی بۆ خۆت کێشاوتە؟

موهەندیس هەستا و لە فراولە نزیك بووەوە و وتی:

– ئەگەر لات ناخۆش نەبێت ئەو ژوورەت پێ نیشان دەدەم. فراولە لەگەڵ سەیرکردنا وتی:

– کام ژوور؟

موهەندیس دەستی بۆ دەرگەیەك درێژ کرد و وەڕێ کەوت. پیران و هانس و شەفیعی هەر سێ دەیاننوارِی، موهەندیس وەرگەڕایەوە و وتی:

– ئێوەش دەتوانن بێنە ژوورەوە.

موهەندیس چرای ژووری داگیرساند لە چەند لاوە تیشکی پرۆژەکتۆر کەوتە سەر چەندان تابلۆ و پەیکەری لە دار و بەرد دروستکراو. لە سووچێکەوە سەدان کتاوی جۆراوجۆر لە قەفەسە بەندێکدا ڕیز چنرابوون، جەڕ و ئالەتی پەیکەرەسازی سومبە، چەکوش و کۆسرەو، دەسگای ڕەنگ ئامێزی و پێویستەکانی کاری هونەری دەبینرا. گالێرێکی هونەری مۆدێرن خۆی بۆ بینەر نیشان دەدا. فراولە بە تەواوی توانایەوە، لەزەت بەخشانە دەیس دەینواڕییە تابلۆکان. هەوێنی زۆربەی تابلۆکان لەش و ئەندامی ئافرەتانی بەشێوەی جۆراوجۆری هونەری وەدەردەخست. فراولەش لە تەماشا تێر نەدەبوو. شەو داهاتبوو، دالەهۆی سیحرئامێز چو گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی هەناسەی دەدا. با لە توون و دەربەند و گەلییەکانیدا دەیلووراند. گۆلی سووری شەڕ و مەینەتی دوای شڵەقان لەژێر باڵی تاریکیدا نیشتبووەوە. دەنگی پەلەوەرە لانەوازەکان تێکەڵ بە قریوەی هەلۆیەك دوور دەهاتنە گوێ و ئازا دەتوانەوە. پەردەی لاکۆشەکە هەڵدرابووەوە، بارێکی مۆدێرن بە تەواوی پێداویستییەکانیەوە، شووشەی ڕەنگاڕەنگی گەورە و بچووکی خواردنەوەی جۆراوجۆری وڵاتانی چوار گۆشەی جیهان کەوتنەدەر، ویسکی و شەراب و ڤۆدکا و شەمپاین و چەندان نەوعی لیکۆری خۆش تام و ڕەنگڕێژ شانبەشان بەسەر ڕەفەکانەوە چنرابوون. کەم و زۆر کەللەمان گەرم بووبوو. پێش خزمەت لێزانانە چاوی لە دەست و دەم و لیوانەکانمانەوە بوو، نەیدەهێشت کەس بێمژبێت.

موهەندیس دەستی بۆ پێش خزمەتەکە درێژ کرد وتی:

– ئەفراسیاو ئەهلی شەڕوشۆڕ و چەك و تفەنگ و ئەم ژیانە سەختە نییە. چاوم کردووەتەوە لە ماڵی ئێمەدا بووە، لەگەڵ ئێمەدا ژیاوە. کۆشا بەجێم بهێڵێ و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ تاران نەیتوانی. خۆ وەڵا منیش بێ ئەو گوزەرانم پێ ناکرێت. ئەوە یارمەتی داوم و دەتوانم لە ڕۆژێکدا چەند سەعاتێك لە بیگرەو

بەردەی شەڕ و دەمەقاڵە دوورم خاتەوە و ئارامش و ئاسایشێکی دەستکردم پێ دەدا.

فراولە پێکەکەی بەرەو موهەندیس بەرز کردەوە و وتی:

– بە سەلامەتیت دەخۆمەوە، بە مەرجێك لەربارەی دوکتۆر شەفیعی هیچت لە دڵا نەمێنێتەوە و زویرییەکەت فەرامۆش کەی.

– ئێوە خۆشتان بێ و ترشتان بێ، جارێك میوانی منن. منیش لە میوانی خۆم هیچ ناگرمە دڵ، بەتایبەت ئەم داوایەشی تۆ کرد بێتت! دوکتۆر شەفیعی هەستا و ئەندازیاری ماچ کرد و پرۆفیسۆریش لیوانی بەرز کردەوە و وتی:

– بە سحەتی خانەخوێکەمان دەخۆمەوە و ئومێدەوارم بە گوێرەی میوان نەوازی و ڕاستەقینەش نواڕینە ژیانی بەو ئەندازەشە لەربارەی ئێمە و کار و بەرنامەکەمان بیر کاتەوە.

هەمووان لیوانەکانیان تا دوا دڵۆپ کردبەگونجا!

١٨

– پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێت بپرسین، بۆچی ئێمەت پەلەکێشی ئەم کەژ و کێوانە کردووە؟

– ڕەنگە کاتی هاتبێت، بەڵام لە بیرتان نەچێت من ئێوەم پەلەکێش نەکردووە بگرە ئێوە بۆ خۆتان کەمەنکێشی ئەم کەژ و کێوەی لای ئێمە بوون.

– کەواتە ئاگاداری چۆنیەتیی کەمەنکێشیمانی؟

– هەر بەو ئەندازەی لێپرسراوانی سوپای پاسداران دەزانن.

برادەرانی ئێمەش لەنێو سوپا هەر بەو جۆرە ئاگەداریان کردووین. ڕاستەقینەی هاتنەکەتان بۆ چییە و لەبەر چییە؟ نازانم. هێندە دەزانم بەختتان یاربوو بەسەلامەتی کەوتنە چنگی ئێمە، ئەگینا بە گوێرەی بەرنامەی سوپای پاسداران بایە پێم وا نییە هیچتان بە سەلامەتی سەرتان وەدەربردبا.

موهەندیس هێندە بە متمانەوە دەیوت، و دەیوت، تا دەیوت گێژتری دەکردن نەیاندەزانی بترسن، نیگەران بن لە دەست بەسەری، یان یا خۆشحاڵی...

تا وتی:

– بە پێی زانیارییەك بە من گەیشتبوو ئێوە بەرەو ئەشکەوتی «کۆزەڕان» دەهاتن، ئەمەش بەبێ خوێنڕژانێکی زۆر و شەڕوشۆڕێکی خوێناوی نەدەکرا، بەتایبەت لە تەواوی چۆنیەتیی هاتنەکەتان ئاگەدار کرابووم.

پرۆفیسۆر وتی:

– یانی دەڵێیت بەو شێوەیە بهاتینایە تووشی شەڕ دەبووین؟

– نەك شەڕ بەتەنیا، تاکتان بە سەلامەت دەرنەدەچوون. دەزانیت ئەو ئەشکەوتە کەوتووەتە کوێوە؟

پرۆفیسۆر دەستی بەسەر ڕیشە بزنییەکەی داهێنا و وتی:

– دەزانم لە ناوچەی داڵەهۆدایە، لە کوێیە، نازانم.

– ئەگەر چۆنیەتیی بارودۆخی ئەم ناوچەتانە بزانیایە، وا بەو شێوە خۆتان نەدەخستە تەهلوکەی مەرگ و ژیانەوە.

– ئەی خۆ پاسداران دەیانزانی؟

– بە باشی، بەڵام دیارە کوشتنی ئێوەمانانیان لا بێ نرخ بووە و ڕەنگە وایان زانیبێت بیشتوانن بەهرەیەکی پڕۆپاگەندەشی لێ وەردەگرن، ئەگینا ئێوەیان بەرەو مردن هەناردبوو، بە گورگان خواردنیان داون.

– بەم شێوە دڵڕەقانە؟

– بۆ ئەوان لەم ئاشوفتە بازاڕەدا چوار بێگانە لەناو بڕوات چەرخ چەمەر ناکرێت و دەیانکردە بەڵگەیەکی سیاسیش دژی ئێمە و بە دز و جەردە و پیاوکوژ دەیانداین لە قەڵەم. ئەوان هێندە گێل نەبوون بیری هەموو لایەکیان کردبووەوە و هەموو بارودۆخێکیان هۆندبووەوە، تەنیا جادەگرتنی ئێمەیان لەو جێگەدا بە بیردا نەهاتبوو.

– یانی دەڵێیت ژیانی ئێمە هێندە بەسەر شاخی شەیتانەوە بووەو بەخۆمان نەزانیوە؟

– زۆرتر لەوەی تێیدەفکرێن، بۆ زانینتان ئەشکەوتی «کۆزەڕان» سەعاتە ڕێگەیەك بەسەر ئەم ئەشکەوتەوەیە کە تێیداین. وەك من بزانم دەیانویست بە چەندین کۆپتەرەوە دابەزنە خوارەوە. وەك وتم یەك کەستان بە سەلامەت دەرنەدەچوو. جا لەیرەدا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، چ وەستاکارانە لە مردنێکی بێ ئەملاولا ڕزگارم کردوون.

فراولە ڕوو بە دوکتۆر شەفیعی ئاشوفتانە وتی:

– یانی دەڵێیت تۆیش لەم بەرنامە بێ ئاگایت؟

– شەفیعی هێشتا لە گێژوویژیی خۆیدا، هەستا و وتی:

– جا ئەمە پرسیاری دەوێت؟

موهەندیس قسەی دوکتۆر شەفیعیی بڕی و وتی:

– دانیشە دوکتۆر هیچ پێویست بە ڕوونکردنەوەی تۆ نییە بێگومان تۆ بێ خەبەری. سەدانی وەك تۆیش بە کوشت بدرێت، بەلایانەوە نرخ و بەهای قڕانێکی نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناسەلمێنێت بێ گوناح بیت.

– یانی گوناکارم.

– تاوانباریت لەوەدایە بۆچی نەزانیت لە وڵاتەکەدا چی دەگوزەرێت و چەندی بە چەندەو سەردەمدارانی تاران ئەم وڵاتەیان بەرەو کوێ ڕاندووە! ئاخۆ ئەمە بە تاوان نازانیت؟

– تا ڕادەیەك ئاگەداری چۆنیەتیی فەرمانڕەواییی سەردەمدارانی وڵات هەم، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت نەمدەزانی تاقم و دەستەی چەکداری وا ڕێکوپێك و سازندە پێك هاتبێ و ئاوا گەرایان دانابێ؟!. پرۆفیسۆر نەختەکێك ڕوو و ڕوخساری کرایەوەو ڕوو بە ئەندازیار وتی:

– دەتوانم پێکێك شەرابی سپی بخۆمەوە؟

ئەندازیار بە دەنگ ئافراسیاوی بانگ کرد. ئەویش وەك هەموو کات بە هەنگاوی ڕێك و مەوزوونەوە چو ڕۆبۆت و بووکەڵەی قورمیشکراو لە بەردەستی ئەندازیاردا ڕاوەستا.

ئەندازیار پەنجەی بۆ پرۆفیسۆر درێژ کرد و وتی:

– جەنابی پرۆفیسۆر حەزی لە شەرابی سپییە.

ئەفراسیاو لە کاتێکدا هەردوو لەپی بە یەکدا دەهەسواند بە پرۆفیسۆری وت.

– ئەگەر مەیلت لە شەرابی سپی بێت پێشنیاز دەکەم هی وڵاتی خۆتان بخۆیتەوە چاکتر بیت، بەتایبەت شەرابی ناوچەی گارمش. بۆ ئاگەداری هەر لە شەوەوە ڕچاندوومە ئامادەیە.

چەکدارێك هاتە ژوورەوە، ڕوو بە ئەندازیار وتی:

– کاك قوباد گەیشتە هێلانە، دەیەوێت بێتە ژوورەوە؟

– با بفەرموێت.

ئافراسیاو چەند دڵۆپێکی شەرابی سپی بۆ پرۆفیسۆر رژاندە نێو لیوانەکەیەوە و بوتڵ بەدەست راوەستا و لێوانی بەرەو زاری برد و قومێکی لێ دا و لەنێو دەمیا رای دا و نەختەکێك ئەملاولای پێ کرد و تامی دایەوە و قووتی دا و ئینجا روو بە ئەفراسیاو سەری لەرزاندەوە و وتی:

– نایابە، نایاب.

ئافراسیاو لیوانی بۆ لێوان لێو کرد و پرۆفیسۆر پڕ بە دەم مژێکی لە شەراب دا و ئینجا روو بە ئەندازیار وتی:

– فەرمووت ئێمە لە ئەشکەوتی«کۆزەڕان»ەوە سەعاتە رێگەیەك دوورین سەعاتە رێگەیەکی ئۆتۆمۆبێل، فڕۆکە، چی؟

– نەخێر، سەعاتە رێگەیەك بە ولاخ یان بە پێیان.

– کەواتە زۆر نزیکە.

– وەك عەرزم کردیت.

– جا کەی دەتوانین ئەم ئەشکەوتەمان چاو پێ کەوێ؟

– هەر کاتێك دەڵێن.

– سبەی دەتوانین؟

– بەڵێ، دەتوانن.

پرۆفیسۆر هەستایە سەر پا و وتی:

– بەم بۆنەیەوە خواردنەوە رەنگە لە جێگەی خۆیدا بێت. ئەندازیار دووبارە ئەفراسیاوی بانگ کرد و لیوانی هەمووانی پڕ کرد و بە سەرکەوتن خورایەوە.

کاك قوباد هاتە خوارەوە، پێکێکیان بۆ ئەویش پڕ کرد و، ئەندازیار روو بە قوباد وتی:

– ئیشەڵڵا خێرە، وا بێ بەرنامە و لەپڕ هاتوویت؟

– لە بەرات عەلییەوە هەواڵێکم پێ گەیشتووە، دەڵێت، دووسبەی هێزێکی دوو هەزار کەسە هێرش دەبەنە سەر ناوچەی (قوچی واچی) و بەپێی ئەو زانیارییانەی لایانە دەزانن ئەو ناوچەیە هێزێکی چەکداری ئەوتۆی خۆمانی تێدا نییە، جا خۆیان خڕهەڵداوە بۆ تالآن و چەپاوێکی فراوان. ئەمەش نامەکەیەتی.

ئەندازیار نامەی لێ وەرگرت و خوێندیەوە و لەسەرخۆ مژێکی لە شەرابەکەی دا و ڕوو بە قوباد وتی:

– تۆ دەڵێی چی؟

– دەڵێم، ئەگەر بمانەوێت دەتوانین دەستێکی باشیان لێ بوەشێنین. ئەو جێگەی بۆی دێن تەڵەگایە و قەتڵگا.

– وا بزانم، هێزی زۆریان بۆ ئامادە کەین لە سوودمان بێت.

– منیش هەروا تێدەفکرێم، جێگەکە هێزی زۆر هەڵناگرێت، بەڵام چەك و تەقەمەنیی باشی دەوێت.

قوباد هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە و ئەندازیار ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، کارێکی زۆر پێویستمان بۆ پێش هاتووە. دوو سێ ڕۆژێك دەخایەنێت. جا بە ناچاری بەرنامەی ئەشکەوت دەخەینە دوای گەڕانەوەم.

فراولە وتی:

– دەتوانم بپرسم بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئەندازیار بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– بۆ سەمای ڤاڵس.. نایەی؟

– بە ڕاستی...؟

– ئەی خۆ بە گاڵتەشم نییە.

## ١٩

– دوای ئەم بەرنامەیە دەتوانی وچانێکی یەك مانگەی حساوی بدەی.

– ئایای، یەك مانگ!

– بۆ، کەمە؟

– نا، زۆریشە، بەڵام دەترسم لە گەڕانەوەمدا دایەرەی گوزەرنامە و نیشتەجێ دیسان گرفتاریم بۆ دروست کەن، گۆبەنم بۆ مەنێرەوە.

– تۆ کە پەساپۆرتەکەت بێ غەلوغەشە، تازە بە پەنابەرێکی سیاسیش دراوی لە قەڵەم، دەبێ لە چی بترسیت؟

– ترس، کە دەزانی ناترسم، بەڵام ئەم نوارینە پڕ لە گومان و بێ پایانانەی کە دەنوارنە ئێمەماناندا بە تەواوی ماندووی کردووم و بێز لە خۆم دەکەمەوە.

– خۆمانین، ڕەنگە حەقیان بێت هێندە بێ کارە و نانکوژ و بەزیوو درۆزنیان لێ گلێر بووەتەوە، بوونەتە شوورەیی و هەتك بۆ لێقەوماوە ڕاستەقینەکان، من تۆبم، تۆ وەك من دەکەی.

– بمتوانیایە دەمکرد، حەیف وەك تۆ نیم، دووچاری گرفتارییەکانی ئەفسانەم.

– کورە خۆ وەڵڵا ئەفسانەش حەقیەتی، ئەورووپا لە کوێیە و نێو ئەم تل و دەوەنە لە کوێ؟

– ئەردەشێر، ئێمەش هەقمانە، ئێمەش ئەم خاك و خەڵکەش هەقی لە ئەستۆمانە، ناکرێت خۆمانی لێ بخڵەفێنین.

– خۆ ڕاست دەکەی، ئەگەر خەڵکەکە وەك من و تۆ فکریان کردبا، هەی هووو... تۆ ئەم جارە بڕۆرەوە، هاتیتەوە، بیری قووڵتری لێ دەکەینەوە. خۆ هەر نەبێت

دەکرێ لە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی ئەمدیوا سەقامگیر کرێن.

گژە گژی (تاکی واکی) هاتە گوێ، موهەندیس پێچەکەی بادا و، ختیە لای گوێیەوە، وتی:

– وا بەراییان لە من ڕەت بووە و لووتیان لە دەربەند ناوە و تانکی یەکەم لە دابڕاوی دەربەنددا نوقم بوو.

– تێکڕا چەند تانگ دەبن؟

– تانگ شەش و زری پۆشیش دە دانەن.

– ئەی نەفەربەر؟

– جگە لە تانگ و زری پۆش چل ماشین دەبن.

– هیچ دەنگتان دەرنەیەت و خۆتانیش وەدەرنەخەن. بەشی ئێوە لە گەڕانەوەیاندایە. بە (کەمەرخان)یش ڕاگەیەنە خۆی و دەستەکەی خودسەری نەکاو تامول کا و بەگوێرەی بەرنامە بجوولێتەوە. خەتا قبوول ناکەم. تێ گەیشتیت؟

– بەڵێ قوربان.

– بە دوعا.

– بەدوعا.

موهەندیس ڕوو بە قوباد وتی...

گولجانپورم بۆ پەیداکە.

– لە سەر خەتە.

– گۆلك چۆنی؟

– لە سایەی سەرکارەوە خاسم.

– ئامادەیت؟

– چ جۆر ئاغا؟

– خۆ دێکانت چۆڵ نەکردووە؟

– ژنوزاچرا، وەلی چەند سەر ڕێیەن و گاو گوێلك ئەڕا بەرنامە هێشتمەتەوە.

– خومپارە ئاوێژان ئامادەن و بە پێی بەرنامە دامەزراون؟

– چو فەرموودە.

– ئەی شکارچییانی تانگ چی؟

– کەمی تر دەنگ دەستیان شنەفیت وەل باوەیادگارە دۆڵ (قۆچی واچی) ئەمڕۆ کەینە گۆڕیان یە دانەیان سەرسەلامەت وەدەرنێوەن.

– دەرناوەن، نایوەن، بەڵام نامەوێت هیچ کەس بێ بەرنامە بجووڵێتەوە ئەگینا سزای دەدەم.

– خاترجەم بە چو فەرمووت کەین.

هاژەی زنجیری تانگەکان بەسەر تاوێر و تاشە بەرد و تل و دەوەندا لەدەربەندا ئاسمانی هەژاندبووە سەریەکدا، پەلەوەری نیو داقڵیشاو و مەڕ و وردە ئەشکەوتی سەنگە داتاشراوەکانی نێو دەربەند بەسەر هێلانەکانیانەوە باڵی ناڕەزایەتییان لە ئاسمانی بێ دەرەتانی ناوچەی (قوچی واچی)دا دەکوتا. گاوگۆرەکەی بەرەڵڵاو ترساو تاوێك بۆی دەردەچوون و نیو ئاوڕ هەڵدەستانەوە و ترساوانە زرمە و گرمەی تانگ و زرێپۆشیان تواشا دەکرد. نزیکی دێ بووبوونەوە مریشك و کەڵەشێری سەرسرکەوان ژڵێژاوانە چینەیان دەکرد، چەند قاز و سۆنە و مراوییەك ملیان درێژ کردبووەوە ناڕازییانە دەیانقیژاند. یەك دوو نێرەکەر بەدەم سەرە سەرەوە پڕتاو و ترساو بۆی دەرچوون. تانگ و زرێپۆشەکان ئابلۆوقەی دێیان دا و هەریەکەیان لوولەی تۆپ و مەترەلۆزەکەیان ئاواڵەی شوێنێك کرد، فەرماندەری بە دەبدەبە و فیشاڵەوە دابەزی و وەروەری لاقەدی ڕینگۆیانە شل و شێواو بەسەر ڕانیدا لە هەنگاودا دەلەرزییەوە، دەڵەدزو لاشەخۆر و شرەخۆرانی پاسدار و بەسیج لە دێدا بڵاو بووبوونەوە، هەریەکە شتێکی بە دەستەوە بوو. مەوج و بەرەو بێژنگ و تەورداس و قازان و سنووق و دەرگەی لە گێژنگە دەرکراو.

چەند کەسێك گورز و بن مێخان کەوتبوونە دوای گاوگوێرەکەو قاز و سۆنەی

ناو دێ نەیانگردبان دەیان کوشتن.

ئاگر بەردرابووە دێ. دووکەڵ تەنوورەیان بەست و پەیامی دز و درۆزنانی خاوەن دروشمیان گەیاندە ئاسمان.

هەروا دەمنواڕی و تێدەفکرام، مێژوو چ بێ ڕەسم و بێ بەزەییە. ئەم کوردە بێچارە چ لە خۆڕا لەمێژەوە بە دز و ملهوڕ و گەردەنەگیر دراوە لە قەڵەم و چ بە ئاسانیش چەپاو و تالآن و کوشتن و بڕینیان پێ ڕەوا بینراوە. کام جانەوەر وا بێ ڕەحمانە ئاژەوێران دەکرێت؟ خەریك بووم خۆم پێ ڕانەگیرێ پێش هەمووان تاقەت نەگرم و بەرنامەی داڕژاو بشێوێنم. هێندە لێوم گەزی خوێن لەتوێی دانەکانمەوە ڕیشی سوور کردم، فرمێسکی چاوانم سەرالێژ بووبوو، قوباد لەسەرخۆ دەستی خستە سەر شانم و وتی:

– کاکە تامۆڵ کە تامۆڵ، ئەم جۆرە زوڵم و زۆرانە بەلاتەوە شتێکی تازەکی نییە، حەوسەڵەت هەبێت.

– ببوورە، ئاگام لە خۆم نەما. چی بکەم، ئاخر ئێمەش خۆ بەشەرین، خۆ کەروێشکی ئازمونی نێو ئازمایشگاکە نین، دەنواڕی چی دەکەن؟

– ئا، جوان چاوم لێیانە، ئەم بەزمە تەمەنی لە دوو هەزار ساڵ درێژترە، لێیان گەڕێ با چەندان دێی دی بسووتێنن و تالآن کەن و باریان قورس بێت و مەیت و ماندوو بگەڕێنەوە ئەو حەلە دەست لە دەست و هێزیش لە خوا.

– دەترسم چۆڵیی دێکان بیانخاتە گومانەوە؟

گەلێك سەرمەست و مەغروورانە هاتوون، خۆیان بە ئاوا بیروڕایەکی تورەهاتەوە ماندوو ناکەن، دەڵێی بۆ سەیران هاتوون.

تانگەکان جاروبار ڕیزێکی ڕەشاشی قورسیان، شەلم کوێرم بەرەو نێو دەربەند دەکرد و تا دەچوو دەنگی دەدایەوە.

لە هەردوو لای دەربەنددا دامەزرابووین. بەپێی بەرنامە دەبوو لە چرکەی یەکەمدا دەست لە تانگ و زرێپۆشەکان بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە چل کوڕی RPG بە دەستی چالاك و زرنگ و تاقیکراوەم هەڵبژاردبوو. جێگەکە هێندە لێزانانە

هەڵبژێررابوو، ئەگەر تانگی یەکەم و دوا تانگ پێکەوە لێ بدرێت قەتار خۆبەخۆ لە جموجووڵ دەکەوتن و دۆڵ دەبووە گۆڕستانێکی تێکڕایان. ترسم لەوە هەبوو لە جێگەی ناوبراودا دوو تانگی پاش و پێش لێ نەدرێت، با وەك دڵنیاش بووم، هەر دەترسام. پۆپەی چیاکان کەوتبوونە ملەقوتە لەگەڵ تیشکی هەتاودا، ڕۆژ شکابوو. ئاوی نێو دۆڵ لە بازێك لای دەربەنددا گۆم گۆم و گۆڵ گۆڵ، پچڕ پچڕ بریقەیان دەدایەوە. بۆنی سووتانی دێیەکانی دوور و نزیك پۆدرەی ڕوو ڕەشی زەمانی دەدا لە ڕووی ملهوڕانی تازە پێکەوتوودا. قەتاری شەڕ و تالان قورستر و لەسەرخۆتر گەڕانەوە. سەر و شاخی چەندان گا و گوێرەکە لە زیلە سەربازییەکاندا دەبینرا. نێرەکەری ترساوی نێو ماشێنەکەنیان سەرەیان دەهاتە گوێ.

تانگی پێش قەتار گەیشتبووە تەنگەبەری یەشتا بە تەواوی تێ نەپەڕیبوو نالەی چەند RPG دەربەندی هەژاندە یەکدا. تانگ چو قۆلانجەی گووگلێن پلیشابووەوە. نەك تەنیا تانگی پاش بگرە تەواوی تانگ و زرێ پۆشەکان لە یەك ساتدا گڕوگڵپەیان لێ هەستاو تەقینەوە ئیتر ڕێگەی پاش و پێش وەك یەك گیرا. ئێمەش لە هەرچوار لاوە ئاگربارانی خومپارەو برنەو و کلاشینکۆف و تەقەمەنی ترمان دەست پێ کرد. کوشتار دەکرا، کوشتار... هەستابوو، سەرپا هێرشەکەم دەبردە ڕێگەوە. لەپڕ شانم چزەی لێ هەستا. چۆخەکەم سوور بووبوو لە خوێنا، دەستم جووڵانەوە، زانیم پێشەی نەگرتووە، بە قوبادم وت:

– وەرە زامەکەم بۆ ببەستە، نامەوێت کەس بزانێت پێکیاوم. قوباد فیشەکلغی شانی کردمەوە، زامەکەم، زامێکی وا نەبوو نیگەرانم کا. لەوە دەترسام خوێنێکی لێ بڕوا و بێ خوێنی پەرێشانم کا.

قوباد بۆی بەستم. تاو تاو لەگەڵ سەردەستەکاندا بە بێ سیم دەدوام جموجووڵ لە دەربەنددا کەم بووبووەوە. گڕو ئاگر و دووکەڵ و جارەوباریش تەقینەوەی فیشەك و گوللە تۆپی نێو ئاگر دەبیسرا و تێکەڵی هاوار و پاڕانەوەی پاشماوەی بەدیل گیراوانی قەتار دەبوو.

## ٢٠

– تۆ بڵێی برینداربوونی ئەردەشێرخان کۆڕەکەمان بە دواخا؟

– وا نازانم. تازە زامەکەشی زامێکی وا قووڵ و سەخت نییە. ڕەنگە بۆ خۆیشی بەشداری کا. ئەگەر بیپەرژێت!

– ڕاستی نەتوت، کێ و کێ باس و وتاریان هەیە؟

– تا ئێستا چوار کەسن. دوکتۆر پیرئامان و مامۆستا ڕەنجبەر و جەنابت و ئاغای رەمزی.

– ئەی دەعوەتتان لە کۆمەڵگەکانی تر نەکردووە بۆ بەشداری؟

– با، بەڵام پێم وا نییە بەشداری کەن، بەتایبەت دوای ئەو هەواڵەی پێم گەیشتووە.

– کام هەواڵ؟

– دەڵێن دوێنێ شەو تاقمێك لە برادەرانی ئەو لامان ئابلووقەی کاك کوردۆیان داوە و ئەویش نەیویستووە بەشەڕبێت، چەکەکانی پێ سپاردوون.

– کورە نەڵێی؟

– با.

– کەس نەکوژراوە؟

– دیارە کاك کوردۆ تەسلیمی لە شەڕ لا باشتر بووە.

– کەس نەکوژرابێت چاری دەکرێت.

– کاکە قوباد دەکرێ، دەکرێ، بەڵام بە خوا بە خوا ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا.

– خۆ وەڵڵا زۆر دەست لە کاردایە و دەیانەوێ لە جێگەیەکەوە دەست پێ بکرێ.

ئەمەش هەر بە سوودی ئاخوندگەلی تاران تەواو دەبێ. من تا بتوانم نایەڵم و هەرچیم لەدەست بێ بۆ نەقەومان کۆتایی ناکەم.

– جا کاك قوباد، جگە لە بێ فەرهەنگان و پێوەندداران نەبێت کێ براکوژیی پێ چاکە؟

– ئەم کردارە لە برادەرانی لای ژوورمانەوە دوورە و نەگونجاوە، ئەوان بەلای خۆیانەوە براگەورەن و کراسێکیان لە ئێمە زۆرتر دڕیوە ئەمڕۆکە کەی کاتی ئاژاوە خولقاندنە و دەست بەیەخەبوونە. ئەویش لەگەڵ یەکدا!

– وەك فەرمووت دەمێکە دەیانەوێ بقەومێت. زۆر کەس هەن سوودیان لە قەومانە، بۆیە هەر خەریکن.

– بەهەرحاڵ، خوابەخێری کا. من دەڕۆمەوە بۆ لای موهەندیس.

– لە بیرم نەبوو. شاوازی سەر پەلیش هاتووە؟

– شاواز؟

– بەڵێ شاواز!

– دەبێت شتێك ڕووی دابێت، ئەگینا ئەوێی بەجێ نەدەهێڵا با بێتە ژوورەوە.

کاك ڕەوا لەناو دەرگای ژوورەکەدا ڕاوەستا و دوو سێ جار بانگی کرد:

– شاواز، شاواز!

شاواز فەرەنجییەکی سەر بە باڵای لەبەردا بوو، سەرشانەکانی چو کلکی ئەسپ بەسەر قۆڵیدا شۆڕ بووبووەوە، بەسەر فەرەنجییەکەیەوە چەندان شانەی کلاشینکۆفی لە خۆدا جەڕاندبوو، فەرەنجییەکەی لە پاینەوە دڵۆپەی ئاوی لێ دەچۆڕا، سەر و ملی هەڵ پێچابوو.

– ها، شاواز، چییە، خوا بەد نەدا؟!

– کاکە برا، خۆ وەڵڵا دایەسەی.

– خوانەکا، ئا بڵێ چی بووە؟

– ئەمڕۆکە هەر وەسۆ وە شەش گلە کۆپتەرەوە ئاواییی« کەوسوار» پیادە بینە و

تەواو خانەکانیان سووزاند و کردنەی قەرەبرووت.

– ئیتر چی؟

– کاکەمیشیان وەگەرد خۆیانا برد و وەوئاسمانەوە بەری داینەسە خوارەوە.

– ئەی دادی بیّ داد. ئەی چۆن وا غافڵگیر کراون؟

– پیرەمێردێکی  چو کاکەم ئەڕا لە خۆی بترست و زەنویقەی بچت؟ ئەو هەر خەریك پەز و ڕیەن بووە، کاری وەی مەرافانە نەوییە.

– بەهەرحاڵ خۆت خۆش. ئەمانە شەڕی نامەردی دەکەن. هەستە با بڕۆین بۆ لای موهەندیس.

ئاسمان و دەرودەشت و دار و درەخت لەژێر هەتاوێکی زستانەدا پرشەی لێوە دەهات. شەو باران هەموو لایەکی شۆردبۆوە. چەندان کەپە نەکە داڵ بە هەڵهەڵەی ئاسمانەوە لە بازنەیەکدا دەخولانەوە. پەڕ و شاباڵە تەڕبووەکانیان دەدایە تیشکی هەتاو. درەختە «دایە گیان» بەربڵاوانە پەلوپۆی کوتابوو گڵای چڵە ناسك و کۆرپەکانی بە دەم شنەی باوە هاتبوونە نەرمە سەما. دایەگیان لە کولانەکەی هاتبووە دەریّ و بەرگە تەڕبووەکانی دەدایە هەتاو. هەر کە ئێمەی دی  وەك هەمیشە، دوو سیّ جار نالاّندی:

– دایە گیان، ئای دایە گیان!

کە ڕۆیشتم بە ژووردا وام دەزانی موهەندیس دەبیّ لە جێگەدابیّ، بەڵام وەك هەموو کات بەسەر تاکە قەنەفەکەوە دانیشتبوو، دەستی ڕاستی بە بەرۆکەوە هەڵواسرابوو. بێگانەکانیش ڕێك و ڕیز و ڕاحەت هەر یەکە بە  شتێکەوە خۆیان خەریك کردبوو، بە دەم پێکەنینەوە وتم:

– خۆ وەڵڵا ڕەنگە منیش لام ناخۆش نەبێت بەم شێوە دیل بم. موهەندیس قاقا پێکەنی و قسەکەی منی بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش بە پێکەنینەکەیان  وا دەردەکەوت زۆر لە یەخسیربوونیان نیگەران و ناڕازی نەبن. ئینجا موهەندیس ڕوو بە من وتی:

– ترسم لی نیشتووە، دەترسم ئەوان من دیل کەن بۆ تاوێك لە وتەکەی

موهەندیس تێ نەگەیشتم، هەروا تێدەفکرام، تاسەر و زوڵف و لاگەردنی مامز ئاسای ئافرەتە دانیشتووەکەم وەدی کرد و ئینجا وتی:

– ئا، هەڵت هێناوە. ئەگەر دەست و پەنجەی فریشتە ئاسای ئەو نەبووایە و تیماری نەکردمایە، زامەکەم دەیخستم، وا دەمبینی چەندە سەرحاڵم هی ئەو پەنجە سیحراوییانەیە، وەك دەشزانی تا بە ئەورۆ لەم کوشت و کوشتارەدا بیرم لە ئافرەت نەکردووەتەوە، بەڵام ئەم ژنە شتێکی سەیرە ژیلەمۆی دەروونمی گڕ تێ بەرداوە.

– نەکەی موهەندیس، ئامان کاتی ئەوەمان نییە.

– وەك دەزانی ئەم جۆرە هەستانە ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە کات و بەسەرهاتە. منیش بەشەرێکم وەك هەر ئینسانێك. حەز لێکردن تاوان نییە.

– حەز لێکردن تاوان نییە، بەڵام خەڵکی بە چاوێکی تر تێت دەڕوانن زۆر شتت لەسەر حسێو دەکەن.

– ڕاست دەکەی، بەڵام خوایش با بێتە هانامەوە. بە خوا بە خوا کاتێك برینەکەی تیمار دەکردم مووچڕکەیەکی ئەفسووناوی سەرتاسەری لەشی دادەگرتم.

– ئەردەشێر، دیارە خراو تامەزرۆیت.

– نەبەخوا، ئەمەی لە خۆمدا دەیبینم نابێت هەر تامەزرۆیی بێت. شتێکی سەیر لەم ئافرەتەدایە. ڕەهێڵە ئاسا دای گرتووم و دەستی ناوەتە بینم.

– قوربانت بم، ددان بەسەر جەرگتا بنە و خۆ ڕاگرە، هەر نەبێت جارێك تامۆڵ کە، ئێمە بەبێ هیچ چەندان بۆقی ناڕەوایان بۆ خستووینەتە گڕ، ئێستا بێ و کەرەستەی واشیان وەچنگ کەوێ.

– جا من کەی گوێم بەم قسەقۆڕانە داوە، تا ئێستا بیدەم.

– شەوانی تاران و ئەوسا لەگەڵ ئەمڕۆدا گەلێك جیاوازە، چواردەورمان پڕە لە دۆست و دوژمن.

– ئەرێ تۆ باوەڕت بە جادوو هەیە؟

– جادوو؟

– باوەڕ بکە توانا و تامولّی لیّ بڕیوم. وەك دەزانم چەندە ئاگاداری ڕەگەزی ئافرەتم، بەڵام ئەمەیان سەیرە سەیر، تەلیسمە، چوزانم سیحرە، هەر خراو وەگیری هێناوم.

فراولە کتاوەکەی سەرکۆشی خستەلاوە و هەستایە سەرپا و بەرەو ئەشکەوت رۆیشت و دیسانەوە گەڕایەوە ڕوو بە ئەردەشێر وتی:

– ڕۆژ و هەتاوێکی گەلێك شیرینە نازانم دەتوانم لەم دەوروبەرەدا پیاسەیەکی بۆ بکەم؟ ئاخر وەك دەزانی ئێمە ئەسیری تۆین.

ئەردەشێر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– لاتان خۆش بێت هەر ئەورۆ بەرەو شارێکی ژێر دەستی ئاخونەکان بە ڕێتان دەکەمەوە...

پڕۆفیسۆر وەڵامی دایەوە:

– جارێك نەگەیشتووینە ئەو باوەڕە، هەر کە پێی گەیشتین پێت ڕادەگەیەنین.

– دوکتۆر شەفیعیش وا تێدەفکرێت.

شەفیعی پەنجەی خستە ناو قژییەوە و وتی:

– لە سەرەتاوە ترسم لیّ نیشتبوو، ئێستا جۆرێکی تر بیر دەکەمەوە.

ئینجا ئەردەشێر بە فراولەی وت!

– ئەسیرخانم ئەگەر بتەوێت بۆ خۆم هاوڕاییت دەکەم.

– زۆریشم لاخۆشە، بەڵام دەترسم برینەکەت بکولێتەوە.

– ئەو ترسەت نەبێت.

– ئەردەشێر و فراولە لە ئەشکەوت چوونەدەرەوە.

دوکتۆر پیران ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– وا دەزانی ئەیرامان لای ئەوان باشتر بێت؟

– دوکتۆر، باشتر لە چیدایە؟ ئێمە بە دوای کاروبارێکدا وێڵ و سەرگەردان بووین. ئەو کارەش ئەوەتا لەو سەرەوەمانەوەیە مەگەر عەقڵمان لە دەست دابێ لێی دوورکەوینەوە.

– ئەمە دوای چی؟

– دوای چی؟

– ڕازی زێڕینمان وەدەست هێنا، ئەو حەلە چیمان بەسەر دێت؟

– ئەوی ڕاستی بێت بیرم لەوەی نەکردووەتەوە. با ئێمە بگەینە ڕازی زێڕین، ئەو کاتە خوا کەریمە. تازە لە تۆیش داواکارم وەك نێرینەیەك بیر نەکەیتەوە. ڕەنگ و ڕواڵەتت ئاسایی وەدی ناکەم. زۆری لێك مەدەرەوە. ئەوەی بیەوێ ڕووبدا دەیدا. کاتێك ڕووی دا ئەو وەختە بۆی نیگەران بە، یا ئەگەر بتوانی هەر بۆی مەبە.

هانس هاتە نێوانەوە و وتی:

– دوکتۆر پیران لە خۆڕا ئاشوفتە بووە. فراولە هەرچی لاخۆش بێت و پێی چاك بێت کردوویەتی و دەشیکا. جا بە ڕەوای نازانم شەرقییانە بیر کاتەوە، واش دەزانم پێکێکی مارتینی باشتر بمان هێنێتەوە سەرحاڵ.

پیران بە دەنگ وتی:

– ئافراسیاو. کاك ئافراسیاو!

کاك ئافراسیاو بە هەنگاوی ژمێراوە هاتە ژوورەوە پرسی:

– ئەمرێکتان هەبوو؟

پیران پەنجەی بۆ پرۆفیسۆر درێژ کرد و وتی:

– دوومارتینی.

– ئەی بۆ خۆت ناخۆیتەوە؟

– با، پێکێکی خەس و خۆلی وێسکیم دەوێ، باکەرخبم. پیران هەوا و هەناسەی فراولەی دەناسی و دەیزانی مەیل و مەرامی بەرەو موهەندیس کەوتووەتە گڕ و جموجووڵ و هەر بەو ئەندازەشە نارەحەتی لە دەروونیدا پەرەی دەسەند و هیچیشی

وەدەرنەدەخست، ئەگەرچی ڕەنگ و ڕووی گویای ئازارەکانی بوو.

دوکتۆر شەفیعی ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– موهەندیس لەوە دەڕوا زۆر گوێی لە برینەکەی نەبێ. داخۆ کەی دەمانباتە سەر ئەشکەوتەکە. هاتەوە لێی ناپرسیت؟

– با، ئەمشەو لەگەڵیا دەدوێم.

دیسانەوە گوڕە و گرمەی فڕۆکە هاتە گوێ، بە دوایدا دەنگی تەقینەوە، فراولە بە دەم ڕاچڵەکینەوە زۆرتر لە موهەندیس نزیکتر بووەوە، موهەندیس وتی:

– ترسایت؟

– نەختێك.

– لەیراوە دوورە و ترسی پێ ناوێت.

هەروا شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن، گەیشتبوونە لای درەختەکەی «دایە گیان»، ئافرەتێکی سەر و پرچ ئاڵۆزکاوی شڕۆڵی ڕانەك لە پا، بەسەر بەردێکەوە گرمۆڵە و چۆك لە باوەش داکرووژابووە سەرخۆدا، هەر کە موهەندیس و فراولەی دی، وەك هەموو کات یەك دوو جار ناڵاندی:

– دایە گیان، ئای دایە گیان، قریوەی هەڵۆ بەرزەفڕەکەش لە ئاسماندا شەپۆلی دەدا.

فراولە پرسی ئەوە چی دەڵێت؟

– بەسەرهاتی ئەم ئافرەتە نیشانەیەکی دیاردە و لە بیرنەچووی زوڵم و زۆری شەڕفرۆشان و تاوانبارانی شەڕە. دوو منداڵیان بەبەر چاویەوە تیرباران کردووە، یەکێکیان هێندە منداڵ بوو دامێن و کەوای بەرنەدەدا و پەیوەستە دەیزیڕاند «دایە گیان، ئای دایە گیان» لەو ڕۆژەوە ئەم ئافرەتە هەموو قسەیەکی بیرچووەتەوە جگە لە «دایە گیان» نەبێت.

بەڕاستی شەڕ پیسە.

– پیس و بەس؟ بەڵام ئەگەر چارەیەکت بۆ نەماوە چی، هەرچی دەروەدەروازە

هەیە لێیان گرتی، چی؟

– من وا دەزانم لە هەموو کاتێکدا زمانێك هەیە بۆ کۆتاییی بەشەڕهێنان. زۆر هەیە بۆ ڕاگرتنی و واژەی زۆر هەیە بۆ وتنی..!

– خۆ ڕاست دەکەیت، ئێمەیش هەر وا تێدەفکرێین، بەڵام کەی چەپڵە بە دەستێك لێ دراوە؟!

قسەکەر دەبێت گوێگری هەبێت، ئەگینا هەرچی وتووە وڕێنەی کردووە. بۆ نموونە من دەڵێم دەزانی چەندە نازدار و شیرینیت، ئەمە ئەگەر لە دڵما بمێنێتەوە و تۆ نەیبیسیت ڕەنگە دومەڵی دڵم هەرگیز دەرانەبێت.

فراولە قاقا پێکەنی.

– پێکەنینی پێ ناوێت. دەبێ تۆیش ئاگەداری چۆنیەتیی تێفکرینم بیت، ئەگینا زەوار تێ دەپەڕێت.

– تۆ بۆ خۆت ئازادی چۆن تێدەفکریت.

– چەند پرسیارێکم لە بیردایە، دەتوانم لێت بپرسم؟

– بۆ نا؟!

ڕاستە، دەڵێن، تۆ و دوکتۆر پیران ژن و مێردن، یا هەر وتراوە!

–ڕاستە، بەڵام ژن و مێردیی من و پیران لەبەر بیگرە و بەردەی چۆنیەتی ژیانی ئەم دەوروبەرە بووە. ئەگینا من بۆ خۆم ئازادی ئازادم.

– بە چی واتایەك ئازادی؟

– بەو واتایەی ئەوەی لام خۆش بێ و پێم چاك بێت دەیکەم.

ئەردەشێر بە دەوری خۆدا سوورێکی خوارد و ئینجا شادمانە وتی:

– زۆر دەترسام لە جێگەدا نەبووە.

ئارام دەستی فراولەی گرت و وتی:

– نازانم ڕاستت پێ بڵێم، یا خۆم بخەڵەفیەنم؟

– جا بۆ خۆت دەخەڵەفێنی، هەرچۆنێك تێدەفکریەیت بیڵێ!

– باوەڕبکە، وادەزانم سەدان ساڵە دەتناسم.

مـن کـە ڕابـووردوویـەکـی پـڕ لـە ڕووداوم هـەبـووە و لـەبـارەی ئـافـرەت زۆرم بـەسەرهـاتـووە و خـاوەنـی زۆر تـاقـیـکـردنـەوەشم، تـا بـە ئـەوڕۆ ئـاوا هـەست و ژڵێژاوییەکم بە خۆمەوە نەدیوە.

فراولە هەردوو لەپی لەژێر گەرماییی دوو مەمکیدا شاردبووەوە و ئارام بە زەویدا دەینواڕی زوڵفی بە دوولای گەردنیەوە وەك دوو تاڤگەی زێڕین بەسەر مـەمـکـە تۆپـەڵەکـانـیدا شۆڕ بـووبـوونـەوە، وەك مـایـنـێکـی قـەد و قـەوارە مـەوزوون سەرێکی ڕاوەشاند و ئەگریجە زێڕینەکانی بەسەر سنگ و گەردن و بەرۆکیدا پەخش و پەرێشان بوونەوە.

ئەو لە مێژەوە ڕازی چاوی ئەردەشێری هەڵهێنابوو. فراولە لەپڕ شەقێکی لە کوچکێکی قیتەوەبووی بەرپای دا و وتی:

– ئەمەی دەیڵێیت هەوەسە، یا....

ئەردەشێر دەستی خستە سەر شانی فراولە و وتی:

– باوەڕ ناکەم تەنیا هەوەس بێت، ئەوی تریشی تێکەڵە. بێگومان عیشق و دڵداریی بێ هەوەس بەو بارەکەی تردا لێژ دەبێتەوە.

– من بۆ خۆم وا تێدەفکرێم پێوەندی نێوان ژن و پیاوێکی وەك من و تۆ خاڵی لـە هـەوەس نـابـێ و نـاکـرێت و نـابـێت. سەیـر لـەوەدایـە تـا بـە ئـەمڕۆ مـنیش وا تـێنـەفـکـرام، بـەردەوام هـەوەسێکـی زوو گـوزەرم لـە پـێش خستـووە و عـیشق و خۆشەویستی و چوزانم ئەم جۆرە ناوانەم لە فەرهەنگی خۆما وەدی نەکردووە و هەستم بە خۆشەویستی نەکردووە، ئەی تۆ؟

– من تەنیا جارێك تووش هاتم و ئەویش نەکرا.

– دەتوانی بۆم بگێڕیتەوە.

– ئا، بەڵام دوایی، نەك ئێستا.

هـەڵـۆکـە بـە ئـاسمـانـەوە بـەقـریـوە دۆڵ و دەربـەنـدی داگـرتـبـووەوە. فـراولـە و موهـەندیس گەیشتبوونە دەمی ئەشکەوت و هـەر کە چوونە ژوورەوە موهـەندیس ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– موژدەیەکم پێیە بۆتـان، دەتوانن هـەڵی هێنن چییە؟

دانیشتووان هـەر هـەموو سەیری یەکتریـان کرد و تـەمـاشاکان لە فراولـەدا گلێر بووەوە، ئەویش سەرێکی ڕاوەشاند و سەرسامانە وتی:

– بـاوەڕبکەن، هـەر ئەوەندەی ئێوەی لێ دەزانم.

موهـەندیس نـەیهێڵا زۆر بیری لێ کەنـەوە و وتی:

– سحـەتم زۆر بـاشە و دوو سبەی بـەرەو ئەشکەوتی «کۆزەڕان» وەڕێ دەکەوین.

لەپڕ هـەر هـەمووان دایـان لـە چەپڵە و پرۆفیسۆر هـەستا و شادمـانـانـە دەستی ئەردەشێری وشارد و وتی:

– دوو سبـەی؟

– ئـا، دوو سبـەی.

– کەواتـا، ئەمر بکە بـەم بۆنـەیەوە بوتڵێك شەمپـانیـامـان بۆ بکەنـەوە، ئەوە دەژی...

– سـەرچـاوان.

## ٢١

شنەی خۆش و بۆنی بەهار تەلبەنی مەرز و سنووری پەڕاندووە. زرنگەی زەنگی کاروانی حەق بەرەو گشت لا لە هێرشە، دەشت و سارا شار و دیار لە بەزمی ڕەزما یەك گرتووە، بەرەو پیریی داهاتووی چاك بەربووکیان بۆ هەناردووە.

گەرمی و گڵپە و هالاوی گڕ. خوێنی ڕچاو دێنێتە جم، دووکەڵ چاوی داقڵیشاوی زۆردارانی پیشە ئازار دێنێتە سۆ و فرمێسکی شەرمیان بەردەداتەوە بەرەو خوار.

فڕکەی دەدا گیرسێنە لە ماڵێکەوە بۆ ئەوی تر چەپکی ئاگری شاپڵیتە و خەرمانەی گڕ و بڵێسە قوژبنی تار و دڵی پڕ ئازاری ڕۆشن کردووەتەوە.

ئابرا، لە خەنەبەندانی ئازیزاندا ڕەشبەڵەکی مەرگ لەسەر نەوا و ناڵەی ئادەمینم ڕیز دەستیان گرتووە، سوارچاکانی ڕێگای ئومێد ئەسپی ڕەسەنی ململانێ تاو دەدەن، تەپوتۆزی تووتیای سمی ئەسپیان گەردەلوولی هەڵساندووە.

با برسی بم، کێو و کەمەرنشین بم، با دوور لە ئاسایش و مەرجەکانی ژین بم.

نەکەن نائومێد بن ئامان! من و تۆین ئومێدی دواڕۆژ و سبەی، ئازیزان، نەکەن نائومێدبن، ئامان سەد ئامان.

بەدوای وتارەکەی دوکتۆر پیرئامان دا کاك قوباد ڕۆیشتە پشتی میکرۆفۆن و بێ پێشەکی دەستی پێ کرد.

ئەوەسا، منم.

دیسان من.

یاساوڵ، یاساوڵ.

ماڵ کاوڵ دەربەدەر و خوێن ئاوڵ.

ئەڵێن ئەم سەردەمەی ئێمە،

چەرخی کومپیوتەر و ئۆرانیۆمە،

ئالەم چەرخ و سەردەمەدا،

لەم عومرە کورت و کەمەدا،

زرەی پێمە، زرەی پێمە،

سیمفۆنیای پەردەی گوێمە.

خۆم و ئێوە و ئەوان هەموو لە باوانا،

لە کاسەی سەی زەمانا.

بادەی بە شوودان هەڵدەدەن،

ئەوە بۆ تۆ، ئەمەش بۆ من، ئەوە بە چەن؟

هەزاران ساڵە وا فێرن.

وەکو خواوەند بەزمەگێڕن.

ڕادەبێرن.

ئاهای کابرا،

ئەوەسا منم.

بنواڕە خشڵی گەردنم،

وا سێ هەزاران ساڵە دەربەدەری،

بێ خەبەری، قوڕ بەسەری،

لە کێڵگەی خوێنی ژینا.

دیسان منم،

گوڵی ئاگرین دەچنم،

من...

هەر ئەو کۆیلە ناسراوەم.

لە زاراوەی گوم بووی مێژوو هاتوومەوە،

وەکو پەریی بەر ڕەشەبام،

دیسان خەریکی ئەلف و بام.

ئەلف و بای من، دەمێنم،

ڕۆژێك دەبێ خۆم بنوێنم،

ئەی تۆ؟

بلێ بە خام بێ لێدوان،

بنووسە جوان.

بنووس، بنووس،

بڕووخێ خامەی مێژوونووس

هەروەها هەموویان پڕ بە دەم هاواریان کرد: بڕووخێ خامەی مێژوونووس!

کاك قوباد دووبارە دەمی بردەوە لای میکرۆفۆنەکە و وتی: من وتم بڕووخێ خامەی مێژوونووس،

مەبەستم خامەی بەکرێگیراوەکانە، ئەوانەی فریوی زێڕ و زیویان خواردووە و نووسینەکانیان دوور لە ویژدانەی ئەوانەی بە ئەنقەست ڕاست بە هەڵە و هەڵە بە ڕاست دەدەن لە قەڵەم.

نۆرە هاتە سەر مامۆستا ڕەنجبەر و لەسەرخۆ ئاوڕێکی لە دەوروبەر و چوارتەنیشت دایەوە و ئیشارەتی بۆ ئاسمان کرد و وتی:

– سەیری چواردەورتان کەن، دەشت و دەر، کەمەر، پرشەیان لێوە دێ. چ وڵاتێکی شیرین و نەخشین و ڕەنگینمان هەیە. باو و باپیرانمان لەگەڵ دنیایەك پڕ لە بۆنەهاتا زەبر و زۆری ملهوڕانی مێژوویان چێژاوە و سنگی سەبر و حەوسەڵەشیان پێوەستە پانوپۆڕتر کردووە و چنگیان لە تاش و تل و بەردی ئەم وڵاتە گیر کردووەو ماونەتەوە، تا بە ئەمڕۆی من و تۆ و ئەویش. یەکێك لەناو

دانیشتوواندا هەڵی دایەو وتی:

– مامۆستا، ئەوە کێیە؟

مامۆستا ڕەنجبەر ڕوو بە دەنگەکە ڕووی چەرخاند و وتی:

– ئەگەر وابزانیت، تەنیا ئێمەین نمایندەو نوێنەری تێکڕای خەڵکین بە هەڵەدا ڕۆیشتوویت. جگە لە ئێمەی کوردی کوردستاننشین لە زۆر لای ئێرانەوە دژ بە زوڵم و زۆری فەرمانڕەوایانی پایتەختنشینی دەست دراوەتە چەك و بازووی ململانێیان لێ هەڵکردووە، بەڵام سەیر لەوەدایە یەشتا لە بواریان نەداوە و دەرپایان لێ داکەندووە و بە سەخڵەت دان بە مافی ڕەوای ئێمەی کوردا دەنێن و، بە سەرپۆشی ئێمە هەموو ئێرانین، دەیانەوێت ماف و بوونمان پامال کەن.

لە ئێوە دەپرسم، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ئێرانیبوونمان بەس نییە؟ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ برا بچووکی تەواو نەبوو؟.

خۆزگە ڕەسم و ڕەوتی برایەتییان بزانیایە. وا دەزانم کاتی ئەوە هاتبێت برا گەورەکانمان بە بیروڕایەکی سەردەمانە و ڕۆشنبیرانە بنۆڕنە ڕاستەقینەی وڵاتدا ئەگەر ئەم وڵاتە برایانە و هی ئێمە و ئەوانە، دەبێ مافی یەکتر پێشێل نەکرێت، چ شیرینە ئاسایش و برایەتی و پێکەوەژیان. ئەگەر بیانەوێت هەمان بەزمی کۆن و بۆگەنی پێشوومان بەسەردابهێنن، ئەوە نەخوا هەڵدەگرێ و نە بەنەش...

دەپرسم خوا هەڵدەگرێ؟

هەمووان بە دەنگ وەڵامیان دایەوە:

– نەخێر.. نەوەڵڵا.

نۆرەی هاتە سەر ئاغای ڕەزمی.

ئاغای ڕەزمی قەدوقیافەیەکی سەیری هەبوو، بریقەی توێڵ و تەوقە سەری تێکەڵ بووبوون، تەنیا چەند تەڵێکی ماش و برنجی پرچ نەبێت، ئەویش لە بۆقەتەی گەردنیەوە ئاوەڵەی تەوقی سەری کردبوو لە توێڵیدا چو دوو کلکە مشك چەسپابوو بە سەریەوە، چاویلکە زەرەبینەکانی بە ئەندازەی دووقونەپیاڵەی ئەستووری ڕێك دانەڕێژراو، گلێنەکانی لە پشتیەوە شێتانە لە جووڵاندا بوون.

چۆخەکەی بەسەر ڕانکەکەدا بەرەڵا و قایشێکی قەساوی پان و بەلەزوانەداری لە کەمەردا دەجەڕاند، قەفی سمێڵە شۆڕبووەوەکانی تەواوی دەم و زاری داپۆشیبوو. مامۆستا ڕەنجبەر پەتپەتی و مەینەتی فراوانی چێشتبوو، چ لە سەردەمی ساواکی زەمـــانـــی شا و چ سەردەمـی ساواکی ئێستاوە. چەندان جار کرابووە میوانی بەندیخانەی ئەڤین و قزڵ حەسار و قەسری قەجەر، لەم دوا دوایەشدا وەك هەر ئازادیخوازێك هاتبووە دەنگی بانگەوازی ئازادییەوەو لە شاری کرماشاندا چاوساقی و دەم چەرموویی خەڵکێکی زۆری گرتبووە ئەستۆ، کە پەلوپۆی هیولای ئاخوندیشم دوور و نزیکی وڵاتی گرتەبەر چەندان جار خرایەوە بەندیخانە و ژێر گاز و تاوە و چەرمەسەری و تاپای قەنارەیان ڕاسپاردبوو. لە هەل و هەڵکەوتێکدا بە هۆی چەند برادەرێکییەوە فرتەی بۆ کرد و وەك هەزاران کەس ئەویش پەنای هێنایە کەژ و کێوی (داڵەهۆ)ی بەرز و بڵند. بەو قەد و باڵا وردیلانەوە ڕۆیشتە پشتی میکرۆفۆن و یەکەمین قسەیەك، کە وتی:

– ئەرێ دەنگی ئەم گیرەندەیەم بۆ نزم ناکەنەوە.

ئینجا کە قەد بە قەد دەمی گەیشتە لای گیرەندەکە وتی:

– خوا شتێك دەبا و شتێك دەدا. منیش هەر ئەوەندەی پێ بەخشیوم، خۆزگە نەختێك لە هێز و گوڕی سمێڵی دەخستە سەر باڵا و قەد و پرچ و سەر و مۆقلم. ئیتر ئەمەیە، کە دەیبینن. کوڕینە، با بێینە سەر باسی خۆمان. ئا برا، ئەگەر وردبیتەوە کاتێك ماسی دەبێتە تۆڕی ماسیگرەوە، بازێك لە ماسییەکان هیچ وزاق و تەقالایەك ناکەن بۆ خۆ دەربازکردن و سەری تەسلیم دادەنەوێننەوە بۆ ئاکام و سەرەنجامیان. بازێکیان دەکەونە کەڵەکەڵەی خۆ دەربازکردنەوە، تەقالا و پەلەقاژێ دەست پێ دەکەن، گەرچی دەربازیش نابن، تا دوا توانا لە تەقالادان، بازێکی تریان تاڵی تۆڕەکە دەپچڕێنن و دەرباز دەبن. زۆر لە ماسییەکان هوشیار و زیرەك و زرنگ، بەهیچ شێوەیەك توخنی تۆڕی ماسیگر ناکەونەوە. ئابراینە، لەم جیهانەدا چوار جۆر مرۆڤی تێدا دەژی: ئەوانەی باڵ بەسراو و پابەندن، ئەوانەی ئاواتەخوازی ئازادین، ئەوانەی هەر لە بن و بێخدا ئازادبوونە و ئازاد هاتوونەتە دنیاوە، ئازاد دەژین. ئێوەمانان تۆڕی ماسیگر نەیگرتوون، باوەك زۆریان بۆ

هـەڵـداون. ئـێوەن ئـومـێدی دوارۆژ. ئـێوەن گـورِ و هـەوا و هـەنـاسەی مـیللـەتێکی ژێردەستەی هەزاران ساڵە. ملهوڕانی پایتەختنشین دوای ئەم هەموو جوامێری و لەخۆبووردنە ناتوانن ددان بە بوونتانا نەنێن، ناتوانن بەیاخی و گەردنەگیر بتاندەن لە قەڵەم، ئەگەر بێتو بەرانبەر بیروڕای خەڵکانی تر دڵ و دەروونمان پانوپۆڕترکەین، ئەگەر بێت و چاو لەبازێ رەفتاری نەکولاو و ناپەسەندی یەکتر بپۆشین باشتر پایەکانی تەخت نشینانی تاران دەلەرزێنینەوە. کەواتە با ئەم کـردارە پـەسەنـدە هـەڵـقۆزینـەوە و ئـێمـەش پێشدەستـی کـەین و دەست بـۆ دەستـی هـاوخوێنـان و ئـازادیخوازانی تر درێژکەینەوە. قەینا بـا ئەوان برا گەورەبن. یەکێك لە ناوەڕاستی گوێگرانەوە پڕ بە دەم نەڕاندی:

– مامۆستا لە بیری نەکەی، ئێمە ئامادەی برا بچووکی هەین، بەڵام سەغیر نین.

– بێگومان سەغیرنین، ئەگەر واتێفکرێن ئەو حەلە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ بیروڕای ویلایەتی فەقیهدا هەیە.

بـەنـدە وا تـێنـافـکـرێم، ئـەوانـەی پێش قـەرەوڵـن دەبـێ مـافـی دەم چـەرمـوویـان بدرێتێ. برا گەورەبوون جیاوازە لەگەڵ (قیم)بووندا.

یەکێکی تر هەستایە سەر پێ و وتی:

– ئەمە بیروڕای تایبەتی خۆتە، یا برادەرانی لێپرسراوی تریش هەروەك تۆ تێدەفکرێن؟

– وا بزانم ئەوانیش لەم باوەڕەدان.

– ئەی ئاغای موهەندیس چی؟

– ئەوەیان بە دروستی نازانم، بەڵام یاخوا ئەویش وەك من تێفکرێت. واش دەزانم ئەم جۆرە تێفکرینە لەم ڕۆژەدا لە سوودی هەمووواندا بێت.

## ٢٢

– ئەمە ئێوە و ئەوەش ئەشکەوتی «کۆزەڕان».

پڕۆفیسۆر و هاوەڵانی هەریەکە بەشێوەیەك لە ئەشکەوت ورد دەبوونەوە.

ئەشکەوت دید و دیمەنێکی سەرسوڕێنی هەبوو. سەدان گوڵەنگی بەردین لە بن میچەوە شۆڕ بووبوونەوە و چەندان فۆرم و شکڵ و شەماییلی ڕازداریان پێك هێنابوو. دیوارەکانی نێوی بە ڕۆشناییی دەروازەکەیدا چو کافووری سپی دەنوا و سەدان ڕەنگ و دەماری ڕەنگاوڕەنگی پڕ پێچ و خەمی بەسەر دەر و دیواری گوڵەنگە سەنگییەکاندا بەدی دەکرا و تاسەربن، لە تاریکیدا ون دەبوون. گڤە گڤ و هاژە و خوڕەیەکی نەبینراو دەهاتە گوێ، وەك ئاوێك بە خوڕ لە بڵندییەکەوە سەرەوخوار بێتەوە. پلوسکی چەندان دڵۆپ ئاو ڕێچکەیەکی مارپێچی ئاوی بەسەر تەختە سەنگەکانەوە پێك هێنابوو. لە دامێنیدا حەوزچەیەك ئاو گلێر ببۆوە. موهەندیس بە سەربەردێکی تۆپەزەوە چنچکە دەست لە گەردن دانیشتبوو، فراولە لێی نزیك بووەوە و وتی:

– خۆ هەست بە ئازار ناکەی؟

– ئازار نا، بەڵام لەوە دەڕوا زامەکەم نەختەکێك خوێن ڕێژی کردبێ، ئینجا پەنجەی بۆ سەر زامەکەی درێژ کرد و وتی:

– ئاهە، نمی سووری خوێنی دەرداوە!

فراولە سەر و ڕووی لە زامەکەی نزیك کردەوە، خەرمانەیەك پرچی زێڕین باوەشی موهەندیسی پڕ لە بۆنی عەترێکی دڵپەزێر و عەرەقی لەشی کرد و موهەندیس ناخۆ ئاگا ئایەکی لە دەم هاتە دەرەوە و لەگەڵ ئایەکەشدا خوماری و خەواڵوویی بەخۆ گرت.

– چییه؟ نارەحەتی؟

ئەردەشێر بێ ئەوەی چاو هەڵهێنێتەوە وتی:

– دەتەوێ نارەحەتیش نەبم؟

– پەلەت کرد. دەبوا ئەم سەرکەوتنەمان چەند ڕۆژێکی تر دواخستایە.

ئەردەشێر چاوی هەڵهێنایەوە و وتی:

– ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، عەتری (کریستیان دوێر) بەکار دێنی؟

فراولە تارماییی بزەیەکی شاراوە بە سەخڵەت نەخشی سەرلێوی بوو، وتی:

– وام دەزانی فرە پەرێشانی!

– جا پێت وایە نیم؟ یەکێك بۆنی عەرەقی لەش و پەیکەری بڕوا بە برناخدا، پەرێشان نابێت؟

– ئەم قسانە هەڵگرە بۆ دوایی. وا بزانم کەمتر بجووڵێیت چاکتربێت. پرۆفیسۆریان لێ نزیك بووەوە، هەنگاوەکانی باوەڕ بە خۆیانە دەنا ڕوو بە ئەردەشێر وتی:

– پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێت لەبارەی کاروبارمان پێکەوە بدوێین.

– تا ڕادەیەك لە کاروبارتان تێگەیشتووم.

– حەز دەکەم چاکتر تێبگەیت.

ئەردەشێر لە کاتێکدا بە دەست پەنجەی دەجووڵانەوە و ئارام سەیری دەکردن ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– هەمان ڕۆژ گەیشتنە کرماشان و لەگەڵ فەرماندەری سوپای پاسداراندا دیدەنتان کرد. هەنگاو بە هەنگاو قسە بە قسەم پێ گەیشتووە و ئاگەداری چۆنیەتیی گیران و دووچاربوونی دەردەسەرییەکانتان کراوم. من بۆ خۆم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە ئێوە بە دوای شتێکی تایبەتدا دەگەڕێن، چیە نازانم. لەوەش دڵنیام بە پێی بەرنامەیەکی تایبەت دەجووڵێنەوە. وەکو لە پێشدا پێم ڕاگەیاندن لە یارمەتیدانتان کۆتایی ناکەم.

– وەك وتت ڕاست دەكەی، ئێمە بەپێی بەرنامەیەك هاتووین و بە دوای شتێكی تایبەتیشدا دەگەڕێین، دەپرسیت ئەوە چییە. هێشتا بۆ خۆمیش بە دروستی نازانم. دوای ئەم هەموو كولەمەرگییە تەنیا ناوەكەیمان بە چنگ هێناوە. (ڕازی زێڕین) و لەم دوایییەشدا ناوی (جامی جیهان نما)ی پێ پێوەند كراوە.

ئەردەشێر لە بیستنی ناوی (جامی جیهان نما) قاقا پێكەنی.

كەنینەكەی لە ئەشكەوتدا وەك دەنگەوەرە دەنگی دەدایەوە، پرۆفیسۆر قوتووی توونەكەی دەركرد و نەختەكێك توونی ئاخنییە نێو سەلكە سبیلەكەیەوە، ئاگری دا و مژێكی لێ دا و سەلك گڕێكی گرت و كوژایەوە، ئینجا مژێكی قووڵتر و بەتینتری لێ دا و ئەردەشێر كەنینەكەی بووبووە پێكەنینێكی پڕ و هوڕدار یەك دوو جار چاوی سوور هەڵگەڕاوە فرمێسكاوەكانی سڕی و ئارامتر بووەوە. پرۆفیسۆر، كە دی وا دامركاوەتەوە، وتی:

– باش پێكەنیت؟

– زەمانێكە وا پێ نەكەنیوم.

– كەواتە فرسەتە و لە دەستی مەدە.

– ببووره پرۆفیسۆر، خراوم لێ تێمەگە، بەڵام كاتێك گوێم لەناوی(جامی جیهان نما) بوو، خۆم پێ ڕانەگیرا. ئەمەی ئێوە دوای كەوتوون و ئەم هەموو پەتپەتییەتان بە بۆنەیەوە بەسەردا هاتووە و وشاردەی بیر و ئەندیشە و پێنووسی (فیردەوسی)یە. ئەفسانەیەكی دەماودەمە.

– ڕاست دەكەی ئەفسانەیە، بەڵام ئەفسانە لە خۆیەوە نەخوڵقاوە، ئەفسانە سەرمایەی میللەتانە زۆربەی زۆری ڕووداوەكانی بیروڕای سەردەمی خەڵكێكی زۆر بووە.

– جامی جیهان نمایش....

– بە باشی نەء.

– هیوادارم ئەم جارە بە وردەكارییەكی باشترەوە بیخوێنیتەوە. باوەڕ بكە شتی وا سەیری تێدایە لەگەڵ زۆر شتدا ناگونجێت، كەچی باوەڕپێكراوی زۆر چاوگە و

خەڵکێکی زۆریشە.

– منیش یەکێکم لەوانە.

– کێ دەڵێ (جامی جیهان نما)یش بە ئەمری خوا نەبووبێت؟

– خەریکی شێتم دەکەی؟

– ئارام بە. دەمەوێت بزانم تا بە ئەمڕۆ بیرت لە جادوو، سیحر کردووەتەوە؟

– سیحر؟

– ئا سیحر، هەتاوەکو لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەند جێگەدا باسی سیحر و جادووی کردووە و ڕەنگە ناوی لە پەنجا و چوار جار زیاتر هاتبێت.

– ئەمانە هەمووی بە جێگەی خۆی تۆ دەڵێی، من باوەڕ بە بوونی (جامی جیهان نما) بکەم؟

– باوەڕ بکەی، یا نەء، مەیلی خۆتە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانیت، ئێمە بێ بەڵگە و ناونیشان هەروا ئەم دەشت و دەرەمان نەداوە لەبەر. شتێکمان هەر بە دەستەوە هەیە.

– یانی دەفەرموویت (جامی جیهان نما) ئەگەر هەبێت لەم ئەشکەوتەدایە؟

– ئەگەر هەبێ دەبێ لێرەدا بێت!

– باشە با بڵێین، قەینا وا جامی جیهان نما لەم ئەشکەوتەدا دۆزرایەوە، بێگومان موڵکی ئەم میللەتەیە، ئێمەی کورد.

– ئەگەر دۆزرایەوە من بە موڵکی بەشەرییەتی دادەنێم، نە بە تەنیا کورد!

– پرۆفیسۆر کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترش؟! ئاخۆ کەنیسەی «دۆم»ی شاری کۆلن پێش ئەوەی موڵکی بەشەرییەت بێ ئێوەی ئەڵمانی بە هی خۆتانی نازانن؟

– با هی ئێمەیە.

– قووللەی (ئیڤ) و کەنیسەی نۆتردام موڵکی میللەتی فرەنسایە؟ یا نا؟

– با، بەڵام لە هەمان کاتدا موڵکی بەشەرییەتیشە.

– لەگەڵتم، ئێمەش لە پێناوی قەدر و باوی بەشەرییەتدا وێڵانی ئەم کەژ و کێوەین. ئەگەر مافێکی سەرەتاییی وەك بەشەرمان بۆ حسێو بکریایە، ئاوا تا کەمەر نەدەنیشتینە خوێن.

– کێ بۆتان حەسێو کا؟

– زۆرداران، سەردەمداران، چوزانم. ئێوەی ڕۆژئاوایی یا هەر کەسێکی تر.

– ئەگەر لەسەر داواکانتان سووربن هەر دەتاندرێتێ.

– نە پرۆفیسۆر نە، ماف قەت نەدراوە و هەموو کات سەنراوە.

– کاکە ئەردەشێر، بەندە تەواوی ژیانم تەرخان کردووە بۆ باوی بەشەرییەت و ڕێگە و ڕێبازی ڕاستەقینەی بەشەر و بە تەواوی تواناشمەوە کۆشاوم هەڵە مێژووییەکان بخەمە بەرچاوی بەشەری ئەورۆ. باوەڕ ناکەم تازە بتوانم بە ئاسانی ناڕەوا بە ڕەوا لە قەڵەم دەم. بێگومان شتێکی وا گرینگ لە هەر خاك و بوومێکدا بدۆزرێتەوە بە موڵکی نەتەوایەتیی ئەوماڵە ئەژمێررێت. هەر نەبێت من بۆ خۆم وای تێدەفکرێم.

– باوەڕم پێت هەیە و دەشترسم.

– لە چی؟

– لە ناوچوونی. ئاخر وەك دەفەرموویت (جامی جیهان نما) هێندە گرنگ بێت، بێگومان سبەی لە زۆر لاوە خاوەنی ملهوڕ و دڕ و بە دەسەڵاتتری بۆ پەیدا دەبێت و ناوی ئێمەی کوردیش لە کوولەکەی تەڕدا ناوترێت.

– تۆ دەبێ دان بەوەدا بنێیت هەر شتێك، لە هەر گۆشەیەکی ئەم زەوییەدا بدۆزرێتەوە و بایەخێکی هونەریی یا مێژووییە، یا زانیاریی هەبێت دەبێ بە موڵکی بەشەرییەت دانرێ و بەشێوەیەکی زانستانە بپارێزرێت.

– یانی دەفەرموویت ئاوا شتێك بە ئێمە ناپارێزرێت؟

– ڕاستت دەوێ، نەء. تۆ بۆ خۆت لە شەڕێکی سەروماڵیدایت. هەر ڕۆژە لە قوژبنێکەوە پەلامار دەدرێیت، یا لە پەلاماردای، پارازتنی گەنجینەیەکی

مـێژوویـیـنـەی وا کـارێکـی ئـاسان نـیـیـە. ئـەوان دوو هـەزار و پـێـنـج سەد ساڵ پارازتوویانە حەیف و شوورەییە ئێمەی بەشەری سەدەی بیستەم بەم هەموو دەسەڵاتەوە لە دەستی دەین.

– ڕەنگە تا ڕادەیەك مابێت، بەڵام دووسبەی نەفرین دەکرێین و سەدان تۆمەتمان بۆ دەسازێنن.

– کێ نەفرینت دەکا؟

– ئەی بێ قەزابیت، لەم ڕێچکە و سنوورەدا چەند گرووپ و ڕێکخراوی تریش هەن و یەك دووانێکیان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شت دەزانن. سبەی وەڵامیان چی بدەمەوە؟.

– ئەمە لە کاتێکدایە، دوای بە دەستهێنانی جام و تیاچوونیەتی.

– ئاخر، ترسەکەم لە تیاچوونەکەیدایە، وا نازانم سبەی حەقمان پامال کەن؟

– و انازانم

– چـی دەفـەرمـوویت؟ ڕۆژی سەدانمان لـێ لـە نـاودەبـەن. یـەکـێکـمـان لـەسـەر نەهاتووەتە جواو. ئاخۆ سبەی ئەم شتە گرینگەمان لە چنگ ناڕفێنن؟

– کاکی موهەندیس، من دەتوانم ببمە باوکی زۆر منداڵ، بەڵام منداڵێك ناکرێت لـە یـەك بـاوك زۆرتـری هـەبـێت. شتـێکـی وا لـە هـەر خـاك و بـووم و وڵات و سەرزەوییەکدا بدۆزرێتەوە زەبر و زۆر و درۆ و فێڵیش هەرچەندە زۆر بێت ناتوانن دان بەو جێگە و شوێنەدا نەنێن و چۆنیەتیی دۆزینەوەکەی ڕوون نەکەنەوە. کەواتە (جام) ئـەگـەر بـدۆزرێـتـەوە دارایـیـەکـی بـە نـرخـی مێژوویـیـنـەی مـیـللـەتـەکـەتـانـە ئەمڕۆیش دان بەم هەقەدا نەنرێت. سبەی هەق بە هەقدار هەر دەگا و ئێوەی کورد لە هەموو حاڵەتیکدا دەستتان لە هەوانەی خاڵییەوە دەرناکەن. جا ترسەکەت تا ئەندازەیەك بێ جێگەیە، منیش وا بە باش دەزانم ئەم باسە هەڵگریت بۆ دوای دۆزینەوەی جام.

هەر نەبێت، با چۆنیەتیی(جام)مان بۆ ڕۆشن بێتەوە، ئەو حەلە بڕیاری لەسەر دەدەین. خۆ ئێمەین ژێردەستە و تۆی دەسەڵاتدار، خراو دەڵێم؟.

هـانس و پیران و شەفیعی بە دەم نوارینەوە گەیشتنە بەرەوە و هـانس وتی:

– بـاوەڕ بکەن، هـەستێکی سەیر لە خولیامایە، وا دەزانم سەدان چاو چـاودێرمـە و چـاوی لێمـە.. کوڕینە ئـەم ئـەشکەوتـەم یـەکجار پـێ سـەیرە دەڵێی لـە نێو ورگی گیانلـەبـەرێکی زل و زەلام دام.

فراولـە قسـەکانی بـە قیرەیـەك پچڕاند و پڕ بـە دەم بـەهـاوار وتـی:

– ئـەی مـووبـەدی مـووبـەدان، رێنـوێنمـان بـە وا هـاتین.. دەنگـی فـراولـە وەك دەنگەوەرەیـەکی هـەزاران وابێ، دەنگی دایـەوە، تـا دەچوو دەوترایـەوە.

ئەردەشێر ڕوو بـە فراولـە وتی:

– خۆت مـاندوو مەکە، مووبـەدی مووبـەدان، ئـەڵمـانی تێ نـاگـا.

قریوەی هـەڵۆ بـەرزە فڕەکە هـاتە گوێ، فراولـە وتی:

– قسەی قۆڕ دەکەیت، ئەوە نییە هـەڵۆکە وەڵامـی دامـەوە...

# ٢٣

– ئەم ڕازە خوێنی زۆر کەسی لە پێناودا ڕژاوە، ڕازێکە دوای چەندان هەزار ساڵ هێشتا هەڵنەهێنراوە. ئێمەین ڕێچکە ڕاستەقینەکەی ئەم ڕازەمان هەڵگرتووە، تا گەیاندوومانەتە دوا قۆناخی، کە ئەم ئەشکەوتە بێت. دڵنیام ئەوانەی پێش ئێمە شیفتە و شەیدای وەدەستهێنانی (جام) بوون، ئەوەی بە بیریاندا نەهاتبێت ئەم جێگە و شوێنەیە. تا بە ئەمڕۆ تەنیا ئێمە پێنج کەس بووین، وا لە ئەمڕۆوە ئاغای موهەندیس لە ڕازەکە ئاگەداربوو. دەمەوێت ئەوە بزانن بەبێ ڕیزایەت و یارمەتیی ئەردەشێرخان نەماندەتوانی لە بەرنامەکەماندا بەردەوام بین و بە ڕەواشم نەدەزانی ڕاستی لەگەڵ نەکەین. وەك دەبینین وا چەند گەزێك لە (جام)ەوە دوورین.

پرۆفیسۆر بە کلکی پایپەکەی ئیشارەتی بۆ دیوارە بەردینەکەی نێو ئەشکەوت کرد و وتی:

– بەپێی سەنگ نووسراوەکەی مووبەدان، (جام) دەبێ لە پشتی ئەو دیوارە بەردینەوە بێت. لە باوەڕێکدا نیم ئەو دیوارە نە بە باڕووت و نە بە بۆمبا، یا هەر هێزێکی تری تەکنۆلۆجیایی بتوانین لەناوبەرین، بێجگە لەتیشکی هەتاو. ئەمەش فەرموودەی مووبەدی مووبەدانە، ڕازەکە لەوەدایە چۆن تیشکی هەتاو بگەیەنینە نێو ئەم ئەشکەوتە نسرم و نزارەوە...

هەر شەش کەسەکە بە وردی دەر و دەروازە و زەوی و دیواری ئەشکەوتیان خستە ژێر زەرەبینی چاوەوە. ئیتر هەر یەکە پێشنیازێکی دەکرد: یەکێك دەیوت، دەمی ئەشکەوت گەورە کرێتەوە، یا کونەباجەی لێ بکەینەوە تەنیا ئەردەشێر نەبێت بێدەنگ و گوێگر بوو. دەستە بریندارەکەی نەختێك جوولاند، ئیتر هەر دەیانگوت و نەدەگەیشتنە بیروڕایەکی سازەندە. جووڵان و ڕوو بە هەمووان وتی:

– من منداڵی لادێم و سەردەمی منداڵیم لە لادێدا گوزەراندووە. لە بیرمە لەگەڵ چەند منداڵێکی کچ و کوڕدا چاوشارکێمان دەکرد، یەکێك لە کچەکان لە هەموومان گەورەتر بوو، بە ئەندازەی دوو گوێز مەمکی قیت کردبووەوە، تاو تاو سەرێکی لێ شانە دەکرد و سەیرێکی ئاوێنە بەرباخەڵەکەی دەکرد. ڕۆژێك چاوشارکێمان دەکرد، ڕاپەڕی خۆی بشارێتەوە ئاوێنەکەی لێ داکەوت و ئەمنیش قۆزامەوە و تیشکی هەتاو دای لە ئاوێنە و تیر ئاوێژەکەی لە سێوەری نێوڕۆژەکەدا وەدەرکەوت، بەلامەوە سەیربوو، ئیتر هەر لە دوورەوە ژوورەکەم بەو تیر ئاوێژی هەتاوەوە پێوا و کچەم لە ژێر هەرزاڵەکەدا دۆزییەوە. جا برا ئەم گێرە و کێشەی پێ ناوێت بە ئاسانی بە ئاوێنە دەکرێ تیشکی هەتاو ڕایەڵی نێو ئەشکەوت کرێت. ئەگەر ئەو گۆشەیە لەگەڵ خۆر و سەعاتەکانی ڕۆژدا ئەندازەگیری و کات ژمێری بکرێت.

پڕۆفیسۆر هەر هەستا و باوەشی بە ئەردەشێردا کرد و وتی:

– زەمانێکە. بیرم لێ دەکردەوە و سەرم لەبەر دەرنەدەهێنا. وەك دەنواڕی ئەم ئەشکەوتە ملیۆنەها ساڵە بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەتاوی لێ نزیك نەبووەتەوە. گەلێك جار لە تاشی سەر ئەشکەوتەکە وردبوومەتەوە. دەڵێی چەترێکی خوابییە و بۆ دەمی ئەشکەوتەکە دانراوە. پڕۆفیسۆر وەك منداڵ لە خۆشیدا دوولەپی بەیەکدا دەهەسواند و پشت بە پشت ڕوو بە دەروازەی ئەشکەوت لەسەرخۆ بەرەو دیواری ئەشکەوت چوو بە دوایدا، تا بە تەواوی پشتی لە ناوەڕاستی دیواری ڕوو بە دەم ئەشکەوت گیر کرد و، ئینجا لە هەمان حەناسەوە بەرەو دەرەوەی ئەشکەوت وەڕێ کەوت و لە دەرەوە جێگەیەکی ڕوو بە هانس هەڵبژارد و بە پیرانی وت:

– تۆیش لێرەدا بوەستە.

دیسانەوە لە دوورەوە بە وردی ئەندازەی هەتاو و پیران و هانس و دەمی ئەشکەوت و دیواری نێو ئەشکەوتی هەموو پێکەوە ئەندازەگیری و ئیشارە کرد و گەڕانەوە نێو ئەشکەوت و ڕای گەیاند:

– وەك دەزانن، هەتاو ڕاستەوخۆ نەیداوە لەناو ئەشکەوت و نایش دا. جا بەگوێرەی ئەو ئەندازە و شوێنانەی وا نیشان کراون وا دەزانم لە کاتێکی تایبەتدا

بە هۆی دوو ئاوێنەوە دەتوانین تیشکی هەتاو بدەین لە دیوارەکەی مووبەدان. جا پێویستیمان بە چەند مەترێکی چوارگۆشەی ئاوێنە و مەکینەیەکی بچووکی کارەبا هەیە. ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئاغای موهەندیس.

– مەکینەی کارەبامان هەیە و ئاوێنەش لە کرماشان دێنین.

– کەی پێمان دەگا؟

– تا دوو سبەی.

– دوو سبەی بێت خراو نییە.

دەڵێم، ئەو دوو ڕۆژە، تا ئاوێنەکەمان پێ دەگا، با ڕاوە بەرازێکتان بۆ پێك بهێنم.

– ناخۆش نییە.

– کەواتە، با بەرەو خواربینەوە.

هەمووان بەرەو دەمی ئەشکەوت وەڕێ کەوتن پڕۆفیسۆر لە دەمی ئەشکەوتدا ڕاوەستا و وتی:

– ئەگەر بکرێت. لام خۆشە بە تەنیا ماوەیەك لەم ئەشکەوتەدا بمێنمەوە.

فراولە وتی:

– ئێمەش لە دەرەوە چاوەڕوانتین.

– نا، پێویست ناکات، ئێوە بگەڕێنەوە، بۆ خۆم بە دواتاندا دێم.

موهەندیس وتی:

– ئەگەر وات لا خۆشە، قەینا ئێمە سەرەوخوار دەبینەوە، بۆ مەبادا دوو چەکدارت لا بەجێ دێڵم.

– نا، نایەوێت.

– پڕۆفیسۆر، ئەیرا شەقامەکانی مونیخ و هامبورگ نییە، لە هەموو لایەکەوە پڕە لە مەترسی. ئەوان لە دەرەوە چاوەڕوانت دەبن، کاریان بە کارتەوە نابێت.

- هەرچۆن بە چاك دەزانی.

- كەواتە بە دوعا.

ئەوان سەرەوخوار گلەوەبوون و پرۆفیسۆریش لە دەمی ئەشكەوتدا ڕاوەستا.

كزەبایەكی سەرلووت تەزێن لووتكە بەرەو پۆپە هەرە بەرزەكەی دالەهۆ هاژەی دەكرد. هەركە دەگەیشتە نێو دەربەند و دەیدا لە تاشە تیژەكەی سەر دەمی ئەشكەوت سەدان دەنگی جۆراوجۆری پێك دەهانی و زەلەو زایەلەیەكی ئەفسووناویی دەخستە بیرەوە. نزارەكانی دەوروبەری ئەشكەوت بەفری چەندان ساڵەی ڕچاویان تێدا مابووەوە، جاروبارە تیشكی هەتاو دەیدا لەلا و قەبرغەی تاشە سەهۆڵەكان و ڕۆشناییی دەخستە بن و بێخیانەوە وەك هەزاران تەبەق شووشەیان لەسەر یەكەوە دانابێت، بارستی سەهۆڵەكان بە تیشكی هەتاو دەبریسكانەوە.

پرۆفیسۆر هەروا دەینواڕییە دەوروبەردا. قریوەی هەڵۆكەی دیسانەوە هاتەوە گوێ، دەستی كردە سایەبانی چاوی. هەڵۆ بەرزەفڕەكە، لە بازنەیەكی مەوزووندا، نەرمەباڵی دەكوتا و قریوەكانی دۆڵ و دەربەندی دەلەرزاندەوە.

هەڵۆ بەرزەفڕەكەی نێو كەژ و كێوی دالەهۆ ویردی سەرزمانان بوو، خەڵكەكە لەگەڵ قریوە سیحراوییەكەیدا دەردئاشنابوون. سەدان داستانیان لێ دەگێڕایەوە. بەفریشتەی دالەهۆیان دانابوو. بازێك سوێنیان بە شاباڵەكانی دەخوارد، وشكە ساڵبایە، دەردە ئازێڵ بهاتایە، نەخۆشی بڵاو بایەتەوە، سەدان نەزر و مەولوویان بۆ هەڵۆكە دەكرد.

پرۆفیسۆر كاتێك قریوە لە سەریەكەكانی هەڵۆی دەبیست بیروڕای خەڵكی ناوچە و بێ ئۆقرەییی هەڵۆكەی لەگەڵ یەكدا هەڵدەسەنگاند، بەدەم خەیاڵاتەوە دووبارە ڕۆیشتەوە نێو ئەشكەوتەوە، بەسەر گابەردێكەوە دانیشت، بە وردی بەسەرهاتی خۆی چۆ فیلمێكی سینەمایی هاتەوە بەرچاوی و لە نقێمی نووسراوەكە تا بەندیخانە و تەخت جەمشید و كرماشان و شەڕوشۆڕی، هەر هەمووی لە مێشكیدا خستبووە گڕ. هاژە و هووژەی بای دەوروبەر، كە دەگەیشتە

دەمی ئەشکەوت لە گوێ و بیردا نووزە و نرکەیەکی ئەفسووناویی پێك دەهانی و گوێگری خومار و خەواڵوو دەکرد.

پرۆفیسۆر، تا دەبوو، مەنگ و خورمارتر دەبوو، خەوەنوچکە دەیبردەوە. چەند جارێك هاتەوە ئاگا و دیسانەوە خەو دای دەگرتەوە. لەسەرخۆ و ئارام لەسەر گابەردەوە خلیسکایە خوارەوەو پشتی لە گابەرد گیر کرد و خەو بردیەوە. ئێوارانی نێو دۆڵ و دەوەنی چیای داڵەهۆ، خەم و سامێکی تایبەتی تێدایە. هەر لووتکە و تاش و کەل دابڕاوێك بە شێوە و شەمایلی جانەوەرێکی ئەفسانەیی دێنە بەرچاو، درەختە کۆنە ساڵەکان قەد و قامەت و پەلوپۆیان بەشێوەیەکی سریالیزمی ترسێنەر بەیەکدا ئالاون و لەگەڵ هاژەی بادا نەرمە سەمایەکی تەلیسماوی پێك دێنن. لوورەی گورگی برسی و زرمەی سنگی ورچی چاوچنۆك و چڵێس لە ئێوارانی کێوەکەی داڵەهۆدا ڕێبوار و ڕاوچیانی دەتۆقاند.

پرۆفیسۆر لە شیرینی خەودا نواڕی وا دەمی ئەشکەوت ڕۆشن بووەوە، تیشك و ڕۆشناییەکی ڕەنگین دەر و دیواری گرتە خۆ، نرکە و نووزەکە بووبوونە نەوایەکی خۆش ڕیتم و ئارام گەیێن. پەلەوەرێکی زل و زەلامی ڕەنگین پەڕوباڵ، پڕ بە دەم ئەشکەوتەکە دوو شاباڵی کردبووەوە، تیشك و ڕۆشناییەکی زێڕینی لەسەر شاباڵەکانیەوە، تا سەر بنی ئەشکەوتی دەدرەخشاندەوە و بینەر بە باشی نەیدەتوانی سەر و ملی پەلەوەرەکە وەدی کا، بەڵام بە چنگە تیژەکانیدا دەزانرا هەڵۆیە. لەگەڵ نەوا ئەفسووناوییەکەدا وتی:

تۆ ئەی ڕۆشنایی خەڵکی چیا و دەربەندەکانی (باڤاریا)، ئاهوارامازدا تۆی هەڵبژارد بۆ پەی «بڕازی زێڕین» بردن، (ڕازی زێڕین) ئەمانەتێکەو دەکەوێتە گەردنت. نەکا گومڕا بیت و ملکەچی هەوا و هەناسەیەکی دوور لە ویژدان بی. بریقەی زەڕ و زۆری دەوروبەر فریوت نەدا. هەڵە و هەڵەشەیی نەکەیتە پیشە.

ئێوەی مرۆڤی سەدەی بیستەم زۆر بە دەسکەوتە تەکنۆلۆجییەکانتان دەنازن، زۆر زوو لە خۆتان بایی دەبن. بە تەواوی سەرشۆڕی هەوا و هەناسەتانن، کوێلەیەکی بێ دەسەڵاتی ئارەزووەکانتانن. بیروڕای ئەهریمەنی لە خولیاتانا دەخولێتەوە، زۆر مەغرووری چرا و تیشکەکانتانن، ئەگەر نەختەکێك ڕۆشنایی

ڕاستەقینەی (ئێزەدی ئێزەدان) تان بۆ دەرکەوێ لە تاوا کوێردەبن.

– ڕۆنشتاد، بزانە (جامی جەم) بارمتەیەکەی بەلاتەوەیە. بارێکە لە ئەستۆتە (جامی جەم) ژیان بەخشە، ڕۆشنکەرەوەیە، پەرتووکێکی ئاسمانییە، سرە، گرە، سازندەیە، ڕووخێنەرە، ئومێدی زانستی تێکڕای بەشەرە، هەنگاوی هەڵەتان نابەخشێنرێت، پەشیمانی بێ سوودە.

ورده ورده دەنگ و تیشك لە دەمی ئەشكەوت دووركەوتەوە، زۆری نەخایاند، لە قووڵاییی ئاسماندا توایەوە.

پرۆفیسۆر کە لە خەو هەستا تەواوی لەشی چۆڕەی عەرەقی دەهات و وەك پەڕی بەر ڕەشەبا دەلەرزی. ئاورێکی لە خۆی دایەوە، بەسەر زەوییەوە، پشت بە بەردێك. نیوەڕاكشاوە، ترس و لەرز و ئاشوفتەگیی دەروون مەنگی کردبوو. تاوێکی خایاند، وتەکانی باڵندە پرشنگدارەکەی کەوتەوە بیر.

هوشیار بوو، یاخومار، خەو بوو یا خەیاڵ؟ چ سرِ و ڕازێکە وا مەنگ و خوماری کردووە؟!

بە هەر دژوارییەك بوو، هەستایەوە سەرپا و لە ئەشکەوت ڕۆیشتە دەرەوە. دوو چەکدارەکە لە دەمی ئەشکەوتدا چو منداڵی برسی و ماندوو، پەڵە هەوری ڕەش و تاریك بەپەلە بەرەو باشوور پەلیان دەکوتا، لە پڕ بریسکەیەك دامێنی ئاسمانی داتڵیشاند و بە دوایدا ناڵەیەکی سامناك دۆڵ و دەربەندی لەرزاندەوە دوو چەکداری خەوتوو باوێشکیان دا و نەختەکێك خۆیان لوولدا و پرۆفیسۆریان بە لاسەری خۆیانەوە دی، شەرمەزارانە ڕاپەڕین، یەکێکیان بەوی تری وت:

– سەرم سڕماوە، بۆ خەوم لێ کەوتبوو؟

– کوڕە مەڵێ! منیش نووستبووم..

– وسبە، با کابرای بێگانە نەزانێت، ئەگینا ئاوڕوومان دەڕوات.

## ٢٤

ڕەنگە زۆر چاوەڕوان نەبین. ئەم کەژوکێوە هەم بەرازی زۆرە و هەم ورچی فراوانە. خەڵکی ئەم دۆڵ و بەندەنە گۆشتی بەرازیان لا سازگارە و بەباشی دەیخۆن.

– یانی دەڵێی بە حەرامی نازانن؟!

– نەك حەرام نییە بەلەزەتیشەوە دەیخۆن.

– کەواتە ئەم کوردانە ئیسلام نین؟

– کوردکە هەن، ئەوەیە ئیسلام نین و پێڕەوی ئایینی عەلی یوڵڵاهین.

– تۆیش عەلی یوڵڵاهیت؟

ئەردەشێر تفەنگەکەی لە باوەشی دوورخستەوە و دەستی بەرەو پرچە زەردەکەی فراولە درێژ کرد و نەرم و نیانی پەنجەکانی لە پشتی گەردنیدا بەربەڵڵاکرد و وردە وردە بەسەر گۆی پەنجەکانی لاگەردنی نازونەوازش دەکرد و پەنجە درێژەکەی دەستی بن گوێی چەپی و تاو تاویش نەرمەی گوێی نەرم نەرم بە دوو پەنجەی دەگرت و بەردەدا. فراولە دەم دەم چاوی دادەخست و دیسانەوە دەیکردەوە حەپەی سەگەل و بیگرەو بەردە و تاك تاك تەقەی تفەنگ لە دوور دەهات.

ئەردەشێر وەستاکارانە دەستی لە کاردا بوو. چاوی چو چاوی ماری «بوا» نێچیری بە گیرهێنابێ، تا دەبوو تەلیسماوی دەنوا. دەستی بەرەو خوار کردبووەوە و گەیاندووبیە نەرمینەی بەرۆکی و ویستی سەرگۆی پەنجەی لە گۆی مەمانی بخشێنێت، مەمکدانەکەی چو دەروازەی قەڵای سەنگ باران شوورەیەکی سفت و سەختی لە دەوری تۆپەڵی مەمکیدا دەور تا دەور بەستبوو. فراولە هەناسەی تاوی سەندبوو. ئەردەشێر نەیدەویست تیژوتوند حورمەت و لووتبەرزی و سەلاریی مەمانی بشکێنێت، دەستی ئازایانە بەرەو خوارتر کردەوە و خۆی لە ململانێی

قـەڵاگـیـریـی مـەمـانـی دوورخستـەوە و بـیٚ دەربـەست لـە ئـازاری بـرینـەکـەی ئـەو دەستەکەشی لە کەمەری گیر کرد و توند لە ئامێزی گرت و لێوی خستە سەر لێوە هەڵئاوساوەکانی و بە تەواوی توانا و ئارەزوویەوە مژی و مژی، لێو و زمان و دەم و دانیان ئامێختەی یەك بوون.

کزەی ساردی بای نێو دەربەند گاڵەی ڕاوچییانی دووری دەگەیاند.. ئەوەسا هات، یەکانەیە، مالۆسە، پەڵخیشیان لەگەڵە.

ئـەردەشێر دوگمـەی سێـهـەمـیـنـی کراسەکـەی فـراوڵـەی کردبـووەوە، چوارەم و پێنجەمیان لەناو پەنجە لەرزۆکەکانیدا دەخزانە چەپ و ڕاستدا. هەرچی ویست قۆپچەی نێر و مێی مەمکدانەکەی بکاتەوە نەیتوانی. مەمکدان لە پاراستنی گەنجی خۆیدا پابەرجابوو، دەستی بەرەو خوارتر برد و بەرەزوانەی پشتوێنەکەی کردەوە. فراولە گڕی گرتبوو. ئەردەشێر سەرپۆپەی چیا سەخت و دژوار لە ململانێدا بوو. بەرەزوانە و زنجیری نێو گەڵی پانتۆڵەکەی بەرەوخوار قلێشاو دەهاتە بەرچاو. بەدەنگە دەنگدا سەگەل بەرازەکانی بەرەولای سەنگەرەکەی ئەردەشێر و فراولە دەهێنا. لە دەستی چەپیانەوە پرۆفیسۆر و پیران لە سەنگەردا بوون. شکار بهاتایە لە پێشدا بە ڕووی ئەواندا دەهات و ئینجا دەگەیشتە ئەردەشێر و فراولە و لە خواری ئەوانیشەوە هانس و شەفیعی لە سەنگەردا بوون.

هـێشتـا چـەنـد پـارچـەیـەکـیـان بـە لـەشەوە مـابـوو، لـە نـا خۆڵـەکـەوەی کۆنـە ئاگردانێکدا بیٚ ئاگا لە دەوروبەر، چو ڕەنگی تابلۆیەکی سریالیزمی تێکەڵ بووبوون. مەمکدان جیٚ لەق کرابوو نیو نیگا سەرگۆی یەکێك لە مەمکەکانی فراولە تاریك و ڕوون، توپز و هەڵئاوساو لە شوورەی مەمکدانەوە شەرمەزارانە سەری وەدەرهێنابوو. ئەردەشێر وەحشییانە دەستی لە خشتەکی مەمکدان گیر کرد و مـەمـکدان کێشی هـات و کێشی هـات، تـاپـچـڕا. تـەقـە نـزیك بـووبـووەوە. مـاڵۆسـە. ماڵۆسە، یەکانەیەك بریندارە، هۆشیاری بن. پرووزەی عەرەقی ناوچاوانی هەردوو هەناسەی گەرم و پچرپچڕی هەردوو ئای ئای بەین بەینی زاروزمانی هەردوو، کەفەڵی بەفرینی فراولە لەناو نەرمە خۆڵەکەوەی کۆنە ئاگردانا ڕۆژ و شەوی دەخستە ڕوانگەوە. جووڵانەوەی شێتانە و نامەوزوون، پەلوپۆ کوتانی منداڵانە،

کورتە ئاخی پڕ لە حەزی ژاناوی، نەرمە گازی پڕ لە نازی سنگ و لامل تا دەبوو چو گڕێکی بڵێسەدار.. گڵپەیان دامرکایەوە. پرۆفیسۆر و پیران کەوتبوونە تەقە. فراولە و ئەردەشێر لە باوەشی یەکتردا ئارامیان گرتبوو. سەنگینی لەشی ئەردەشێر کەفەڵی فراولەی لە خۆڵەکەوەکەدا، خۆڵەکەوەی بە ئەندازەی خڕ و مڕی دوو گۆپی کەفەڵی دەق پێ بەستبوو. ڕەوەی بەراز بێ تەقە لە ئەردەشیر و فراولە گوزەران و کەوتنە ژێر دەمی تفەنگی هانس و شەفیعی. سەگەل دەیحەپان، بەراز دەیمرخان، هەڵۆ بەرزەفڕەکە دەیقیروان. چەند سوارێکیش بە دوای سەگەل و ڕەوە بەرازەوە بە هەی هەی وتنەوە، تا دەبوو بەراز و جانەوەرانی تریان دەقاڵان. فراولە هەستایە سەرپا، پارچە خەڵووزی ڕەش و بچووك و چوکڵە و وردیلانە بە پشت و کەمەر و کەفەڵیەوە چەسپابوون، ئەردەشێریش ڕووبەڕووی، قەدبەقەد هەستایە سەرپا، عاشقانە دیسانەوە لە باوەشی گرت و نەرم نەرم خەڵووز و پووش و پەڵای چەسپاوی سەر لەشی فراولەی توور دەدا. زۆری نەبرد لەبەر چۆك و بەرۆکی فراولەدا چوو بە چۆکدا، لاڕوومەتی لەسەر نەرمە گۆشتی دوای ناوقەدی چەسپاندو هەردوو لەپیشی لە پشتییەوە هەڵەفە کردو وەك بۆ خۆی قسە بکا، وتی:

– هەرگیز خۆمم وا نەدیوە، بۆ وام لێ قەوماوە؟

فراولەش چو هەیکەلێکی یۆنانی لەمەڕ مەڕ داتاشراو ڕووتوقووت بە پێوە وەستابوو، نەرم و نۆڵ پەنجەی خستبووە سەر و پرچی ئەردەشێرەوە و سەری بەرەو خوار کردبووەوە، زوڵف و ئەگریجە زێڕینەکانی چو تاڤگە، با بەسەر سنگ و بەرۆکیدا دەیشەکاندەوە و لەسەرخۆ وتی:

– ترسێکی سەیرم لێ نیشتووە.

– ترس؟

– ئا، ترس. ئەوی ڕاستی بێت بە تەواوی نازانم لە چی دەترسم، بەڵام خورپەی دڵ و ترس و لەرزێکی نا ئاشنا، تاو تاو دام دەگرێت و پەرێشان دەبم.

– ترس بێ بەڵگە نابێت.

– بەڵگەم هەیە، بۆیە دەترسم.

– کەواتە دەزانی لە چی دەترسیت؟

– تا ڕادەیەك لە خۆم دەترسم تا خەڵك، بۆیە ئاشوفتەم. بۆ یەکێکی وەك من بە ئاسانی تووڕدانی بیروڕایەك تا بە ئەوڕۆ باوەڕم پێی بوو، کارێکی ئاسان نییە و نابێت، مەگەر هێز و بیروڕایەکی بەهێزتر بیروڕای پێشووم جێ لەق کا.

– بیروڕاگۆڕین بە شوورەیی ناژمێررێت، بەتایبەت لە شتێکەوە بۆ شتێکی باشتر.

– ڕاست دەکەی. ئەی ئەگەر بۆ خراوتر بوو، چی؟

– تا بە چی کەیل و ترازوویەك هەڵسەنگێنرێ و تازە هەڵسەنگێنەر کێ بێت؟

– وەك ترازوو بۆ خۆشم زانیومە، تا بە ئەوڕۆ زۆربەی ژیانم تەرخان کردووە بۆ زانیاریی کار و پیشە و زانست، ئەویش بە تەواوی توانا و هونەرەوە.

ئەردەشێر ئەزنەکێکی دا و هەستایە سەر پاو هەردوو وردە وردە بە پۆشتەکردنەوە خەریك بوون لاستیکی مەمکدانەکەی فراولە سەر قومچەکەی پچڕابوو، دوو سەری هەردوو لای بەپشتییەوە چەسپاندبوو وتی:

– وەرە، ئەم دووسەرەم بۆ گرێ دە.

ئەردەشێر بەنی مەمکدانی گرێ دا و دووبارە فراولەی لە پشتەیەوە لە ئامێز گرت و وتی:

– دەزانی پێموایە خۆشم دەوێیت؟

– پێتوایە؟

– لە پێموایە زۆرتریش. هەستێکی سەیر و تێکەڵ لە دەروونمدا شەپۆل دەدا. تا بە ئەوڕۆ، لە عاستی هیچ ئافرەتێکدا وا نەبووم.

– وەك لە سەرەتاوە وتم، ترساوم، ترسەکەی منیش هەر لەوەیە.

– کەوایە ترسی پێ ناوێ؟

– بادڵنیابم، ئەو حەلە.

– من کە هەم.

– خوابکا من نەبم.

پرۆفیسۆر و پیران ورەیان لە دوور دەهات بەرەو لای فراولە و ئەردەشێر دەهاتن. لە خواریشەوە هانس و شەفیعی بە گاڵە و پێکەنین دۆڵیان پڕ لە گاڵە گاڵ کردبوو.

پرۆفیسۆر بە ئەردەشێری وت:

– گوێم لە تەقەتان نەبوو؟

فراولە وەڵامی دایەوە:

– من نەمهێڵا. تا لای ئێمەوە خوێن نەڕژێت.

پیران مات و بێدەنگ پشتی لە دار بەڕوویەك گیر کردبوو. تێکڕا شەش بەراز کوژرابوو.

## ٢٥

– کابرا، بێیتە پێشەوە، تەقەت لێ دەکەم!

– بە خوا بیشمکوژی هەر دێم.

– بە مێزەرەکەت مەنازە، بەو قورئانەی بە دەستەوەیە بێیتە پێشەوە، دەتکوژم!

– بۆ دەمکوژی؟ باوکتم کوشتووە. تۆپ و تانگم پێیە یا شەست تیر؟ بۆ دەترسیت لێت بێمە پێشەوە؟

– قسەی خۆت بزانە، کێ دەترسێت؟

– تۆ دەترسی، ئەویش لە مەلایەکی بێ چەکی ڕیش چەرموو، ئەگینا بۆ نایەڵیت لێت بێمە پێشەوە؟

– ئاخر هاتنەکەت بێ سوودە، ئەم لاولاشی تێدا نییە. یا دەبێ بە دەستی ڕووت لە دێ بێنە دەرەوە، یا شەڕ!

لەناو دێدا، بە سەربانانەوە چەندان کەس لە سەنگەردا بوون. لوولەی تفەنگەکانیان بەرەو گرد و تەپۆڵکەی کەوانەی دێ نیشانە گرتبوو. دێی (سوری ئاوا) لە چل ماڵێك لەناو دۆڵێكدا بەسەر کانی و ئاوێکەوە پێك هاتبوو، گرد و تەپۆڵکەی کەوانە ڕووتەڵ و بێ دار و درەخت سوور دەنوا. خانووەکانی چو هێلکە کەو و لەلانەدا شان بە شان و دیوار بە دیوار ترنجابوونە یەك. لە تەپۆڵکەکەوە هەر جوولانەوەیەك لە دێدا دەبینرا. دانیشتووانی دێ کاتێك بە ئاگا هاتبوون لە چوار لاوە ئابلۆوقەی دێیەکەیان دراوە و تەیمان چنیان کردووە، کوێخا بارام کە دی وا چوا دەوری دێ گیراوە، دای بە ڕانی خۆیدا و نالاندی:

– دیت سڵکە باوەحیز چۆن دایکی گاین، چۆن کوڕ و کچمانی کردە قاورمە و شەڕەکەی کردە قاپیماندا.

کوێخا لە داڵان و بەردەڵانەکەدا چو کۆس کەوتوویەك دەهات و دەچوو. چەند دەم چەرمووییەکی تر دێیش کۆ بووبوونەوە. هەمووان بەرەو مزگەوت وەڕێ کەوتن. مەلا فەتاحیش لە دەورەدانی دێ ئاگەدار بووبوو، کوێخا بارام بە گەیشتنی بەلای مەلا قیڕاندی:

– کورە هاوارم کرد سڵکە ئۆین وەقنگ، دەڵەشڕەکەت هەڵگرە و لە دێ دەرچۆ و ئەم شەڕە مەکە دەرگەماندا. کورە، ئەوەندە فرت و هۆڕ مەکە، وەگوێی نەکردم، کە نەیکردم سڵك زانیم حەوت گۆزە خوێنی پێیەو دەیکاتە دەرگەی یەك یەکماندا. باوکەکەت لە کەر بکێشم سڵك!

سڵك و دوانزە چەکدار بە سەربانانەوە لە سەنگەردا بوون. ئابڵووقەی دێیش تا دەبوو تەنگتر دەبوو. ئینجا کوێخا ڕووی کردە مەلا و وتی:

– تو ئێژی چی بکەین؟

– چی بکەین؟ ئێمە لە تکاکردن زیاتر چی ترمان لە دەست دێ؟

– جا کێ ئێژێ رجاو تکامان دەگرنە گوێ؟ ئەمانە عەشایەرانە بیر ناکەنەوە. بەپێی فەرمان هەڵدەسن و دادەکەون. بەخوا بە خوا سڵکە باوەحیز وا تووشی کردووین، بێ ماڵ کاول بوون ڕزگاریمان بۆ نییە.

مەلا فەتاح هەستا و خۆی پۆشتە کردەوە و قورئانێکی گرتە دەستەوە و بە کوێخای وت:

– تۆش بکەوە تەکم با بڕۆین.

سەرکردەی سەرگردیش دەینەڕاند:

– نەیەنە پێشەوە.

کوێخایش بە دوایدا بە بزنەڕێکەدا سەرکەوتن.

کاکە خان ڕوو بە مەلا وتی:

– مامۆستا ئەو قورئانە بخە سەر ئەو تاشە بەردە، ئەو کاتە وەرە پێشەوە.

– ئاخر ناکرێت.

– وەك وتم.

مامۆستا قورئانی بەسەر تاشە بەردەوە دانا و ڕۆیشتە پێشەوە.

کاکە خان ڕوو بە مەلا وتی:

– ئێستا فەرموو بزانم چی دەفەرموویت؟

– چی دەتوانین بفەرمووین، دەڵێین ئەم شەڕە لە ئێمە دوورخەنەوە.

– زۆرمان لا خۆشە ئەم شەڕەتان لێ دوورخەینەوە، یا باشتر بڵێم شەڕ بۆ بکەین؟

کوێخا بارام باوەڕ نەکرد و وتی:

– ئا، بە قوربانت بم، شەڕ فرە ناحەزە، بەڵام لە بیرتان نەچێت ئەوانەی بەسەربانانی دێکەتانەوەن ئەوان شەڕفرۆشن و شەڕیان هێناوەتە دەرگەتان، نەك ئێمە. من بەپێی فەرمان دەجووڵێمەوە، فرمانیش بێ ئەملاولا ئەنجام دەدەم. فەرمانم پێ دراوە سڵك و دەستەکەی یا بە بێ چەك لە دێ دێنە دەرەوە، یا دەست پێ دەکەین، یا ئەگەر خەڵکی دێکەیان لا گرینگە با لە دەری دێوە بەختی خۆیان تاقی کەنەوە حاڵ لەم سێ بەندە وەدەر نییە و چوارەمینیشی بۆ نییە.

کوێخا بارام هەڵی دایە و وتی:

– ئای براڕۆ، کەواتە با بڕۆم پێیان ڕاگەیەنم.

– دەڕۆی، ناڕۆی مەیلی خۆتە. تا یەك سەعاتی تری ڕادەوەستم، دوای ئەوە هەرچی بە چاك بزانم دەیکەم و بە هەقی خۆمی دەزانم.

کوێخا بارام تونـد و تیـژ بەرەو خوار گل بووەوە، مەلا فەتاحیش قوتووی جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و کاکە خان ڕوو بە مەلا وتی:

– وا نازانم خەتای ئێمەی تێدا بێت؟

مەلا فەتاح مژێکی لە جگەرە دا و ئارام وەڵامی دایەوە؟

– خەتای ئێوە بێت یا ئەوان، ئێمە لە نێواندا لە هەردوو لا بێ خەتاترین. نە خوا هەڵدەگرێت، نە ئاینیش، ژن و منداڵ و ماڵ و ئەحواڵی ڕەشوڕووت بێ ئەرزشانە

بدرێته دەم گولله و ئارپیجییەوە. ئێوە بەلای خۆتانەوە سپەری بەڵای لێقەوماوانن، پشت و پەنای خەڵکن.

– مامۆستا من ئەمانە تێناگەم، بابایەکم فەرمانم پێ دراوە سڵك و دەستەکەی باڵبەست کەم یا بیانکوژم. خۆ کاك قوبادی لای ئێمە دەناسیت و ئاگەداری توندوتیژییەکەی هەیت؟.

– ئا، ئاگەدارم.

– بەسەر ئەمەشدا دەفەرموویت دەستبەردار بم؟

– ناڵێم دەستبەردار بە، دەڵێم، تەقە دەست پێ بکا دێیەك بۆ ئێمە نامێنێتەوە.

– ڕاست دەکەی، سڵك دەبوا ئەمەی بزانایە. ئەوە دە دوازدە ڕۆژە، شەو و ڕۆژ بە دوایەوەین.

– ئەم وردەکارییەتان دەرحەق بەدوژمن بکردایە، ئێستا هەی هوو؟!

– ئەوە باسێکی ترە و لە من گەورەتر دەتوانیت بپرسیت، بەڵام سڵك کارێکی نەکردووە لێی خۆش بین. خۆ ئاگەداری چی بەسەر کاك کوردۆی هاوپەیمانی ئێمەدا هانی و ئێستاش وا بێ دەربەستانە کەوتووەتە گەشتوگوزار لە ناوچەکانماندا.

کوێخا بارام عەرەقی دەچۆڕاند مشکییەکەی کەوتبووە گەردنی، هەناسەی سوار بووبوو، پچڕ پچڕ وتی:

– سڵك ئێژی شەڕنەکەین بێ ئاوڕوومان ناکەن؟

– مەبەستی لە بێ ئاوڕووبوون چییە؟

– دەیوت دەترسم چەکیان بدەینێ و ئەو حەلە بێ حورمەتیمان لەگەڵا بەکەن.

– نا، بێ حورمەتییەك لە گۆڕدا نییە. وەك هەر دەستبەسەرێك رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت، ئەو بەڵێنە دەتوانم بدەم.

مەلا فەتاح هاتە نێوان وتووێژەکەوە و وتی:

– کەواتە، با من و کوێخا داکەوینە خوارەوە و بەڵێنەکەی جەنابتیان پێ ڕاگەیەنین.

– بە مەرجێك زۆر نەخایەنێ.

مەلاو و کوێخا بە گردا سەروخوار بوونەوە. کاکە خان پێوەندیی لەگەڵ قوبادا گرت و لە چۆنیەتیی خۆبەدەستەوەدانەکەی ئاگەدار کرد. زۆری نەخایەند سڵك و دەستەکەی بێ چەك بە دوای مەلادا بەرەو دامێنی گرد لە دێ وەدەرهاتن.

– باوەڕ ناکەم بیکاتە هەوروهەڵا...

## ٢٦

ڕادیۆ تاران بەرنامەی هەواناسییەکەی دەیوت:

– ئەمڕۆ سەرتاسەری ڕۆژاوای ئێران هەتاو دەبێ.

– موهەندیس گوێی لە قسەی دوکتۆر شەفیعی بوو وتی:

– جا ئەوان کەی ڕێگەیان لە ڕاست کەوتووە تا هەواناسییان ڕاست دەرچێ!

پرۆفیسۆر سەیری قوبەی ئاسمانی کرد و ئاسمان ساف و سۆڵ و بێ گەرد و لەکەو پەڵە هەور، سایەقەی ساماڵ وتی:

– لەوە دەڕوا بەرنامەی ڕادیۆ تاران درۆی نەکردبێت. بێ چارانە ناویان بە خراو دەرکردووە، ئەگینا بەم ئەندازەیەشە دز و درۆزن نین. ئێمە خەممان دوو سەعاتی ترە. ئەگەر لەم دوو سەعاتەدا هەتاو هەروا بێ و ئاسمان هەور دای نەگرێت کاری خۆمان تەواو کردووە.

هانس و پیران لای ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر تاشەکەوە ئاوێنەیەکی دوو مەترییان ڕوو بە خوارەوە دامەزراندبوو، بەپێی جووڵانەوەی هەتاو پەیتا پەیتا تیرئاوێژی ئاوێنەکە لە ئاوێنەی خوارەوەی ڕوو بە ئەشکەوت نزیکتر دەبووەوە. تیرئاوێژ دەبوا بکەوێتە سەر ئاوێنەی خوارەوە لەوێڕا ڕایەڵی سەر دیواری نێو ئەشکەوت کرابا، ئەمەش کاتێك دەگونجا هەتاو بەسەر سەرەوە بێ.

جگە لە پرۆفیسۆر هەمووان لەگەڵ چرکەی سەعاتدا ترپەی دڵیان توندتر لێی دەداو ڕوویان ترس و هەراس یاوەر دوودڵی و ئاشوفتەگی لە ڕوویاندا بنی دەنایەوە. موهەندیس بە تەواوی دانی بە بوونی «جام»دا نەدەناو لە لایەکی دیشەوە وردەکاری و بەرنامەڕێژی ڕەگەزی ئەڵمانی دەناسی نەیدەسەلماند بەفیرۆ و بێ بەڵگە و بەرنامە بکەونە دوای کڵاوی بابردوو وەك ڕۆژهەڵاتییەك دەیزانی

ڕۆژاوایـی بـێهـووده نـاکـەونـە دوای بـەرنـامـە و پـڕۆژەیـەك، ئـەگـەر تـا ڕادەیـەك لەسەرکەوتن دڵنیا نەبن، لەوانە نین توخنی کەون. دوکتۆر شەفیعی کەم و زۆر دەیزانی چەند ڕووداوێك ڕووی داوە و پێوەندییان بە «جام»ەوە بووە جام بۆ خۆی چۆن چۆنی بەدەست دێ، نەیدەزانی، تاوێك لە کاروبارا بە تینەوە دەجووڵا و تاوێك ئاشوفتە بیر دەبوو. هانس گەیشتبووە ئەو باوەڕە نووسراوی سەر نقێمەکە لە خۆڕا نەنووسراوە و بۆشی دەرکەوتبوو تا بە ئەوڕۆ بە ڕێچکەیەکی گوم و هەڵەدا نەڕۆیشتوون. خودی «جام» چییە و چۆنە؟ ئاخۆ بە چنگی دێنن؟ لە تاریك و ڕووندا دەخولایەوە.

پیران تا ماوەیەك لەمەوبەر تەواوی زیکر و فیکری خستبووە سەر بەرنامەی (جام) و لە تەقالادا ماندوویێتی بۆ نەبوو ئەوەتەی گەیشتبوونە (داهۆڵ) و پێوەندی نێوان ئـەردەشێر و فـراوڵـەی لا ئـاشکـرا بـووبـوو، هـەر ساتێکی بـە زەمـانێك لـێ دەگوزەرا. خۆی دابووە دەست ڕێکەوتەوە. حەزی دەکرد هەرچی زووتر بگەنە دوا خەتی بەرنامە و کۆڵەباری لێ ببەستنەوە و بەرەو ئەورووپا بگەڕێنەوە، تا ڕادەیەك توێژی خۆشحاڵییەك لە ڕوویدا دەبینراو پەیتا پەیتا دەینواڕییە سەعاتەکەی و تیرئاوێژی تیشکی هەتاو و ئاوێنەی خوارەوەدا. فراولە لە هەمووان کاستر و گێژ و وێژتر دەهاتە چاو، ئاشوفتە و هەراسان بیر و هۆشی ناڵان سەخت، وا بەستەی عەشق بووبوو. جگە لە عیشقی تازە و سەر و گەردن و قەد و قامەتی ئەردەشێر نەبێت بیر و دڵ و دەروونی هەتاوەکو جێگەی (جام)ی. تیا نەدەبووەوە، دەترسا ڕووداوێك، بەرنامەیەك بێتە پێشەوە و لە ئەردەشێری دوورخاتەوە شەپۆلی هەست بە ئافرەت بوون و هەستی قووڵی ژنانە و دڵ و دڵداری عیشق و ئاوات و ئارەزوو لە گرمە و زرمەی جارانی خستبوو، پەلوپۆی شکابوو. خوماری عیشق و خەیاڵاتی عیشق، دڵەکوتێی عیشق و ئومێد و ئارەزووی عیشق، لە خولیایدا گەردەلوول ئاسا دەچەرخا و تەواوی بیروڕاکانی تری ڕادەماڵی. تیر ئاوێژی تیشکی هەتاو لە ئاوێنەی خوارەوە نزیك بووبۆوە، هەتاو خەریك بوو دەگەیشتە چەقی ئاسمان. پڕۆفیسۆر پەیتا پەیتا مژی لە پایپەکەی دەدا، بێدەنگ لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– ئەی خەوتووی بێدار، ئەی خوماری هێز و توانای ئاهوارییی، ئەی مەست و

مەنگی نیوە هوشیار، ئاهورامازدا تۆی هەڵبژارد.  تا پەی بەڕازی زێڕین. ئا، ئاهورامازدا تۆی هەڵبژارد. تیر ئاوێژێکی تیشکی ئاوێتەی سەرەوە کەوتبووە سەر ئاوێنەی خوارەوە، کەژاوەی هەتاو لە شەقامی ئەفسانەییی خۆیدا گەردوونی دەپێوا ئاوێنەی خوارەوە، ئارام ئارام، لە دەمی ئەشکەوت نزیك دەبووەوە، لێدانی دڵیش تا دەبوو توندتر و خورپەکەی بە زرمەتر و ترپەکەی بە گرمەتر، کپی و ماتی و بێدەنگییەکی سامناك باڵی داکێشابووە سەر دەوروبەردا، قریوەی هەڵۆکە شریتی بێدەنگی پچڕاند. پرم و هۆڕی کەپووی ئەسپە ئەفسانەییەکانی گالیسکەکەی «ئاپۆلۆ»ی خواوەندگاری شەوق و ڕۆشنایی و هەتاو لە بیر و فیکردا تێکەڵ بە جیرە و هارەی پاچکەی گالیسکە ئاگرینەکەی ترس و ئومێدی دەخولقاند. تیرئاوێژی تیشك چو تیرێکی یەزدانی بەرەو دیواری نێو ئەشکەوت پەیتا پەیتا نزیکتر دەبووەوە. بە پێی ئەندازەگیریی پرۆفیسۆر دەبوو تا دە دەقیقەی تر تیشك بگاتە ناوەڕاستی ئاوێنە. بۆ ئەم مەبەستە بەتانیایەکی بەسەر ئاوێنەی خوارەوە کێشابوو تا لە پڕ لای دا و هێزی هەتاو بە تەواوی کەوتوێتە چەقی ئاوێنە و تیشکەکە بەهێز و تواناوە بکەوێتە سەر دیوار، چرکە ژماری دەکرد، ڕوو بە هانس قیڕاندی:

– ئاوێنەکەتان دەجووڵێتەوە.

لەپڕ دیسان هەڵۆ قیڕاندی. پرۆفیسۆر سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، هەڵۆ سەرفەرازانە دووبارە قریواندی، پرۆفیسۆر وشەیەکی کەوتەوە بیر.

تۆ ئەی ڕونشتادی خەڵکی دۆڵ و دەربەندی «باڤاریا» ئاهورا تۆی هەڵبژارد، ڕازی زێڕین ئەمانەتێکە و کەوتووەتە گەردنت. نەکا گیرۆدەی هەوا و هەناسەی دوور لە ویژدان بیت، نەکا ملکەچی زەڕ و زۆر و بریقەی سامان بیت، دوایی پەشیمان دەبیتەوە، پرۆفیسۆر هاتەوە سەرخۆی و سەیرێکی سەعاتی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

– هیمەتت ئاهورامازدای مەزنی مەزنان.

لەپڕ بەتانیای لەسەر ئاوێنە لادا و تیشکی هەتاو وەك باقەیەك تیشکی «لیزەر» لە تاریکیدا ئاواڵە کەیت، ئاواڵەی سەر دیواری نێو ئەشکەوتی کرد. نێوی

ئەشکەوت بەجۆرێك بریسکایەوە تیشکێکی سپیی پرشنگداری گەش چواردەوری بریسکاندەوە، بۆ ساتێك گلێنە و سۆما، هەموو شتێ لێڵ هاتە بەرچاو زۆری نەبرد بریسکەی بزیسکەی نێو ئەشکەوت دامرکایەوە دووکەڵێکی ڕەش لە دەمی ئەشکەوتەوە تەنوورەی بەست و بە دوایدا هەزاران شەمشەمەکوێرەی زل و قەڵەوی تووکدار، پۆل پۆل، لە ئەشکەوت هاتە دەرەوە و بەرەو جەرگی ئاسمان دەیاندا لە شەقەی باڵ و لەو هەلهەلەی ئاسمانەوە وەك کیسەیەکی لم بەشێوەیەکی حەلەزوونی دەکەونە خوارەوە و گڕیان تێ بەردەبوو.

تەنوورەی دووکەڵی ڕەش و پۆلی شەمشەمەی زل و قەڵەوی ناحەز و بزیسکە و بریسکەی نێو ئەشکەوت وەك خەوێکی تێکەڵوپێکەڵ هاتبووە چاو. بینەران وایان دەزانی. تەماشاکەری شانۆگەری و دەرهێنانی فیلمێکی ئاسمانی و سەدان دەستگای کامپیوتەر و ئەلەکترۆنیان بەکار هێناوە. ئەوەی دەیاندی بە چاکی نەیاندەسەلماند. پرۆفیسۆر نەبێت دڵنیا و بێ باك چاوەڕوانی نیشتنەوەی دووکەڵ و دواهاتنی شەمشەمەی دەکرد. دەوروبەری ئەشکەوت لە چەند لاوە دووکەڵی لێ هەستابوو شەمشەمەکان دوور نەدەڕۆیشتن، ئەگینا تەواوی دەوروبەریان گڕ تێ بەردەدا.

فراولە لە ترسا خۆی خزاندبووە تەنیشت موهەندیسەوە، ئەویش دەمی بووبووە تەڵەی تەقیو، ئەوەی دەیبینی نەدەکرا نەیسەلمێنێت و دەشیزانی خەو نابینێت.

دووکەڵ دامردبووەوە، هانس و پیران هاتبوونە خوارەوە، موهەندیس و فراولە و شەفیعی لە سەرسامیدا بوون. پرۆفیسۆر ڕووی تێکردن و وتی:

– حەقتانە سەرسام بن. هەفتەیەك لەمەوپێش لە خەودا پێتان ڕاگەیاندم (جامی جیهان نما) بە دەست دێنم.

هانس قسەکەی پرۆفیسۆری بڕی و وتی:

– چاکتر وایە بڵێیت (جامی جیهان نما) بە دەست دێنین.

– نەخێر دوکتۆر، ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی، منم کلیلی ڕازی (جامی جیهان نما)، منم باوەڕ پێکراوی ئاهورامازدا، منم پێ سپێراوی جامی جیهان نما.

هەموویان لە قسەکانی پرۆفیسۆر گێژ و مەنگ سەریان سڕما. بە سەیرکردن بەیەکدا یارمەتییان لە یەکتر وەردەگرت، ئینجا پرۆفیسۆر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە وتی:

– ئەوەی وا وتم لە خۆمەوە نییە و بەڵگەم بۆی هەیە و لە خۆڕا نەموت و بەشێوەیەکی تر مەیدەن لە قەڵەم. بەم زووانە بۆتان روون دەبێتەوە، کە چۆن شاکلیلی جامی جیهان نمایان بە من سپاردووە و ئەڵبەتە لە بیرتان نەچێت من خۆم لە ئێوە جیا نەکردۆتەوە و ناشیکەمەوەو هەموومان بۆ یەك مەبەست هەوڵمان داوە و هەوڵیش دەدەین و لە تەقەلادایین، لەوەش دەچێ بە رێگەیەکی پڕ لە سەیروسەمەرە و پڕ لە ڕووداودا بڕۆین و بپێوین.

فراولە قسەی پرۆفیسۆری بڕی و وتی:

– تا ئەوێی من دەیزانم جەنابت باوەڕێکی پتەوی ئەوتۆت بە ئاوێنەکەی خۆت نەبووە، نازانم لە کەیەوە بوویی بەسەر سوپوردەی ئاهورامازدا.

– ئەمەش ڕازێکە دوایی ڕوون دەبێتەوە، نامەوێت جارێك لێی بدوێم. کاتێکی فراوانمان بە دەستەوە نییە. من لە پێشەوە تاك و تەنیا دەڕۆمە ئەشکەوتەکەوە، کەستان مافی هاتنە ناو ئەشکەوتنان نییە، تانەیەمەوە.

پرۆفیسۆر پرەژەکتۆر بە دەست بەرەو ئەشکەوت چەند هەنگاو ڕۆیشت و ڕاوەستا و هەڵچەرخایەوە و وتی: وایەری ئەم پرەژەکتۆرە چەند مەتری بە دەمەوەیە؟

هانس وتی:

– زیاتر لە سەد مەتر.

ئینجا وەرچەرخایەوە لای ئەردەشێر و وتی:

– دەتوانم چپەیەکت بۆ بکەم؟

– چپە؟

– ئا، قسەیەك جارێك هەر لە نێوان من و تۆدا بێت.

ئەردەشێر بەرەو لای پرۆفیسۆر ڕۆیشت و پرۆفیسۆر سەری لە ئەردەشێر نزیك کردەوەو وتی:

– دەمەوێت بەڵێنێکم بدەیتێ.

– ئەمر بکە. باعیسی سەریشم بێت دەیکەم.

– ئەگەر من و هاوکارانم شتێکمان بەسەردا هات یادداشتەکانمان بگەیەنیتە زانکۆی بەرلین.

– بەسەرچاو، هەر ئەوەندە؟

– هەر ئەوەندە.

دەمی ئەشکەوت ڕەشی کردبووەوە پرۆفیسۆر لە تاریکیی نێو ئەشکەوتدا ون بوو، ئێمەشی دایە دەست هەزار بیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆر.

## ٢٧

زۆربەی دەم و دیوار و قەبرغەی ئەشكەوت ڕەش داگەڕابوو. دیواری لای سەرەوە هەر وەك خۆی مابووەوە، بێ هەرووژان و داخورمان تەنیا لە ناوەڕاستیدا تر گردەكونێك بە بازنەی دوو مەترێك و مەوزون و لە دیواردا ئاواڵە بووبوو، وەك بە چەكوشی سەدان پەیكەرساز و هونەرمەند هەڵكۆڵرابێت، پرۆفیسۆر پرەژەكتۆر بە دەست ڕوو بە كونی كراوە وەستا و ئاوڕێكی لە پلەی مارپێچی بەرپای دایەوە، پلەیەكی بەردین تا چاو بڕی دەكرد بەرەوخوار دەبووەوە. بە دیدەنی گردە كون و پلەی مارپێچ لەبەر خۆیەوە وتی:

– سەرێكە و هێناومەو نایگەڕێنمەوە.

بەرەوخوار بۆوە، پێچی یەكەمی بڕی و چەند پلەی دی بەرەو خوارتر چوو. هاژە و خوڕەی ئاوی هاتە گوێ، دیسان بەرەوخوارتر چوو بە قووڵاییدا و تیشكی پرەژەكتۆری دا لە بن میچی پلەكانە بەردینە كە لەسەر تەختە سەنگێك نووسرابوو:

«تۆ لە پەرستگایەكی پیرۆزدایت كەوشەكانت دەربێنە»

پرۆفیسۆر داچەمییەوە و كەوشێ دەرهێنا و بەرەوخوار بووەوە. پێش ئەوەی ڕاڕەوی پاپلكەدار تەواوبێت لە قووڵاییی خوارەوە ڕۆشنایییەكی هاتەچاو، سەرسامانە لە تیشك وردبووەوە. ئەو خۆی نابووەوە بۆ هەموو ڕووداوێك، بۆ هەموو نەگونجانێك لەگەڵ بیر تێفكرینی خەڵكی سەدەی بیستەمدا. ڕۆشنایی لەژێر هەزاران مل و بەردی سەنگی خارادا نەدەگونجایە ئاوەزییەوە، تا دەڕۆیشتە خوارەوە بەرپای ڕۆشنتر دەبووەوە. پاپلكەی مارپێچ بەرەوخوار ڕاستەوخۆ كشایە نێو ئەشكەوتێكی ئاوەڵە و ڕۆشنەوە. تا چاو بڕی دەكرد پان بوو ئاواڵە، لە ناوەڕاستیدا چوار تاقێكی ئاگردان گڕی ئاگرەكەی بڵێسەی دەهات. چوار تاق زیاتر لە دە گەزی شا چووبوو بە ئاسماندا. گڕی ئاگردان چو ئەژدیهایەكی زل و

زەلام بە چەپ و ڕاستدا لوولی دەخوارد و پێچ پێچ گڵپەی دەکرد. لە چەندان لاوە لە بنمیچی ئەشکەوتدا کونە پاچەی تاریك و بن نەبینراو وەدی دەکرا، هەوایەکی نەسارد و نەگەرم سەرتاپای ئەشکەوت گرتبووە خۆ، ئاوێکی خوڕی کەف کردوو لە توێی بەردەکانەوە، بە ناو جۆگەیەکی سەنگیدا بەرەو خوار خوڕ کشپەی دەهات، تیژیی ئاوەکە سەرنجی هەر بینەرێکی ڕادەکێشا، دیوارەکانی ئەشکەوت ساف و سۆڵ و جوان داتاشراو دەهاتنە چاو. گڕ و گڵپەی ئاگردان بەسەر دیوارەکاندا سێوەری سەیر و جۆراوجۆری پێك هێنابوو. بەرزی و نزمیی نێو ئەشکەوت بە پلەکانی مەرمەڕین پێکەوە پەرچ درابوو، لە واری چوار تاقی ئاگردانەوە قووچەکێکی مەرمەڕین چووبوو بە ئەسماندا پاپڵکەیەکی جوان داتاشراو لاولاو ئاسا بە کەمەری قووچەکەکەدا تا پۆپەکەی داکشابوو. هەر لە دوورەوە تەلەسمی قووچەکەکە پرۆفیسۆری بەرەو خۆ ڕاکێشا بوو. هەروا دەی نواڕی ئاوڕی لە دەستی دایەوە، یەشتا پرەژەکتۆرەکەی بە دەستەوە بوو لە زەویدا دای ناو ناخۆئاگا بەرەولای قووچەك وەڕێ کەوت دیوارەکانی لا پلەو بەدەنەی قووچەك هەر هەمووی بە خەتی ئیلامی و ئاڤیستایی هەڵکەنرابوون، پرۆفیسۆر خۆی بە خوێندنەوەیانەوە، ماتڵ نەکرد و ڕاستەوخۆ بەرەو قووچەك کەمەن کێشی کرد و وردە وردە بە پلەکانەکەیدا بەرەو پۆپە وەڕێ کەوت، سی چل پلەیەکی تەی کرد و گەیشتە پۆپە براوەکەی، کە لە بازنەیەکی دە مەتری پێك هاتبوو لێواری بازنەکەی دوانزە پایەی مەرمەڕین بە زنجیری پۆڵایینەوە پەرژین کرابوو، لە ناوەڕاستی بازنەی سەرقووچەکدا شەش تەختی مەرمەڕین ڕوو بە پایەی چەقی بازنەکە بولەندی گەزێکی شا بوڵەند و بە سەریەوە گۆیەکی بلوورین بە پۆپە پایەکەوە چەسپابوو. لەناو گۆ بلوورینەکەدا گۆیەکی تری پیرۆزەیی ڕەنگ دەبریسکایەوە.

پرۆفیسۆر چو پەپوولەی دەوری چرا بە دەوری شەش تەخت و گۆدا پەپوولەی دەکرد و دەسووڕایەوە، ئینجا ئارام ڕووبەڕووی گۆ بەسەر یەکێك لە تەختە بەردینەکانەوە دانیشت و خوڕە و هاژەی ئاو و گڕ و گڵپەی ئاگر وردە وردە ئارام بووەوە و دەنگێکی ئەفسووناوی دیسانەوە هاتە گوێ:

– بەڵێ ڕونشتاد وا کە خۆتت دی بەسەر تەختی مەرمەڕینی جامی جیهان

نماوە و گۆی بلوورینی ئاهورایشت لە بەردەستایە، چۆنیەتیی بەکارهێنان و وەگڕ خستنی گۆی ئاهورایی لە دیوارەی خوارەوەی قووچەکدا هەڵکەنراوە وەك لە پێشدا پێت ڕاگەیەنراوە. ئەگەر بێتو لە ڕێگە و ڕێبازی ویژدان و خزمەتی ئینسان تاڵە موویەك لادەی، هیچ بەزەیی و ڕەحمێکت پێ ناکرێ و دووچاری دەردی بێ دەرمانی یەزدانی دەکرێیت و ئەو ئاگردانەی وا گڕ و گڵپە و بڵێسەی دەبینی، دوای دوو هەزار و پێنچ سەد ساڵ دەکوژێتەوە لەگەڵیا تەمەنی تۆیش. جا دەبێت بەرگەی ئازار و دەرد و مەینەت و کولەمەرگی بگریت. دەبێ حەز و هەستەکانت، ئارەزووەکانت هەمووی لە ڕێگەی مرۆڤایەتیدا، لە بێشکەی مەرگدا بلاوێنیتەوە و بگەیتە دوا پلەی، کە لە خۆگوزەشتەگی (Nervana)یە. دوا پلەی پەسندی ئاهورا نێرڤانایە نێرڤانا.

پرۆفیسۆر لە خەو و هوشیاریدا پەلی دەکوتا. ئەردەشێر کەوتبووە جموجوول، نەختێ دەچوو دیسانەوە دەگەڕایەوە، تا خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕوو بە هەمووان وتی:

– وا سەعاتێکە پرۆفیسۆر ڕۆیشتووە و نە دەنگی هەیە و نە ڕەنگ ناکرێت وا بێ دەربەستانە و دەستە پاچانە ڕاوەستین.

هانس وەڵامی دایەوە:

– ناشکرێت بێ گوێیی پرۆفیسۆر بکەین. بۆ خۆی پێی گەیاندووین تا لە خۆمانەوە وەدوای نەکەوین.

– لەگەڵتم و قسەی پرۆفیسۆریش لەسەر سەرمە، بەڵام کێ دەڵێت پرۆفیسۆر لێی نەقەوماوە و چاوەڕوانی یارمەتی و جووڵانەوەی ئێمە نەبێت ها، کێ دەڵێت؟

هانس بە نینۆکی پەنجە درێژەکەی نەختەکێك پشت ملی خوراند و بە دەم بیرکردنەوەوە، وتی؟

–خۆ ڕێگەی تێ دەچێ.

ئینجا سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

– ئەگەر تا نیو سەعاتی تر نەهاتەوە، بە دوایدا دەڕۆین. فراولە و پیران لەولاترەوە گەرمی قسە بوون، بە دەست ڕاوەشاندنی پیراندا دیاربوو لە ناخی

هەستیەوە دەدوا، موهەندیس بەرەو لایان ڕۆیشت بە گەیشتنی موهەندیس قسەیان بڕییەوە و موهەندیس وتی:

– لەوە دەچێ لە ناوەختدا هاتبم؟

فراولە ئازا وەڵامی دایەوە:

– وەخت و ناوەختی پێ ناوێ، ئەم باسە دەبێت سێ کەسی بیبڕینەوە. ئێمە خۆ تازە پێگەیشتوو نین.

پیران هەستا بڕوا، موهەندیس دەستی گرت و تکای لێ کرد نەختەکێك تاموڵ کاو ئۆقرە بگرێت، پیران ڕاوەستا و موهەندیس وتی:

– من نازانم تا چ ئەندازە بەتاوانبارم دادەنێیت، زۆر سوپاسگوزار دەبم ڕۆشنم کەیتەوە؟

– تاوانباریك لە گۆڕدا نییە. فراولە بۆ خۆی ئازادە چۆنی تێدەفکرێت، تەنیا خەمێك کە دەیخۆم، وام دەزانی پێوەندیی من و فراولە بەرەو پێوەندییەکی ژن و مێردیی هەتا هەتایی دەڕوا. ئەفسووس بە هەڵەدا چووم.

فراولە زۆرتر لە پیران ڕۆیشتە پێشەوە و بە دەست و پەنجە جوولانەوەوە دەکۆشا باشتر بە پیرانی بسەلمێنێت، بە بەرزی وتی:

– دەزانی بە دەستی خۆم نییە، باوەڕ بکە ئاوا هەستێکم بە ئەوڕۆ بە خۆمەوە نەدیوە. ئینجا دای لە پڕمەی گریان و وتی:

– خەتام نییە خۆشم دەوێ. زۆر کۆشام تووشی ئاوا گرفتارییەك نەبم، بۆ تێم ناگەی؟

ئەردەشێر بازووی فراولەی گرت و سەری و شاردە سەر سینگەوە و ئینجا ڕوو بەپیران وتی:

– وا دەزانم ئەم باسە ببڕینەوە و هەڵی گرین بۆ کاتێکی تر باشتر بێت؟

فراولە لە ئەردەشێر نەختەکێك دوورتر کەوتەوە و ڕوو بەپیران وتی:

–من نامەوێت دڵگیربیت. وەك وتم، بە دەستی خۆم نییە ئەردەشێرم خۆش

دەویّ. تۆ ئەمە دەبێت بسەلمێنیت و نابێت لێم زویربیت.

– زویرکە نیم؟!

– نا، کە هەیت.

– جا ئەگەر بوویشم بەلای تۆوە چ ئەرزش و بایییەکی هەیە!

– پیران من ئەو هەقەت نادەمیّ وام دەرهەق تێفکرێیت، تازە بۆچ وا تێدەفکرێیت، وەك وابێت درۆ و دەلەسەیەکی یەکجار زۆرم کردبێت، کەس نەزانێت بۆ خۆت باش ئاگەداری چۆنیەتیی پێوەندیی نێوانمان هەیت و دەزانیت لەسەر چ مەرج و پەیمان و بەڵێنێك ڕێك کەوتووین. ئەم جۆرە قسانە بیّ جێگە و شوێنە.

– ڕاست دەکەی، هەق بە تۆیە، بەڵام وا نازانیت منیش ئازادم چۆن تێفکرێم!

– ئازاد هەیت، بەڵام نەك لەسەر بنەڕەتی خراو تێفکرین.

– گەر وا تێفکرێم ئەمنیش تۆم خۆش دەویّ، خراپەیە؟

مموهەندیس هاتە نێوانەوە وتی:

– نەکو خراو بگرە جێگەی ڕێز و حورمەتیشە. من بە چاکی هەست بە ئازارەکانت دەکەم و تا ڕادەیەکیش خۆم بە تاوانبار دادەنێم، بەڵام وەك دەزانی مەسەلەی خۆشەویستی بە دەستی کەس نییەو وەك دەبینی، بینی منیشی گرتووە. لە فراولە خۆشویستندا من لە تۆ تازە کارترم، بەڵام ئەندازەی خۆشەویستی نە بە گوێرەی زەمانە و نە بە حس و لێدوانە.

– ئاغای موهەندیس، وەك لە پێشدا وتوومە، من فراولەم خۆش دەویّ بەڵام وا هەستەکانم لە دەروونما پەنگ دەدەمەوە و بۆ خۆمی هەڵدەگرم، ئومێدەوارم خۆشەویستیی تۆ و فراوڵە لەسەر ئەساسی هەوا و هەوەس نەبێت.

– ڕۆژگار وەدەری دەخا.

– خوا بکا هەڵەبم.

– تۆ ڕەنگە هەڵەبیت، بەڵام ڕۆژگار بە هەڵەدا ناڕوا.

هانس بە دەست ئیشارەتی کرد:

– وا درەنگە.

هەرسێمان بەرەو هانس ڕۆیشتین. هانس سەیری سەعاتەکەی دەکرد و وتی:

– وا نیو سەعاتەکە چوو، دەبێ بە دوایدا بڕۆین.

پرەژەکتۆر ئامادە کرابوو. هەر پێنجیان بەرەو ئەشکەوت وەڕێ کەوتن لە دیوارە وردبوونەوە و گردەکۆن وەك بە مەتەیەکی زل و زەلام لە دیوارەی بەردین کون کرابێت، دەمی کردبۆوە. هانس لە پێشەوە بەرەو گردەکۆن ڕۆیشت، لە ژێردا تیشکی پرەژەکتۆری پرۆفیسۆر بەپێی سەرکەوتنەکەیدا سەرەوخوار، لەرزۆك دەیدا لە سەر و خواری ڕاڕەوی بەردین. بە بینینی تیشکەکە ڕاوەستان تا پرۆفیسۆر بە تەواوی سەرکەوت، کە دی هەر پێنجیان ئامادەی بەرەوخوار بوونن وتی:

– کەوشەکانتان دەربێنن و بە دواما بێن.

لە بەرەوخواربوونا پرۆفیسۆر بێ دەنگییەکەی پچڕاند و وتی:

– ئەیرا پەرستگایەکی پیرۆزی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەیە، دەبێ بەپای بێ کەوشەوە تێی بێن وەك لەسەر ئەو بەردە هەڵکەنراوە. ئینجا ڕووی پرەژەکتۆرەکەی بەرەو دەرکە ڕایەڵ کرد و بێ وەستان بەرەوخوار بووەوە، هاوالانیش بە دوایدا کە لە ڕاڕەوی پلەکان چوونە خوارەوە وەك خانەخوێیەك پرۆفیسۆر هاتە گۆ و وتی:

– دەبینن سەرەنجام وا سەرکەوتین و گەیشتینە مەرام.

ئینجا دەستی بۆ سەر قووچەکەکە درێژ کرد و وتی:

– ئەوە جامە بەو سەرەوە.

دەبێ ئەوەتان لا ڕوون بێ ئەم سەرکەوتنە تەنیا بە ئاکامی تەقالا و کۆششی خۆمانی نەزانین لە ناو هەزارانا، ئەگەر لوتف و مەرحەمەتی ئاهورامازدای لەگەڵدا نەبووایە و هەنگاو هەنگاو ڕێنوێنیمانی نەکردایە، هەزاران ساڵی تر (جام) نەدەدۆزرایەوە ئێوە لە پەرستگایەکی پیرۆزدان. ئەم شوێن و جێگەیە کە تیادان شوێن پای پیاو چاکان و دەروون پاکانی تیا کەوتووە، هەڵە و هەڵەشانە ڕەفتار مەکەن. بەڕێز و حورمەت و وردەکارییەوە هەنگاو بنێن. ئەمە ئێوە و ئەمەش پەرستگای جامی جیهان نما.

زۆربەی دیوارەکانی پەرستگا بە نەخش و نیگاری هەڵکەنراوی گوڵ و بۆتە و پەیکەرەی نیوەڕووی شیرداڵ و داڵ مرۆڤ و گاپیاو ڕازابووەوە. کەتیبەی جوان داتاشراوی سەنگی لە زۆر لاوە ستایشی ئاهورامازدای تیا دەبینرا و کرداری باش و ڕەفتاری باشی تێدا نووسرابوو. لە دامێنی قووچەکدا سەنگ نووسراوێك لەنێو چوارچێوەیەکی بەردینا چۆنیەتیی بەکارهێنانی (جام) یان تیا بەشێوەی خوارەوە هەڵکەندبوو. بەناوی ئاهورامازدای مەزنی مەزنان:

١– کەسێك دەتوانێ جام بخاتە گڕ، هەڵبژاردە و باوەڕپێکراوی ئاهورامازدا بێت.

٢– باوەڕپێکراو دەبێ دەستی خستبێتە سەر گۆی جام و سێ جار درووود و ستایشی خالیسانەی بە دەرگەی ئاهورای مەزن ڕاسپاردبێت.

٣– تەنیا شەش کەس دەتوانن. لە یەك کاتدا سوود لە جام وەرگرن کە بەسەر تەختی مەڕمەڕینەوە ڕێك و ڕەوان دانیشتبن.

٤– شەش کەسی دانیشتوو ڕوو بە گۆ و بێدەنگ، بێ جووڵە دانیشتبن.

٥– بەهێز و توانای ئاهورا جام دەتوانێ شەش کەسی دانیشتووی سەر تەختی مەڕمەڕین بۆ هەر قۆناخێکی مێژوویی بگەڕێنێتەوە، بە مەرجێك ناوی جێگە و شار و شوێن وساڵی تایبەت لە پێشدا لای باوەڕپێکراو تۆمار و بە سەر تەختەوە وترابێت.

٦– گەڕانەوەی جام بۆ هەمان جێگە دەبێت وا لە پێشدا تیادا بووە.

٧– لە کاتی کەوتنە گڕی جام دا، بێدەنگی موتڵەق دەبێ بپارێزرێت. ناوی شوێن و جێ بردن لە کاتی گەشتی جام دا دەبێتە هۆی گۆڕینی شوێن و جێگەی هەڵبژێراوی پێشوو.

٨– جگە لە دانیشتوانی سەر تەختی جام هەر کەسێك یا گیانلەبەرێك لە دامێنی بازنەی جامدا بێت گڕی تێ بەردەبێت و دەسووتێ.

٩– لە کاتی گەشتی مێژوویی جام دا دەری پەرستگا وەك جاران دێتەوەیەك.

– ئەمەی دەیبینم ناسەلمێنرێت، یانی شتی وا ڕوو دەدا؟ من کە ناڕواتە عەقڵمەوە سەیر لەوەدایە ناشتوانم باوەڕ نەکەم.

– ئەوەی باوەڕ ناکا بێ تامول لەم پەرستگایە با بڕواتە دەرەوە بێ مادە و مۆڵەت بە کەسێك نادەم لە ئاوی پەرستگایەکی پڕ لە ڕێز و پیرۆزیدا سەری ستایش دانەنەوێنێتەوە و بەشتا سەرخۆشی چەند تیئوریەکی چوارچێوە دار و زانراو بێ و ئەوانەی لە بەرچاویەتی نەیسەلمێنێ چییە، ناگونجێن لەگەڵ بیروڕای هاوچەرخدا. لەکتاو ئاینە پیرۆزەکاندا زۆر شت لەگەڵ بیروڕای هاوچەرخیدا ناگونجێ و بە چاکی نایسەلمێنێت. دەبێ بڵێین نەبووە؟ دەبێ خەتی ڕەشی بۆشی و بە تاڵیی بەسەردا بکێشین؟

جا دوکتۆر هانس ئەگەر بچووکترین گومانت لە دڵایە، بێ ڕاوەستان فەرموو بڕۆ دەرەوە و ڕێز و حورمەتی ئەم پەرستگایە لەکەدار مەکە.

پرۆفیسۆر هێشتا دەستی بەرەو دەرگە دانەهێنابووە خوارەوە هانس پەشۆکاوانە لێی نزیك بووەوە و وتی:

– تکایە خراوم لێ تێ مەگە، من کەوا تێنافکرێم هێندە ئەمانەی دەیبینم و دەیخوێنمەوە بەلامەوە بەرز و بوڵەند و قابلی ستایش و سەرسام ئاوەرە منێکی بەشەری سەردەمی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم دەتەوێ تووشی گێژ و وێژیی و ئاشوفتەبیریش نەبم؟

– ناڵێم مەبە، بەڵام بێ باوەڕی جوێیە لەگەڵ سەرسامیدا. ئەوەی دەیبینی ڕاست دەکەی جێگەی سەرسامییە، سەرسامی ڕەوایە. ئەوانەی بە چاو دەیبینی ئەگەر ژیرانە هەڵی سەنگێنیت و گومانی تیا بێڵیتەوە خۆ وەڵلا جێگەی داخە و ئەوەشی بیلێی بێ بایەخە.

– پرۆفیسۆر ئەم وتوویژ و بیگرەو بەردەی ناوێت. کەسێك ئەم هەموو بەڵگانەی زۆرتر لە دوو هەزار و پێجسەد ساڵ بەم شێوەی دەیبینین پاراستبێت بێگومان بە

ئاسانی ئاگای لە دڵ و دەروون و تێفکرینی منیش هەیە، جا تۆ بۆ خۆت نیگەران دەکەیت؟

پیران و شەفیعی و فراولە، هەر سێ مات و حەپەساو لە بێدەنگییەکی سامناکدا دەتلانەوە. موهەندیس زمانی ئیلامی و ئاڤێستاییی نەدەزانی تا بەردە نووسراوەکان بخوێنێتەوە، بێ باوەڕانە دەینواڕی.

پرۆفیسۆر ئەندازەی سەرسوڕمان و حەپەساویی هاوالانی خۆی هەست پێ کردبوو، بۆ ئەوەی ئازادانە لەگەڵ خۆدا تێفکرێن و تاك بنەوە وتی:

– تا یەك سەعاتی تر ئازادن لەم پەرستگایەدا لەگەڵ ئەوەی دەبینن و خۆتاندا خەڵوەت کەن، من لە ئەشکەوتی سەرەوەدا چاوەڕوانتانم تا پێکەوە بڕۆین، لە بیرتان نەچێت یەك سەعاتی تر. دوکتۆر هانس جگە لە ئەوەی کۆنەوارناس بوو، زانیارییەکی فراوانی لەبارەی جیۆلۆجیا و چۆنیەتیی توێژەکانی ژێر زەوی بەرد و مەڕمەڕ و گرانیت و سەنگە نایابەکان هەبوو، هەرچی لە دیوارە بەردینەکانی پەرستگا ورد دەبووەوە چۆنیەتیی بەردەکانی نەدەناسی و تا ئەو دەمە ئاوا سەنگ و بەردو تل و توێژێکی نەدیبوو. فراوڵە ڕوو بە بڵێسەی ئاگردانەکە چووبوو بە چۆکدا دوو دەستی چەپ و ڕاست بە سەر سنگییەوە ستایشانە خاچ کردبوو. بێ ئاگا لە هاوالانی لە سەمای گڕ و گڵپەی ئاگردا دەتلایەوە. پیران و شەفیعی بەرزی و بوڵەندیی ئەشکەوت بادگیرکانی و چۆنیەتیی بەردەوامیی ئاگرەکە سەرسامی کردبوون موهەندیس وردە وردە لە فراوڵە نزیك بووبووەوە و لە تەنیشتیدا ڕوو بە ئاگردان چوارمشقی لێی دانیشتبوو بێ ئەوەی چاو لەسەر ئاگرەکە هەڵگرێت وتی:

– چۆن دێتە بەرچاوت؟

فراولە وەڵامی نەدایەوە. ئینجا بە دەنگتر دووبارەی کردەوە، فراولە ڕاچڵەکی و وتی:

– وتت چی؟

– وتم ئەمانەی دەیبینی خەیاڵە، چاوبەستە، خەوە، سیحرە جادووە، تەلیسمە؟ من کە سەر دەرناهێنم؟

– ئێمە لە جێگەیەکی پیرۆزداین، ڕەنگە شیاوتربێت ئەم باسە هەڵگرین بۆ دوایی.

هانس ئیشارەتی بۆ سەعات و دەروتونێل کردو، هەمووان بەرەو نێو تونێل وەڕێ کەوتن. پڕۆفیسۆر لە دەری سەرەوەی تونێل دا چاوەڕوانی دەکردن. لەولاترەوە لەسەر هەمان گابەردەوە وا خەوی هەڵۆکەی بەسەرەوە دیبوو دانیشت و ئەوانیش جگە لە موهەندیس وەك سوختەی دەوری مەلا لە زەویدا لێی دانیشتن. پڕۆفیسۆر ڕوو بە موهەندیس وتی:

– بۆ دانانیشی؟

– لام وایە باسەکەتان تایبەت بێت؟

– دوای ئەمانەی کە دیوتن یەشتا وا دەزانی باسێکمان هەبێت لە تۆی بشارینەوە، فەرموو وەرە کۆڕەوە.

موهەندیسیش وەك ئەوان ڕوو بە پڕۆفیسۆر چوارمشقی لێی دانیشت ئینجا پڕۆفیسۆر ڕوو بە هەمووان وتی:

– وا دەزانم توانیوتانە بازێك لە کەتیبە بەردینەکان بخوێننەوە و پەیتان بە گرینگیی (جام) بردبێت و بۆتان دەرکەوتبێت (جام) چ کودەتایەکی بنەڕەتی چۆنیەتی زانستە مێژوویییەکانی ئەوسای بەشەر پێك بێنێ و زۆر بیروڕا هەڵوەشێنێتەوە و زۆر هەڵە و ڕاست ڕۆشن کاتەوە. ئێمە هەر بەم زووانە دەست بەکار دەبین. ئەگەر موهەندیس بەو شێوە وا پێویستە یارمەتیمان بدا و کاروبارمان بۆ هەڵسوڕێنێت؟

– وەك پێشا وتوومە ئامادەی هەر جۆرە یارمەتییەکم بەمەرجێك ئاگەدار کرێم.

– ئێمە هیچمان لێت نەشاردووەتەوە و تۆ بە یەکێك لە خۆمان دەژمێرین.

ئینجا پڕۆفیسۆر کەوتە باسی چۆنیەتیی جام و بە کارهێنانی جام. موهەندیس باوەك یەشتا لە گێژ و مەنگی پەرستگادا دەپلایەوە، لە پڕۆفیسۆری پرسی:

– بەم حیسابە بێت کەس ناتوانێت جام بخاتە گڕ، مەگەر باوەڕپێکراوی ئاهورامازدا بێت.

پرسیارەکەی موهەندیس هەموو گوێگرانی هۆشیار کردەوە و هەر هەمووان خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسیارە دەزانی.

پرۆفیسۆر بزەیەکی سارد و بێ ڕەنگ کەوتە سەرلێوانی و وتی:

– دڵواپەسی و نیگەرانی ئەوە مەبن ئاهورامازدا بۆ خۆی هەڵبژێر و ڕێنوێنی زەوارمانە. ئەگەر مەرحەمەتی ئەو نەبووایە بەم ئاکامە نەدەگەیشتین ئەوە سارەبان و سەر قافڵەی زانیاری، دەمەوێت ئەوە بزانن دەمێکە پێم ڕاگەیەنراوە.

موهەندیس ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەوەی لەسەر منە بفەرموو، تا بیکەم.

– دەمەوێت وەك هیچ ڕووی نەدابێت هەروا هەنگاو بنێین. ئەگەر بێتو ئەم دەنگوباس بڵاو بێتەوە سبەی سەدان بگرە هەزاران هەواڵدەر و ڕۆژنامەنووس و تەلەڤیزیۆنەکانی سەرتاسەری جیهان سەرمان تێ دەکەن و هیچ کارێکمان پێ ناکرێ. جا دەبێت کەس بەم ڕووداوە نەزانێت، کەس بەم ئەشکەوتەدا نەیەت، تا ئێمە بتوانین ئەو ئەرکەی خراوتە ئەستۆمان ئەنجامی دەین.

– بە سەرچاو، لە سبەینێوە چەند کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆم لێرەدا دادەنێم، نەیەڵن هەتاوەکو پەلەوەریش باڵ بەیرادا بکوتێ، بەڵام ئەمنیش داوایەکم هەیە، دەمەوێ ئەنجام بدرێ، ئەگەر بکرێ!

– فەرموو!

– وەك دەزانن (جام) لە خاکی کوردا دۆزراوەتەوە و ئێمەیش وەکو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو بۆمان هەیە بە هۆبەرداری لە ئاوا ڕووداوێك وەرگرین و بمانەوێت نەختەکێك هەڵەوهەڵەشەی مێژوو بۆ سەردەم ڕۆشن بێتەوە. جا ئەگەر بکرێت سێ گەشتی زەمانی یەکەم و دووەم و سییەم من هەڵی بژێرم.

– بە سەرچاو، بە مەرجێك مەبەست لەو هەڵبژاردنە لە زانیاری و مرۆڤایەتییەوە دوور نەبێت. ئێمە پەیامبەرین، ناتوانین لە ڕێبازی ویژدان و کردار و ڕەفتاری چاك دوورکەوینەوە.

– دڵنیا بە لەو مەبەستە دوور ناکەومەوە.

– بەو مەرجەی وا وتم، ئامادەین.

– له‌ كه‌یه‌وه‌ ده‌توانی... ؟

– له‌ سبه‌ینێوه‌. ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانن گه‌شته‌كانمان بێ مه‌ترسی نابێت ڕه‌نگه‌ تـووشی ده‌رده‌سه‌ر و سه‌رتـیـاچـوونـیش بین. ده‌بـێ لـه‌م ڕووه‌وه‌ ئـامـاده‌ی هـه‌ر ڕووداوێك بن. هـه‌ر كه‌سێك بۆ خۆی ئازاده‌ و ده‌توانێت نه‌یه‌ت هه‌تاوه‌كو وا به‌ چاك ده‌زانم بۆ تاقیكردنه‌وه‌ش بووه‌ یا به‌ ته‌نیا بۆ خۆم تێهه‌ڵكێشییه‌كی زه‌مانی بكه‌م و هه‌موو شتم بێته‌ ده‌ست، ئه‌و حه‌له‌ گه‌شتی شه‌ش كه‌سی ده‌ست پێ بكه‌ین.

– پڕۆفیسۆر، ئێمه‌ وا شه‌ش حه‌وت مانگه‌ سه‌رگه‌ردان و وێڵانی وڵاتان و هه‌رد و كێوانین بۆ ئه‌م ساته‌ ئێستا پاشگه‌زبین. نا قوربان له‌م شانازییه‌ بێ به‌شمان مه‌كه‌، مه‌رگ و ژیانمان یه‌كه‌، وا ده‌زانم هه‌مووان وه‌ك من تێده‌فكرن.

هـه‌مـوو وتـیـان، دوكـتـۆر هـانس جوانی وت. ئـیـنـجـا پـرۆفـیسۆر ڕووی بـه‌لای موهه‌ندیسه‌وه‌ كرد و وتی:

– ده‌تـوانم بـزانم بـۆ یـه‌كه‌مین قۆنـاخ كوێت هـه‌ڵبـژاردووه‌؟ موهـه‌ندیس خۆی نابووه‌وه‌، سبه‌ی ئه‌م پرسیاره‌ی لێ بكرێت، ماتێكی كۆتای كرد و ئینجا وتی:

– ڕاستت بوێت جاره‌وبار ده‌كه‌ومه‌ خه‌یاڵی ئه‌وه‌وه‌ و ئاواته‌خوازی ئه‌وه‌ ده‌بووم به‌شه‌ری سه‌رده‌می یه‌كێك له‌ سه‌رده‌مه‌كانی مێژووی ڕابردوو بامایه‌ و له‌و حه‌له‌دا بژیاما. ئه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌م جۆره‌ تیفكرینه‌ كورته‌ خه‌یاڵێك ڕه‌نگه‌ زۆر كه‌سیش وه‌ك من ئاوا خه‌یاڵێكی كردبێت ئێستا ڕێكه‌وتی زه‌مان ئاوا هه‌لێكی بۆ ڕه‌خساندووم، بكرێ پێم خۆشه‌ بگه‌ڕێینه‌وه‌ سه‌رده‌می دوو پاشای ئیمپراتۆریه‌تی ماد و چۆنیه‌تیی فه‌رمانڕه‌واییی ئه‌ژده‌هاك له‌ شاری ئه‌كباتانادا، واته‌ پێنجسه‌د و شه‌ست ساڵ پێش زاین.

– ده‌توانم بپرسم بۆچی به‌تایبه‌ت ئه‌م سه‌رده‌مه‌ت هه‌ڵبژاردووه‌؟

– ئـه‌گـه‌ر ڕۆیشتین و بـه‌ سه‌لامـه‌تـی گـه‌ڕاینـه‌وه‌، ئه‌و حـه‌لـه‌ تێمده‌گه‌ی بۆ ئه‌و سه‌رده‌مه‌م هه‌ڵبژاردووه‌.

– هه‌ڵبژارده‌كه‌ت به‌ ناماقووڵ نازانم، به‌ ئومێدی خوا سبه‌ی بۆی داده‌كشێین.

هه‌مووان وتیان به‌ ئومێدی سه‌ركه‌وتن.

## ٢٩

موهەندیس جوانترین جلوبەرگی پۆشابوو. ڕەزنی دوانزە شانەییی کلاشینکۆفی لەخۆ جەڕاندبوو. پرۆفیسۆر بەو شێوەیە ئامادە، دی بە دەم بزەکەنینەوە وتی:

– وا دەزانیت پێویستیت بەمانە دەبێت؟

– پێم وایە زەرەریان نەبێت. ئەنجا دەستی بە باخەڵێدا کرد و تەسجیلێکی بچکۆلانەشی دەرهێناو وتی:

– ئەمەشم هێنا وە

ئینجا پەنجەی بە دوگمەیەکدا نا و ناسری ڕەزازی دەستی پێ کرد: «گەلە و گەلەوگەلە– وەی وەی لەو گەلاوێژە».

– هەر چۆنت پێ چاکە...

بە دوای پرۆفیسۆردا ڕیز بەرەو تونێل و پاگردان وەڕێ کەوتن. لە کاتی پێڵاو داکەناندا فراوڵە ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– وا نازانی پێویستیمان بە پێڵاوەکانمان بێت؟

– با، بەهەرحاڵ دەبێ دای کەنن و قەیتانەکانی پێکەوە ببەستن و بیکەنە ملتان، هەر کەس لەسەر تەختی خۆی دانیشێت، دووبارە لە پای کەنەوە.

پرۆفیسۆر بەسەر پاگردانی تووجەك دا سەرکەوت. بڵێسەی ئاگر سەمایەکی شێتانەی دەکرد بەسەر دەر و دیواری ئەشکەوت دا، دەم دەم

گۆشە و کەنار، تاریك و ڕوون دەبووەوە پرۆفیسۆر وەك سەرداڵی کەشتییەکی ئاسمانی کامپیوتەر و ئەلەکترۆن و جەرە جۆراوجۆرەکانی گەشتی تاقی کاتەوە هەموو شتێکی خستبووە ژێر چاودێری و وردەکارییەوە، بێ ئەوەی هیچ

ئاشوفتەگی و دوودڵی و ئاڵۆزی لە ڕوو و کرداری وەدی کرێت، دڵنیایی باوەڕ بە خۆبوونی پرۆفیسۆر بووبووە پاڵپشتێکی دەروونی هاوڵانی، بەڵام نەك بە ئەندازەیەکی وا بە یەکجاری ترس لە ڕوویاندا بشارێتەوە. ئەو ئەمەی دەزانی بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتر لە کاتێکدا ڕوو بە گۆڕی بلوورین بەسەر تەختەوە دانیشتبوو، وتی:

– دەمەوێ پێش ئەوەی بە قووڵاییی زەماندا تێهەڵکشێین و پیا بگەڕێینەوە، ئێوەی بەشەر ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار لەگەشتێکی وا ئەفسووناویدا بەشدار دەبن، ئەمە ئەوپەڕی شانازییە ئاوا هەلێکتان بۆ ڕەخساوە ئاهوراماز دا ئاوا لوتفێکی لە حەق کردوون. ئەمە وا دەیبینن. هەر بەدەم ئاسانە. تکایە بە وردی مەرجەکانی گرخواردنی جامتان لە بیر نەچێت، هیچ هەڵە و هەڵەشەیییەك لێ نابوورین، دوایی تووشی گرفتاری و دەردەسەرییەکی فراوان دێین. بێگومان هەریەکە لە ئێوە شاری ئەکباتاناو سەردەسەڵاتی تایبەت هەڵسەنگاندووە، خەڵکەکەی، جلوبەرگ کار و کردار و رەفتار، خانووبەرەیان، چۆنیەتیی ژیانیان.. ڕەنگە ئەو هەڵسەنگاندنە لە بنەڕەتەوە بەپێچەوانەی ڕاستەقینە بێت. ئێمە بەرەو دنیایەکی نەناسراو دەڕۆین... دەتوانین یەکڕاست لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی نێو شاردا دابەزین، یا دەوروبەری شار هەڵبژێرین ڕەنگە دروستتر بێت.

– دوکتۆر شەفیعی دەستی بەرز کردەوە قسە بکا، پرۆفیسۆر وتی:

– فەرمووا!

– لە بندەستی کۆنەواری شاری ئەکباتانای ئەوسا و هەمەدانی ئێستادا کەژێکی بەرز و بڵند هەیە بە ناوی «ئەڵوەندکۆ» لەناو ئەو کێوەدا ئەشکەوتێ هەیە ناسراوە بە «دورئەفشان» دەمی ئەشکەوتەکە بەو بەرزییەوە دەنوارێتە سەر شاری هەمەداندا. پێشنیار دەکەم لەو ئەشکەوتەدا بگیرسێینەوە، ڕەنگە متمانەتر بێت، ئەگەر بێتو دەمەو شەفەق بێت.

– تۆ بۆ خۆت ئەو ئەشکەوتەت دیوە؟

– بەڵێ چەندان جار.

پرۆفیسۆر پێشنیازەکەی سەلماند و ئینجا ڕوو بە هەمووان وتی:

– وەك دەبینم، تا ڕادەیەك نیگەرانی و خورپە و دوودڵی و دڵەکوتە لە ڕووتاندا بنی ناوەتەوە. باش وردبنەوەو بنوارن چ چاوساقێکی ئەزەلی سەردەلیلمانە، قافڵەی ئێمە هێز و توانای ئاهورایە پێش ئاهەنگ و سارەبانە.. پێش ئەوەی گەشتی یەزدانیمان دەست پێ بکەین، جگە لە توانا و دەسەڵات و مەزنیی ئاهورا نەبێت خەیاڵاتی تر لە دڵ و دەروونتانا نەخولێتەوە و لەگەڵ خۆتاندا بکەونە ڕاز و نیازەوە. ئینجا ڕوو بە هانس وتی:

– ئەم لایتە دەستییە پیلەکانی تازەن؟

– بەڵێ قوربان.

پرۆفیسۆر هەردوو لەپی لە دوو لای گۆی بلوورین گیر کرد و دووسێ جار درووود و ستایشی خالیسانەی بۆ دەرگەی ئاهورامازدا هەناردو سەری داخست و لە پڕ چەخماخەیەك ئەشکەوتەکەی درەوشاندەوە و پۆپەی قووچەك بێ جام و تەختە مەرمەڕینەکانی مایەوە و لە هەمان کاتدا دەم گردەکونی سەرتونێل و پاپلکەکەش کوژایەوە و دیوار وەك خۆی جارانی لێ هاتەوە.

چەند کەسێکی باوەڕپێکراوی موهەندیس لە دوور و نزیکیی ئەشکەوتدا چەند چادرێکیان هەڵدابوو، بەپێی فەرمانی موهەندیس نەیاندەهێڵا باڵندە بەلای ئەشکەوتدا گوزەرکا. بۆ خۆیانیش ئەو مافەیان پێ نەدرابوو سەرەتاتکێی نێو ئەشکەوت کەن.

یەکێکیان پرسی:

– کوڕینە چەندین ڕۆژە قریوەی هەڵۆکە نابیسم. ئێوەچی... ؟

یەکێکی تریان وەڵامی دایەوە:

– کورە، منیش زەمانێکە چاوی بۆ گڕدەدەم، گوێی بۆ هەڵدەخەم نە دەیبینم و نە دەیبیستم، تۆ بڵێی لێی قەومابێت؟

– حەیاحەی، ئەوە چەندان سەد ساڵە هەڵۆکەی داڵەهۆ هەر هەڵۆ بووە، ئێستا لێی قەومابێت... لاوە. لاوە، شتێکی تر بڵێ.

## ٣٠

پرۆفیسۆر پێش هەمووان چاوی هەڵ هێنایەوە، چواردەورێکی تاریک هەنگاوێك نەدەبینرا، بێدەنگییەکی سامناك لە دەرەوە ڕۆشناییەکی تاریك و ڕوون وەدی دەکرا.

کەسیان زاتی پچڕاندنی بێدەنگییە سامناکەکەیان لە خۆدا نەدەدی، ترسێکی نەناسراو لە ناخ و دەروونیاندا پەیتا پەیتا شەپۆلی دەدا. ترسی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ بۆ دواگەڕانەوە بەپێچەوانەی زەمان هێنابوونیە حەشۆکە، هەر کەسە لە بیر و لێکدانەوەی خۆیدا دەتلایەوە. بازێکیان وایان دەزانی ئاگری ئاگردانەکە کوژاوەتەوە. پرۆفیسۆر دەقی بێدەنگییەکەی شکاند و وتی:

– هەموو باشن؟

هەریەکە لەلای خۆیەوە وتی:

– من باشم.

پرۆفیسۆر هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە ڕازی زێڕین پتەو و پابەرجا بوو. لەم دواییيەشدا بە تەواوی پێیان سەلماندبوو تەنیا ترس و چەکەرەیەك لە بیریدا دەخولایەوە، گۆڕینی ڕەنگ و ڕوو ڕواڵەت بوو، دەترسا پیاچوونەوە بە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵی زەماندا لە کاتێکی کەمدا ڕەنگە نیشانەیەك بخاتە سەر سەر و پرچ و ڕەنگ و پێست و ئێسك. هەر کە گوێی لە من باشمی هەمووان بوو، لایتە دەستییەکەی لە قەدی لێدا و وتی:

– کەواتە منیش هەروەك خۆمم.

ئینجا لایتی بەرەو دوورتر و دەوروبەر و سەروخوار هەڵخست، چەرخ و فەلەکی (جام) لە ناوەڕاستی ئەشکەوتدا گیرسابووەوە. پرۆفیسۆر لە تەخت هاتە خوارەوە،

بە هاوالانی ڕاگەیاند بە دوایدا بڕۆن. لە دوورەوە ڕۆشنایی بەرەبەیان دەبینرا. لایتی بۆ دوور لە بەرپا هەڵخست و کەوتە دوای ڕۆشنایی و هاوالانیشی بەدوایدا.

کزەبای ساردی ڕچاوی کەژ و کێوی ئەڵوەند و دەشتی هەمەدان لە ئەشکەوتدا لوولی دەخوارد و لەگەڵ ئاشوفتەگی و ترس و نیگەرانیدا مووچڕکە و لەرزی دەخزاندە نێو پێست و لەشەوە، تاڵەکانی ڕۆشنایی لە ئاسۆ دوورەکانەوە دەبینرا، لەسەرپۆپەی چیاکان بڵێسەی ئاگری ئاگردان دەچوو بە ئاسماندا. دەشتێکی پانوپۆڕ لەژێر دەمی کەژی (ئەڵوەند)دا بێدەنگ ڕاخرابوو. بەشێوەیەکی ئەندازیارانە چوار لای شار ڕێك و ڕیز هەر دووسەد سێسەد گەز دوو ئاگردان ڕووبەڕووی یەك، تا چاو بڕی دەکرد، لە شار دوور کەوتنەوە وەك باندی نیشتنەوەی فڕۆکە و لەشەودا، تا دەچوو سووتووی دەهات، لەژێر دەمی ئەشکەوتدا، لێلایی شار بە دیوارەکانییەوە وەك جانەوەرێکی ئەفسانەیی سەری لەسەر سەرینی زەمان دانابوو، کشومات خەتی داهاتووی دەبینی. شەش کەس لە دەمی ئەشکەوتێکدا واق وڕماو، سەرسام بەرەو خواردەیاننواڕی... ڕۆژ تا دەبوو ڕۆشنتر دەبووەوە. فراوڵە مەچەك و بازووی موهەندیسی گرتبوو، تا ئاسمان ڕۆشنتر دەبووەوە شەش کەس سەرسامتر دەبوون. زەردیی هەتاو هەڵەپەڵە لە ئاسۆکانەوە خۆی بەرەو جەرگی ئاسمان دەکوتا. موهەندیس لەبەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد، پیران ناڵە قیڕاندی:

– کورە هەی هاوار، ئەوەی دەیبینم خەوە یا هوشیارم؟

هەمووان لەناو دەریای سەرسامیدا دەپلانەوە و دەتلانەوە. کەس نەیدەپەرژاتە سەر وەڵامدانەوە.

پاوپووزی فراولە هاتبووە لەرزین و توانای قورسایی لەشی پێوە نەماو بە دەست و بازووی موهەندیسدا شۆڕ بووەوەو چوارمشقی لێی دانیشت موهەندیس چەمایەوە، بندەستی گرت و وای زانی بووراوەتەوە ئاوڕی لە ڕووی دایەوە، چاوی لەسەر دیوارە ڕەنگینەکانی شاری ئەکباتانادا دەقی بەستبوو. موهەندیسیش لە تەنیشتیەوە دانیشت و هەروا دەینواڕی و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– خوا خەو دەبینم، یا خومارم یا هوشیار؟

پرۆفیسۆر ڕوو بە هەمووان وتی:

– گوێتان لێ بێت چی دەڵێم، ئەمەی دەیبینن نە خەوە نە خەیاڵە، ڕاستەقینەیەکە بە بەرچاوتانەوەیە. ئەو شوورە و دیوارە ڕەنگاوڕەنگە هەمان دیوارە و (هیرۆدۆت) باسی کردووە و شاری ئەکباتانای پایتەختی مادتان لەژێر دەمدایە. ئەو ئاگرانەی وا بەسەر پۆپەی چیاکانەوە بڵێسەی دەهات، گڕی ئاگردانی سەرچیا و ڕێنوێنی زەوار و ڕێبوارانی شەوسارەبانان بوو.

کوڕینە وا پایتەختی ئەفسانەیی گەورەترین دەسەڵاتی سەردەمێکی مێژووتان لە بەرچاوە. ئێمەی شەش کەس نامۆی شار و خەڵك و دیار و ئەم سەردەمەین جگە لە لوتفی ئاهورامازدا نە یاریٚ نەیاوەریٚ نە کەسیٚ نەفەریادەرسێکمان بە دەمەوە نییە. ئێمە خەڵکی دنیایەکی ترین، دونیایەکی وا ناتوانین بۆ دانیشتوانی ئەم شارە باس کەین و لێی بدوێین. جا ئێمە دوو ڕێگەمان لە پێشە. وەك بۆتان ڕوون بووەوەتەوە، ئێمە گەیشتینە مەراز و ڕازی زێڕینمان هەڵهێنا و توانیمان بە تونێلی زەماندا دوو هەزار و پێجسەد ساڵ بگەڕێینەوە دواوە و وا پایتەختی وڵاتی مادتان لە بەرچاودایە، چۆن هاتووین بەهێز و توانای ئاهورامازدا دەتوانین وایش بگەڕێینەوە، یا بەمە ڕازی نابن و دەتانەوێت برۆینە نێو شارەوە؟ ئەگەر وا دەزانن ڕۆیشتنە نێو شار بیٚ دەردەسەرە ڕەنگە وا بێت و ڕەنگە تووشی سەدان گیروگرفت و گرفتاری وا بین سەرمان تیاچێت. ئێمە بەشەری دواهەناسەی سەدەی بیستەم دژوارە بتوانین چۆنیەتی خۆمانیان پیٚ بناسێنین بیری لیٚ کەنەوە. مەرگ و ژیان لە نێواندایە.

پرۆفیسۆر هێشتا تەواوی قسەکانی تەواونەکردبوو، هەر یەکە لەلای خۆیەوە قیڕاندی:

– گەڕانەوە بیٚ گەڕانەوە

کەواتە لە یەکێك لە دەروازەکانی شارەوە دەڕۆینە ژوورەوە. ئینجا پرۆفیسۆر دەستی بەرەو شار درێژ کرد و بە دەنگ وتی:

– ئەژدەهاك، ئەی شاهەنشای دەسەڵاتی ماد چ بتەوێ یا نا، میوانی شارتین، تاسۆی دیدەنی دەربارتین، ئاکام و سەرەنجام هەرچی بێت، فەرمانی ڕەوایە. وا هاتین بەرەو چارەنووس.

شار بە دیوارە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە چو خانمێکی جلوبەرگ ڕەنگین لە دەشتێکی چەند فرسەخیدا، بەسەر چەندان تەپۆڵکە و بەرزاییەوە لەنگەری خستبوو. حەوت دیواری بەزر و بوڵەندی یەك لە دوای یەك بە دەوری شاردا مارپێچ بازنەیان دابوو. هەر دیوارێك بە ڕەنگێك، هەر سەد گەزێك قوللەیەکی چاودێری و دیدەوانی ڕوو بە دەرودەشت چەندان سەربازی کڵاوئاسنی تیا وەدی دەکرا. نێوان هەر دیوارێك دووسەد گەز ماوەیان هێشتبووەوە و باڵاجۆگەیەك ئاوی تیا دەگێڕرا. لە چوار لای شارەوە چوار دەروازە لە شوورەکانەوە کرابووەوە. دەرگەی ئاسنی پاچکەداریان تێدا دامەزراندبوو. دەروازەکانی ئاواڵە بووبوون. هاتوچۆی نێو شار کەم و زۆر دەستی پێ کردبوو. پرۆفیسۆر و هاواڵانی لە دەروازەی باشوورەوە نزیك بووبوونەوە. دەروازە دابەش کرابووە سەر سێ پێچکەدا. چەقی ناوەڕاست بۆ گالیسکە و سوارە، بەشەی لای ڕاست بۆ. پیاوی پیادە و لای چەپیشی بۆ ئافرەت تەرخان کرابوو.

پرۆفیسۆر ڕوو بە فراولە وتی:

– خۆ دەزانی لەملاوە دەبێ بڕۆیتە ژوورەوە؟

فراولە سەرێکی لەرزاندەوە، بە تەواوی لە دەروازە نزیك بوونەوە، لە پڕ هارەهارە و پڕم و هوڕ هاتە گوێ. زۆری نەخایاند لە چەقی دەروازەدا شەش حەوت گالیسکەی جەنگی پڕتاو بە دوای یەکدا لە دەروازە هاتنە دەرەوە بە جلوبەرگ و شمشیر و کڵاوە ئاسنەکانیاندا بە سەربازی کار پێ سپێراو دەچوون. شریخەی قامچی سەرپشتی ئەسپەکانی هێنابووە چەپۆکان، هارەی پاچکە ئاسنەکان، گالیسکە و پڕم و هۆڕ و پیشکەی برناخی وڵاخەکان هەر بینەرێکی دەتۆقاند. پرۆفیسۆر و هاواڵانی بە سەختی توانییان خۆیان بخەنە کەنارەوە. ئینجا فراوڵە بە لای چەپدا و هاواڵانی بەلای ڕاستدا لە دەرگە و پێچ و پەناوە ڕۆیشتنە ژوورەوە.

چاودێرانی دەروازە پەشتا مەنگ و سستی شەوبێداری بوون، خەواڵۆ، بێ تاقەت دەهاتنە چاو، کەمتەرخەمانە دەیانـنواڕییە هاتوچۆکەراندا، بەتایبەت هێندە خۆیان بە پیادەوە خەریك نەدەکردو ئەگەر پرسیارێکیان بکردایە، زۆرتر لە سوارە و گالیسکە سواریان دەکرد. پرۆفیسۆر و هاوالآنی نەرم و نیان رۆیشتنە نێو شارەوە. لەولاترەوە هەرچی چاویان بۆ فراولە گرِدا وەدییان نەدەکرد، چاوەڕوانییان درێژەی کێشا و فراولە وەدی نەکرا.

پرۆفیسۆر ڕوو بە هاوالآنی وتی:

– ئێوە دەڵێن چی؟

موهەندیس وەڵامی دایەوە:

– دەڵێین چی؟!

فراولە لەو دەروازەیەوە هاتە ژوورەوە وا دیار نییە. بێگومان هەر لەو خانووبەرەی بندەستی دەروازەکەدایە. دەڵێم با برۆین بە دوایدا. دیمەنی پرۆفیسۆر و هاوالآنی سەرنجی هاتوچۆکەرانی ڕاکێشابوو. لە دوورەوە کەم و زۆر بە سەرسامییەکەوە سەیر دەکران و پەنجەیان بۆ ڕادەکێشان. سەر و مل و جلوبەرگ و چاویلکەی چاوی پرۆفیسۆر و پیران و ڕانك و چۆخەی بەری موهەندیس و ڕەزنی دوانزە شانەیی و کلاشینکۆفی دەستی موهەندیس بە یەکجاری سەیر دەهاتنە چاو، تا دەبوو خەڵکێکی زۆرتریان لێ کۆ دەبووەوەو لە لایەن تەماشاکەرانەوە ئابڵووقەدران و بازنەی ئابلووقە تا دەبوو تەنگتر دەبووەوە. چەندین سەربازی نێزە بە دەست وردە وردە نزیکتر بوونەوە و نووکی نێزەیان ڕوو بە پرۆفیسۆر و هاوالآنی ڕادەوەشاند و تا دەبوو دەهاتنە پێشەوە. موهەندیس میلی کلاشینکۆفی داهێنایەوە ڕوو بە ئاسمان پەنجەی پیاهێنا. ڕیزێ سێ فیشەکی گردار ئاسمانی داتلێشاند و هارەی لەناو گۆڕەپاندا دەنگی دایەوە. زۆربەی خەڵکەکە لە ترسا لەسەر چۆك چوون بە کڕنووشدا. بازێکیان بە سەر یەکدا کەوتن و تەپاوتل دوورکەوتنەوە پرۆفیسۆر بە تووڕەبوونەوە ڕوو بە موهەندیس ڕۆیشت و وتی:

– ئەمە چ ڕەفتارێك بوو، كردت؟ ئاخر بەرانبەر بە ملل‌ەتێك ببینە ئاگر دەتوانین كوێ بسووتێنین؟

– من ئەمانە نازانم فراوڵەم دەوێ؟.

– فراولە لە هەر كوێ بێت، بەم ڕەفتارە منداڵانە بە دەستی ناهێنیت. ئێستا وەرەو ئەم كەرە لەم قوڕە وەدەربهێنە.

– ئێستا بێت و تاوێكی تر بێت، هەر دەنیشتنە قوڕ، لێ گەڕێ با ئێمە پێشدەستی كەین...

– گویت لێ بێت، ئەگەر دەتەوێ بماندەی بە كوشت، هەر یەكە گوللەیەكمان لێدە و پێویستی بەم نیخەنیخەش نییە و تەواو...

– دەڵێی چی بكەم؟

– ئێمە كەی لەسەر ئەمەمان كردبوو؟ دەڵێم هیچ مەكە بێ من، بۆ لەمەولا بەڵێن دەدەی بێ لێپرسینم هیچ نەكەی؟

– ئەی فراولە؟

– ئەویش دەدۆزینەوە، ئەگەر تامولْ كەی.

دوور و نزیك خەڵك دەینواڕی، بازێكیان لە ژێر لێوەوە ویردیان دەخوێند، بازێكی تری ترس و گومان و دوودڵی لە ڕوویاندا دەبینرا سەربازە چەكدارەكان تا دەبوو زۆرتر دەبوون. دیسان خرمەی پاچكەی ئاسنی سەر تەختە سەنگی گالیسكەی جەنگی هاتە گوێ. چەكدارێكی زرێ پۆشی دابەزی و چەند سەربازێك، بە گوڕ بەرەو رووی ڕۆیشتن. ئەویش سەرسامانە دەینواڕی بە پرۆفیسۆر و هاوالانیدا و گوێی هەڵخستبوو بۆ ڕاپۆرتی سەربازەكان. كابرای زرێپۆش دەستێكی خستە سەر سینەیی و، لەسەرخۆ بە تەنیا لێی نزیك بووەوە. پرۆفیسۆریش بە تەنیا ڕۆیشتە پێشەوە و، ئەویش وەك كابرا دەستی چەپی خستە سەر سنگی و دەستی ڕاستیشی بەرەو ئەو درێژ كرد. پرۆفیسۆر بە زمانی ئیلامی وتی:

– ئێمە دۆستین و دەمانەوێت بگەینە خزمەت شاهەنشا.

کابرای سەرباز وەڵامی دایەوە:

– ئێوە فریشتەن، یا بەشەرن؟

– ئەمە باسێکی دوور و درێژە، جارێك بەرەو دەربار پێشمان کەوە دوایی بۆت دەردەکەوێت، فریشتەین یا بەشەرین؟

– مـن نـاتـوانم بتـانگەیەنمە دەربـار. بـە خزمـەت ئـەژدەهـاکی شاهی شاهـان کـارێکی ئـاسان نـیـیـە، بـەڵام دەتـوانم بتـانگەیەنمە فـەرمـاندەری گشتی سوپـا، هـارپـاکی گەورە.

– کەواتە، فەرمووو با بڕۆین.

## ٣١

– ئەم هاتوچۆیە پڕتاوەی ناو شارت بە چی دێتە بەرچاو؟

کابرای چەکدار کڵاوە ئاسنینەکەی لەسەر داکەند و بەرەزووانەی کەمەربەندەکەی سفتتر کردەوە و سەری وەرچەرخانەوە لای هاوەڵەکەیدا و وتی:

– وتت چی؟

– وتم لەوە دەڕوا بەزمێك بە دەستەوەبێ و دیسان بقەومێ؟

– بەزمی چی و قەومانی چی؟

– ئەی ئەم هەموو جرت و فرتەی بە بەردەمتا دەکرێ، هەروا بە هیچ دێتە بەرچاو؟ مەگەر نابینی چوار گالیسکە دێن و پێنج دەڕۆن؟

– دە وس بە تۆیش ئەوەندە شت گەورە دەکەیتەوە، ئەوانەی دێن و دەڕۆن هەموویان ناسراون، یا دەست و پای شازادە کورشن یا فەرمانبەرانی هارپاکی فەرماندەن؟

– ئاخر ئەوە ترساندوومی. هارپاك دوای کوشتنی کوڕەکەی لەوە ناچێت ئارام بگرێت.

– کوڕەکەی سەدان فەرسەخ لە پایتەختەوە دووربوون، کاتێك کوژراوە.

– دەڵێن سەکایەکان بە دەسکیسەی شاهەنشاهـ ئەژدەهاك کوشتوویانە.

– جا شاهەنشاهـ لە کوشتندا کەی ئەوەندە تیا وەستا بووە، تا ئەم وردەکارییە بە کار بوا، ئەوەش بۆ کوشتن؟ وەك ئاو بخواتەوە دەتوانێت هارپاکیش تیکەتیکە بکا.

– دیارە لە دەنگوباس بێ ئاگایت؟

– با بڵێین، شا کوڕەکەی کوشتبوو. هارپاك چی لە دەست دێ فەرماندەرێکی ئەرمەنی زۆربەی زۆری سوپاکەی مادە و پارسە. بەم قسە قۆڕانەوە خۆت خەریك مەکە. بیر لەوە بکەرەوە چۆن چۆنی نێچیرەکەمان بفرۆشین. ئەم مامزەی دەستی من و تۆ کەوتووە، هەر بۆ باوەشی شا دەشێت هەر فرە نازدارە.

– ترسم هەر لەوەیە. نازدارییەکەی ترساندوومی، ئاوا ئافرەتێك نەبووە و ناکرێ بێ خاوەن بێت.

– کام ئافرەت لە ئاوا ڕۆژگارێك تاك و تەنیا دەشت و دەر دەدا لەبەر و دەگاتە ئەیرا، ئەگەر بێ خاوەن یا جاسووس نەبێت.

– کێ دەڵێت لە یەکێك لە هۆزەکانی ماد نەبێت. تاوانی فرۆشتنی ئافرەتێکی ئازادەی مادیای خۆ دەزانی چییە چ جۆرە مەرگێکی سامناکە.

– قسەی قۆڕ مەکە. وا چەندان ساڵە دەروازەوانم، ئاوا ئافرەتێکم بەم ڕەنگ و جلوبەرگ و شێوە و شەمایلە نەدیوە، تا بگاتە ئەوەی یەکێك بێت لە تیرەکانی ماد. ئەوەنەش وردی مەکەرەوە، هەفتەیەکی تر کۆیلەسێنی دێنینە دیار.

– بۆ هەفتەیەکی تر؟

– بێ ئەقڵ کام زەڕ و زێو دەگاتە لەزەتی باوەشی ئاوا ئافرەتێك، مەگەر مێشکی کەرم خواردووە هەروا بیدەمە دەست کۆیلەکرەوە؟

– ئەگەر بە تەمای زەڕ و زیوی زۆری، نابێت بۆ حەز خەساری کەیت، خۆ مەرجەکانی سەندن و فرۆشتنی کۆیلە و کۆیلاتی دەزانی؟ بە چ وردەکارییەکەوە ئەندام و لەش و هەموو جێگەی کۆیلە دەخەنە ژێر زەرەبینەوە بەتایبەت ئەگەر ئافرەت بێت.

– من ئەمانە نازانم، ئەگەر سەرم تیاچووە دەبێ هەفتەیەك بە لامەوە بێت نرخی دێتە خوار. تووشی گرفتاری دەبم. هەرچی دەبێت، با ببێت.

– خراو نەت بەسبێی تەوە؟

– دڵنیا بە.

– ده هەستە، برۆ بەلایەوە، ڕەنگە برسی بێ تینووی بێت. هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم ئەم تیکەیە هی قوڕووی ئێمە نییە و لە قوڕووماندا گیر دەکا.

سەربازێك بە پەشۆکاوی لێیان هاتە پێشەوە، بە هەناسکەبڕکێ وتی:

– دەڵێن لەناو شاردا چەندان فریشتە دابەزیون، گالۆکەکانی دەستیان چەخماخە و گڕی ئاگری لێ دێتە دەرەوە. کە بەرزی دەکەنەوە، وەك هەور دەگرمێنێت.

– فریشتە؟

– ئا، فریشتە... لەگەڵ کیومەرسی هەزار سواردا ڕۆیشتن بۆ لای هارپاکی فەرماندەری سوپا.

– تۆ بۆ خۆت بەچاو دیانت؟

– نا. نەیانم دی، بەڵام دەیانوت، بازێکیان چوارچاویان هەیە و چەندان چەندان گەزی شا باڵایانە. لە یەکێکم بیست دەیوت:

– شاخیان وەك شاخی کەڵەکێوی وا بوو. شفرەکانیان وەك یەکانە لە لا دەمیانەوە هاتبوونە دەرەوە.

– کەسیان نەخوارد؟

– دەیانوت نەء، بەڵام بە هەر کوێدا دەڕۆیشتن دەیانلووراند و دەیانگرماند، هەر خەڵك بوو خۆی دەشاردەوە.

ئاوا جانەوەرێك ناکرێت لە تەباری ڕۆشنایی و ئاهورامازداوە هاتبن. ئەمانەی دەیڵێی دێون و ڕاسپاردەی ئەهریمەن و تاریکین.

دەنگی دەف هاتە گوێ. ڕیزێکی کراس سپی، شاپلیتە بە دەست سروودی گاتای ئاڤێستایان دەخۆندەوە، لە دەروازەی شار هاتنە ژوورەوە، بەرەو تەنیشت قولە ڕەنگاوڕەنگەکە وەڕێ کەوتن. قولە حەوت ڕەنگەکەی شار نەدەگەیشتە پانوپۆڕی و ڕازاوەییی ساختمانی باخچەی هەڵواسراوی شاری بابل دا، بەڵام لەزەرافەتکاریدا بە شاکارێکی میعماری دەژمێررا، بەتایبەت ڕەنگەکانی ئاوی چاوی دۆست و

دوژمنی سەندبوو. زیگوراتێکی مەوزوون پلەی جوان داتاشراوی مەڕمەڕین لە چوار لاوە نهۆمەکانی بە یەکەوە پێوەند دەدا و سەرکەوتنی هەموار دەکرد. نهۆمی پێنجەمین سپی و شەشەمین زیوین و دوا نهۆمیش ئاڵتوونین. لە هەرچوار لاوە دەبینرا و بریقەی چەندان فەرسەخ دەڕۆیشت و ڕێبواری سەرسام دەکرد. جیرەی پاچکەکانی چەندان گالیسکەی جەنگی پاسەوانەکانی دەروازەی ژڵیژاند و هەریەکە لە جێگەی تایبەتی خۆدا وشك وەستان. لە یەکێك لە گالیسکەکانی کیومەرسی هەزار ئەسپی لێ دابەزی و بەرەو لای خانووبەرەی دەروازە وەڕێ کەوت. مشتی زێڕینی شمشێرەکەی بە لا کەمەریەوە نیشانەی دەسەڵات و توانای وەدەر دەخست سەرپاسەوانی دەروازە و یاریدەکەی پەرۆش هاتنە دەرەوە، هەریەکە دەستی ڕاستی خستە سەر سنگی و بێ چرکە ڕاوەستان، کیومەرس لەب ەردەمیاندا یەك دوو جار بێدەنگ هات و چوو، ئینجا روو بە پاسەوان وتی:

– ئەو ئافرەتەم دەوێ.

سەرپاسەوان بێ وەڵام وەك داهۆڵ ڕاوەستابوو. کیومەرس هەڵیکێشایە شمشیر و بە تەواوی توانایەوە مشتە شمشێرێکی ئاڵاندە ڕوومەتی سەرپاسەواندا و خوێن بەسەر و ملیدا فیشکەی کردە خوارێ، بێ ئەوەی سەر و ڕووی بسڕێت لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

– کام ئافرەت؟

– ئەوەی سەر لە بەیانی لەم دەروازەوە هاتووەتە شارەوە.

سەرپاسەوان ڕووی وەرچەرخاندە لای یاریدەدەرەکەیەوەو وتی:

– فەرموو، وەڵامی بدەرەوە.

کیومەرس بێ ورتە چەندان مشتە شمشێری ئاڵاندە سەر و گوێلاکی یاریدەدەری سەرپاسەواندا و ئینجا وتی:

– ئەهریمەن زادە، کوا لە کوێیە؟

– ئەوە سانێ لەو ژووری پشتەوە.

سەرپاسەوان و یاریدەرەکەی بە سەر و گوێلاکی خوێناوییەوە پێشی هەزار

ئەسپ کەوتن، بەرەو لای ئافرەتی سەرودەست بەسراو. دەست و پای فراولەیان کردەوە. بێ هێزانە هەستایە سەرپاو سەرو زوڵفی زێڕینی بەسەر ڕوو گەردن و سنگ و بەرۆکیدا پەرێشان بووبوو. کیومەرس بە دیدەنیی قەد و باڵا و بەرزی و بوڵەندیی فراولە گێژوویژ مەنگ هەر دەینواڕی. فراولەش لەوان سەرسامتر و بەترسێکی تێکەڵ بە دوودڵییەوە وتی:

– بۆچی منتان دەستگیر کردووە؟

سەرپاسەوان وەڵامی دایەوە:

– تۆ خەڵکی ئەم وڵاتە نیت و خەفیەی دوژمنانی ئێمەیت.

– خەڵکی ئەم وڵاتە نیم، ڕاست دەکەی، بەڵام جاسووس نیم.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا هاتینە نێو شارەوە و لێیان دابڕام و لێیان گوم بووم.

کیومەرس وەڵامی دایەوە:

– لەیەك گوم نەبوون. هەستە بڕۆین بۆ لایان.

لە هەمان کاتدا فەرمانی باڵبەستنی سەرپاسەوان و یاریدەدەرەکەشی دا.

# ٣٢

– ئەوەی دەزانم فریشتە نین و بەشەرێکن وەك ئێمە. لە کوێڕا هاتووی؟ بۆچی هاتوون؟ نازانم. ڕەنگە جاسووسی دەرباری لیدیابن. دیارە داوودەزگای لیدیا دەستبەردار نابن و ئەم گلە خۆیان ماندوو کردووە، بەڵام هارپاك دایکی خراو نەی پێچاوەتەوە و هیچی لێ ون نابێت، ئینجا لە پرۆفیسۆر هاتە پێشەوە، بە دوو پەنجە دای بەسەر سنگیدا و وتی:

– پیرە گەماڵ، تۆ بڵێ، دیارە کۆنەکاری، فێڵبازی. ئەو چاوانەی من دەیبینم پڕە لە داو و درۆزنی، داخۆ چەند تەڵەت بە کلك تەقاندبێ؟ ها، دەی بڵێ.

ئینجا دەستی درێژ کرد و چاویلکەکەی لە چاوی دەرهێنا و بە دوو پەنجە وەك جانەوەرێکی پیس و پۆخڵی گرتبێت، سەر و خواری ورد بووەوە و ئینجا وتی:

– ناڵێی ئەمە چییە بەستووتە بە گوێتەوە، خۆ دەڵێی لەقاوی دەمی ئەسپی چەمووشی ئەوساییە ئەگەر لەقاوە بۆ خستووتەتە سەر پۆزەتەوە؟

پرۆفیسۆر نەختەکێك جێی چاویلکەکەی سەر برناخی خوراند و لەسەرخۆ بە متمانەوە وتی:

– ئێمە بەشەرێکین، وەك ئەمەت ڕاس فەرمووە. ئەگەر ورد بنەوە و بە دڵ و دەروونێکی فراوانترەوە گوێمان لێ بگرن، دەتوانین پێتان بسەلمێنین نە جاسووسین و نەپۆیشمان بە دەرباری لیدەیاشەوە هەیە...

بۆ چی شتێکتان پێیە بۆ وتن؟

– بێگومان زۆرمان پێیە بۆ وتن. یا تەنیا دەتانەوێ گا بە گونا بناسن. هارپاك نەختێك دوورکەوتەوە و لەولاترەوە بەسەر کورسییەکی مەرمەڕینی دەستەدارەوە پاڵی دایەوە، مشتی شمشێرەکەی لە هەلاوساوی وەرگی گیر کرد و کڵاوە

ئاسنەکەی سەری دەرهێنا و سەر و زوڵفی ماش و برنجی تۆپەڵی نێو کڵاو خوودەکەی شۆڕبووەوە سەر کەواکەی سەرشانی و دەستێکی بە ڕیشە پانەکەیدا هێنا و ئینجا سەر و ملی لە پشتی کورسییەکەی گیرکردو هەردوو دەستی خستە سەر هەر دووکەمەی کورسییەکە و وتی:

– دیارە بە چاکی هارپاکتان نەناسیوە. دۆست و دوژمنی دوور و نزیکی ناوباوی هارپاکی فەرماندەی گشتی سوپای مادی بیستووە. تۆی گەوجی چەقەچناوە چۆن ناماقووڵی وا دەکەیت و ئاوا وەڵامم دەدەیتەوە؟ بڵێم سەرت بکەنە گۆی ژێر سمی ئەسپ؟

– قوربان، من کە خراوم نەوتووە، ئێستاش دەڵێم لە هارپاکی دنیادیدە و زۆرزان ناوەشێتەوە ئاوا ڕووکەشانە لێك داتەوە...

هارپاك دیسانەوە هەستایەوە سەر پا و نەڕاندی:

– دەڵێی ڕووکەشانە، تێدەفکرێم ئەویش ئێوەی خوێڕی و هیچ تیا بەسەر نەبوو...

– جەنابی فەرماندەر، ئەگەر تۆزکاڵێك وردبیتەوە، ئێمە نەك هیچ تیا بەسەر و خوێڕی نین، بگرە دەتوانین لە بنەڕەتەوە ژیانتان بگۆڕین. سەرم سڕ دەمێنێ لەناو باوی کارمەیی و لێهاتوویت و ڕاستە دەڵێن دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە.

هارپاك هەروا لە پێشیاندا دەهات و دەچوو، وەرگەڕایەوە ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– پیرە، دەڵێی جاسووس نین؟

– باشمان لێ وردبیتەوە دەردەکەوێ، ئێمە لە تەبار و دیارێکی گەلێك دوورەوە هاتووین و هیچ نیازێکمانیش نە بە خاکتان هەیە و نە بە داراییتان. هارپاك زۆرتر لە موهەندیس هاتە پێشەوە و سەرتاپای خستە ژێر زەرەبینی دیدگایەوە و بە پەنجە ئیشارەتی کڵاشینکۆفەکەی کردو وتی:

– ئەمە چییە بە دەستەوە؟

موهەندیس زمانە کۆنەکانی نەدەزانی، لە پرۆفیسۆری پرسی:

– دەڵێت چی؟

– دەڵێت، ئەمە چییە بە دەستەوە؟

– بڵێ تیر و کەوانە.

هارپاك باشتر وردبووەوە. ئینجا دای لە قاقای پێکەنین و بە دەستیش ئیشارەتی بۆ موهەندیس دەکرد.

هارپاك هەر پێکەنی و پێکەنی.

موهەندیس وتی:

– بڵێ، ئەگەر باوەڕ ناکا با لەگەڵ بەناوبانگترین کەمانگەری وڵاتەکەیاندا تاقیم کاتەوە.

هارپاك پێکەنینی بڕییەوە و ئاوڕێکی ئاڵۆزانەی لە موهەندیس دایەوە و وتی:

– نیشاننانەوە لەگەڵ تیرئەندازانی ماددا مەرجی هەیە؟

موهەندیس وتی:

– مەرج هەرچی بێت قەیناکا.

– لەسەر سەریشی بێت قەیناکا؟

موهەندیس وتی:

– باشە لەسەر سەرم، بە مەرجێك ئەندازەی دووری نیشان بە من بێت.

پرۆفیسۆر بە هارپاکی وت:

– دەڵێت من لەسەر سەرم، بەڵام دوو مەرجم هەیە، یەکەم ئەندازەی دووری یا نزیکی نیشان بە ئەو بێ و دووەم ئەگەر بردیەوە یەکڕاست بمانباتە خزمەتی ئەژدەهاك، شاهەنشای مەزن.

هارپاك پەنجەی خستە نێو ڕیشە توپەڵە پانەکەیەوە و ئاوڕێکی لە لەش و بازوو و قەد و قەڵافەتی موهەندیس دایەوە و لە بیری خۆیدا لەگەڵ فیلەتەنی و پاڵەوانێتیی ئارەشی کەمانگەردا پێکەوە هەڵی سەنگاندن و بەرئاووردی کردن. ئینجا سێ جار دای لە چەپڵە و سەربازێکی دەست لەسەر شمشێر هاتە ژوورەوە و وەك پەیکەر ڕاوەستا، هارپاك پێی وت:

– ئازا زوو ئارەشی کەمانگرم بۆ بانکە بۆ ئێرە.

کابرای سەرباز وەرچەرخایەوە و لە دەرگە ڕۆیشتە دەرەوە. هارپاك ڕوو بە پڕۆفیسۆر، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– با هاوڕێکەت گرەو بواتەوە دەرکەوت جاسووسیش نین، دەتانبەمە خزمەتی شاهەنشا، بەلام دەبێ بزانیت هاوڕیکەت سەری دۆڕاندو تاوێکی تر دەدەم لەسەری.

تا ئەو حەلە پڕۆفیسۆر و هاوالانی بەرزەپا وەك تاوانبارێك لەبەر دەست هارپاکدا ڕاوەستابوون. هارپاك لەسەر کورسیی تایبەتیی خۆی ئارامی گرت و بەدەست ئیشارەتی بۆیان کرد، کە ئەوانیش دانیشتن، هارپاك ڕوو بە پڕۆفیسۆر وتی:

– مانگی پێشوو حەوتی دیمان لێتان گرتووە، نازانم گەرزیوەس شا چی دەوێ؟ دەیەوێت هێز و توانا و دەسەلاتی لیدیا تاقی کاتەوە؟ ئەو بابڕوا بە زەرگلێرکردنەوە و پەیکەرسازیی خۆیەوە خەریك بێت چییەتی لە شەڕوشۆڕ و جیهانگیرێتی. دڵنیام زۆر ناخایەنێت تەواوی زەڕ و زیوی دەرباری لیدیا دەبێتە موڵکی ئێمە.

– جەنابی هارپاك، ئێمە ئەگەر جاسووس بین، یا هەرچی دی، کاتێك هاتینە نێو شارەکەتانەوە شەش کەس بووین، پێنج پیاو و یەك ژن، ژنە لە بەشی ئافرەتانەوە هاتە ژوورەوە و ئیتر نەماندییەوە. تکایە فەرمان بدە، ئەویش بهێننە لای ئێمە، ئەگەر سزایەك دەدرێین با پێکەوە بین.

هارپاك دیسانەوە دایەوە لە چەپڵە و هەمان سەرباز هاتە ژوورەوە. هارپاك پرسی:

– ئەم زەلامانە کاتێك هاتوونەتە نێو شارەوە ئافرەتێکیان لەگەڵدا بووە، لەیەك دەروازەشەوە هاتوونەتە نێو شارەوە، هەر ئێستا ئەو ئافرەتەشم دەوێت.

– قوربان کاتێك زانیم ئافرەتیشیان لەگەلا بووە، یەکڕاست گەڕامەوە هەمان دەروازەو دوای پرس و جوو لەسەر پاسەوانی دەروازە سەلماندی ئافرەتێك بەو

شێوە و شەمایلە هاتووەتە نێو شارەوە.

– لە هەر کوێ هەیە، پەیدای کەو دەمەوێ.

– بەسەرچاو قوربان، تا دەیدۆزمەوە ڕەنگە چەند ڕۆژێك بخایەنێت.

– بەهەرحاڵ هەرچی زووتر باشتر.

– بەسەرچاو.

پڕ بە دەرگە نێرە حەیتەیەکی زل زەلام، ناوشان پان، بازۆڵە ئەستوور، سنگ فراوان، هەر بازۆڵەیەکی سەرین و متەکایەك دەبوو. خۆ مایچەکانی گەردنی چو ڕەگی دار بەڕوو پێچیان خواردبووە یەکدا، سنگی بەردەئاشت لەسەر بشکاندایە، کەوانێکی ئەستووری دووگەزی شای بەدەستەوە بوو، تیردانەکەی بە ئەندازەی خورجینێك لە شانیدا تیری تێ ئاخنیبوو، هەر تیرێکی بە ئە ئەندازەی داردەستێك دەبوو، سەر و سمێڵ و سەر و کوڵکی ئاڵۆزاو و تێکەڵ، بینەری دەتۆقاند، بە دەنگێکی زەنگڵەدار و پڕ لە گرێ ڕوو بە هارپاك وتی:

– فەرمایشتێکت هەبوو؟

هارپاك بە دەست ئیشارەتی بۆ موهەندیس کرد و وتی:

– دەمەوێ لەگەڵ ئەم کابرایەدا گرەوی تیرئاویشتنێك بکەی. ئارەش بە سەرسامییەکەوە لە موهەندیس وردبووەوە، ئینجا نووکی کەوانەکەی بۆ موهەندیس درێژ کرد وتی:

– ئەمە؟

هارپاك بێ ئەوەی هیچ بڵێ، یەك دوو جار سەری بۆ لەرزاندەوە. ئارەش هەڵی کێشایە شمشێر و ڕوو بە هارپاك ڕۆیشت و ئینجا مشتی شمشێرەکەی بەرەو هارپاك گرت و وتی:

– وا دەزانم تا ئێستا لە پێناوی ئەرکانی دەسەڵاتی ماد و سوپای ماد و شەرافەتی ماددا کۆتاییم نەکردووە، چ پێویست بەم هەنکە گەورەیە هەیە، تا لەگەڵ زەڕنەقووتەیەکی ئاوادا بمخەیتە گرەوە و... جا ئەوە شمشێر ئەمەش من. من مەرگم لا شیرینترە تا ئاوا گرەوێك.

هارپاك هەروا لە ئارەش ورد دەبووەوە، لە پڕ نەڕاندی:

– شمشێرەکەت بکەرەوە کێلانەکەیدا:

کابرا خۆ لەسەر هێلکە مەرجی نەکردووە، لەسەر سەری گرەو دەکا. ئارەش لە کاتێکدا شمشێری لە کێلان دەخست ئاوڕێکی وردتری لە موهەندیس دایەوە و وەك نەوەن گایەکی تووڕە و ئالۆز پیشکاندی و یەك دوو جار سەری سووڕدا و ڕوو بە هارپاك وەرچەرخایەوە و وتی:

– بەو مەرجەی خۆم ملی هەڵکێشم.

– سەری هی تۆیە، بەڵام ئەویش مەرجێکی داناوە. ئەندازەی دووری نیشان بە ئەو بێت.

ئارەش بە دەم قاقاوە لە کاتێکدا پێکەنین پەڕیبووە قورگی پچڕ پچڕ وتی:

– مێرووله چی، تا کەلەپاچەی هەبێت!

پرۆفیسۆر ڕوو بە موهەندیس وتی:

– تۆ کە لەخۆت دڵنیای، ها!

– لێم مەترسە.

ئینجا بە پرۆفیسۆری وت:

– بڵێ با پرتەقاڵێك و ڕمێکم بۆ بهێنن.

هارپاك ئەمری کرد ئامادە کرا و موهەندیس پرتەقاڵی کردە سەر نووکی ڕمەوە و ئامادە وەستا.

هارپاك وتی:

– کەواتە با دەست بەکار بین.

هەموان بە دوای هارپاکدا ڕۆیشتنە دەرەوە، باخچەی تەنیشتی سەرفەرماندەری گشتی سوپا تا چاو بڕی دەکرد گوڵ و چیمەن و دار و درەخت بوو.

موهەندیس وتی:

– من ئەم ڕمە دەبەم و لە دوور دای دەچەقێنم، لە هەر کوێدا دام نا ئەندازەی گرەوە، باشە؟

هارپاك سەری بۆ لەرزاندەوە.

موهەندیس ڕم بە دەست وەڕێ کەوت. موهەندیس هەزاران جار لە ئاوا تاقیکردنەوەیەکدا بەشدار بووبوو. هەر هەنگاوێکی بە گەزێکی شا حساو کرد و حەوت سەد هەنگاوی ژمارد و ڕمی لە زەویدا چەقاند و گەڕایەوە لای خەڵکەکە.

هارپاك بە تووڕەبوونەوە وتی:

– تۆ عەقڵت لەدەس؟ یا گاڵتەمان پێ دەکەی؟

پرۆفیسۆر تووڕەبوونەکەی هارپاکی گێڕایەوە وتی:

– بڵێ، نەڕەی پێ ناوێ، ئەمە گورز و ئەمەش مەیدان. مەرجمان لەسەر ئەوە بووە دووری نیشان بە دەست من بێت، ئەوەش نیشانەو لە دوورەوە دیارە، با ئەم نەڕە گەورە تیری خۆی بهاوێژێ. نۆرە هاتە سەر من ئەو کاتە دەزانیت نە گاڵتەم کردووە و نە گەوجیشم.

هارپاك ئاوڕێکی لە ئارەش دایەوە. ئارەش دەستەپاچانە وتی:

– باوەڕ ناکەم هیچ مرۆڤێك تیری بگاتە ئەوێ تا بگاتە پێکانی.

– یانی ناتەوێ تیری تێ بهاوێژێت.

– قوربان تیرم ناگاتە ئەوێ، ئەم کابرا گاڵتەمان پێ دەکات.

موهەندیس بە پرۆفیسۆری وت:

– دەڵێت چی

بۆی گێڕایەوە، موهەندیس وتی:

– بڵێ بە هارپاك ئەو کە گومانی نییە، ئێمەش بەشەرێکین وەك ئەوان.

پرۆفیسۆر وتەکەی موهەندیسی بۆ هارپاك وتەوە.

– نا گومانم نییە.

– کەواتە با سەیرم کا.

هـارپـاك سەری بـۆ لـەرزانـدەوە. موهـەنـدیس سیپـی بـوردی كلاشینـكـۆفـەكـەی نەختەكێك بولند كردەوە و ملی هێنایەوە و چێنچكە لەسەر دەست بۆی دانیشت و دەنگ لە دەستیەوە هات، هەر هەمووان ڕاچڵەكین و هـاوالانی موهەندیس دایان لە چەپڵە و پرتەقال بەسەر نووكی ڕمەوە پەراش بووبوو. هارپاك گێژانە دینواڕییە موهەندیس و تفەنگەكەیدا و لەبەرخۆیەوە وتی:

– بەم حیسابە بێت ئەم تیروكەوانە بەشەریش دەكوژێت...

پرۆفیسۆر وڕێنەكەی هـارپـاكی بۆ موهـەندیس گێڕایەوە، موهـەنـدیس وتـی:

– دەیەوێ ئەوەشی بۆ تاقی كەمەوە.

هـارپاك وەلامی دایەوە:

– زۆرم لا خۆشە.

گـوڵـتـەیـەكـی مـەرمـەڕیـن دەبـیـست گـەزێك لـەو لاتـرەوە دەبـیـنـرا، مـوهـەنـدیس گوللەیەكی پێوە ناو بە پرۆفیسۆری وت:

– با بڕوات شوێن زامی تیرەكەم ببینێت.

هـارپـاك دوای دیـتـنـی شوێـنـی گوللـەكـە ئـارام و لـەسـەرخـۆ هـەنـگـاوی لـەگـەڵ تێفكریندا دەنا هاتەوە لایان.

پرۆفیسۆر لێی پرسی:

– گرەومان بردەوە، یا نا؟

– بردتانەوە.

– جا دەبێ بە خزمەتی شاهەنشامان بگەیەنیت.

– بە خزمەتیت دەگەیەنم.

– كەی؟

– ئەوەیان بە دەستی منە، من دەبێ بڕیاردەم كەی شەرەفیاب دەبن. ئێوە جارێك مێوانی منن و دەبێ بەپێی فەرامینی من بجووڵێنەوە. یەكەمین فەرمانیشم ئەوەیە، ئەو تیروكەمانە جارێك بە لای منەوە دەبێ.

پرۆفیسۆر وەڵامی دایەوە:

– میوانین یا دەستبەسەر؟

– هەردووکیان.

– تاکەی؟

– تا بە چاکی بزانم.

## ٣٣

– چۆنت لێ دەگوزەرێ، ڕەحەتی؟

فراوڵە بێ ئەوەی هیچ بڵێ ئاورێکی تاڵی دایەوە و سەری وەرچەرخاندە لای دیوارەوە. خواجەباشی سەری پەنجەی خستە نێو زوڵفی و سەری وەرچەرخاندەوە لای خۆی و خوێنساردانە وتی:

– گەلێ لە تۆ دڕتر و ملهوڕترمان ڕاو کردووە. ببی بە ئاگر کوێ دەسووتێنی.

چۆن دەست بەسەر پشتی پشیلەدا بهێنن، سەری پەنجەی خستە سەر لاگەردنی و وردە وردە بەرەو خوارەوەی کرد و هێنایە سەر شان و سنگ و لانەرمایییەکانی بندەستی و مەمکی یەك دوو جار گرت و بەری دا و دیسان گرتی و بەری دا و ئینجا وتی:

– نەختەکێك شل و شێواو بوون، بەڵام زۆریان بە دەمەوە ماوە.

فراوڵە ڕووتوقووت بە سەر تەختەسەنگێکی مەرمەڕینەوە، لەسەر پشت چوارپەل دابەسراو هەردوو مەمکی بازنەیەکی گۆشتنی بەسەر سنگیەوە پێك هانیبوو. سەرگۆکانی چون دوو دانە بازنەی زەیتوون تۆبز و هەڵئاوساو، شانبەشان، ڕوو بە ئاسمان لە ڕەقیی بازنەی مەمکیدا چەسپابوون. خواجەباشی وەك قەساوێك کاوڕێك هەڵسەنگێنێت، هەروا دەست و پەنجەی لە لەشی فراوڵەدا لە کاردابوو. پەراسووەکانی ناوکی، نەرمەی بەرۆکی، دەستی، ناوگەڵی، ڕان و پووزی سفت و سەخت جەڕاندبوون. خواجە بەرەو پاینی تەختە سەنگ ڕۆیشت و قایشە جەڕاوەکەی هەردوو پای فراولەی ئاواڵە کرد و لنگێکی فراولەی بەرز کردەوە لێزانانە لۆچ و توێی ناوگەڵی بە وردی ئەندازە گرت و بە کەنیزی هاوڕای وت:

– دەستێکیشی بکەرەوە.

مەنیژ قایشی مەچەکی بەسراوی کردەوە، خواجە هەردوو دەستی خستە ژێر قەبرغەی فراولە و پلی دایە سەر لاو دیسانەوە کەوتەوە هەڵسەنگاندنی پشت، گەردن، شان، بڕبڕاگەی پشت، سمت و کەفەڵ، پشتی ڕان، چاڵی پشتی ئەژنۆ، پۆز و پا و پەنجەی پا، سەرێکی لەرزاندەوە.

– کیۆمەرسی هەزار ئەسپ حەقیەتی خۆی پێ ڕانەگیراوە و بە زۆر لەگەڵتا نووستووە، لێی ناگرم و باشی زانیوە چی پێشکێش شازادە دەکا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت، لەم حەرەم سەرایەدا مەرگ زۆرە. بەڵام ئاوا زۆرێك بەرەوا نازانین، تازە کێ ئەو شانازییەی دەست دەکەوێ، ببێ بە هاوپێخەفی شازادە. ئەگەر بێتو بەختت یاربێ و شەوێك شازادە هەڵت بژێرێ، یانی دەروازەی خۆشبەختیت لێ کراوەتەوە. جا، گەوجی بخەرە ئەولاوە، نەء نا نابێت، مۆری مەرگتە و تیاچوون. ئاهورا هەلێکی بۆ هەڵخستووی، دەرگەی کلۆڵی لە خۆت دامەخە.

– ئینجا ڕووی کردە مەنیژ و وتی:

– کەس نەزانێت، تۆ بە چاکی دەزانیت بیهێنیتە سەر عەقڵ، ئەگینا خراو دەبینی.

خواجە باشی ئەمەی وت و بە پلەکانێی سارداودا سەرکەوت.

مەنیژ لە سەرێنی فراولەدا خەم زەدە و بێدەنگ دەستی بەسەر سەر و زوڵفی فراولەدا دەهێنا و دڵسۆزانە وتی:

– پێم خۆشە دەست و پات ئاواڵەکەم، دەترسم گرفتارم کەی. ئەو کەمتیارە خەساوە ناناسیت چ دڕندەیەکی دەم خوێناوییە. باوەڕ بکە تا بە ئەورۆ سەدان کیژۆڵەی نازەنین و نازداری لەناو بردووە، تۆیش چارەیەکی ترت بەدەستەوە نییە، جگە لە مەرگ.

– قەینا دەمرم. مەرگەکەم لا شیرینترە.

– ڕاست دەکەی منیش جارەوبار ئاواتەخوازی مەرگم و بە شیرینی دەزانم، بەڵام یەکێکی وەك تۆ مافی مردنیشی لێ سەندراوەتەوە. ئەوان هەڵی دەبژێرن جۆن بمریت و کەی بمریت. کەواتە هەر نەبێت جارێك چارەیەکی ترت بە دەستەوە نییە.

منیش لە سەرەتاوە وەك تۆ بووم، تەقەللام زۆر کرد، کاتێك شارەکەیان داگیر کردین، خەڵکەکەمانیان بەدیل گرت، منیش وەك سەدان کەس فرۆشرام. تا بە ئەورۆ چەندان جار دەست بە دەست کراوم، زۆر کەس بوو بە خاوەنم. پیر و پیسکە و گەنج و گەورە و هوشیار و گێل و گەوج. دوو منداڵم بوو هەردووکیان لە بەرۆکم گرتەوە و فرۆشتنیان، تا لە دەرباری شاهەنشادا گیرسامەوە.

فراولە ئارامتر بووبووەوە و مەنیژ قایشەکانی پەلوپۆی کردبووەوە ڕووبەڕووی یەك دوو ئافرەتی هاودەردی لێ قەوماو دەست بە ئەژنۆ دانیشتبوون. فراولە هەردوو دەستی خستبووە ژێر گەرمیی مەمکی و نەختەکێك لە سەرما دەلەرزی. مەنیژ کۆڵوانەکەی سەر شانی خۆی کردەوە و دای بەسەر لەشی فراولەدا، ئەویش سفت پێچایە خۆیەوە. بە دەم لەرزینەوە پچڕ پچڕ وتی:

هەزار ئەسپی لە یابوو بوو منی بە کێ داوە؟

– بە شازادە، کۆرش.

– باشە، ئەم شازدەیە کێیە؟

– کچەزای شاهەنشایە، کوڕی ماندانای کچی ئەژدەهاکە. منیش لە سەرەتاوە کەنیزی ماندانا بووم، دامی بە کۆرش. تا لە دەرباری شاهەنشادا بووم ئاسایشم زۆرتر بوو، ئەوەتەی کەوتوومەتە ژێر هەوا و هەوەسی خواجەباشییەوە، پەرێشان بووم، نەك هەر من بگرە زۆربەی کەنیزەکانی ژێر دەستەی. سەیر لەوەدایە قەدر و حورمەتی بە لای شازادەوە بێ حیساوە.

– دەڵێی چی بکەم؟

– دڵڕەقی و دڕندە خوویی خواجەباشی لەوەدا نییە. دەڵێم چارەت هەر بە گوێ کردنیەتی.

– چی لێم دەوێ؟

– ئێمەی ئافرەت چییان لێمان دەوێ، بۆ چی نازانی؟!

– دەزانم، بەڵام ئافرەت هەر بۆ ناو جێگە نییە.

– ڕاست دەکەی، بەڵام لە پێشدا بۆ ناو جێگەیە، دوایی بۆ شتی تر، دەبێ ئەوەش بزانیت ئافرەت موڵکێکی پارێزراوە، هەر داگیرکەرێکی تریش بێتە سەر کار، ئافرەت پارێزراوە و هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و... کێڵگەیەکە تۆوی پیا دەکەن چ بۆ لەزەت، چ بۆ توخمات و سك و زا، هەموو کات موڵك وماڵی سەرکەوتوو بووە. ئەو چەند شەوەی بە لای هەزار ئەسپەوە بوویت مشتێکە لە خەروار. دیارە تازە بە کۆیلەکراوی، ئەگینا شڕ و شکڵی خواجەباشی جگە لە مەرگ و میر چی تری تیا دەبینرێت؟

– ئەمانە دەرهەق بە من بەهەڵەدا ڕۆیشتوون. من لە جێگەیەکی گەلێك دوورەوە هاتووم.

– کچی باش، کۆیلاتی دوور و نزیکیی بۆ نییە، باوەڕ بکە ئەمانەی دەیڵێی نیو «شیکل» ئەرزشی بۆ دانانرێت. دان بە چارەنووسی خۆتا بنێ:

– پێم ناکرێ، من یەکێکم خۆش دەوێ.

– جا. کام لە ئێمە لە باوەشی ئازیزانی نەفڕێنراوە، یا بە بەرچاویەوە ئازیزی نەکوژراوە. دەشبینی ماوین و دەشژین!

– باشە، ئەو خواجە نامەردە بۆ لێم ناگەڕێ؟ هەر نەبێت جارێك..

– پەلەیەتی، دەزانی بۆ؟

– نا.

– لەم کۆشکەدا هەفتەی شەوێك شازادە شەونشینی پێك دێنێ بۆ خۆی و دۆستانی.. شەونشینی دوو ڕۆژی ماوە و خواجە دەیەوێ بۆ ئەو شەوە ئامادەت بکا...

– ئامادەی چۆن چۆنی؟

– تا ئەوەی من دەیزانم هەر داخواز و نیازێکی شازادە دەبێ لەسەر سەر دانرێ دەبێ ئەوەی ئافرەت دەتوانێ و دەیزانێ بۆ شادمانی شازادە بیکا و دریخ نەکا. ئەگینا خراوی بە دواوە دەبێ.

– ئیتر چی؟

– خۆ تۆ گۆرانی نازانی؟

– گۆرانی؟

– سەر و کارت لەگەڵ سەما و ئامێرەکانی مۆسیقادا نییە، تەنیا چەکێك بە دەستەوەیە سەر و زوڵف و سەر و ڕوو و لەش و پەیکەرتە. وەك زانراوە شازادە زۆری حەز لە ئافرەتی زوڵف زەرد و سوور و سپی و چاوشینە تۆ کە هەیت. ئەگەر بزانیت چۆن چەکەکانت بەکار ببەیت و لە کوێیاندا بەکاریان دێنیت.

فراولە خەمگین و گلە ئاسا لەبەرخۆیەوە بە ئەڵمانی وتی:

– عەجەب گیرێکم کردووە، چ داودەردێکی بێ دەرمان، لەوە دەڕوا چارەیەکی ترم بۆ نەمابێتەوە؟

– وتت چی؟

– وتم، بەم کەمتیارە خەساوە بڵێ، ئامادەی فەرمایشاتیم.

## ٣٤

دەر و دیـواری کـۆشکـی شازادە لـەبـەر گڕی ئـاگری دەساگـیرسیـەنـی دیواری و کـوانـووی گـرداری جـۆراوجـۆر ڕۆشن بـووبـووەوە. بـەسەر پلـەکـانـی پێش دالآنـی کۆشکدا، ڕووبەڕوو، چەندان سەربـازی ڕم بە دەست، وەك پەیکەر ڕاوەستـابوون. دەنگی سازێکی ئارام لە کۆشکەوە، بە دەم شنەی شەماڵەوە دەگەیشتە گوێ. بۆنی بخوری سووتـاو تێکەڵ بە تـەنکە دووکەڵێکی بۆن خۆشی نێو جام و ئاگردانی زێڕین و زیوین، لەگەڵ نەوای مۆسیقـادا نەشئەی دەخستە دڵانەوە. هـارپـاك لە گالیسکەی جەنگی دابەزی و شنێلی سەر شانی لوول کرد و دای بە سەر بـازووی چەپیدا و لەپلەکانی پێش دالآن سەرکەوت. تەواوی سەربـازە ڕاوەستـاوەکـان بە نیشانەی ڕێز و سەڵاو ڕمەکانیـان چەسپـاندە لەشیـانەوە. هـارپـاك دەردی پیری گرتبووی، بەڵام هوشیـاری و کـارئـامەیی لە ڕوویدا شەپۆلی دەدا و بە گوێرەی تەمـەنی هێز و گوڕێکی فراوانی پێوە دەبینرا.

کۆرش بەسەر لاکێشێکی مـەڕمـەڕینەوە ڕاکشابوو. کـاسەیـەکـی زێڕینی لێوانلێو شەراوی لە ژوور سەردا، بە چەپ و ڕاستیدا نیمکەت و کورسی مـەڕمـەڕین، ڕیز و ڕێك چنرابوو. کەنیزانی بـادەگێڕ بە ناز و عیشوە و کریشمەوە بـادەیـان دەگێڕا. بە هـاتنە ژوورەوەی هـارپـاك دا ڕاکشاوانی چەپ و ڕاست جموجووڵێکیـان تێ کەوت. کۆرش، کە دی هـارپـاك فەرمـاندەری گشتی سوپـای مـاد هـاتـە ژوورەوە، بێ ئەوەی خۆی بلەخشێنێت نەڕاندی:

– هـارپـاك!

سەرخۆشانە دەستی بۆ نیمکەتی لای ڕاستی خۆیەوە درێژ کرد و وتی:

– وەرە بندەستمەوە:

هارپاك دەمی خستبووە بن گوێی کۆرش و لە پەسا دەیوت و دەیوت، تا کۆرش لە پڕ نەڕاندی:

– مۆسیقاژەنان لە گۆشەیەکەوە نەوایان دالانی گرتبووە بەر. کەنیزانی نیوەڕووتی خۆش لەش و پەیکەری سوراحی بەدەست، مەیان دەگێڕا. ڕاکشاوانی سەر لاکێشە مەڕمەڕینەکانی تاو تاو ملی یەکێك لە کەنیزەکانیان با دەداو لە ئامێزیان دەکرد و نەرمە ئای کەنیز هانی خەریانی دەدا و لە ئامێزیان دەکرد و لە خورماندنەوەیاندا دڕتر دەبوون.

هارپاك دەمی خستبووە بن گوێی کۆرش و لە پەسا دەیوت و دەیوت، تا کۆرش لە پڕ نەڕاندی:

– کوا لە کوێن، دەمەوێ بیانبینم؟

هارپاك ئارام وەڵامی دایەوە:

– ئەمانە لای من، دەست بەسەرن، دەتوانن زۆر شت بگۆڕن و ببنە هۆی ئاشووبەیەکی زۆر و هەرچیمان ڕێسابێت شی کەنەوە و تەواوی کاروبارمان لێ هەڵوەشێننەوەو بەو ئەندازەشە ببنە هۆی سەرکەوتنی بیروڕا و مەرامەمان، ئەگەر بزانین چۆن ڕەفتار بکەین..

– لێت ناگەم؟

– وەك دەزانی ئەمڕۆ سبەی دەست بەکار دەبین. جا هەر جۆرە ڕووداوێك، یا گۆڕینێك لەناو کۆمەڵ و شار و دەربارا لە سوودی بەرنامەکەمان نابێت، جا بۆ وردە لەیەکدانەوە دەستبەسەرم کردوون.

– ئەمانەی دەیانڵێیت کوێنەرین و لە کوێوە هاتوون؟

– منیش نازانم، بەڵام جۆرێك تیر و کەمانیان پێیە ئەگەر بێتو چەند دانەیەکمان لەوانەوە چنگ کەوێ، دڵنیام دەوڵەت و دەسەڵاتی ماد و لیدیا و بابلیش وەدەست دێنین.

کۆرش تا ئەو حەلە لەسەر شان ڕاکشابوو، بە دەوری کەفەڵی کەنیزێکدا حەڵقەی دابوو، هەر هارپاك وای وت پاڵێکی نا بە کەنیزەوە. کەنیز تەختی سەر زەوی بوو.

ئینجا بەسەر کەمەی نیمکەتەوە دانیشت و وتی:

– وتت چی؟

– وتم. وەدەست هێنانی چەند دانەیەك لەو چەکەیە یانی وەدەست هێنانی لیدیا و بابل. جا بۆیە ئەو پێنج کەسەم لە خانوویەکدا دەست بەسەر کردوون، تا دوای بەرنامەی کودەتا و لە ناوبردنی ئەژدەهاك.

– هێندەی نەماوە. لەم ڕۆژانەدا چەکدارانی پارسیش دێنە بەرەوە، ئەو حەلە بە باپیرم نیشان دەدەم کۆرش کێیە! لێ گەڕێ با رابوێرین. ئەمشەو بەزمە و سبەی ڕەزمە.

دەستی درێژ کرد بۆ کاسەی زێڕینی پڕ لە بادە و بە هەردوو دەست هەردوو قوڵفەکەی گرت و مژی پێوە ناو شەرابی ئەرخەوانیی لە دوو لای کەلاوەیەوە چکایە سەر سنگ و بەرۆك و مایچەکانی سنگییەوە، دیسانەوە لەسەر شان دووبارە پاڵی دایەوە.

خواجەباشی بە ترس و لەرزەوە هاتە پێشەوە و لە پاینی کۆرشەوە راوەستا. کۆرش ئاوڕی لێ دایەوە، زانی شتێکی پێیە بۆ وتن. بە پەنجە ئیشارەتی بۆ کرد. خواجە ڕۆیشتە پێشەوە، لەسەرخۆ و ژمێراو وتی:

– یەکێك لەسەر سوپوردەکانی شازادە دیارییەکی نایابی پێشکێش بارەگای کردووە. ئەگەر شازادە ڕوخسەت دەفەرمووێ تا شەرەفیابی کەم...

کۆرش بێ ئەوەی تێی بنواڕێ دای لە چەپڵە و خواجە پشتی هەڵکرد و لە تالار ڕۆیشتە دەرەوە.

کەنینی مەستانە و دەست ڕاوەشاندنی ملهوڕانە تێکەڵ بە تەق و تیقی شمشێر و خەنجەری لە کەمە و کەناری زەوی کەوتوو، کە جارەوبار لەگەڵ ماچ و مووچی کەنیزەکاندا لەسەر نیمکەت دادەکەوتنە خوارەوە و تەپاوتل بەسەر سەنگ فەرشەوە جزمە و زرمە و دەنگ و گاڵەیەکی لەتەلاردا نابووەوە. لە پڕ پەردەی لای حەرەم سەرا هەڵدرایەوە، خواجەباشی لە پێشەوە ئافرەتێکی بەرز و بڵند و جوان پەیکەر و چوار کەنیزی ناسك و نازدار، چوار چمکی درێژی کەوای هاوریشمییان گرتبوو.

ئافرەت باوەڕ بە خۆیانە و سەلارانە و نەرم هەنگاوان سەر و زوڵفی زێڕینی جوان داهێنراو زەڕ و پیرۆزە و یاقووت بە سەر و سنگ و بەرۆکدا هەڵواسراو، تا نزیکتر دەبووەوە دەنگ و هەرا و گاڵە کەمتر دەبۆوە. کۆرش دیسانەوە بەسەر کەمەی نیمکەتەوە قیت بووەوە و بە وردی لە قەد و بالا و دوو ڕانە و سمت و بەرۆکی ئافرەت ورد بووەوە. ئافرەت لە نزیکی لاکێشی کۆرشەوە ڕاوەستا. خواجە بە دەست ئیشارەتی کرد بۆ کیومەرسی هەزار سوار کە لەولاوە یەکێك بوو لە دانیشتوان. کیومەرس هاتە پێشەوە دەستی فراولەی گرت و وتی:

– ئەم پەری ئاسمانییەم بە لایەقی خۆم نەزانی، بۆیە پێشکێشی شازادەم کردووە تا ئەندازەی سەرسوپوردەگیمی بۆ دەرکەوێ. بێگومان شتی نایاب و دەگمەن هەر بۆ کۆرش باشە و ئومێدەوارم شازادە پێشکەشییەکەمی بە دڵ بێت.

کۆرش هەستایە سەر پا و لەگەڵ وردبوونەوەدا، یەك دوو جار بە دەوری فراولەدا چەرخایەوە و ئینجا دەستی گرت و لە پاینی نیمکەتەکەوە داینا و بۆ خۆشی لە تەنیشتیەوە دانیشت و هەروا لە نواڕیندا چووبوو بە تاسا، تا لە پڕ پرسی:

– ناوت چییە؟

– فراولە.

– خەڵکی چ وڵاتێکی؟

– وڵاتێکی گەلێك دوور.

– هەرچەندە دوور بێت، بێ ناو نابێت، کاپادۆکیا، ئاناتۆلیا، ترویا، شوومێر، کامیان؟

– ئەمانەی دەیانفەرمووی هیچ کامیان.

– ئەی خۆ لە ئاسمانەوە نەهاتوویت؟

کۆرش کاسەی شەرابەکەی ڕوو بە فراولە گرت و فراولە لێی وەرگرت و مژێکی لێ دا.

هارپاك لە تەلاردا جام بە دەست کەوتبووە پیاسە، گەیشتە ڕا سەری کیۆمەرسی

هەزار سوار. کێومەرس کەنیزەکێکی لە باوەشدا هەڵدەفڵقاند، کەنیز چو کەروێشك و مار بە دەوریدا هەڵەقەی دابێ، لە ژێر لەش و پەل و پۆی کێومەرسدا هەر لووت و چاوی بە دەرەوە بوو، هارپاك بە ڕاسەریەوە پێوەیژەند، کیۆمەرس مەستانە هەلپلایەوە، هارپاکی بە ڕاسەری خۆیەوە دی، هەستایە سەر پا، هارپاك  وشك و گرێدار وتی:

– لە ئاینی ئێمەدا درۆکردن بە تاوانی گەورە دەژمێررێت، تۆ شوورەیی ناکەی درۆ لەگەڵ مندا دەکەی؟! بەلای خۆتەوە فەرماندەری هەزار سواری، کێومەرس یەشتا بە چاکی لە تووڕەبوونەکەی هارپاك تێ نەگەیشتبوو. هارپاك ئیشارەتی بۆ فراولە کردو وتی:

– ئەو ئافرەتە هەمان ئافرەتی هاواڵی ئەوانەی بە دەستبەسەری لای منن. چۆن ماوە و مۆڵەت بە خۆت دەدەی وا بێ شەرمانە دەرکەوی؟

– جا قوربان، من کاری خراوم لێ نەوەشاوەتەوە، هەر لە سەرەتاوە زانیم ئاوا ئافرەتێك هەر بۆ شازادە باشە.

– تۆ گەوجی، نەفامی. من سبەینێ بە تۆمەتی خەیانەت لە بەندت دەنێم.

کیۆمەرس مەستی لە کەللەی دا، دای لە شەقەی باڵ و، کەم و زۆر هاتەوە سەرخۆی و وتی:

– بەند و خەیانەت؟

– ڕەنگە خراوتریش. دەبینی وا لەگەڵ شازادەدا  هاوپیاڵەیە، کێ دەڵێ ئەو ئافرەتە جاسووس نییە و بۆ کاری خراو نەهاتووە؟ تۆ چۆن بێ لێکدانەوە خستووتەتە باوەشی کۆرشەوە، سبەی ژەهرەخواردی کرد، دەڵێی چی؟!

کیۆمەرس کەوتبووە تەنگەبەرییەکی خراپەوە، کەوتبووە پاڕانەوە:

– قوربان ڕەنگە باشم هەڵنەسەنگاندبێ، بەڵام نیازم خراو نەبووە.

– ئەمانە بە جێگەی خۆی. سبەی سەرلەبەیانی خۆت بە بارەگام بناسێنە، بێ درەنگ.

هارپاك ئیتر چاوەڕوانی وەڵامی هەزار سواری نەکرد و گەڕایەوە سەر جێگەی خۆی.

کۆرش بێ ئەوەی سەر بەلای هارپاکەوە کا، مەستانە وتی:

– هارپاك زۆرم لا سەیرە، ئەم کەنیزە جوانکیلەیە، نازانێت خەڵکی کوێیە؟ چۆنی لێك دەدەیتەوە؟

– وەك لە سەرەتاوە عەرزم کردی، ئەگەر پێت خۆش بێت دەستبەسەرەکانم ئامادە کردووە، بفەرمووی دەتوانن بگەنە خزمەت. کۆرش دەستی خستبووە گەردنی فراولە و ئەو دەستەکەیشی بە سەر نەرمی ڕانیەوە بوو، بێ ئەوەی سەر بەلای هارپاکەوە وەرچەرخێنێت وتی:

– با بێن!

چەندان کەنیزی نیوەڕووت لەسەر نەوای مۆسیقا ئارام و توند دوو دەست و بازوو، سەر و پرچ و سنگ و کەمەریان وەحشییانە دەچەرخاند، دووکەڵی مۆم و پیودانی هەڵواسراو لە تەلاردا شەپۆلی دەدا، بۆنی شەراوی ناب و چزە و کزەی کەواو لەگەڵ بۆنە جۆراوجۆرەکانی تردا تێکەڵ بووبوون.

تایێ دەرگە کرایەوە، دوو ڕیز سەربازی چەکدار، شمشێر لە کەمەر، سپەر بە دەست لە نێوانیاندا پێنج کەسیان، یەك بە دوای یەکدا دەهێنایە تالارەوە.

تیشك و شەوقی گڕە هەڵواسراوەکان لە شووشەی چاویلکەی پرۆفیسۆردا بریسکایەوە و سەرەنجی بازێکی ڕاکێشا، کۆرش بێ ئەوەی لا بە لای تازە هاتووانەوە کا، پەیتا پەیتا سنگ و بەرۆك و ڕان و ناوگەڵی فراولەی دەست ماڵی دەکرد. هاوالانی پرۆفیسۆر بە دوولایدا ڕاوەستان. سەربازە چەکدارەکانیش بە دەوریاندا دیمەنی تەلار و چۆنیەتی بەزم و خەڵکەکە تا ڕادەیەك گێژی کردبوون، بە بیریاندا نەدەهات ئافرەتی ئەو سەرینەی تەنیشتی کۆرشەوە فراولە بێت، تا موهەندیس ژەندییە پرۆفیسۆرەوە وتی:

– ئەوەی من دەیبینم، تۆش دەیبینی؟

– ئا، دەیبینم، بەڵام تکایە دان بە جەرگتا بنێ و بۆ تاوێك ڕۆژئاوایانە

بیربکەرەوە و خوێنساردی خۆت لە دەست مەدە، دوایی خراومان بەسەردا دێنن. کۆرش هاتبووە سەر هەوەس، ئاخری ملی فراولەی بادایە لای خۆیەوە و دەمی خستە نێو دەمی و نیوە ڕاکشانێك ڕاکشا بە سەریدا.

لە پڕ موهەندیس قیڕاندی:

– نامە.. رد.

کۆرش وەك دڕندەیەك بەسەر لاکێکەوە لە هاتنی جانەوەرێکی تر ئاگەداربێت، هەروا بەسەر لەشی فراولەوە نیوە ئاوڕێکی لە حەنای دەنگەکە دایەوە زۆربەی ڕاکشاوانیش لە قیڕەکەی موهەندیس سڵۆکیانەوە. کۆرش لە پڕ هەستایە سەر پا و هارپاکیش هەروا، وتی:

– تۆ زانیت وتی چی؟

– نەخێر، بەڵام وا بزانم هاوارەکەی ناڕازییانە بوو.

کۆرش نەڕاندی:

– ئەو کۆیلەیەم بۆ بێننە پێشەوە.

دوو سەربازی لەندەهور موهەندیسیان بەرەو لای کۆرش پەلەکێش کرد و لە پێش پای کۆرشدا سەریان داهێنایەوە. کۆرش ئیشارەتی بۆ سەربازەکان کرد، تا ڕای وەستێنن. کۆرش ڕوو بە موهەندیس وتی:

– وتت چی؟

هارپاك چرپاندی بە گوێی کۆرشەوە:

– ئەمەیان زمانی ئێمە نازانێت.

ئیشارتی بۆ پرۆفیسۆر کرد و وتی:

– ئەو چوار چاوەیان بێرنە پێشەوە.

پرۆفیسۆریان قۆڵ گرد و هێنایانە بەرەوە. هارپاك پەنجەی بۆ موهەندیس درێژ کرد و وتی:

– ئەم لەڕ و لاوازەی لە بەردەستتدایە گرەوی تیرئاوێژانی لە ئارەش بردەوە.

– له ئارەش؟ باوەڕم نایه.

– خیلاف به عەرز ناگەیەنم.

– بۆیه ئەوەنده بێ ئەدەبە؟

کۆرش قیرەکەی موهەندیس ئاڵۆزی کردبوو. کێ دەیتوانی له تەلاری شازاده کۆرشدا بنەڕێنێت...

هارپاك به پرۆفیسۆری وت:

– ئەم هاوڕێته وتی چی؟

– وتی قسەمان هەیه گوێمان لێ بگرن.

کۆرش ڕوو به پرۆفیسۆر وتی:

– ئەوەی دەیەوێ بیڵێت، ئێوەش دەیزانن.

– بێگومان دەیزانین.

– ئەگەر ئەمتان کەم بێت، هیچ له مەسەلەکه ناگۆڕێت.

شمشێری له کێلان کێشا و نەڕاندییه سەر دوو سەربازدا. دوو سەرباز سەر و گەردن و شانی موهەندیسیان گرت و بەرەو زەوی سەریان دانەواندەوە. موهەندیسیش کەوته تەقالا و خۆڕاوەشاندن، هێزی بازووی دوو سەرباز لەوەدا نەبوو، کڵاو و جامانی موهەندیس به دوو لای گەردنیا بەرەو زەوی شۆڕبوونەوە، بڕبڕاگەی گەردنی به ئەندازەی لەپێك وەدەرکەوت.

کۆرش شمشێر به دەست نەختەکێك دوور کەوتەوە و دەست و شمشێری بەرەو سەر سەری بەرز کردەوە. له پڕ ناڵەیەك تەلاری هەژانده یەکدا.. ئامان کۆرشی گەورە، ئامان...

کۆرش ئاوڕی به لای ناڵەکەوه دایەوە. کۆیله پێ بەخشراوەکەی دیت وا به هەڕا بەرەو لای دێت و بێ لێبڕان دەڵێ: ئامان، کۆرشی مەزن و بەخشنده ئامان. بەگەیشتنی فراوله دانەوییەوه هەردوو چۆکی کۆرشی له ئامێز گرت و به دەم گریانەوه دەیوت:

– ئامان، ئەی بەخشندەی میهرەبان ئامان!

کۆرش بازووی فراولەی گرت و ویستی بولەندی کاتەوە. فراولە چۆکی بەر نەدەدا، بە بەرەنیسکدانەوە دەیوت:

– تا نەی بەخشی چۆکت بەرنادەم.

کۆرش شمشێری لە کێلان نایەوەو بە فراولەی وت:

– هەستە سەر پا و بەخشیمانە تۆ.

فراولە هەستایە سەر پا و کۆرش وتی:

– ئەمانە چ پێوەندییان بە تۆوە هەیە؟ وا بۆیان پەرێشانی؟

فراولە یەشتا چاوانی ملّقی فرمێسك بوو. ئیشارەتی بۆ موهەندیس کرد و وتی:

– ئەمەیان مێردمە و ئەوانیش هاوولاتیمن.

– ئەی چی تۆی گەیاندووەتە لای من؟

هارپاك دیسان دەمی ختەوە بن گوێی کۆرش، پرۆفیسۆر وتی:

– دەتوانم قسە بکەم؟

کۆرش نەڕاندی:

– نەخێر، ناتوانی، هەر کاتێك بە چاکمان زانی گوێتان لێ دەگرین. بەدەست ئیشارەتی بەرەو دوا کرد. پرۆفیسۆر و موهەندیسیان بەرەو دوا گێڕاندەوە و کۆرش پەنجەی بۆ موهەندیس درێژ کرد و وتی:

– هەی تۆ دەبێ سوپاسگوزاری ژنەکەت بی. ئەمشەو دووبارە ژیانی پێ بەخشیتەوە، ئەگینا ئەمشەو لەشتم فڕێ دەدایە بەر سەگ. بڕۆ سوپاسگوزاری ئاهوڕا و ئەو بە.

## ٣٥

شار پڕ بووبوو لە سەرباز و چەکداری فەرەنجی لەبەر. گالیسکەی جەنگی بەناو کۆڵانەکانی شاری «ئەکباتانا»دا توندوتیژ دەڕۆیشتن و دەهاتن. تاك و تەراك لەم لاولاوە شەڕە شمشێر دەبینرا. لایەنگیرانی کۆرش و هارپاك هەر بەو شەوە دەروازەکانی شاریان ئاواڵە کردبوو. تەواوی دەمڕاستان و دەسەڵاتدارانی ماد و سەر بە شایان خانەبگیر و بەرەو دەربار پەلەکێش کردبوو.

کۆشکی شاهەنشاهیی ماد هەر لە دەروازەکەیەوە کەوانداراني هەخامەنشی بە چەپ و ڕاستدا ڕاوەستابوون. تەلاری فەرمانڕەوایی ئەژدەهاك پڕبوو لە چەکدارانی هەڵبژاردەی کۆرش. دەسەڵاتدارانی ماد و دەرباریيان خراو غافڵگیر کرابوون.

کۆرش بەسەر تەختی شاهەنشاهی مادەوە پاڵی دابووەوە لە پشتێوە دوو ڕیز کەوانگیرتیر ئامادە ڕوو بە خەڵکەکە ڕاوەستابوون، بە دوو لای دیواری تەلاردا ڕم بە دەستانی سوپا شانبەشان، تەیمان چن ڕاوەستابوون. پیاوماقووڵانی شاری «ئەکباتانا» بێ چەك، پەرپووت، لەناو جێگە و بەزم ڕاکێشراو سەرسام و گێژ ئەوەی بەبیر و فکریاندا نەهاتبا خەیانەت و پەیمان شکێنی و براکوژی بوو، گێژوویژ دەیاننواڕی. کۆرش دەست لەسەر شمشێر هەستایە سەر پا و ڕوو بە خەڵکەکە نەڕاندی:

– منم کۆرش، شای ماد و پارس. ئێوەی دەمڕاسانی دەسەڵاتی ماد ئەگەر بێتو سوێنی وەفاداریم بۆ بخۆن سەر و ماڵ و جێگە و شوێنتان هەروەك جاران دەمێنێتەوە. ئەم وڵاتە سەدان ساڵە لەلایەن برا مادەکانەوە دەبرێت بە ڕێگەوە. شا و تاج و تەخت و دەسەڵات بەوان بووە. کاتی ئەوە هاتووە نۆرە بێتە سەر ئێمەی پارسی، ئێمەی هەخامەنشی با سەردەمێکیش جەڵەوی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە

بە ئێمەی هەخەمانشی بێت. ئەگەر برا بچووکی بێت بەسە... ئەگەر دەسەڵات و توانا و لێهاتن بێت هەمانە، ئەگەر لێزانین و کارهەڵسووڕاندن بێت تاقی کراوەین، کەواتە ئێوەی ڕیش چەرمووانی ماد چارەیەکی ترتان بۆ نەماوەتەوە، جگە لە دان بە شایەتی مندا نەبێت. یا ژیان، یا مەرگ و نەمان. ڕێگەیەکی ترتان بە دەستەوە نەماوە.

لە پڕ لە ناو ڕاوەستاوەکاندا یەکێك چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوە و ڕوو بە کۆرش نەڕاندی:

– تۆی شوان زادە کامبۆجیای بابت تا مرد لەناو بۆنی کەمێڵی مەڕ و پشکەڵی ئاژێڵدا ژیا و ئەو بۆنەی بە باشترین عەتر و عبیر دەزانی بە کوێت گەیاندووە تا دەم لەشایەتیی ماد بدەی؟ تۆی کودەتاچی، تۆی خەیانەت پیشەی نامەردی دژ بە ئایینی ڕاستی و ڕەسم و ڕەواڵی مەردایەتی و شەڕوانی لە تاریکیدا خەنجەرت لە پشتی خاوەن پەیمانان شەڕوانانی ڕاستەقینە داوە. کەچی بێ شەرمانە داوای سوێنی وەفاداریمان لێ دەکەی! منێکی سوێن خوارەی ئەژدەهاکی مادی شای شاهان مەرگم بە لاوە هەزار جار شانازیترە تا ژیان و هاوپەیمانیی نامەردێکی خەیانەتکاری بێ باری شەوپەنای وەك تۆ.

منی هۆکارەی فەرامینی ڕاستان و فەرمان بەرداری هۆخشترەی مەزن و ئەژدەهاکۆ، منی رووخێنەری دەروازەی باشووری شاری نەینەوا، هەوردادی وەفادار، سەد جار مەرگم لا شیرینترە، تا فەرمانبەرداری کودەتاچییەکی ناکەس ڕەفتاری وەك تۆ کەدەرحەق بە من تۆ هیچت لە دەست نایە، جگە لە کوشتنم، مایەی شانازییە بەم شێوە مردنم.

چەندان زرتە زەلام هەردوو دەستی هەوردادیان گرت و بە شمشێری ڕووتەوە، چاو لە کۆرش ئامادەی فەرمان، ڕاوەستان.

کۆرش لە تەختی داگیرکراوی ئەژدەهاکی باپیری هاتە خوارەوە. هەر گەیشتە هەورداد هەڵی کێشایە شمشێر و بێ یەك و دوو سەری پەڕاند لەشی هەورداد بەبێ سەر، بە دەست دوو چەکدارەوە هاتە سەمای مەرگ و سەریشی لەولاوە بە دەم لەرزینەوە بەرەو ساردبوونەوە دەچوو.

کۆرش ئارام گەڕایەوە سەر تەخت و ڕوو بە دەستبەسەرانی وتی:

– حەیفم لێ هات ئاوا وەفادارێك بە شمشێری کەس بکوژرێت، جگە لە خۆم. وەك دەزانم لەشی کوژراوانی فەرمانی من تا بە ئەورۆ فڕێ دراوەتە بەر سەگ، بەڵام لەشی هەورداد و ئەو دڵ و جگەرە هەر لایەقی شێرانە و سوونەت دەشکێنم و لەشی توورڕدەدەمە بەر شێران. نازانم ئێوە چیتان بە دڵە، سوێن خواردن، یا مەرگ هەڵبژارێن؟

تەلاری ئەژدەهاك پڕ بووبوو لە خوێن و مەترسی. دەم چەرموانی پایتەختی ماد و چواردەور بە چاو لە یەکتریان دەپرسی، ژیان یا مەرگ؟ سێیەمینێکی تیا نەمابووەوە. بە ناچاری ڕوو بە تەختی داگیرکراوی ئەژدەهاك بەرانبەر کۆرش چوون بە چۆکدا و سوێنی وەفادارییان خوارد و هەر کەسە دیسان لە جێگەی خۆی ڕاوەستا. لە پڕ دەنگێکی تر تێکەڵ بە گریانی پڕ لە ناڵە تەلاری زێڕینی هەژاندە یەکدا:

– ئەی ئەهریمەن زادە، ئەی توخمی تاریکی، ئەی دوور لە ویژدان، ئەی دەرگەی خوێن و گریان، ئەی خیانەت پیشە، تیشە لە ڕیشەی تەختی شەهریاران دە، تۆیەك دەست بۆ شیر و تیرت ببەیت خیانەت لە باپیران بکەی، منی دایکت ماندانای شازادەی تەباری ماد لە توخم و خوێنی ئەژدەهاك، شای شاهان پەیمان بێت هەردوو مەمکم لەبندا ببڕم، چونکە حەرامزادەیەکی وەك تۆی گۆش کردووە.

ماندانا بە دەنگێکی زەڵاڵی ڕەساوە بروسکە ئاسا تەلاری تەختی نشینی شاهیی هێنابووە لەرزە. پەیتا پەیتا نەنگ و نەفرینی دەنارد، ڕەفتاری ناپەسەند و ناشیرینی دەژمارد.

کۆرش لە تەخت هەستا و تیروکەوانی لە دەستی سەربازێك هەڵپڕووچکاند و نیشانەی گرت و، ژێی کەمانی کێشا و کێشا و کێشا، ژێ لەناو پەنجەکانیدا لە تەوژمدا دەلەرزییەوە. تیر لە کەوان دەرچوو، دڵی ئازاردیدەی ماندانای شازادەی ئازادەی مادی سمی و وشە و واژەی لە گەروویدا بۆ هەردەم خنکان.

تەلار کش و مات و بێدەنگ و بێ ورتە، بێ هەناسە. گلێنە لە چاڵی چاودا

نەدەپرتا. کۆرش دیسانەوە بەرەو تەخت ڕۆیشت و مەسروورانە پاڵی دایەوە. دوو دەستیشی خستە سەر دوگمەی تەختی زێڕینی جەواهیرنیشان. لە بنمیچی تەلارەوە تاجی شاهی بە زنجیرێکەوە بەسەر تەختەوە شۆڕ کرابووەوە. کۆرش دەستی بۆ برد و بێ دەربەستانە. لە سەری نا.

هارپاک پڕ بە دەم قیژاندی:

– پایەدار بێت شاهەنشاهی کۆرشی هەخامەنشی.

چەکدارانی نێو تەلار چەندان جار نەڕاندیان، پایەداربێت، پایەداربێت. کۆرش تاج لە سەر، بێ ئەوەی ڕوو بە لایەکەوە بکا، بە دەنگی بەرز وتی:

– ئێمە، کۆرش فەرمان دەدەین. کەژاوەیەکی شاهانە بۆ تەرمی دایکم و باوکی دایکم، ئەژدەهاك شا بگێڕین و بەشێوەیەکی شایستە بەرەو پەرستگای ئاناهیتا بەڕێ بکرێن.

ئێمە، کۆرش فەرمان دەدەین، مەردوم دەبێ دەستی پاڕانەوە بۆ بارەگای ئاهورامازدا درێژ کەن، تا ڕوح و ڕەوانی دایکم و باپیرم شاد کا و بیانبەخشێ.

ئێمە، کۆرش فەرمان دەدەین، پایتەختی دەسەڵاتی ماد و پارس بگوێزینەوە ناوچەی شووشان و بە جۆرێك بیرازێنینەوە شایستەی دەسەڵاتمان بێت.

پاسەوانەکانی دووبارە هورایان دەست پێ کردەوە.

کۆرش دیسان بەسەر تەختەوە دانیشت و دەستی بۆ پیاوماقووڵانی ماد درێژ کرد، کە هێشتا هەر بە پێوە ڕاوەستابوون و وتی:

– ئێوە دەتوانن لە تەلار بڕۆنە دەرەوە، بەڵام جارێك مافی لەشار چوونە دەرەوەتان بۆ نییە، چاوەڕوان بن تا دووبارە دەنێرمەوە دواتاندا.

## ٣٦

پرۆفیسۆر و هاوالآنی لە خانووبەرەیەکی ڕازەوا و پرپۆشتەدا دەست بەسەر بوون و مافی وەدەرچوونیان لیّ قەدەغە کرابوو، هیچ کەم و کەسرییەك لە نان خوان و شەراو و کەواویاندا نەدەبینرا، چەندان سەربازی چەکدار دوور و نزیك، لە دەر و باخچەدا چاودێرییان دەکرد.

موهەندیس ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەم هارپاکە هەر نامەرد نییە، درۆزنیشە، تۆ بزانە چۆن دای لەژێر بەڵێن و پەیمانی؟

دوکتۆر پیران لە هەمووان ئاشوفتەتر دەهاتە چاو، لەبەر خۆیەوە وتی:

– هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم سەر وەسەلامەت وەدەرناوەین.

مەرگم لا خۆشترە تا کۆیلایەتی. دە وەرە بووە بە فەرمانبەری تاقمێك زۆر و زەڕ و ئافرەت زیاتر هیچی تری لە بیر و زکریاندا نەبێت دڵنیام ئەمڕۆ بێ و سبەی حەڵقەی غولامی لە گوێمان دەکەن. چاوتان لە فراولە بوو چ ئازار و ئەزیەتێکی فراوانی لە ڕوودا لیّ دەبینرا؟

موهەندیس لە پڕ هەستایە سەر پا و چەندان جار لە ژوورەکەدا هات و چوو، ئینجا نیوە کۆماوە دانەوییەوە سەر پرۆفیسۆردا و بە تووڕەبوونەوە وتی:

– باوەڕ بکە ئەم جارە دەستم بکەوێتە سەر کلاشینکۆفەکەم هارپاك دەکەمە بێژنگ، هێندە گوللەی پێوە دەنێم.

– ئەگەر وابکەی پێت وایە گرەوت بردووەتەوە؟

– دەزانم گرەوم دۆڕاندووە، لیّ گەڕێ، با داخی دڵی خۆمی پیا بڕێژم، سیروان

لێشت نەدەم هەر دەمبەی؟

دوکتۆر شەفیعی جامێك شەرابی بە دەستەوە بوو، مژی پێوە نا و خومارانە لە خۆیەوە دەیوت:

– بەهـ چ شەراوێك! ئاوابێ ولات بۆ خۆت و مەی و بادەت ئینجا مەستانە گۆرانی دەوت. لەپڕ ڕوو بە پڕۆفیسۆر وتی:

– جەنابی پڕۆفیسۆر، تۆ لە شەراو چاك دەزانی، بە ڕای تۆ ئەم شەراوە چەن ساڵەیە؟

بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی بێت، جام بەدەست، بەدەم گۆرانییەوە بەرەو گۆزەی شەرابەکە ڕۆیشت و لە کاتێکدا جامی نوێ دەکردەوە گینگە گینگ دەیوت:

– هەی یار مبارەك بادە، ئیشەڵڵا موبارەك بادە.

پڕۆفیسۆر ڕوو بە هاوالانی ئارام و لەسەرخۆ وتی:

– ئەگەر لە بیرتان بێت، ئێمە بۆ سەیر و سەیران ئەم گەشتەمان نەکردووە. ئێمە بە بیر و فیکر و باوەڕەوە لە پێناوی مرۆڤایەتی و زانست و زانیاریدا سواری ئەسپی مەترسی بووین، بۆ وا دووژەنگەتان داداوە جارێك هیچ نەبووە، بەلام دەبێ ئەوە بزانن، دوور نییە سەرمان تیا بچێت. من بۆ خۆم شانازی بەو مەرگەوە دەکەم، ئێوەش تەنگە جقڵدانیتان گرفتارمان زۆرتر دەکا و هەڵوێست خراوتر. ئێمە وا دەردەکەوێ کەوتینەتە نێو ڕووداوەوە.

ئەگەر لە کوشتنمان بانایە هارپاك چاوەڕوانی کەسی نەدەکرد. دڵنیابن ناکرێ بمانکوژن. ڕەنگە کاریشیان پێمان هەبێ، ئەگینا هەزار سوار بۆ خۆشیرینکردنیش بووبوو، هەر بە ئێوارەوە کوشتبووینی.

وەرەو بیگرەو بەردە لە دەرەوە دەهاتە گوێ، سەربازە ئیشك دێرەکان هاتبوونە جموجووڵ. چەند سەربازێکی چەکدار هاتنە ژوورا، یەکێکیان بەشێوەی فەرمان وتی:

– یەڵلا ئامادەبن!

– بۆ کوێ؟

پرۆفیسۆر هاتە پێشەوە و نیوە پاڵێکی پێوەنا و وتی:

– مەپرسە بۆ کوێ، زووبە دەی.

دوکتۆر شەفیعی مەست و مەنگ، پەل و پۆل شل و شێواو، ناڕێك هەنگاو، دوو سەرباز بندەستیان گرت و پەلەکێشیان کرد.

چەندان گالیسکەی جەنگی لە بەردەرگەدا ڕاگیرابوون، سمکۆڵان و پیشك و هۆڕی ئەسپی دەم گالیسکەکان، هاتوچۆی تیژوتوندی خەڵکی و بیگرە و بەردەی سەربازە چەکدارەکان ئاشوفتەگی و ئاڵۆزیی وەدەردەخست. تۆێژێکی تەنکی زەردی هەتاو لە ئاسۆی دووری کەژی ئەلوەندەوە یەشتا دەبینرا. ئاسمان بەرەو تاریکبوون دەڕۆیشت. جارەوبار گالیسکەی جەنگی، پڕتاو بە ناو شەقامدا دەهاتن و دەچوون زۆرتر سەربازانی کڵاوی لەبادە لەسەری هەخامەنشی لە شەقامان دا دەبینران. دەرگەی خانووەکان توند و سفت جەڕابوون، کۆشکی شاهەنشاهیی ماد لەلایەن کودەتاچییانەوە داگیر کرابوو. هەر لە پەروازەی کۆشکەوە تا دەمی تەلاری سەرەکیی کۆشك سەربازانی ڕم بە دەست ڕووبەڕووی یەك ڕاوەستابوون بە سەر دالانی پێش دەری تەلارەوە هارپاك چاوەڕوان دەهات و دەچوو بە گەیشتنی پرۆفیسۆر و هاوالانی، بێ ڕاگرتن، لە خۆدا بردیانیە تەلارەوە.

کۆرش بەسەر تەختی فەرمانڕەواییی مادەوە تاج لەسەر چەندان کەسی زنجیر لە گەردنیش لە چەقی تەلاردا ڕاگیرابوون و یەکە یەکە بەرەو سەرقاڵییەکی ڕووچەرمینەوە دەبران و سەریان دادەوێندرایەوە و بە ئیشارەتێکی شای تەخت داگیرکەر سەریان چو چەمەرەخەیار دەرپەڕاندن. قاڵی چەرمین ملقی خوێنی دەدا. خوێنی سوێن نەخۆرانی دەمڕاسانی ماد. پرۆفیسۆر و هاوالانی لە گۆشەیەکەوە تەماشاکەری شانۆی خوێنین بوون. چەند کەسێك لەدەست بەسراوان، یەشتا نۆرەی مەرگیان پێ نە گەیشتبوو. کۆرش یەك دوو جار دای لە چەپڵە و هەستایە سەر پا و ڕوو بە جەلاد وتی:

– ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە، ڕایان گرن تا دووبارە فەرمانتان پێ دەگا. ئینجا

ئیشارەتێکی بۆ هارپاك کرد و هارپاك لێی نزیکتر بووەوە، هارپاك بەدەست ئیشارەتی بۆ پرۆفیسۆر و هاوالآنی دەکرد.

کۆرش بە دەنگی بەرزی خۆی:

– ئەو کۆیلانە بهێننە پێشەوە.

سەربازان پرۆفیسۆر و هاوالآنیان نیوە پەلەکێش کرد و بەرەو ژێر دەمی تەخت، تەختی شاهی، لە سەرینی تەلاردا پشت بە دیوار چەندان پلە بەرزتر دانرابوو. کۆرش دوو سێ پلە هاتبووە خوارەوە، پێنج پلەی مابوو بگاتە هاوکەفی تەلار، ڕاوەستابوو ڕوو بە پرۆفیسۆر و هاوالآنی، وتی:

– من نازانم ئێوە کوێنەرین و لە کوێوە هاتوون و بۆ چی هاتوون! ئەوەی بۆ من گرینگە لەو تیر و کەوانانەم دەوێ وا بەلاتانەوەیە. باوەڕ بکەن ئەگەر ئەوەی دەمەوێ ئەنجامی نەدەن، کوتی گەورەتان گوێتان دەبێ. ئەوەشە بڵێم، ئەگەر بە چاکی فەرامینم بەجێ بێنن لە زەڕ و سیم بێ نیازتان دەکەم تێ گەیشتن؟.

موهەندیس لە بندەستی پرۆفیسۆردا ڕاوەستابوو، لە هەڕەشەکەی کۆرش تێ نەدەگەیشت، پەیتا پەیتا بە پرۆفیسۆری دەوت:

– دەڵێ چی؟

ئەویش بە وردی بۆی دەگێڕایەوە:

– سابەخوا جوانە، چ ڕووهەڵمالآوە، هەرچی باپیرەی لێهاتوو و پیاومان هەبووە، هەمووی قەلەپاچە کردووە، کەچی داوای چەك و یارمەتی لە نەوەکانیان دەکا.. خۆ ئەگەر تیکە تیکەی کردووم فراولەمان بۆ نەگێڕیتەوە فیشەکێکی نادەمێ، زەڕ و زۆری خۆی بۆ خۆی..

– ئەردەشێرخان، لەسەرخۆت، شت زۆر گۆڕاوە. لەوە دەڕوا ڕیشە و ڕەچەڵەکی زۆر بنەماڵەی لەم چەند ڕۆژەدا وەدەر هانییێت، نابینی تاجی شاهی لەسەر ناوە؟

– ئەم قسانە بە گوێما ناڕوا. بە مەردایەتی قەسەم فراولەمان بۆ نەگێڕێتەوە، تۆڵەی ئەژدەهاك و چاوساقانی مادی لێ دەکەمەوە و لەو دامێنی ئەشکەوتی زەڕئەفشانەوە شار و دەرباری دەدەمە بەردەمی هاوەنی هەشتا و

سەد و بیست گرێوە.

پرۆفیسۆر هەنگاوێك هاتە پێشەوە و ڕوو بە كۆرش، دەست بەسینە ڕاوەستا و وتی:

– كۆرشی مەزن ڕوخسەت دەدا قسە بكەم؟

– دەی!

– ئێمە هیچ نیازێكمان بە زەڕ و زێو نییە.

چپە و گاڵە و هەمهەمە كەوتە نێو تەلارەوە. باوەڕ نەدەكرا كەسانێك هەبن زەڕی پێشكێشی شاهەنشایان ڕەدكەنەوە. كۆرش بە پەلە لە پلەكانەكان هاتە خوارەوە و بە سەر دوو پلەوە رووبەڕووی پرۆفیسۆر ڕاوەستا و پەنجەی دۆشاوەمژەی دا بە سەر سنگی پرۆفیسۆردا و وتی:

– یانی دەڵێی، زەڕتان ناوێ؟

– بەڵێ قوربان، هیچ نیازێكمان بە زەڕ نییە.

– ئەی لەو تیروكەوانانەم بۆ نایەنن؟

– با.

– كەواتە ئێوە فریشتەی ئاسمان و ڕاسپاردەی ئاهوران؟!

– قوربان، بە یەك مەرج.

– مەرج.

– بەڵێ، یەك مەرج.

– كۆرش دەستێكی بەسەر ڕیشی داهێنا و وەرچەرخایەوە لای تەخت و بە پلەكانەكاندا سەركەوت و بە لای تەختی زێڕینەوە ڕاوەستاو تێفكرانە وتی:

– چ مەرجێك؟

– ئەمە مامەڵەیەكە لە نێوان ئێمەی پێنج كەس و شایەكی بە دەسەڵاتی وەك كۆرش. كۆرش ئەگەر بەسەر تەختەكەیەوە دانەنیشێ مەرجەكەم ناڵێم.

کۆرش بە هەنگاوی ئارام ڕوو بە تەخت ڕۆیشت و ئارام لێی دانیشت و وتی:

– کام مەرج؟

– ئێمە کە هاتینە نێو شارەوە شەش کەس بووین شەشەمینمان ئافرەتێکە و ئێستا لە حەرەم سەرای شادایە. ئەو ئافرەتە ژنی ئەم برادەری ئێمەیە. جا ئەگەر شاهەنشا بەڵێنی دانەوەیمان بداتێ چەند دانەیەك لەو تیرکەوانانەی پێشکێش دەکەین.

بە بیستنی مەرجی پرۆفیسۆر کۆرش وەك بۆمبایەك بتەقێتەوە، دای لە تریقەی پێکەنین. بە دوایدا دانیشتوانی نێو تەلاریش قاقا پێکەنین.

کۆرش دیسانەوە هەستایەوە سەرپا و ئینجا کۆمایەوە و دای بەسەر ڕانی خۆیدا و بە دەم پێکەنینەوە ئیشارەتی بۆ پرۆفیسۆر و هاوالانی کرد. پرۆفیسۆر و هاوالانی سەرسام و گێژ و گێلانە دەیانڕوانی. کۆرش سوور هەڵگەڕابووەوە. فرمێسك بە چاوانیدا دەچۆڕا. ئاخری لە پێکەنین کەوت و ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– زەڕ و سیمی پێشکێشی شای ماد و پارس ڕەد دەکەیتەوە بەرانبەر ئافرەتێك. وام دەزانی هەرنەبێت داوای چەندان قەڵات و لایەنی وڵاتەکەم دەکەی. هەر ئەوەندە؟

– قوربان هەر ئەوەندە.

– بەڵێنت دەدەمێ سەد کۆیلە کەنیزیشی بخەمە تەك ئەگەر لەو تیروکەوانانەم وەچەنگ خەن.

– ئێمەیش لە بارەگای شاهەنشاهیدا بەڵێن دەدەین فەرمان بەجێ بهێنین.

کۆرش نەڕاندی:

– کوانێ خواجەباشی؟

ئینجا ڕوو بەپرۆفیسۆر وتی:

– کەی بۆم دێنن؟

– لە سبەینێوە دەکەوینە ڕێ، ڕەنگە بە ڕۆژی دواییدا بگەینەوە خزمەت.

خواجەباشی لە بەردەستی شادا چو مریشکی بەرباران لە تاوا دەلەرزی کۆرش ڕووی بەلایەوە چەرخاند و وتی:

– پێشکێشییەکەی کێومەرسی هەزار سوارەم بۆ بێنە ئەیرا.

ئینجا ڕووی بە لای پرۆفیسۆرەوە کردو وتی:

– وا بە باش دەزانم تەنیا یەك دووانێکتان بگەڕێنەوە و ئەوانی ترتان با میوانی ئێمە بن تا دەگەڕێنەوە.

– شا سەلامەت بێ، هەر وا دەکەین.

– کێتان دەڕۆن و کێتان دەمێنێتەوە؟

پرۆفیسۆر ئیشارەتی بۆ موهەندیس کرد و وتی.

– من و ئەم هاوالّەم دەڕۆین و ئەوانی ترمان لە خزمەتتاندا دەبن، تا دێینەوە.

– لە ئێستاوە میوانی تایبەتی منن.

کۆرش ڕووی بەلای هارپاکەوە چەرخاند و وتی:

– بۆ ئاسانی کاروباریان هەرچییان پێویستە ئەنجامی دە.

خواجەباشی فراولەی بە دواوە بوو، هاتنە نێو تالارەوە.

کۆرش دەستی بۆ فراولە درێژ کرد و قیراندی:

ئەوەش پێشکێشیی من.

## ٣٧

پارێزەرانی ئەشکەوتی «کۆزەڕان» لەناو خێوەتەکەیاندا نزیك بێدار و چەندێك خومـاری خـەو و خـەواڵـوو ڕاکشابـوون، بـە خـۆیـان نـەزانـی تـا موهـەندیس بـە ڕاسەریانەوە وتی:

– کوڕینە چۆنن؟

بە بیستنی دەنگی موهەندیس، هەر یەکە لەلای خۆیەوە ڕاپەڕی. بازێکیان بە کراس و دەرپاوە، هەڵە پەلە خۆیان پۆشتە کردەوە. پرۆفیسۆر بە موهەندیسی وت:

– بپرسە، چەند ڕۆژە لە ئەشکەوتەکەداین؟

موهەندیس پرسی؟

– ئەریٚ ناڵێن چەنێکە لەناو ئەشکەوتداین؟

فەرەجی سەرپارێزەری ئەشکەوت لە پرسیارەکەی موهەندیس سەری سڕما. باوەڕی نەدەکرد، نەزانن چەند ڕۆژە لە ئەشکەوتدا ماونەتەوە، بیٚ باوەڕانە وتی:

– بە ئەمڕۆوە دەبێتە سیٚ ڕۆژ، بەڵام هەر لەوێدا بوونی سیٚ ڕۆژ هیچ نەخواردن ئاسان نییە. کاتێك چوونە نێو ئەشکەوتەوە هیچ جۆرە خواردەمەنییەکم پێتانەوە نەدی، ڕاستی قوربان، چیتان دەخوارد؟

– گولاژ.

– گولاژ؟

– ئا لە جیاتی خواردن، سیٚ ژەمە، سیٚ دانە گولاژمان قووت دەدا. خۆ لەم سیٚ ڕۆژی ڕابردووەدا هیچ نەقەوماوە؟

– جگە لە بۆمباردومانی فڕۆکە و کۆپتەر، شتێکی تر نا.

– قوباد لە هێلانەیە؟

– بەڵێ قوربان.

پرۆفیسۆر لە کاتێکدا بەرەوخوار دەبووەوە، بە موهەندیسی وت:

– کەواتە هەر ڕۆژێك گەڕانەوە بە مێژوودا بیست و هەشت ڕۆژی ئەوانە، ئێمە بە پێی حیسابێك کردوومە هەشتا و چوار ڕۆژمان پێ چووە، کەچی لەیرا تەنیا سێ ڕۆژ تێ پەڕیوە. ڕەنگە تا سەردەمەکە کۆنتر بێت، ماوەی هەر ڕۆژێك بە چل ڕۆژ یا پەنجا ڕۆژ بژمێررێت.

– بەم حیسابە بێت، ئەگەر سبەینێ بگەڕێینەوە بیست و هەشت ڕۆژمان پێ چووە. دەترسم کارێکیان بەسەردا بهێنن. ئەو کۆرشەی من دیومە گەلێك خوێناوییە، هەموو شتی لێ دەوەشێتەوە.

– هەموو شت ڕێگەی تێ دەچێت، وا چاکە هەرچی زووتر بگەڕێینەوە گرفتاریمان کەمتر دەبێ.

دەشتی زەها و بنکوورە لە دامێنی چیای سەرسەختی «داڵەهۆ» دا ڕاخرابوو، جارەوبار دەنگی تۆپ دەگەیشتە گوێ. گوڕەی فرۆکەی بەرزەفڕی دوور دەم دەم دەبیسترا، قەڵای شێروانە چو خاڵێکی ڕەش بەسەر گردەکەیەوە ماتەم زەدە چیرۆکی ڕابردووی بۆ خۆی دەگێڕایەوە. قوباد باوەشی بۆ موهەندیس کردەوە، یەکتریان لە ئامێز گرت و ڕۆیشتنە ئەشکەوتەوە.

– خۆ شتێکی تازە ڕووی نەداوە؟

– لای خۆمانەوە خەیر، بەڵام لە قۆڵی برادەرانەوە وا بزانم دوژمن خەریکی هێرشێکی بەربڵاوە.

– برادەران ئاگەداری چۆنیەتیی هێرشەکەن؟

– ئاگادارن، بەڵام بەربڵاویی هێرشەکە لەوەدا نییە، ڕەنگە بەرگەی نەگرن.

– ئەم هێرشەی دەیڵێی گوایە کەی دەست پێ دەکا؟

– لەم ڕۆژانەدا.

– کەواتە کاتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، دەبێ بڕۆینە هانایانەوە.

– بە ڕاستتە

– گاڵتە ناکەم.

– ئەم هەواڵە یەکجار بەجێیە و تازە و خۆشە.

– قوباد، لەم سێ ڕۆژەدا گەیشتوومەتە بیروڕا و بارێکی سەیر. زۆر شتم بۆ دەرکەوتووە، زۆر شت هەیە دەبێ بگۆڕێت. هەوا و هەوەس و هەر کەس بۆ خۆی ئەم خەڵکە ناگەیەنێتە قۆناخ. ئەم میللەتە بێ چارەیە چ تاوانێکی کردووە، بکەوێتە دوای ئێمەمانانەوە. وا بڕوات نە ئێمە هەین و نە ئەوانیش و ئەم خەڵکەش بە گورگان خوارد دەبن.

– ئەی بە قوربانت بم، دەمێکە بە تەمای ئەمەم، باوەڕ بکە دەڵێی ئێستا لە دایک بووم. خۆزگە زووتر بیرت بگۆڕایە، بەڵام قەینا یەشتا زۆری بە دەمەوە ماوە.

– کەواتە دەست بە کار بە. من سەفەرێکی یەك دوو ڕۆژەی ترم بە دەستەوەیە. ئەگەر پیا ڕاگەیشتم، وا بۆ خۆمیش بەشداریی شەڕ دەکەم. بۆ متمانەش نامەیەك بۆ دوکتۆر دەنووسم، بیروڕای خۆمی تێدا ڕۆشن دەکەمەوە. ئێستا هەستە بڕۆ بیست کلاشینکۆف و پێنج ستوونی فیشەکم بۆ ببەنە دەمی ئەشکەوتی «کۆزەڕان» لای پارێزەرەکاندا داینەن.

– بەسەرچاو.

– جا، بۆ ڕاوەستاوی؟

– وا پەلەتە؟

– خواو، تا تۆ دێیتەوە، منیش نامەکەی دوکتۆرم ئامادە کردووە. قوباد ڕۆیشتە دەرەوە، موهەندیس لە پرۆفیسۆری پرسی:

– بیست دانە کلاشینکۆف و پێنج ستوونی فیشەك قورس نابێت:

– وا نازانم، موهیم ئەوەیە بتوانین بەسەر تەختەکانەوە دایان بەسین ئەگینا قورساییان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

– چی دەڵێی بیکەینە دە دانە؟ ئەم کودەتاچییانە هێند پیاو نین. نەتدی چۆن تیغی زوڵمیان نابووە گەردنی باو و باپیرانی ئێمەوە؟.

– با، دیارە لەم دەمەوە تا بە ئەوڕۆ ئێوەی کورد نەنیشتنەتە سەر دەستی ڕاستی و هەلێکی ئەوتۆتان بۆ هەڵنەکەوتووە؟

– نەك تەنیا دەستی ڕاست، بگرە دەستی چەپیش، گوناهەکەشی ئێمەین. ئێمەی چاوساقانی میللەت وا بکەین، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ترمان لە پێشە.

– نا، نائومێد مەبە، دنیای ئەوڕۆ گەلێك توندوتیژ دەڕوا. سەردەمی کامپیوتەر و ڕۆبۆت و کاکێشانە. دەمی چەوساندنەوەی میللەتان بەرەو ژینگە و حاڵێ دەڕوا، ڕاستت بوێ، ئەم گەشتە دەرسێکی وای پێ داوم، ل عاستی میللەتەکەم عەرەقی شەرم دەچۆڕێنم. من گەلێك ماندووم، دەمەوێ یەك دوو سەعاتێك هەنۆزکەم.

بە حیسابی «ئەکباتانا» دەکا یەك دوو ڕۆژێك، تا ئەو یەك دوو سەعاتە منیش زۆر کارم لە پێشە، دەبێ بیکەم.

ئەفراسیاو وەك هەموو کات پاك و پوختە و پۆشتە سمۆکینگ لەبەر، یەخەی کراسەکەی و پەپوولەی ژێر ملی دەبریسکانەوە. لە موهەندیس هاتە پێشەوە وتی:

– حەمام ناکەی؟

– نا، وەختی ئەوەم نییە. دەمەوێ نامەیەکی گرینگ بنووسم تکایە مۆسیقایەکی ئارامم بۆ بخەسەر.

– قاوە چی؟

– دەیخۆم.

موهەندیس نیشتە پشت مێزەوە، ناڵە و نەوای ئارامی ژێکانی کەمانی «پەرویزی یاحەقی» لە ئەشکەوتدا شیوەنی دەگێڕا. هاواری هەستە بەرزە داماوە خنکاوەکان بەسەر پۆپەی بوڵەندی کێوی وێژدانەوە، لە تاوا نزیك و دوور دۆڵ و دەوەن و خاك و خۆڵی جیهانی ناخ و دەروونی گرتە بەرو، ئەوەی چاوساقان هۆگری بن گوێگری بن.

جەنابی دوکتۆر سەلاو.

بە شانازی و سەرفرازییەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم. دان بەوەدا دەنێم، تاکو ئێستا، زۆرتر بیرم لە خۆم و بەرژەوەندیی دەست و پێکانم کردووەتەوە، تا خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە، تا بە ئەمڕۆ لە بیروڕایەکی تەنگەبەر و تەسك و ترووسکا دەپلکامەوە. وەنەبێ ئەم ددان بە هەڵەدانانەی منە هەڵوێستی جەنابتان ستایش کا. بەندە ئەو ئازایەتییە لە خۆمدا شك دەبەم لە کێوی غورووری خۆ بە ڕاستزان بێمە بەردەوامیی ململانێیەکی نەزۆك و خوێناوی، بەتایبەت ئەگەر خۆمان بە پێش قەرەوڵی سارەبانی زەوار دانێین. وا دەزانم کاتی ئەوە هاتبێت ئەو مافە لە خۆمان بسێنینەوە و نەتوانین یاری بە داهاتووی خەڵك و خاك و خۆڵ و ژیان و گیان و ئاسایشی تێکڕا بکەین. لەم ڕووەوە داواکارم بۆ لەمەولا گومان توورِ دەیتە ئەولاوە و بەرژەوەندی خەڵکە تێکڕاکە، بە مەبەستی سەرەتا و پایان دانرێت، تا درِ بە هێرشی ئەمڕۆی پایتەخت نشینانی تاران شانبەشان ڕاوەستین. بۆ ڕاستیی وتەم، وا کاك قوبادەم بەهێزی داڵەهۆ و زەهاوەوە هەناردە خزمەتتان، بۆ خۆمیش تا چەند ڕۆژێکی تر دەگەمە خزمەت.

بە ئومێدی دیدار

موهەندیس ئەردەشێر.

## ٣٨

– با ئەم زەحمەتە بخەینە بەر خۆمان و تفەنگ و فیشەکەکان لە ئەشکەوت ببەینە دەرەوە.

– ئـاخـر، فـرەقـورسن، مـن زۆرتـر خـەمـی تـۆمـە. خـۆ دیت بـە چ فـەلاکـەتـێك گوێزامانەوە نێو پەرستگاوە!

– ئا، دەزانم. ئەوە دێنیٚ، پێم خۆش نییە کەس (جام) ببینیٚ لە نووسراوەکانیاندا باسی جامی تێدایە، بەتایبەت سەردەمی سەرەتای مێژووەکانی لوهراسپ و گوشتاسب و جەمشید، زۆر لە جامی جەم دواون، دەترسم بە موڵکی خۆیانی بزانن و وا بزانن دووبارە دۆزراوەتەوە.

– ڕێی تیٚ دەچیٚ.

– کەواتە یەڵڵا!

پڕۆفیسۆر و موهەندیس دەستیان دایە سنووقی فیشەك و کلاشینکۆف و گوێزایانەوە بۆ دەرەوەی ئەشکەوتی زەڕئەفشان.

پڕۆفیسۆر لە کاتێکدا سەر و گەردنی لە عەرەقدا دەسڕی، وتی:

– با من بەرەو شار ببمەوە و هەواڵ بگەیەنمە هارپاك، تا گالیسکە و خەڵکمان بخاتە تەك، تۆش هەر لەیرابە.

شاری ئەکباتانا لەژێر زەردەی هەتاوی ئێوارەدا ماتەم زەدە دەنوا پەڵە هەوری دامێن زێڕین ئاسۆی ئاوابوونی بە شکڵ و فۆرمی جۆراوجۆر ڕازندبووەوە، موهەندیس بەسەر سیٚ سنووق فیشەکەوە ڕوو بە شاری پاش قول لیٚ دراو تێدەفکراو تەماشاکەری سەرەتای مەرگی دەسەڵات و دەوڵەتی ماد بوو، بیٚ وچان هەناسەی هەڵدەکێشا و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە ئێمەی کوردی پاشماوەی ماد یەشتا ئاوارەی هەڵەتەکانی مێژووین! دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە بەقسەی دوژمن ملی یەکتر بادەدەین.

دیمەنی بە پرتاو هاتنی چەندان گالیسکەی جەنگی شریتی بیر و فیکری موهەندیسی بچڕاند و زۆری نەخایاند پرم و هۆڕی برناخی ئەسپی سەرکێش گەیشتە بەرەوە.

هارپاك قامچی بە دەست لەگەڵ پرۆفیسۆردا لە گالیسکە دابەزین. بای ساردی کەژی ئەڵوەند شنێلی سەرشانی هارپاکی چاك بە چاك دەکرد. موهەندیس لە پرۆفیسۆری پرسی:

– هەموو سەلامەتن؟

– سەلامەتن.

فراولە لە کوێیە؟

– لای برادەرانە.

– چەند رۆژە هاتووین؟

– ئەمرۆ بیست و هەشت رۆژە.

– تۆ بڵێی بیانووی ترمان پێ نەگرن؟

– باوەڕ ناکەم. شاکەیان گفتی پێ داوین.

– ئاخر ئەم شایە لە تاریکیدا خەنجەروەشێنە، بۆیە ترساوم. دای لە ژێری چی؟

هارپاك وەك منداڵێکی ورك گری ناز پێ نەکەوتوو، بە دەوری تفەنگ و فیشەکەکاندا دەهات و دەچوو، ئاخری فەرمانی گەڕانەوەی نێو شاری دا و تێکڕا بەرەو نێو شار بوونەوە.

هانس و فراولە و پیران و شەفیعی، کاتێك پرۆفیسۆر و موهەندیسیان دی زار زار گریان. لە ئەوپەری نائومێدییەوە دەر و دەروازەی ئومێدیان لە ساتێکدا لێ کرابووەوە. بیست و هەشت رۆژی رەبەق لە گێژاوی بیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و

هەڵسەنگاندنی بێ ئاکامدا هاڕابوون بەسەر یەکدا. ئەوەی بە بیریاندا نەهاتبێت جیاوازیی زەمان و پیاچوونەوەی خولی زەمان بێت، سەریان بۆ چارەنووسی خۆیان داهێنابووەوە.

هارپاك ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەمشەو هەمووتان میوانی شەونشینیی شان. دوایی دەنێرم بە دواتاندا. تا ئەو حەلە ئامادەبن.

لە هەموویان پەژموردەتر فراولە دەهاتە چاو، ڕەنگ هەڵپڕوسکاو و لێو هەڵقرچاو، ئەو شەوگارێکی پڕ لە تاڵی و تفتی زۆری بەسەربردبوو. چ شەوانی لای هەزار سوار و چ شەوانی لای کۆرش. یەشتا جێگەی گاز و قەپی دانەکانی کۆرش لە کاتی ڕابواردنا، بە شان و سنگ و بەرۆکیەوە زامەکانی خۆش نەبووبووەوە. یەشتا شینایی مشت و مڕ و ئازاردانی کاتی بە جەزگەیشتنی کۆرش پەڵە پەڵە بە لەشیەوە مابووەوە.

فراولە ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەگەر بکرێت، با من نەیەم.

– ناکرێت، دەترسم بەشێوەیەکی تر لەیەك بدرێتەوە و نەتوانیت نەهاتنەکەت پاساو دەیت و ببێتە هۆی گرفتارییەکی تازە.

دوکتۆر شەفیعی لە هەمووان سەر زیندووتر و سەرحاڵتر دەهاتە چاو. هانس بە هاتنەوەی پرۆفیسۆر و موهەندیس گوڕی بەتین بووبووەوە و ئازا دەردەکانی لە بیر بردەوە.

دوکتۆر پیران پەژموردە و هاڕاو دەهاتەچاو. خواخوای بوو تاوێك زووتر بگەڕێتەوە ناو هەرد و هەڵەتی «داڵەهۆ» بێ وچان لەگەڵ خۆدا دەیوت:

– بڕۆ بخۆ، بە تل و دەوەنی داڵەهۆ ڕازی نەدەبووی، ئەوە دەردت بێ.

شەو داهاتبوو، تەلاری شاهی جمەی دەهات لە فەرماندەران و سەرلەشکرانی سوپای ماد و پارس. کۆرش تاج لەسەر، بە سەر تەختی شاهییەوە پاڵی دابووەوە. بەزم دەستی پێ کردبوو. مەی دەگێڕا، مۆسیقا لێ دەدرا. کەنین و قاقا دەبیسرا، گڕ

و چرا تەلاری ڕۆشن کردبووەوە. کۆرش ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– زۆرتان پێ چوو؟

– قوربان ئەم جۆرە تیروکەوانە بەدەستهێنانی کارێکی سادە و ئاسان نییە. تا توانیمان لەملاولا بە دەستیان بهێنین زۆری خایاند. ئێمەش هەر دڵە شۆڕەی ئەوەمان هەبوو، نەکا زۆر پێ چوونەکەمان ببێ بە هۆی گۆڕینی بیروڕای کۆرشی مەزن. بە هیمەتی ئاهورامازدای گەورەی گەورە دوای زەحمەتێکی فراوان توانیمان گفتێك بە شاهەنشای عالەم زەمینمان دا بوو، بە ئەنجام بگەیەنین.

– هاتنەوەتان گەلێك دڵخۆشی کردین. دەمەوێ بە بەرچاوانەوە دانەیەکیان تاقی کەنەوە.

هارپاك ئیشارەتی کرد، کلاشینکۆف و ڕەزنەکەی موهەندیسیان هێنا. پرۆفیسۆر چرپاندی بە گوێیدا ئامان نەکا دەساگیرسێن و ئاگر و ئاگردان بکەی بە نیشان!

– باشە بینەمە چییەوە؟ چی دەڵێی ناوچاوانی کۆرش و هارپاك بگرمە نیشان و ڕێچکەی مێژوو هەڵوەشێنمەوە؟

موهەندیس ئاوڕێکی بە چوار دەوردا دایەوە. کەنیزێك لە باوەشی سەرلەشکرێکدا پاڵی دابووەوە، گوڵێکی زێڕین بە تەلێکەوە لە سەر و زوڵفییەوە، یەك دوو پەنجە بەرزتر دەنوا. لوولەی کلاشینکۆفی بەرەو گوڵی سەر زوڵفی کەنیز نیشانە گرت و ناڵەی گوللەکە لە تالاردا چەندان بەرانبەر دەنگی دایەوە. دانیشتووان لە ترسا هەمووان چوون بە چۆکدا موهەندیس بەرەو کەنیز ڕۆیشت و کەنیز وەك کەرویشکی ماندوو، سنگی سەر و خواری دەکرد. موهەندیس دەستی برد و لە زەویدا گوڵی زێڕینی کونکراوی هەڵگرت و دای بە دەست کۆرشەوە، کۆرش سەرسام، هەر بە گوڵە زێڕینە کون کراوەکەدا دەینواڕی لە پڕ ورك گرانە وتی:

– دەی فێرم کە!

پرۆفیسۆر هاتە پێشەوە و وتی:

– دەڵێ فێرم کە!

– دەك بەزیادم نەكرد! فێركردن هەروا ئاسان نییە كاتی دەویَ كات.

– گوێی مەدەریَ، دوو سیَ ڕۆژێكی ئەمان دەكا دوو سیَ سەعاتی خۆمان!

موهەندیس و پڕۆفیسۆر لە كۆرش نزیك بوونەوە. موهەندیس بە پڕۆفیسۆری وت:

– پێم وایە تۆ تا بە ئەوڕۆ چەكت بەكار نەبردبێت، وا دەزانم كۆرش گەلێك لە تۆ زووتر فێری بەكارهێنانی چەك ببێت. هەر نەبێت ئەو كەوانگیرێكی بەناوبانگە. بڵیَ بە كۆرش لەیرەدا من مامۆستا و ئەو قوتابی. ئەوەی دەیڵێم بیكا. قەینا شایە، ئەگینا فێر نابێت.

– ئیَ چیی تر؟

– لە بارەی نیشانەوە ئەم تیروكەوانە زۆر لەگەڵ تیروكەوانی خۆیاندا جیاوازیی نییە. ئەوان چاویان لەگەڵ پەڕەی نووكی تیر و پشكەكە، هەرسێكیان جووت دەكەن، ئەو كاتە ژیَ ئاواڵە دەكەن و تیر لە كەوان دەردەچێت. ئەم كەوانی ئێمەشە هەروایە. ئینجا پەنجەی خستە سەر قەرەوڵ و سێپیی بورد و وتی:

– ئەم دووانە و نیشان لە چاودا جووت بكا، كە جووت بوو، تیر وەدەركا. جا بۆ تاقیكردنەوە، با كاسەیەكی زێڕینی شەرا و لەو دوورەوە دانێن.

موهەندیس لە كۆرش نزیكتر بووەوە. پڕۆفیسۆر وتەكانی موهەندیسی بۆ دەگێڕایەوە و بەدەست ئیشارەتی بۆ كاسە و قەرەوڵ و سێپیَ و چاوی دەكرد. كۆرش بە باشی لەزەتی لە باسەكە دەبرد. چەندان جار بیَ فیشەك نیشانیان تاقی كردەوە. ئینجا موهەندیس فیشەكێكی خستە سەركار و نیشانیان تاقی كردەوە. ئینجا موهەندیس فیشەكێكی خستە سەركار و كلاشینكۆفی دا بە دەست كۆرشەوە. كۆرش بە دروستی كلاشینكۆفی لە ئامێز كردبوو، وەك تفەنگ تەقێنێكی كارامە قۆناخەكەی لە شانی گیر كرد و پەنجەی بە پەلەپیتكەدا نا و نیشان هەر وەك خۆی مایەوە، گوللەكەی كورتی هێنابوو. موهەندیس پێی ڕاگەیاند نەختێك سەری بداتە بەر و لە ناوقەدی كاسەكە زۆرتری بداتە بەر. كۆرش هەمانی كرد و دیسان نەی پێكا.

بە کۆرشی وت:

– خۆ چۆنیەتیی تیری یەکەمت لە بیرە؟.

– ئا، لە بیرمە.

– دووەمیش وا دیت سەری کردووە.

– ڕاست دەکەی.

– کەواتە لە نێوان هەردووکیاندا ئەندازە بگریت دەی پێکیت!

کۆرش ئەم جارە بە وردەکارییەکی زۆرترەوە، کاسەی خستە نێو قەرەوڵەوە، دەنگ لە دەستیەوە هات، کاسەی شەرابی سەراولێژی نێو تەلار کرد. دانیشتوان بە یەك دەنگ، (بژی شا، پایەدار بێت شاهەنشا) تەلاریان هەژاند و خرۆشان.

ئینجا کۆرش سەرمەستانە لە پای تەختی داگیرکراوی مادا ڕاوەستا و هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و نەڕاندی:

– منم کۆرش، ئاهورامازدا دەسەڵاتی پێ دەداوم، هەڵی بژاردووم، تا فەرمانڕەوایی بکەم. بەڵێن دەدەم بەم تیروکەوانانەوە وڵاتانی بابل و لیدیا و کاپادۆکیا و ترۆیا و میسر بەدەست بهێنم و شاکانیان لە زنجیر بکێشم و باڵی زۆر و شمشێری بازووم بگەیەنمە ئەولای دەریاکان. منم کۆرش، منم کۆرش. گەرزیۆسی لیدیایی، خۆت بگرە هاتم. بەختەکی بابلی، لە دەستم بۆ کوێ وەدەردەچی؟ شوورەی شاری بابل و دەروازەکانی لەژێر سمی ئەسپی سوپامدا دەهاڕمە سەر یەکدا، پەیکەرەی خواکانی ئیشتار و سێپەڕ و شمش و شوشنیك و ئاشوور دەگوێزمەوە پایتەختم. دوژمنانی حەڵقەی غوڵامیی دەخەمە گەردنیان، ژنانیان بە کەنیزی دێنم.

کۆرش هێندە قیڕاندی ماندووبوو، بەسەر تەختەوە دانیشت و دەم و گەرووی بە شەراو تەڕ کردەوە و ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئێوە لە ئاسمانەوە هاتوون، بە قورساییی تیروکەوانەکانتان زێڕتان دەدەمێ، سەدان کەنیزتان پێ دەدەم. ئەوەی حەزی لێ دەکەن ئەنجام دەدرێ.

پرۆفیسۆر وتی:

– دەتوانم لەگەڵ هاواڵەکانمدا ڕاوێژێك بکەم.

– فەرمووا!

پرۆفیسۆر و هاوالانی سەریان نا بەیەکەوە، پرۆفیسۆر دووبارە وەبیری هێنایەوە، زەڕ و سامان لەگەڵ مەرجەکانی (جام)دا ناگونجێت. هیچ داوایەکیان نییە جگە لە مورەخەسی نەبێت.

دوکتۆر شەفیعی هاتە بندەستی پرۆفیسۆرەوە وتی:

– وەك دەزانن وڵاتەکەم لە چ بارودۆخێکی نالەباردایە، دەردی منیش یەك و دووان نییە. ئاخوند و زەبر و زۆری پاسدار لەلایەکەوە و کرێ خانوو و بیگرە و بەردەی ژنانیش لەولاکەوە. وا باپیرە گەورەکانم دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە و ئەگەر لێم زویر نەبن، پێم خۆشە لە خزمەتی باپیرەی هەرە گەورەم کۆرشی مەزندا بمێنمەوە، گەلێك سەرفەرازتر دەبم بەرەو ئاوارەگی نێو شارەکانی ئەورووپا.

پرۆفیسۆر هەنگاوێك هاتە پێشەوە و وتی:

– پێشکێشی شاهەنشا لەسەر سەرمانە. ئێمە ڕاسپاردەی ئاهورامازدا دونیا و زەڕ و سامانی بەلامانەوە بەیاخێکی ئەوتۆی نییە خۆمان بەخت کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی تیشك و پرشنگی ئاهورا و پەیڕەوانی ڕاستی و حەقیقەت، ئەگەر شا ڕای لەسەر بێت هەر ئێستا مەرەخەس دەبین، بەڵام یەکێك لە هاوالانم پێی خۆشە لە خزمەتی شاهەنشادا ژیانی بباتە سەر و بەلایەوە بۆ هەردەم بمێنێتەوە.

کۆرش هەستایەوە سەرپا و لە پلەکان هاتە خوارەوە، ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– هەر پیاوی ڕاسپاردەی ئاهورامازدا دەتوانێت ئەو هەموو سامانە ڕەدکاتەوە وا بەخشیم پێتان. من دڵنیام ئەو ئێوەی بەتایبەت بۆ لای من هەناردووە، تا بەرنامەی جیهانگیریم بە ئەنجام بگەیەنم.

ئینجا باوەشی بۆ کردنەوە، یەکە یەکە لە ئامێزی گرتن. نۆرە هاتە سەر فراولە، ناوچاوانی فراولەی ماچ کرد. شەفیعی بە دوای کۆرشدا مەراسیمی خواحافیزیی بەجێ هێنا و لەولاترەوە ڕاوەستا.

کۆرش ئیشارەتی بۆ بەزمگێڕان کرد، تا بەزم بەردەوام بێت، ژنان و ڕامش

گـەرانـی خـۆش نـاز و ئـەدا دیسانـەوە دەستـیـان بـە سەمـا و هـەڵپـەڕکـێ کردەوە. موهەندیس دەستی بە باخەڵیدا کرد و تەسجیلی وەدەرهێنا و شریتی ناسری ڕەزازیی لێ خستە سەر:

بـــەرزی بـــەرزی بـــەرزی
شەمــامــەی سەری تــەرزی
دەستــم بــرد بــۆ دەستــی
وەك کــاڵــە بــەی دەلــەرزی

کۆرش ئـیشارەتـی بـۆ فـەرمـانداران و سەرلـەشکرانـی کرد، تـا لـە هـەڵپـەڕکێدا بەشداربن. ئینجا بۆ خۆیشی شمشێر بە دەست لەسەر ئاهەنگ و نەوای (بەرزی) ڕەزازیـیـەوە سەرچـۆپـی گـرت حـەڵـقـەی هـەڵپـەرکێی لـوول دەدا و بـادەدا. کۆرش سەرچۆپیی بەردا و هـاتە لای پرۆفیسۆرەوە و ڕوو بە هـارپـاك وتی:

– فەرامینی ئەمانە فەرمانی منە، لە خزمەتیاندا دەبی تا لە وڵاتی مندان.

ئینجا بە پرۆفیسۆری وت:

– کەی بەجێمان دێڵن؟

– ئەگەر شا ڕای لەسەر بێت هەر ئەمشەو.

– هەرچی بە چاك دەزانن بە ئومێدی دیدار.

– بە ئومێدی دیدار.

## ٣٩

هێرشی چەکدارانی پاسدار بۆ سەر دێهاتی بێ پەنای کوردستان لە پەرەسەندنا بوو. کوورەی شەڕ گەرم بوو. تەواوی جێگە ستراتیجییەکان بە دەستی برادەرانەوە بوو. تۆپ و تانگ و فڕۆکە زۆربەی دێهاتیان کردبووە خۆڵەمێش، هێزی داڵەهۆ و زەهاو شانبەشان لەگەڵ برادەراندا دژ بە دەسەڵاتدارانی تاران لە شەڕی خوێنیندا بەردەوام بوون. موهەندیس هێزێکی تازە نەفەسی تری هەناردە هانای شەڕکەرانەوە. دوکتۆر پیران هەر کە گەیشتە هێلانەی هەڵۆ، دوای پشوودانێك ڕوو بە پرۆفیسۆر وتی:

– ئەگەر پرۆفیسۆر و برادەرانم لێ زویر نەبن، دەمەوێ لەیرەدا کۆتایی بە گەشتەکەم بهێنم.

– یانی دەتەوێ بڵێی لە گەشتی داهاتوودا هاوڕێتیمان ناکەی؟

– ئەگەر بکرێت دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەڵمان.

– مەیلی خۆتە، لەم ڕووەوە ئازادی. کەی دەتەوێ بگەڕێیتەوە؟

– ئەمڕۆ.

موهەندیس هاتە نێو قسەکانیانەوە و وتی:

– وەك دەزانن ئەیرا نە فرانکفۆرتە و نە مۆنیخ. ئەیرا داڵەهۆیە و لە شەڕیشداین.

– باشە، من چۆن دەگەمە تاران؟

– ئەمەیان ئاسانە. دەتوانین بتگەیەنینە نزیکترین شاری سەر بە دەوڵەت. ئەمەت پێ باشە؟

– باشە.

– حازری؟

– حازرم.

موهەندیس دەستی بە زەنگدا نا و ئەفراسیاو هاتە ژوورەوە، پێی وت.

– مامۆستا ڕەنجبەرم بۆ بانگ کە.

پرۆفیسۆر بە موهەندیسی وت:

– لە گەشتی دووەم پەشیمان نەبوویتەتەوە؟

– بەپێچەوانەوە زۆر بە پەرۆشیەوەم.

– کوێت هەڵبژاردووە؟

– دەربارەی سەلاحەدینی ئەیووبی.

– کەی بڕۆین؟

– سبەینێ.

مامۆستا ڕەنجبەر هاتە ژووردا، موهەندیس وتی:

– دەمەوێ هەر ئێستا جەنابی دوکتۆر پیران بگەیەنیتە شاهـ ئاباد.

– بەسەرچاو، با بفەرمووێ.

پیران خواحافیزیی کرد و کەوتە دوای ڕەنجبەر. هانس سەرحاڵ دەهاتەچاو. فراولە ماندوو دەبینرا.

پرۆفیسۆر دوای ڕۆیشتنی دوکتۆر پیران ڕووی کردە هەرسێکیان و وتی:

– هێشتا بە بەریەوە ماوە هەر کەسێك ئازادە لەم گەشتی داهاتووەدا بەشدار نەبێ. فراوڵە وەلامی دایەوە:

– لە گەشتی پێشوودا ئەوەی خراوی بە سەردا هات من بووم. من بووم وەك ئاژێڵ ڕەفتارم لەگەلا کرا. من بووم چەندان جار تەجاوزم پێ کرا، من بووم ئەشکەنجە درام. ئەگەر لە گەشتی داهاتوودا سەدان ئەوەندەی ترم بە سەردا بێت دیسانەوە ئامادەی گەشتم، بەتایبەت لەگەڵ ئەردەشێری ئازیزمدا. تازە ناتوانم لێی دوور کەومەوە.

– کەواتە بە ئومێدی سبەینێ.

– بە ئومێدی سبەی!

***

هانس و موهەندیس و فراولە، هەر یەکە بە سەر نشینگای جامی جیهان نماوە ڕوو بە گۆی بلوورین بێ ورتە دامەزرابوون. پرۆفیسۆر پرسی:

– ئامادەن؟

– ئامادەین.

– کەواتە بەرەو دەرباری سەلاحەدینی ئەیووبی.

«ماویەتی»

خوێنەری ئازیز، بەڵێ ماویەتی. لە باوەڕێکدام مێژوو زۆربەی زۆری خامەی مێژوونووسان و زەڕوزۆر لە سەرەتای بەشەرەوە تا بە ئەمڕۆ شان بەشان هاتوون، تا من و تۆی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم تۆمارەکانی مێژوو پڕە لە ڕاست و درۆ و هەڵە، زۆر ناڕەوای تیادا بە ڕەواو، زۆر ڕاستی بە ناڕەوا تیا کراوە. ئێمەی کوردیش لەم زەوارە چەندین هەزارساڵەدا وەك جانەوەرێکی بریندارى دەریایی، ماسی گەورە و بچووکمان زۆر بەسەرەوە ژیاوە. سەیر لەوەدایە بەم هەموو پچڕ پچڕەشەوە یەشتا هەر ماوین.

وا بەندە لەم ڕۆمانەدا دەر و دەروازەیەکی نوێم بۆ تۆی خوێنەری داهێنەر ئاواڵە کردووە، تا بە پێی بیروڕا و بۆچوون و ئایدلۆژییەتی خۆت بە ئاسانی بتوانی هەڵگژێی بە کێوی بەرزی پڕ لە ڕاست و درۆی مێژوودا و بە شێوەیەکی شایستە درۆ لە ڕاست جویێ کەیتەوە.

من نەخۆشی دەستی ناوەتە بینم، هەر دەتوانم ساڵ و نیوێك بەم ڕۆمانەوە ماتڵ بم. زۆر کاری ترم لە پێشەو دەبێ بیکەم و جارێك پیا رانەگەیشتوویم. ئەگەر بەخۆتا دەپەرمیتەوە، دە یاڵڵا ئەمە گورز و ئەویشە مەیدان. خوا بکا تۆ لە من سەرکەوتووتر بیت بە ئومێدی سەرکەوتنی تۆ و ڕۆژگارێکی ئازادتر و بەختیارتر بۆ گەل و وڵات.

خوسرەو

١٩٩٤/٧/٣٠

خوسرەو